[٣] ينظر: أفندي، محمد، علاء الدين المتوفى ١٢٥٢هـ (تكملة حاشية ابن عابدين) دار الفكر ١٩٩٥م، ج١/ص٢٥٩ وابن النجيم، زين الدين بن إبراهيم بن محمد المتوفى ٩٧٠هـ (البحر الرائق شرح كنز الدقائق) دار الكتاب الإسلامي، بيروت، بدون تأريخ الطبع، ج٧/ ٩٠

[٤] ينظر: الرعيني، الحطاب، المتوفّى ٩٥٤ هـ،)مواهب الجليل) تحقيق الشيخ زكريا عميرات، الطبعة الأولى ١٤١٦هـ، دار الكتب العلمية، بيروت ج٨/ ٢٠٠ والدسوقي شمس الدين محمد بن أحمد بن عرفة المتوفى ٢٣٠هـ(حاشية الدسوقي على الشرح الكبير) دار الكتب العربية ج٤/ ١٨١

[٥] ينظر: النووي، أبو زكريا يحيى بن شرف المتوفى سنة٦٧٦ هـ)روضة الطالبين) تحقيق عادل أحمد عبد الموجود والشيخ علي محمد معوض دار الكتب العلمية بيروت ج٨/ص٢١٤

بالكلام فدعا إليها وتآلف عليها وإن لم يكن يشهر نفسه بقتال فيها فهو مردود الشهادة[٣] وجاء في مواهب الجليل: موانع الشهادة العصبية وهي أن يبغض الرجل الرجل لأنه من بني فلان أو من قبيلة كذا[٤] وجاء في البحر الرائق شرح كنز الدقائق بعد أن عدّ العصبية من موانع الشهادة: من العصبية أن يبغضه لأنه من حزب فلان أو من أصحابه أو من أقاربه أو منسوبيه.[٥]

ولهذا كله دعا ابن القيم في قصيدته النونية إلى التعّري من ثوب التعصب والجهل فقال:

وتعرّ من ثوبين من يلبسهما يلق الردى بمذمة وهوان

ثوب من الجهل المركب فوقه ثوب التعصب بئست الثوبان[٦]

الخاتمة

نستخلص فيما يأتي أهم النتائج التي وصل إليها البحث مع بعض التوصيات التي نوصي بها:

النتائج:

١- هناك علاقة وثيقة بين المعاني اللغوية وبين المعنى الاصطلاحي لكلمة التعصب.

٢- المتعصب الحزبي متحجر في فكره،غريب في أطواره، متشدّد في أقواله، متطرف في أفعاله، لا يقبل الآخر ولا يستعمل عقله للتعرف على الحقيقة ويأنف من أن يتبع غيره وإن كان على حق ويتسرّع في إصدار الأحكام على الآخرين دون تفكير.

٣- يقسّم كثيرٌ من علماء النفس التعصب إلى تعصب إيجابي وتعصب سلبي ولكنهم لا يريدون بالتعصب الإيجابي تعصباً ممدوحاً ولا بالتعصب السلبي تعصباً مذموماً. فالتعصب الإيجابي هو

---

[١] ينظر: البهوتي، منصور بن يونس المتوفى سنة ١٠٥١هـ، (كشاف القناع)، تحقيق أبي عبد الله محمد حسن محمد حسن إسماعيل الشافعي، الطبعة الأولى ١٤١٨هـ، الناشر، محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية بيروت ج٦/٥٤٣

[٢] ينظر: الطوسي، أبو جعفر محمد بن الحسن المتوفى ٤٦٠هـ، (المبسوط) مطبعة الحيدرية، المكتبة المرتضوية، طهران ١٣٨٧هـ ج٨ص٢٢٧

[٣] الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس المتوفى ٢٠٤هـ،)الأم) الطبعة الثانية ١٤٠٣ هـ، دار الفكر، بيروت ج٦/ ص٢٢٣

[٤] الرعيني، الحطاب (مواهب الجليل)، ج٨ ص٢٠١

[٥] ابن النجيم، زين الدين بن إبراهيم)البحر الرائق شرح كنز الدقائق)،ج٧ص٩٠

[٦] عيسى، أحمد بن إبراهيم،)توضيح المقاصد وتصحيح القواعد في شرح قصيدة الإمام ابن القيم)، تحقيق: زهير شاويش، الطبعة الثالثة ١٤٠٦هـ، المكتب الإسلامي، بيروت، ج١/ص١٢٤

اعتقاد المرء بأن الفئة التي ينتمي إليها،أسمى وأرفع من بقيّة الفئات، والتعصب السلبي هو اعتقاده بأن تلك الفئات الأخرى أحطّ من تلك التي ينتمي إليها.

٤- استعمل ابن خلدون مصطلح العصبية استعمالا واسعاً، فقد أعطاه مفهوماً اجتماعياً سياسياً، فليست العصبية عنده بمعناها اللغوي الظاهر ولا بالمعنى العرقي، بل وسّع دائرتها الدلالية وأدخل في مفهومها الروابط الاجتماعية وروح التكاتف والتناصر.

٥- ليس التعصب في نفسه فضيلة، لأنه لو كان كذلك لكانت الزيادة فيه لا تنتج نقيصة.

٦- الأسباب التي تبعث على التعصب الحزبي كثيرة يمكننا أن نجملها في الأسباب السياسية والعقدية والأيديولوجية والاجتماعية والتربوية وغير ذلك.

٧- التعصب الحزبي يؤثر على أفراد المجتمع نفسيا وفكريا وسياسيا واجتماعيا وعلميا وقضائيا.

٨- التعصب الحزبي في الإسلام حرام، يمكن الاستدلال على تحريمه بآيات من القران الكريم وأحاديث من السنة النبوية الصحيحة تدلّ على ذلك.

٢- التوصيات

معلوم أن التعصب الحزبي مرض نفسي خطير، ومعالجته لا تتم إلا بتضافر الجهود وبتكاتف وتعاون جميع أفراد المجتمع على إزالة أسباب التعصب والعمل الدؤوب والهادف لتعزيز القيم الأخلاقية النبيلة ونشر ثقافة الحب والتعايش الإيجابي بين أفراد المجتمع. وهذا لا يمكن تحقيقه إلا بإرادة سياسية واعية وقوية وبوضع إستراتيجية مدروسة وتخطيط مبرمج للحكومة. لذا نوصي بما يأتي:

١- عقد مؤتمرات أو ندوات خاصة بهذه الظاهرة في الإقليم لفتح المجال أمام المختصين لدراسة التعصب بكل أشكاله وأنواعه دراسة علمية جادّة.

٢- مطالبة الأئمة والخطباء والإعلاميين والمعلمين والمدرّسين وأساتذة الجامعة بالدعوة إلى التسامح وقبول الآخر.

٣- مطالبة البرلمان بوضع خطة إستراتيجية شاملة للحدّ من العصبية المذمومة والتشرذم الحزبي.

٤- التركيز على توظيف وسائل الإعلام توظيفاً تربوياً و ثقافياً هادفاً.

٥- مطالبة الأحزاب الدينية والسياسية والقومية وغيرها بمراجعة نفسها وبتربية أعضائها على النقد الذاتي والموضوعي وعلى الاحترام المتبادل وأدب الخلاف وعلى نبذ ثقافة الكراهية.

ثبت المصادر والمراجع

١) القرآن الكريم

٢) ابن الحاج، أبو عبد الله محمد بن محمد بن محمد العبدري المالكي المتوفى ٧٣٧هـ، (المدخل) الناشر: دار الفكر، بيروت، ١٤٠١هـ.

٣) ابن النجيم، زين الدين بن إبراهيم بن محمد، المتوفى سنة ٩٧٠هـ)البحر الرائق شرح كنز الدقائق) دار الكتاب الإسلامي، بدون تأريخ.

٤) ابن حبان، أبو محمد عبد الله بن محمد بن جعفر، المتوفى سنة ٧٣٩هـ)طبقات المحدثين بأصفهان والواردين عليها) تحقيق: عبد الغفور عبد الحق حسين بلوشي، مؤسسة الرسالة، بيروت الطبعة الأولى ١٤١٦هـ.

٥) ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن حنبل الشيباني المتوفى سنة ٢٤١هـ،(مسند الإمام أحمد) تحقيق: شعيب الأرنؤوط وآخرون، الناشر: مؤسسة الرسالة،الطبعة الثانية ١٤٢٠هـ.

٦) ابن خلدون، أبو زيد عبد الرحمن بن محمد الإشبيلي المتوفى ٨٠٨هـ،(تأريخ ابن خلدون) اعتنى بتصحيحه: أبو صهيب الكرمي، الناشر: بيت الأفكار الدولية، الأردن.

٧) ابن ماجه، محمد بن يزيد أبو عبد الله القزويني، المتوفى سنة٢٧٥هـ (سنن ابن ماجة) تحقيق وتعليق: محمد فؤاد عبد الباقي، والأحاديث مذيلة بأحكام الألباني عليها، الناشر: دار الفكر – بيروت.

٨) ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم الإفريقي المتوفى ٧١١هـ،)لسان العرب)، نشر أدب الحوزة، مطبعة دار إحياء التراث العربي، الطبعة الأولى.

٩) أبو داود، سليمان بن الأشعث السجستاني، المتوفى سنة٢٧٥هـ (سنن أبي داود) والأحاديث مذيّلة بأحكام الألباني عليها، الناشر: دار الكتاب العربي ـ بيروت، بدون تأريخ الطبع.

١٠) الأصبحي، أبو عبد الله مالك بن أنس، المتوفى سنة١٧٩هـ (موطأ الإمام مالك، رواية يحيى الليثي) تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي – مصر، بدون تأريخ.

١١) أفندي، محمد علاء الدين بن محمد أمين المتوفى سنة١٣٠٦هـ، (تكملة حاشية ابن عابدين)، دار الفكر، ١٤١٥هـ.

١٢) بابان، وليد خالد عبد الكريم،)التعصب وعلاقته بالتوافق النفسي الاجتماعي لدى طلبة الجامعة)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٨م.

١٣) بامحرمة، كمال بن عبد القادر،)الآثار السيئة للتعصب في الفكر والعمل الإسلامي) متاح على موقع منبر علماء اليمن، (http://olamaa-yemen.net/main/articles.aspx?article_no = 2675) صفحة العلماء والدعاة: تأريخ الزيارة ٢٠١٢/٢/٥

١٤) البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري، المتوفى سنة ٢٥٦هـ (الجامع الصحيح المختصر) تحقيق: مصطفى ديب البغا، الناشر: دار ابن كثير اليمامة، بيروت، الطبعة الثالثة ١٤٠٧هـ.

١٥) البخاري، علاء الدين عبد العزيز بن أحمد، المتوفى سنة ٧٣٠هـ)كشف الأسرار شرح أصول البزدوي) تحقيق: عبدالله محمود محمد، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٨م.

١٦) البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله الجعفي، المتوفى سنة ٢٥٦هـ)الأدب المفرد) تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار البشائر الإسلامية – بيروت، الطبعة الثالثة، ١٤٠٩ هـ.

١٧) البصري، سعد،)التداعيات النفسية والاجتماعية لظاهرة التعصب)، مقالة منشورة في مجلة النبأ، العدد،٥٦، السنة٢٠٠١م.

١٨) البغدادي، أبو بكر أحمد بن علي الخطيب، المتوفى سنة ٤٦٣هـ (تأريخ بغداد أو مدينة السلام) تحقيق مصطفى عبد القادر عطا، الناشر: محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى ١٤١٧ هـ،.

١٩) البهوتي، منصور بن يونس، المتوفى سنة ١٠٥١هـ (كشاف القناع) تحقيق أبي عبد الله محمد حسن محمد حسن إسماعيل الشافعي، الناشر محمد علي بيضون دار الكتب العلمية بيروت، الطبعة الأولى ١٤١٨هـ.

٢٠) البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين، المتوفى سنة٤٥٨هـ (شعب الإيمان) تحقيق: محمد السعيد بسيوني زغلول، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت، الطبعة الأولى،١٤١٠هـ.

٢١) البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي المتوفى سنة ٤٥٨هـ (السنن الكبرى) تحقيق: محمد عبد القادر عطا، مكتبة دار الباز - مكة المكرمة، ١٤١٤هـ.

٢٢) الترمذي، محمد بن عيسى أبو عيسى، المتوفى سنة ٢٧٩هـ)الجامع الصحيح – سنن الترمذي) تحقيق: محمد شاكر وآخرون، والأحاديث مذيلة بأحكام الألباني، دار إحياء التراث العربي، بيروت، بدون تأريخ.

٢٣) التفتازاني، سعد الدين مسعود بن عمر الشافعي المتوفى: ٧٩٣هـ،)شرح التلويح على التوضيح لمتن التنقيح في أصول الفقه) تحقيق: زكريا عميرات، الناشر: دار الكتب العلمية بيروت – لبنان، الطبعة الأولى ١٤١٦ هـ.

٢٤) جابر، جودت بني، (علم النفس الاجتماعي)، مكتبة دار النهضة العربية، بيروت، الطبعة الأولى ٢٠٠٤م.

٢٥) الجوهري، إسماعيل بن محمد، المتوفى سنة ٣٩٣هـ (الصحاح) تحقيق: أحمد بن عبد الغفور عطار، دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الرابعة.

٢٦) حسام الدين، د.كريم زكي،(اللغة والثقافة، دراسة أنثرولغوية لألفاظ وعلاقات القرابة في الثقافات العربية) دار كتب عربية، بدون تأريخ.

٢٧) الحفني، عبد الحميد،)موسوعة علم النفس والتحليل النفسي) مكتبة المتولي، الطبعة الرابعة ١٩٩٤م.

٢٨) الدسوقي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عرفة، المتوفى سنة ١٢٣٠هـ (حاشية الدسوقي على الشرح الكبير)، دار الكتب العربية، بدون تأريخ.

٢٩) الدينوري، عبد الله محمد بن مسلم بن قتيبة، المتوفى سنة ٢٧٦هـ (غريب الحديث)، تحقيق الدكتور عبد الله الجبوري، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى ١٤٠٨ هـ.

٣٠) الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان المتوفى ٧٤٨هـ (سير أعلام النبلاء) تحقيق: شعيب الأرنؤوط و إبراهيم الزيبق، مؤسسة الرسالة، الطبعة التاسعة ١٤١٣هـ.

٣١) رضا، الشيخ محمد رشيد المتوفى سنة ١٣٥٤هـ (العربية والإسلام) مقالة منشورة في مجلة البيان التي تصدر عن المنتدى الإسلامي، السنة الرابعة، صفر ١٤١٠ هـ، العدد ٢١

٣٢) الرعيني، الحطاب المتوفّى ٩٥٤، (مواهب الجليل)، تحقيق: الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، بيروت الطبعة الأولى ١٤١٦هـ.

٣٣) روبرت، جيوفري وإدوارد أليستاير)القاموس الحديث للتحليل السياسي)، ترجمة سمير عبد الرحيم الجبلي، الدار العربية للموسوعات، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٩ هـ.

٣٤) الزبيدي، محمد مرتضى المتوفى ١٢٠٥هـ)تاج العروس من جواهر القاموس) مكتبة الحياة، بيروت، دون تأريخ الطبع.

٣٥) الزركلي، خير الدين بن محمود بن محمد الدمشقي المتوفى ١٣٩٦هـ، (الأعلام) دار العلم للملايين، الطبعة الخامسة عشر،٢٠٠٢م.

٣٦) زكريا، الدكتور فؤاد،)التفكير العلمي)، طبعة عالم المعرفة، الكويت، سنة ١٩٧٨م.

٣٧) زياد، الدكتور بركات،(التعصب الحزبي لدى الشباب في بعض الجامعات في شمال فلسطين) بحث منشور على شبكة الإنترنت على الموقع: http://ebookbrowse.com/r41-drziadbarakat-pdf-d209431137 ، صفحة التحميل، تأريخ الزيارة ٢٠١٢/٢/٢

٣٨) الشافعي، أبو عبد الله محمد بن إدريس، المتوفى سنة ٢٠٤هـ (الأم)، دار الفكر بيروت، الطبعة الثانية ١٤٠٣ هـ.

٣٩) الشوكاني، محمد بن علي بن محمد، المتوفى سنة ١٢٥٠هـ)فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير)، طبعة عالم الكتب، بدون تأريخ.

٤٠) صليبيا، الدكتور جميل،)المعجم الفلسفي بالألفاظ العربية والفرنسية والإنكليزية واللاتينية) دار الكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٢م.

٤١) الطبراني، سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم، المتوفى سنة ٣٦٠هـ)المعجم الكبير) تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، مكتبة العلوم والحكم – الموصل، الطبعة الثانية، ١٩٨٣ م.

٤٢) طه، فرج عبد القادر وآخرون،)موسوعة علم النفس والتحليل النفسي)، دار سعاد الصباح، الكويت، الطبعة الأولى، ١٩٩٣م.

٤٣) الطوسي، أبو جعفر محمد بن الحسن بن على، المتوفى سنة ٤٦٠هـ (المبسوط في فقه الإمامية)، تحقيق: محمد تقي الكشفي، المكتبة المرتضوية، طهران مطبعة الحيدرية ١٣٨٧هـ.

٤٤) عبد الله، الدكتور معتز سيد،)الاتجاهات التعصبية)، عالم المعرفة، الكويت،طبعة ١٩٨٩م.

٤٥) عبد المجيد،أحمد محمد،)أسباب التعصب وأثرها السلبي)، مقالة منشورة على موقع محامون بلا حدود(www.bilakoyod.net) صفحة الأقسام الرئيسة، مقالات وآراء، شعر وأدب. تأريخ الزيارة،٢٠١٢/٢/٢

٤٦) عيسى، أحمد بن إبراهيم،)توضيح المقاصد وتصحيح القواعد في شرح قصيدة الإمام ابن القيم)، تحقيق: زهير شاويش، المكتب الإسلامي،بيروت، الطبعة الثالثة ١٤٠٦هـ.

٤٧) الفراهيدي، أبو عبد الرحمن الخليل بن أحمد، المتوفى سنة ١٧٠هـ)كتاب العين)، تحقيق: الدكتور مهدي المخزومي وإبراهيم السامرائي، مؤسسة دار الهجرة، الطبعة الثانية ١٤٠٩هـ.

٤٨) الفرماوي، أ. د. عبد الحيّ)التعصب الأعمى) مقالة منشورة على موقع هدي الإسلام: htt:||www.hadielislam.com الصفحة الرئيسة، سلوكيات، سلوكيات مرفوضة. تأريخ الزيارة، ٢٠١٢/٢/٥

٤٩) قباني، عبد العزيز، (العصبية بنية المجتمع العربي) الناشر: دار الآفاق الجديدة، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٧م.

٥٠) القشعان، د.حمود فهد)أسباب التعصب الفكري والسلوكي وعلاقة ذلك باضطرابات الشخصية) منشور على موقع السكينة للحوار (htt://www.assakina.com/center/studies/4763html) صفحة مركز البحوث والدراسات،دراسات تربوية ونفسية وسلوكية.تأريخ الزيارة ٢٠١٢/٢/٢

٥١) القلايلية، الدكتور العربي،)التفكير العلمي عند ابن خلدون وأبعاده الحضارية)، الناشر دار التراث العربي، الطبعة الأولى.

٥٢) القيرواني، أبو إسحاق إبراهيم بن علي الحصري، المتوفى سنة ٤٢٥هـ)زهر الآداب وثمر الألباب)، تحقيق: الدكتور يوسف علي طويل، دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة الأولى ١٤١٧هـ.

٥٣) اللهواني، شكري وآخرون (التعصب الحزبي مرض خطير) متاح على شبكة الإنترنت على موقع جمعية المستقبل للثقافة والتنمية، www.future.org.ps الصفحة الرئيسية، تأريخ الزيارة ٢٠١٢/٢/٢

٥٤) المبرد، أبو العباس محمد بن يزيد، المتوفى سنة ٢٨٦هـ)الكامل في اللغة والأدب)،تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم، دار الفكر العربي، القاهرة، الطبعة الثالثة ١٤١٧هـ.

٥٥) مجموعة مؤلفين، (أضواء على التعصب) دار أمواج بيروت، الطبعة الأولى ١٩٩٣م.

٥٦) مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج النيسابوري، المتوفى سنة ٢٦١هـ (الجامع الصحيح) الناشر: دار الجيل، بيروت، بدون تأريخ.

٥٧) النسائي، أحمد بن شعيب، المتوفى سنة ٣٠٣هـ)سنن النسائي الكبرى) تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري , سيد كسروي حسن، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت، الطبعة الأولى، ١٤١١هـ.

٥٨) النسائي، أحمد بن شعيب النسائي المتوفى سنة ٣٠٣هـ)المجتبى من السنن)،تحقيق: عبد الفتاح أبو غدة، الناشر: مكتب المطبوعات الإسلامية، حلب، الطبعة الثانية، ١٤٠٦هـ.

٥٩) النووي، أبو زكريا يحيى بن شرف، المتوفى سنة ٦٧٦هـ (روضة الطالبين)، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود والشيخ علي محمد معوض، دار الكتب العلمية، بيروت، بدون تأريخ.

٦٠) الوردي، الدكتور علي،)منطق ابن خلدون في ضوء حضارته وشخصيته)، مؤسسة الصادق، إيران، الطبعة الثانية ٢٠٠٦م.

٦١) وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية الكويتية، (الموسوعة الفقهية) دار الصفوة، مصر،الطبعة الأولى، ١٤١٥هـ.

٦٢) وطفة، علي أسعد و الأحمد، عبد الرحمن (التعصب ماهية وانتشارا في العالم العربي)) بحث منشور على شبكة أ. د. علي أسعد وطفة،(www.watfa.net) صفحة الأبحاث. تأريخ الزيارة، ٢٠١٢/٢/٢

ملخص البحث

التعصب الحزبي مرض خطير لا يفتك بصاحبه فحسب بل يتعداه ويؤثر على أفراد المجتمع نفسيا وفكريا واجتماعيا وسياسيا وغير ذلك. ولا يمكن استئصال شأفة هذا المرض إذا ما فشى وانتشر وإقلاعه من جذوره دفعة واحدة ولكن يمكن بل يجب الحدّ من شدّته وإضعافه ومن ثمّ القضاء عليه. وهذا البحث محاولة لمعالجة هذا المرض فقد بيّن الباحث مفهوم التعصب الحزبي وأسبابه وآثاره واستدلّ على تحريم التعصب في الاسلام بآيات من القرآن الكريم وأحاديث من السنة النبوية الشريفة، كما بيّن أهمّ الوسائل الفعّالة في القضاء على التعصب الحزبي ويوصي الباحث بعقد مؤتمر أو ندوات

خاصة بهذه الظاهرة في الإقليم لفتح المجال أمام المختصين لدراسة التعصب بكل أشكاله وأنواعه دراسة علمية جادّة.كما يوصي بمطالبة الأئمة والخطباء والإعلاميين والمعلّمين والمدرّسين وأساتذة الجامعة بالدعوة إلى التسامح وقبول الآخر ومطالبة البرلمان بوضع خطة إستراتيجية شاملة للحدّ من العصبية المذمومة والتشرذم الحزبي.

کورتەی تویژینەوەکە

دەمارگیری حیزبایەتی نەخۆشیەکی ترسناکەو تەنها کاریگەری نابێت لە سەر خاوەنەکەی، بەڵکو لە ڕووی دەروونی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و...هتد هەر کاریگەری دەبێت لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە. کاتێک ئەم نەخۆشیە پەرە دەسێنێت و بلاّو دەبێتەوە، چارەسەر کردنی ئەستەم دەبێت و ناتوانرێت بەیەکجار ڕیشەکەن بکرێت. بۆیە پێویستە بە پلانەوە هەوڵ بدرێت کاریگەریەکانی کەمبکرێتەوە و هەنگاو بە هەنگاو چارەسەر بکرێت. ئەم تویژینەوە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە. تویژەر لە تویژینەوەکەیدا چەمکی دەمارگیری حیزبایەتی ڕوونکردووەتەوەو هۆکار و دەرەنجامەکانی خستۆتە ڕوو و چەندین ئایەت و فەرمودەی بە بەڵگە هێناوەتەوە لە سەر حەرامبوونی دەمارگیری حیزبایەتی لە ئیسلامدا و کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکاری کاریگەری دەستنیشانکردووە بۆ قەلاّچۆ کردنی ئەم نەخۆشیە. تویژەر لە تویژینەوەکەیدا ئەم ڕاسپاردانە ڕادەگەیەنێت:

- بەستنی کۆنگرەیەك یاخود کۆنفرانسێکی تایبەت بەتویژینەوەو دیراسەکردنی دیاردەی دەمارگیری حیزبایەتی وچارەسەرکردنی لە هەرێمدا.
- داوا لە پەرلەمان بکرێ پلانێکی ئیستراتیژی گشتگیر دابنێت بۆ چارەسەرکردن وکەمکردنەوەی کاریگەریەکانی دیاردەکە.
- داوا بکرێ لە مامۆستایان و وتاربێژانی ئاینی و ڕاگەیاندنەکان و مامۆستایانی ناوەندی ودوا ناوەندی و زانکۆو پەیمانگاکان هەریەك لەلای خۆیەوە گرنگی بدات بە لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن و بانگەشەی بۆ بکات.

Abstract

Partisanship is a serious disease that does not only kill its owner, but goes beyond and affects members of the community psychologically, intellectually, socially, politically… etc. It is not possible to eradicate this disease if spread and take it off from its roots at once, but it is possible, even needed, to reduce its severity and weaken it and then eliminate it. This research is an attempt to address this disease. The researcher clarifies the concept of partisanship and its causes and effects and quoted on the prohibition of intolerance in Islam by the verses from the holy Koran and Hadith. As it clarifies the most effective means to eliminate partisanship. The researcher recommends holding a special symposium to this phenomenon in the region to open the way for specialists to examine intolerance in all its forms and types scientifically. It also recommends asking the imams, journalists, teachers and university professors to call for tolerance and acceptance of others and ask Parliament to develop a comprehensive strategic plan to reduce partisanship.

بنەما بەرهەمهێنەرەکانی شێواز

لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەرییە

د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

پوختە

شێواز لە بەرهەمی ئەدەبیدا دیاردەیەکی زەق و دیارە، جا ئەو ئەدەبە سەرزاری بێ، یان نووسراو، لەبەرئەوە گرنگییەکی گەورەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعرییەت و داهێنانی ئەدەبیاتی بەرزدا هەیە، بەڵام هەموو (شێواز)ێکیش چەندی بەرز و بەهێز بێ، لە سەر دوو بنەمای سەرەکی دادەمەزرێ و بە هۆی ئەوانەوە دێتە بەرهەم، ئەو دوو بنەمایانەش: هەڵبژاردن (أختیار) و لادان (أنزیاح)ن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو دوو بنەمایەو هەندێ لە شێوەکانیان و گرنگترین تایبەتمەندییەکانیان دەخاتە بەر چاو.

پێشەکی

هەرچی ئادەمیزادێکی سەر زەوییە، کەسی ئاسایی بێ، یان داهێنەر، جا ئەو داهێنەرە نووسەر بێ، یان شاعیر، بە (شێواز)ی تایبەتی خۆی دەناسرێتەوە، کە دەشێ ئەو (شێواز)ە، شێوازێکی داهێنراوی بەرز، یان شێوازێکی لاسایی بێ، ئەمە دیاردەیەکی گەورەی لە ئاخاوتنی ئادەمیزاد بە شێوەییکی گشتی دروستکردوە، بۆیە وەکو ورد دەبینەوە: لە کۆن و نوێدا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا،

لە ئێستاو ئایندەشدا، ئەوە (شێواز)ە کەسێك لە کەسێکی دیکە، بەرهەمێك لە بەرهەمێکی دیکە جیادەکاتەوە.

لەبەر ئەوە لێکۆلینەوە لەو دیاردە گەورەو بەربلاوە، بەهای تایبەتی خۆی پەیدا دەکات و لە وەتەی نووسین و لێکۆلینەوە هەیە، بە شێوازی جۆراوجۆر لەو (شێواز)انەی ئاخاوتنی بەهێز، نووسراو بێ، یان سەرزاری کۆڵدراوەتەوەو دەیان و سەدان دیاردەی شێوازی دەستنیشان کراوە، بەڵام (شێواز)یش لەسەر دوو بنەمای دیکە دادەمەزرێ، کە (هەڵبژاردن و لادان)ن، سەرکەوتنی شێوازەکە بە چەندێتی سوود وەرگتن لەو بنەمایانە پەیوەستە، لێرەوەیە (بنەما بەرهەمهێنەکانی شێواز) وەکو ناونیشانێك بەهای تایبەتی خۆی پەیدا دەکات و ئەو لێکۆلینەوەیەی بۆ تەرخان دەکرێت.

ئەم لێکۆلینەوەیە بۆ پێنج تەوەرە دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم تەرخان کراوە بۆ (بنەماکانی شێواز)، تیایدا تیشك خراوەتە سەر هەردوو بنەماکانی (هەڵبژاردن) و (لادان)، هەر یەکەو زیاتر لە نمونەیەکیان لە چەندین شێوەی لەیەکجیا بۆ هێنراوەتەوە.

تەوەرەی دووەم تایبەتە بە (گرنگی ئەو بنەمایانە).. تەوەرەی سێیەم باسی (جیاوازی ئەو بنەمایانە لە یەکتر) دەکات.. تەوەرەی چوارەم بۆ باسی (ئەرکی ئەو بنەمایانە)، تەوەرەی پێنجەمیش بۆ (ئەو هۆکارانەی ئەو بنەمایانە لە کاری ئەدەبیدا دەچەسپێنن) تەرخان کراوە.

پاشان گرنگترین ئەنجامی لێکۆلینەوەکە لە پێنج خاڵدا کورتکراوەتەوە، ئینجا پەڕاوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان دانراوە، لە پاش ئەوانەش دوو پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کراونەتە پاشبەندی لێکۆلینەوەکە.

تەوەرەی یەکەم: بنەماکانی شێواز

زمانی ئەدەبی زمانێکی جوانی قورسکراوە، ئەو زمانە: بە گەلێ گەمەی زمانی، هەڵبژاردنی وشەو دەربڕین و شێوازی ناوازە، لادان لە بنەما سەرەکییەکانی زمان بەرهەم دێت، بۆیە گوتوویانە: ((هەموو کارێکی ئەدەبی، ئاخاوتنێکە سەر بە زمانە، ـ لە زمان وەرگیراوە ـ، بەڵام بە تایبەتمەندی ناوازەوە جیا دەبێتەوە، ئەمە دەیباتە بازنەی کاری هونەری)).[1]

زۆربەی ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەی کاری ئەدەبی، کە وایانکردووە، وەها گەورە بێ و بە ناسنامەی هونەری، لە تێکڕای ئاخاوتنی مرۆیی جیابێتەوە، بەکارهێنانی زمانە بە ڕێگەی جۆراو جۆر، کە هەر جۆرەی شێوازێکی تایبەت بەرهەم دێنێ، (شێواز)یش بنەمای تایبەتیی خۆی هەیە، کە بە هۆیانەوە

دەقە ئەدەبییەکە جیادەبێتەوە، ئەو بنەمایانە بە ڕای زانایان بریتین لە: (هەڵبژاردن و لادان)، لەم تەوەرەیەدا تیشك دەخەینە سەر هەردووکیان:

یەکەم: هەڵبژاردن

یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شێواز، تەنانەت هەندێ نووسەر هەموو شێوازیان بە بەرهەمی هەڵبژاردن داناوەو گوتوویانە: ((شێواز لە واقیعی باسدا ئەنجامی کردەی هەڵبژاردنی زمانییە))[٢]، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەڵبژاردن گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە شیکاری شێوازی داهێنەر، یان ڕادەی سەرکەوتنی شێوازەکانی لەسەر دادەمەزرێ، ئەوەش کاتێك، کە نووسەر وشەیەك، یان دەربڕینێك، یان شێوازێك، لە نێو چەندین وشەو دەربڕین و شێوازی تردا هەڵدەبژێرێت، لەبەرئەوەی پێی وایە:

أ ـ ئەو وشە و دەربڕین و شێوازانەی هەڵیبژاردوون بۆ ئەو شوێنەی بەرهەمەکەی تێدا پێشکەش دەکات جوانتر و گونجاوتر و کاریگەرترن.

ب ـ چونکە ((هەر دید و بۆچوونێکی نوێ و تایبەت، پێویستی بە هەڵبژاردنی کەرەستەی نوێ و تایبەتە)).[٣]

بەم هۆیانەوە کەسی نێرەر، شاعیر بێ، یان نووسەر، بە ئارەزووی خۆی بێ، یان بە ناچاری، پەنا بۆ هەڵبژاردن دەبات، چونکە زمان فراوان و دەوڵەمەندەو مەرج نییە هەموو وشەو دەربڕینێکی گونجاو و جوان بن، زانایان گوتوویانە: ((ئەوەی هیچ ناکۆکییەکی لەسەر نەبێ، ئەوەیە: زمان توانایەکی زۆر ـ لە وشەو دەربڕین و دەستەواژەی لەیەکجیا ـ دەخاتە پێش نووسەر، یان داهێنەر، ئیدی ئەو بۆی هەیە، ئەوانەیان هەڵبژێرێت، کە گونجاوترن بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی و دیسانەوە گونجاوترن لەگەڵ سیاق و بنیاتی کارە هونەرییەکەیشی بە شێوەیێکی گشتی))(٤)، بەوەش کارەکەی دەبێتە کارێکی داهێنانی خاوەن جوانی و کاریگەری زۆرتر لە ئاخاوتنی ئاسایی، چونکە: بەو شێوەیە زمان و دەربڕینەکانی ((بەرزبۆتەوە بۆ ئاستێکی هونەری و جوانی جیاواز لەو ئاخاوتنە ئاساییەی، مەبەست لێی چ جوانی و کاریگەرییەك نییە)).[٥]

ئەم پرۆسەیەی دەرهێنان و جیاکردنەوەی وشە، یان دەربڕین و شێواز لەنێو چەندین وشە و دەربڕین و شێوازی تردا، پێی دەوترێت هەڵبژاردن، هەروەها هەندێ جار پێی دەوترێت (گۆڕین) چونکە نووسەر ئەو وشە و دەربڕین و شێوازەی بە کاریهێناوە، لە جیاتی وشە و دەربڕین و شێوازێکی تر بووە، واتە: وشەیەکی بە وشەیەکی تر گۆڕیوە، یان شێوازێکی بە شێوازێکی تر گۆڕیوە، بەم شێوەیە لێرەدا شێواز

وەها پێناسە دەکرێ: ((بریتییە لە هەڵبژاردنێك یان پاککردنەوەیەك بۆ سیما زمانییەکان لە نێوان لیستێکی زماندا، کە ئەم پرۆسەیە تەنها نووسەری داهێنەر دەتوانێ بەرهەمی بێنێت))[٦].. بۆ نمونە:

منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە گەردێکم بچووك

حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ، بە دەنووك... گۆران...[٧]

ئەگەر لەو دێڕە شیعرە وردبینەوە، کە ئایا هەڵبژاردنی تێدا کراوە، یان نا، ئەوا لە نیوە دێڕی یەکەمدا بە ئاشکرا دەبینین: شاعیر ڕووی دەمی دەکاتە باڵندەکان، پێیان دەڵێ: منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە...، لێرەدا بیر بۆ ئەوە دەچێ، بڵێ: گیاندارێکم بچووك.. چونکە ئەوەی ئەم و باڵندەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، وشەی (گیاندار)ە، بۆیە وەکو گوتمان وەها چاوەڕووان دەکرا بڵێ: منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە گیاندارێکم بچووك، کەچی وشەی (گیاندار)ی بەکارنەهێناو وشەی (گەرد)ی بەکارهێنا، کە ئەمە ئاساییە چ ئادەمیزاد و چ باڵندەکەش بە (بچووك) بژمێردرێن، ئەگەر لەگەڵ گەورەیی و فراوانی دونیادا بەراورد بکرێن، بۆیە شاعیر لە نێوان وشەی (گیاندار) و وشەی (گەرد) هەڵبژاردنی کردووە، یەکەمیان ـ کە ئاسایی و دروست بووە ـ، ئەمی لاداوەو دووەمی هەڵبژاردووە.

چەند شێوەیەکی هەڵبژاردن

لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر چەند نمونەیەکی هەڵبژاردن، کە لە ئاستە جیاجیاکانەوە نێرەر، شاعیر بێ، یان نووسەر، یان خەڵکی دیکە، بەرهەمی دەهێنن:

١ـ هەڵبژاردنی وشەییك لە جیاتی وشەییکی دی

لەم جۆرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو دێڕەی (خالۆ)ی شاعیر، کە تیایدا ڕووی دەمی لە شاعیرێکی گەنج دەکات و ئامۆژگاری دەکات، شیعری ئازاد نەنووسێ، دەڵێ:

کاکە شیعری حوڕ نەبێژی

ئارەقی بێسوود ئەڕێژی

شیعر کێش و قافیەی نەبێ

کوا لە کوێیە تام و چێژی... دیوانی خالۆ[٨]

لە دێڕەکانی یەکەم و دووەمی ئەو چوارینەش:

کاکە شیعری حوڕ نەبێژی

ئارەقی بێسوود ئەڕێژی

(نەبێژی) و (مەنووسە) دوو فرمانن، شاعیرهەردووکیانی لەبەردەست بووە، زۆربەی نووسەرو شاعیرانیش بۆ ئەو بواره (مەنووسە) بەکاردێنن، چونکە لە سەردەمی ئەمڕۆدا شیعر دەنووسرێتەوە، ئینجا دوایی دەخوێنرێتەوە (دەبێژرێ)، نەك وەکو سەردەمی پێش زایین، ئەو کاتانەی نووسین و کەرەسەکانی نووسین نەبوون، شیعرەکە دەبێژراو نەدەنووسرا، بۆیە شاعیر دەبوو بنووسێ:

کاکە شیعری حوڕ مەنووسە

بەڵام ئەگەر کاری (مەنووسە)ی بەکاربهێنایە، ئەوا ئەو فرمانە لەگەڵ فرمانەکەی کۆتا بەشی دێڕی دووەم (ئەڕێژی)، هاوکێش و سەروا نەدەبوو، لە دێڕی دووەمیشدا: ناچار بووە (ئەڕێژی) بەکاربێنێ، بۆیە لە دێڕی یەکەمیشدا هەڵبژاردنی لە نێوان دوو هاوواتا کردووە، (مەنووسە)ی لابردووەو (نەبێژی)ی بەکارهێناوە.

هەروەها لە جیاتی (ئازاد) وشەی (حوڕ)ی عەرەبی بەکارهێناوە، چونکە (ئازاد) دوو برگەیەو لە دێڕەکەشدا دەرفەتی تەنیا یەك برگە هەیە، بۆیە وشە عەرەبییەکەی (حوڕ)ی هەڵبژاردووە.

٢ـ هەڵبژاردنی وێنەیەك لە جیاتی وێنەیەکی دی

نووسەر زۆرجار وێنەی ئاسایی بە وێنەییێکی لادار و دەگۆڕێ و کە بەراورد لە نێوان ئەو دوو وێنەیەدا دەکات، وێنە لادراوەکە هەڵدەبژێرێت، بۆ نمونە:

لە پێنووسم دوڕو گەوهەر ئەبارێ

ئەژی، دانەی خەراج و گەنجی شارێ... عابد نەقشبەندی[٩]

ئەم دێڕەش بەری پرۆسەی هەڵبژاردنە، چونکە لە باری ئاساییدا ئاخاوتن وەها ناکرێ، بۆ نمونە ئەگەر نیوە دێڕی یەکەم وەربگرین، دەبینین، ئاشکرایە کە: لە پێنووسم دوڕو گەوهەر نابارێ. ئیتر بۆچی شاعیر دەڵێ: ئەبارێ؟! هۆیەکە ئەوەیە: ئەم وێنەیەی لە جیاتی وێنەی دیکە هەلبژاردووە.. کە هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە:

لە پێنووسم.. لە جیاتی: بە پێنووسم

دوڕ و گەوهەر.. لە جیاتی: شتانی وەکو دووڕو گەوهەر بە بەها

ئەبارێ.. لە جیاتی: دەنووسرێ

واتە: بە پێنووسم، شتانی وەکو دووڕو گەوهەر بە بەها، دەنووسرێ.

٣ـ هەڵبژاردنی شێوازێك لە نێوان شێوازەکانی دی

هەندێ جاری تر لە نێوان زیاتر لە شێوازێك، کە هەیانە دروستن و هەیانـە لادراون، نێـرەر شـێوازە لادراوەکە هەلدەبژێرێ و پێی وایە ئەمیان بەهێزترە لە بنجییەکە، ئەوەتا حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

بە غەیری جەددی ئێوە کیهە دانا

لە کوردستان ئەساسی عیلمی دانا... دیوانی حاجی قادری کۆیی[١٠]

شێوازی ئەم دێرە شێوازی پرسـە، بـەڵام ئایـا ئـەو دێـرە بـۆ مەبەسـتی پـرس بـەکارهێنراوە؟ ئایـا مەبەستی ئەوەیە وەڵامی پرسیارەکەی وەربگرێتەوە، چونکە پرسیار لـە شـتێك دەکـات، نـایزانێ؟! لـە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر. ئەم دێرە مەبەستی پرسیار نییەو هیچ وەڵامێکی ناوێ، بەڵکو بـۆ مەبەسـت و واتاییێکی دیکەی بەکارهێناوە، ئەویش بریتییە لە گەیاندنی هەواڵ و جەختکردنەوە لەسەر هەواڵەکەی، ئەو هەواڵەی کەوا ئەویشی بە لادان هێناوەو مەبەسـتی لێـی پێداهەڵـدانی باسـکراوە، نـەك گەیانـدنی شتێکی نوێ لە بارەی، واتە: شاعیر لەم دێرەیدا دەیەوێت بڵێت: ئەوەی ئەساسی عیلم و خوێندەواری لە کوردستاندا دانا، بە تەنیا باپیرەی ئێوە بوو، لەو بەولاوە کەسی تر نەبوو، ئەوەش هـەمووی پیاهەڵـدان و زێدەڕۆییە.

کەواتە: شاعیر سوودی لەو شێوازە وەرگرتووە، بۆ گەیاندنی واتاییێکی تر، نـەك بـۆ گەیانـدنی واتـا شێوازییە دروستەکەی، چونکە شێوازی پرسیاری: ((داواکردنی زانیارییە لـە بـارەی شـتێکەوە، پێشـتر زانراو نەبووە))[١١]، بە واتاییێکی تر: ((داوای تێگەیشتنە، ئەوەش گەیاندنەوەی هەواڵە بە تۆ لە بـارەی ئەو شتەی پێشتر زانیاریت لە بارەیەوەی نەبووە))[١٢]، چونکە ئادەمیزاد لە هەر باریکدا بێت، هەنـدێ شتی هەر لێ ون دەبێت و بە ڕاستەقینەیان نازانێت، بێگومـان ئـەو شـتانەش هەمیشـە زۆرتـرن، لـەو شتانەی زانراون، بۆیە بۆ ئەو نەزانراوانە ناچار دەبێ داوای زانیاری بکات، لەو کەسەی لـە بـارەی ئـەو شتەوە زانایەو ئاگاداری هەیە، ئەوەش شێوازێکی ئاخاوتنی زمانە، بە شێوازی پرسیار ناونراوە، بـەڵام جاری واش هەیە ئەو شێوازە بۆ مەبەستی دیکە هەڵدەبژێردرێت، وەکو ئەوەی لەوەی پێشوودا تیشـکی خرایە سەر.

دووەم: لادان

یـەکێکی دیکەیـە لـە بنـەما سـەرەکییەکانی شـێواز، زانایـانی شـێواز گرنگیـی زۆریـان پێـداوە، هەندێکیان ناویانناوە (زانستی لادانەکان)[١٣]، چونکە ((دەربڕین ئـەو کاتـە شـێواز بەرهەمـدێنێ، کـە شێوازەکە بە هۆی لادانێکەوە لە بنەماکانەوە بووبێ)).[١٤]

ئەم بنەمایە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە: زمان دابەش دەبێتە سەر سێ بەشی لەیەک جیا.. یەکیان: زمانی سروشتی (معیاری)، کە ئەمە یاسایەو لە مێشکدا هەیە، (سۆسێر) پێی وایە: بریتییە لە ((جۆرێك لە هەماهەنگی لە نێوان وێنە بیسراوەکان و چەمکەکان))[١٥].. ئەوی دیکەش: زمانی ئاسایی (ئاخاوتن)ە، وەکو خەڵك قسەی پێدەکەن.. سێیەمیش زمانی تایبەتی نووسینە، کە زمانێکی پڕ لە داهێنانەو جیاوازە لە هەردوو زمانە معیاری و ئاساییەکەش، چونکە بەری لادانەو بە شێوەیەکی تایبەت جیابۆتەوە لە هەردوو زمانی سروشتی و ئاساییش، بۆیە وەکو زانراوە لە لای زۆرینەی خەڵکی، نووسینی ئەدەبی بە شێوازێکی نوێی پێشتر نەبیسترا‌و دەبێ، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تواناکانی زمان و وزە شاراوەکەی بە ئاکام دەگات، ئەمەش وەکو (چۆمسکی) ئاماژەی بۆ دەکات، لەبەر ئەوەیە: ((ئەو توانایانەی لە زمانە مرۆییەکاندا هەیە، وا لە قسەکەرەکانیان دەکات، بتوانن داهێنان بکەن، ئەو داهێنانەشیان لەوە بەدەر دەکەوێت، کە دێن ڕستەو دەربڕینەکانیان بە شێوەیێکی وەها دروست دەکەن، پێشتر شتی وەهایان نەبیستووە))[١٦]، ئەوەش هێنده گرنگە، بە شێوەیەك وتراوە: ((توانای داهێنانی بە شێوەیێکی چڕ بەستراوەتەوە بەو ڕووبەرەی لادان داپۆشیوە))[١٧].

لادان کە هێندە گرنگە، ((بریتییە لە بەکارهێنانی داهێنەر بۆ زمان، وشەو دەربڕین و وێنەکانی، بەکارهێنانێك دەربێنێ لەوەی باوەو ئاشنایەتی لەگەڵدا هەیە، بە شێوەیێکی وەها، ئەو لادانە ـ ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی زمانێك ـ بەوە وەسف بکرێت: تایبەتەو داهێنانەو هێزی ڕاکێشان و کارتێکردنی هەیە))[١٨]، واتە: بۆ بەرهەمهێنانی شێواز، داهێنەر ((شاعیر، یان نووسەر، دووردەکەوێتەوە لەوەی پێوەرە بڕیارِدەرەکانی نێو سیستمی زمانی دەیخوازن)).[١٩]

دیارە ئەو کارەش، کە لادانە لە باو لەبەر مەبەست دەکرێت و بە وشیارییەوە ئەنجام دەدرێت، نێرەر بۆیە پەنای بۆ دەبات، چونکە ((ئامانجی لەو کارەی بەرهەمهێنانی جوانییە لە ئەدەبدا، ((ئەو جوانییەی، کە لەوانەیە بەبێ لادان وەدی نەیێت))[٢٠]، کەواتە ((لادان بۆ ئەوە هاتووە، زمان لە بازنەی واتا فەرهەنگییە تەسك و میعیارییە سنووردارەکان دەربێنێ، بیباتە بازنەی چالاکییە مرۆییە زیندووەکان)).[٢١]

هەموو ئەوەش گرنگی لادان لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی شیعرییەتدا ڕوونەدەکاتەوە، لەبەرئەوەشە ((لێکۆلینەوە شێوازگەری و زمانییەکان لە ڕەخنەی نوێدا بە تایبەتی لە شیعردا، زیاتر جەختیان لەسەر لادان کردۆتەوە))[٢٢]، بۆ نمونە:

لایقی شانی من و شایانی شەنی تۆ نەبوو

چاوەکەم چیت پێ بڵێم؟ چارم نییە غەیری سکوت؟!... شێخ ڕەزای تالەبانی[٢٣]

ئەم دێڕەی سەروو، چەندین لادانی تێدا لە یاساکانی زمان، لە ئاستەکانی ڕستەسازی و واتاسازی و فەرهەنگدا کراوە، ئەوەتا:

أ ـ لایقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو.. ئەم نیوەدێڕە دوو ڕستەی سادەی پێکەوە کۆکردۆتەوە، کە بریتین لە ڕستەکانی: (لایقی شانی من نەبوو) و (شایانی شەئنی تۆ نەبوو).. بەڵام هەردوو ڕستەکەی پێکەوە کۆکردۆتەوە، بۆیە لە ڕستەی یەکەم کاری دوورخستۆتەوەو خستوویەتییە دوابەشی ڕستەی دووەم، واتە: بۆ هەردوو ڕستە یەك کاری بەکارهێناوە، ئەوەتا نووسیویەتی: (لایقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو). ئەوەش لادانە لە بنەماکانی ڕستەسازی.

ب ـ چاوەکەم چیت پێ بڵێم؟.. لە ڕووی واتاوە لادانی تێدا کراوە، چونکە فەرهەنگ ئەوە قەبوڵ ناکات وشە بۆ غەیری واتای خۆی بەکار بێ، لەوێدا هەر وشەییەك واتای تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە (چاو) واتە: چاوی سەری ئادەمیزاد و گیانداران، بەڵام لێرەدا (چاو) واتاییێکی دیکەی هەیە، مەبەست لێی: ئەو کەسەیە کە وەکو چاوەکانی گرنگ و خۆشەویستە.

ج ـ چارم نییە غەیری سکوت.. لە وشەی (سکوت)دا لادان هەیە، چونکە ئەمە کورتەی ڕستەیەکە، کە دەڵێ: (السکوت جواب الأحمق)ی، کە ئەو بارە کورتبڕییە لە ڕەوانبێژیدا هونەرێکی کۆنی شیعرە، لە ڕەوانبێژیدا لەژێر ناوی (ئیکتیفا) گرنگی تایبەتی پێدراوەو بە یەك لە هونەرە ناوازەکان ژمێردراوە، ((بریتییە لە لابردنی شتێك لە لایەن شاعیرەوە لە دێڕە هۆنراوەکەی، لەبەر ئەوەی ئەقڵ دەتوانێ ئەو شتە بخاتەوە بەر چاو، بۆیە شاعیر دەستبەرداری دەبێ))[٢٤]، ئەمەش لە ڕاستیدا جۆرێکە لە کورتبڕی و جوانییەك بە شیعر دەبەخشێت، بۆیە (ڕومانی) خستوویەتییە بەشی (ایجاز) و گوتوویەتی: ئەمە کورتبڕییە بە لابردن.[٢٥]

هەیشە وەکو (ئیبنو حوججەی حەمەوی) بە هونەرێکی سەربەخۆی داناوەو ئەگەرچی ئاماژەی داوە بەوەی کورتبڕییە، بەڵام ئەم کورتبڕییەی خستووەتە دوا وشەی سەروا، گوتوویەتی: ((ئەوەیە شاعیر دێڕێك بڵێنێ، سەرواکەی بەستراپێتەوە بە لابراوێك، بەڵام پێویستی بە لابراوەکە نەبێ، چونکە بەشەکانی تری دێڕەکە ئەو لابراوە دەخەنەوە بەرچاو، بۆیە ئیدی ئیکتیفا بکات))[٢٦]، لە هەموو ئەوەشدا دەردەکەوێت، کە (ئیکتیفا)ش لادانێکی دیکەیە، شاعیر لە کۆتایی ئەم دێڕەدا بەرهەمی هێناوە.

چەند نمونەیێکی لادان

لادان جۆر و شێوەی زۆرە، ئەم باسە بۆ ئەو جۆرو شێوانەی تەرخاننەکراوە، بۆیە لێرەدا هەر بۆ ڕوونکردنەوە بە کورتی ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی دەکات، لەوانە:

أ ـ لادان بە زیادکردن

ئەوەیە لە وشەدا، یان لە ڕستەدا شتێك زیاد بکرێ، ئەو شتە ئەگەر نەشبووایە، مانا هەروەکو خۆی بووایە، واتە: بە زیادکردنەکە، واتاکە زیادی نەکردبێ.. بۆ نمونە:

لە پیرە پیرو لە سمکۆڵی پیرە گا کێوی

دەلەرزێ گاوی زەمین و، دەترسێ گاوی سەما... حاجی قادری کۆیی[٢٧]

(گاوی زەمین و گاوی سەما).. واتە: (گا)ی زەمین و (گا)ی سەما.. بۆچی (گا) بووەتە (گاو)؟ ئەمە لادانە، لەبەر کێشی شیعرەکەیە، ئەگەر ئەو پیتی (و)ە زیاد نەکرایە، ئەوا کێشەکە کەموکوڕی تێدەکەوت و بچووکتر لە نیوەدێڕی یەکەم دەردەچوو، بۆیە شاعیر لادانی لە بنیاتی وشەکە کردووەو ئەو پیتەی زیادکردووە.

ب ـ لادان بە لابردن

ئەوەیە لە وشەدا، یان لە ڕستەدا شتێك لابرێ، ئەو شتە ئەگەر هەشبووایە، مانا هەروەکو خۆی بووایە، واتە بە لابردنەکە، واتاکە کەم نەکات.. ئەوەش دەشێ لە ئاستی تاکە پیتێکدا بێت لە وشەیێکدا، وەکو لەم نمونەیەی خوارەوە دەیبینین:

هێند بە دینت ئینتیزارم، خواردنم خوێنەو زوخاو

دڵ تەنوری پڕ لە نارم، ئاخ لە بۆ یەك قەترە ئاو... ئەحمەدی کۆر[٢٨]

دینت: واتە: دیتنت، بەڵام پیتی (ت)ی لابردووە، چونکە کێشی شیعرەکە ناچاری کردووە، ئەو پیتە لە وشەکەدا نەمێنێ، دەنا برگەیەك زیاد دەکات و کێشی دێڕەکە دەشێوێ.

(نالی)ش گوتوویەتی:

شەوقی کە نەبێ باصیرە مەئیوسە لە دیتن

هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بە بەصەرِ دا... نالی [٢٩]

لە (قووەتی دین)دا، دیسانەوە پیتی (ت)ی (دیتن) لەبەر کێشی شیعرەکە لابراوەو کراوەتە (قووەتی دین).

لابردن دیسانەوە دەشێ لە ئاستی ڕستەشدا بێت، ئەویش بە هۆی لابردنی وشەیەک لە پێکهاتەی بنجیی، وەکو لەو نموونەیەی دووەم دەیبینین:

بچووك هەر کاری گەورەو گەورە هەر کاری بچووکی کرد

خەریکی مەجمەسی گەورەو بچووکی وەختی ئاوانم... حەمدی[٣٠]

نیوەدێڕی یەکەم لە دوو ڕستەدا پێکهاتووە، کە بریتین لە: (بچووك هەر کاری گەورە) و (گەورە هەر کاری بچووکی کرد).. لە ڕستەی یەکەمدا (بچووك) ئاوەڵناوەو وەسفی (خەڵك) ی کردووە، بەڵام وەسفکراو لابراوە، واتا کورتبڕی کراوە، ئەمە لە لایێکی دیکە: کاری ڕستەی یەکەمیش، کە لەگەڵ ڕستەی دووەمدا کۆکراوەتەوە لابراوە، دەنا ڕستەکە لە باری ئاساییدا دەبوو وەها بووایە: (خەڵکی بچووك هەر کاری گەورەی کرد...).. لە ڕستەی دووەمیشدا دیسانەوە (گەورە) ئاوەڵناوەو وەسفی (خەڵك)ی کردووە، بەڵام وەسفکراو لابراوە، واتە: ڕستەکە بەمجۆرە بووە: (خەڵکی گەورە هەر کاری بچووکی کرد)، هەموو ئەو لابردنانەش کورتبڕی دروستی کردوون.

ج ـ لادان بە تێکەڵاوکردن

بریتییە لە پێکەوە تێکەڵکردنی زیاتر لە شتێك و کۆکردنەوەیان لە سیاقێکدا، کە لە باری دروستدا ئەم دوو شتانە پێکەوە تێکەڵ نابن و لەیەك جیاوازن.. بۆ نمونە:

سەد قوببەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری

ناگاتە بەیتە کاولی (نالی) و مەتانەتی... حاجی قادری کۆیی[٣١]

لێرەدا لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر (قووببەی خەورنەق) و (سەددەی ئەسکەندەر)ی هێناون، کە ئەمانە شتی ماددین، ئەو بە (بەیت)ە شیعری خۆی بەراوردکردوون، کە (بەیتی شیعر) شتێکی مەعنەوییە، بەڵام هاتووە سیفەتی (کاول) و (مەتانەت)ی داوەتە (بەیت)ە شیعرەکەی، کە ئەمانەش سیفەتی (قووببەو سەددە)نە، یەکەمیان لە باری تێکچوونیان و دووەمیان لە باری ئاساییاندا، نەك سیفەتی (بەیت)ە شیعرەکە، بۆیە لە باری ئاساییدا ئەم دو وشتە (ماددی و مەعنەوی)یە پێکەوە بەراورد ناکرێن، ئەوەش تێکەڵاوکردنی شتەکانە، لە ڕەوانبێژیدا (موشاکەلە)ی پێدەگوترێت.

د ـ لادان بە وەرچەرخان

بریتییە لە ئاراستەکردنی گوتار بۆ شتێك، دواتر گۆڕینی ئاراستەی گوتارەکە بۆ شتێکی دیکەی پەیوەست بە ئاراستەکراوی یەکەم.. بۆ نمونە:

تا لە تۆ دوورم موکریان دڵ بە هیچ ناپشکوێ

من خراپ بووم ئێوە چاك بن، لێم گەڕێن با بێمەوە... هێدی[٣٢]

لەم دێڕەدا (هێدی) شاعیر سەرەتا ڕووی گوتاری لە (موکریان) کردووە، وەکو ناوچەکەی خۆی، کە باس لەوە دەکات، تا لێی دوور بێ، دڵی بە هیچی دیکە خۆش نابێ و ناپشکوێ، ئەوەش ئاساییە، بەڵام دواتر پێی دەڵێ: (ئێوە باش بن)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لە جاری دووەمدا: ڕووی گوتاری وەرچەرخاندووە بۆ خەڵکی (موکریان)، نەك (موکریان)ی ناوچە، واتە: لە جاری دووەمدا لادانی کردووەو (موکریان)ی بۆ واتای دڕووستی خۆی بەکارنەهێناوە، چونکە موکریان ناوی شوێنیش لە خۆیدا بێ گیان و دڵ و هەست و بیرەو ناشێت باش، یان خراپ بێت، بەڵام ئەوەی باش، یان خراپ دەبێت، خەڵکی موکریانە، واتە: ئەو خەڵکانەی لەو ناوچەیەدا دەژین، ئەوەش (وەرچەرخان)ەو لادانە لە واتای بنجی ئاراستەکراوەوە بۆ واتایێکی دیکەی پەیوەست بە خۆی.

مەرجەکانی لادان

لێرەدا سێ مەرجی سنووردارکردن بۆ لادان دادەنێین، کە زانایان پێیان وایە بەدەر لە ڕەچاوکردنی ئەو سێ مەرجە، لادان سوود ناگەینێ، ئەوانیش بریتین لە:

١ـ لادانەکە بە شێوەیەك بێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزمانـدا ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە: دەکرێ ڕستە بە شێوەیەکی جیا، لە یاسای ڕێزبوونی بەشە ئاخاوتنەکانی زمانی نەتەوەیی دروست بکرێت، ئەو بەشەی جێگەی پێشەوەی ڕستەیە، بخرێتە کۆتایی و ئەوەی جێگەی دواوەیە بخرێتە پێشەوەو بەو شێوەیە، بەڵام ناکرێ بەشە ئاخاوتنە سەرەکییەکانی ڕستە، یەکیان، یان هەردووکیان، وەکو بکەر و فرمان، نیهاد و گوزارە، شارستەو پارستەی ڕستەی ئالۆز، بەبێ هیچ هۆیەك لابـرێن و نەهێلدرێن، چونکە ئەوکاتە ڕستە لە گەیاندنی پەیامی خۆی دەکەوێت و دەبێتە شتێکی بێ مانا، بـە واتایێکی تر ئەوەی نێرەر دینێرێت ((پەیامێکە بۆ خوێنەر، جا ئەگەر بـە شێوازێکی وا دایبڕێژێت، پەیوەندی نێوانیان ـ نێوان بەشەکانی ـ نەمێنێت، واتە: خوێنەر نەتوانێت هیچ ڕاڤەو لێکدانەوەیەك بـۆ لادانەکە بکات، ئەمە بە لادانێکی دروست دانانرێت))[٣٣]، چونکە دەبێتە شتێکی بێ بنـەما، جـوانی دەکوژێت و بێزاری دروست دەکات.. بۆ نمونە:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ، خۆی تالبی مەعنا دەکا... نالی[٣٤]

لەم دێڕەی سەروودا، نیوەدێڕی یەکەم (کەس بـە ئـەلفازم نـەڵێ خـۆ کوردییـە، خـۆ کردییـە)، ڕستەیێکی ناسادەیە، (کەس بـە ئـەلفازم نـەڵێ) شارستەیە، (خـۆ کوردییـە، خـۆ کردییـە) پارستەی

ئاوەڵناوییە، وەسفی (ئەلفاز)ی نێو شارستە دەکات، باشە ئەگەر هات و ڕستەکە وەها خرایە ڕوو: (کەس بە ئەلفازم نەڵێ)، واتە: پارستەکە لابراو نەهێنرا؟ ئایا ئەو کات واتا تەواو دەبێ؟! ئایا کەس تێدەگات مەبەستی شاعیر چییە؟ بێگومان نەخێر، کەوابێ ئەو لابردنە، لادانی هونەری نییە، بەڵکو بەزۆر کراوە بە لادان، ئەگینا تێکدانەو هەرچی جوانییەکی دێرەکەیە دەیشێوێنێ.

٢ـ دەبێ لادانەکە سوودێك بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەیە خوێنەر بەو شێوەیە ئاراستە ببێ، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت[٣٥].. بۆ نمونە:

با ئەم جارە

ماچی دەشتی قەراج بکەم

دەست لە ملانێی

قەرەچوغی سەرکەش بکەم... موحسین شوانی[٣٦]

لەم کۆپلەیەدا شاعیر باس لە ماچکردنی قەراج و دەست لە ملکردنی قەرەچووغ دەکات، بەڵام ئایا: ماچکردن هی دەشتی قەراجە؟! ئایا قەرەچوغ ملی هەیەو دەشێ مرۆڤێك دەست لە ملانێی بکات؟!

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: نەخێر! ماچکردن بۆ هاوڕەگەزەکانمانە لە ئادەمیزاد و دواتر بۆ شتی تر خواستراوە، ماچکردنی دەشتی قەراجیش بەو شێوەیەو بەسوود وەرگرتن لە لێکچواندنەوە بەرهەمهاتووە، واتە: ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە بووە: (با ئەم جارە وەکو دەستی باوکە بە سۆزەکەم ماچی دەشتی قەراج بکەم).

قەرچووغیش وەکو کێوێك (مل)ی نییە، مل هی ئادەمیزاد و گیاندارانی دیکەیە، بە لادان دراوەتە کێوی قەرەچوغ، دەست لە ملانێش هی مرۆڤە بۆ مرۆڤێکی تر، ئەویش بە لادان دراوەتە کێوی قەرەچوغ، ئەگینا کەس ناتوانێ دەستلەملانێی ئەو کێوە بکات، کەوابێ لێرەشدا ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە بووە: (با ئەم جارە وەکو دەستلەملانێی ڕۆڵە ئازیزەکەم دەکەم، دەست لە ملانێی قەرەچووغی سەرکەش بکەم)!

کەواتە: ئەو کۆپلەیە زیاتر لە لادانێکی تێدا کراوە، ئەو لادانانەش سوودیان گەیاندووە، کورتبڕییان بەرهەمهێناوەو گوتارەکەیان کاریگەرتر و بەجۆشتر کردووە.

٣ـ دەربڕینە ئەدەبییە (لادراوەکە) واتای مەبەست بە تەواوی بگەینێ، نەك بە پێچەوانەوە بۆنێردراو، خوێنەر بێ، یان بیسەر، بەرەو ئاقارێکی دیکەی دوور لە مەبەستە بنجییەکەی ببات و سەری لێتێکبدات، دوای ماندووبوونێکی زۆر، ئەوجا نەزانێ نێرەر مەبەستی چییە[٣٧]، بۆ نمونە:

بۆ لای مەدینە هاتن

هاتن بەڵام چ هاتن

ڕۆژ و مانگ بوون هەڵاتن

عەلەمیان هاتە دیاری... عاجز[٣٨]

لەم چوارینەیدا (عاجز) باس لە هاتنی (پێغەمبەر)ی خۆشەویستمان (درودو سڵاوی خوای لەسەر) و (ئەبوبەکری صدیق) دەکات (ڕەزای خوای لێ بێ)، کە پێکەوە لە گەشتی هیجرەتیان لە مەککەوە بەرەو مەدینە هاتوون، وەسفییان وەها دەکات، دەڵێ: یەکەمیان (ڕۆژ) و دووەمیان (مانگ) بوو!! بۆ خەڵکەکە دەرکەوتن و خەڵك لێیان هاتە پێشوازی.

دیارە ئەو دەربڕینە بە وێنە، دەربڕینێکی لادراوە، واتە: ئەوەی لە ڕووناکی و گەورەیی و دڵگیریدا وەکو ڕۆژ و ئەوەی لە جوانیدا وەکو مانگ بوو، ئەوان هاتن، بەڵام لەم درێژییە لایداوە، کورتبڕی کردووە، ئەو لێکچواندنەی تێکداوەو بە وێنە مەبەستەکەی دەربڕیوە، بەمەش واتای مەبەستی بە تەواوی گەیاندووەو نەوەك هیچ زیانێکی نەگەیاندووە، بەڵکو سوودێکی باشیشی گەیاندووەو دەربڕینەکانی لە ڕووی هونەرییەوە یەکجار دڵگیر و جوان کردووە.

تەوەرەی دووەم: گرنگیی ئەو بنەمایانە

ئەو بنەمایانە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی ئاخاوتن و زۆرجار شێوازی نوێ بەرهەمدێنن، شێوازێك کە خەڵکی وەها قسە ناکەن و زمان بە یاساکانی خۆی شێوازی وەها بەرهەمناهێنێ، بۆیە ئەو شێوازەی هەڵبژاردن و لادان بەرهەمی دێنن، بەری پیشەسازی دەربڕینەو کاتێك دەکەوێتە بەر گوێ، یان بەر دەستی خوێنەر، چێژێکی زیاتر و کاریگەرییەکی گەورەتر پێشکەش دەکات.. بۆ نمونە:

منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە گەردێکم بچووك

هەتا ناشتوانم بفڕم بخوێنم بە باڵ بە دەنووك... گۆران[٣٩]

شاعیر لێرەدا ڕووی دەمی لە باڵندەکانە، خۆی لەگەڵ ئەوان وەیەك دەچوێنێ، خوێنەر کە بەشی یەکەمی دەربڕینەکە دەبیسێ: (منیش وەك ئێوە لە دونیای گەورە).. هەست دەکات، ئەوە داهێنان و

شیعرییەتە، بەری (لادان)ە، چونکە لە باری ئاسایی و بە پێی پێناسەی لە فەرهەنگدا: باڵدار ئەوە نییە، ببیسێ و لە ئادەمیزاد بگات، تا شاعیر گوتاری ئاراستە بکات.

لە لاییکی دیکەوە: خوێنەر هەست دەکات، دوای ئەوە شاعیر دەڵێ: گیاندارێکم بچووک.. چونکە لێکچوونی نێوان شاعیر و باڵندەکان هەر لەو ڕووەوەیە، کە هەردووکیان (گیاندار)ن، بەڵام شاعیر ئەوە ناڵێ و دەڵێ: (گەردێکم بچووک)!! ئەمەش (هەڵبژاردن)ەو هەروەها (لادان)یشە، چونکە لە قۆناغی یەکەمدا هەردووکیان گیاندارێك بچووکن، ئینجا لە قۆناغی دووەمدا هەردوو ئەو گیاندارە بە بەراورد لەگەڵ ئەو گەردوونەی تێیدا دەژین، دوو گەردی زۆر بچووکن، بۆیە شاعیر بە لادان، وێنەکەی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردووەو وێنەی قۆناغی یەکەمی کە چاوەڕوانکراو بووە، لابردووە، ئەوەش داهێنانە، چونکە چاوەڕواننەکراو (موفاجەئە)ی بەرهەمهێناوەو چێژێکی زۆرتر و واتاییکی فراوانتری بەخشیوە، هەموو ئەوەش پیشەسازی ئاخاوتن و نووسین و داهێنانی ئەدەبییە، بۆیە دەڵێین: ئەم دوو بنەمایە لە کەنالی پیشەسازی ئاخاوتن سوودەگەیەنن و لە بەرهەمهێنانی شێوازی نوێ هاوکاری یەکتری دەکەن.

واتە: ئەم دوو بنەمایە دەبنە ڕەگەزی پێکهێنەری شیعرییەت و داهێنانی زمانی ئەدەبی و لە وەتەی ئەدەب و بە تایبەت شیعر هەیە، ئەوانە لە بەرهەمهێنانی تێکستەکانیدا، ئەرکی گرنگیی خۆیان بینیوە.. لەم نمونەیەی خوارەوەدا، لەسەر بنەمای تەواوی تێکستەکە لەو ئەرکە ورد دەبینەوە:

دوێنێ لە تەك نەمانی سورایی خۆرنشینا
کە شەو هێواشی باڵی کێشا بەسەر زەمینا
تۆماری شانزەسالّی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پڕ لە تاسەی دەروون و گیانی برسیم
بە جارێ نایە چاڵی ژیانی پڕ سزاوە
کە شەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیا ڕزاوە
لە تەك هەموو عەزاب و ژیانی بێ هیوادا
ئەم ڕەنجی سالّەهایەم کە گشتی چوو بە بادا
لەتەك ئەمانەشا من هەرچەندە تێگەیشتووم
کە دووی خەیالّی دووری پەری نیگارێ کەوتووم
لە کانی قوولّی دلّما: کە بۆتە گۆڕی ئاوات
ڕژاوە نەقشی بالّای بلّندی ئالّ و والّات.. ئەحمەد هەردی[٤٠]

ئەم دێڕانەی سەروو، کە هۆنراوەیەکی جوانی (ئەحمەد هەردی)ن، چیرۆکی باری دەروونی شاعیر دەکێشن و بە خوێندنەوەیەکی خێراو سەرپێیی هەست دەکەین، شێوازێکی کاریگەر و بەهێزیان هەیە، لە ژێی هەستیاری خوێنەر دەدەن، دەیوروژێنن و لەگەڵ خوێاندا تێکەڵی دەکەن، بەڵام چیرۆکەکە چیرۆکێکی کورتە، لە باری دروستدا، بەو ڕستانە دەخرێتە ڕوو:

ـ دوێنێ، ئەوکاتەی سورایی خۆرنشین نەماو دونیا تاریك داهات.

ـ شانزە ساڵ دڵی پڕ لە ئاوات و شانزە ساڵ تاسەی دەروون و ئارەزووم

ـ لە دەست چوو، وەکو چەندەها گەنجی هەژاری دیکەش وەهایان لێهاتووە

ـ بەڵام دیارە ئەگەرچی هەموو ژیانی پڕ لە عەزاب و بێ هیوایی و ڕەنج و ماندووبوونی ئەو هەموو ساڵەم لە دەستچوو،...

ـ لەولاوە ئەوە تێگەیشتم، کە: من بە دوو خەیاڵ کەوتووم

ـ کەچی دیسانەوە خۆشەویستی ئەو کچەش لە دڵمدا دەرناچی!!

ئێستا دەپرسین: ئایا ئەو شەش ڕستەیەی بە زمانی ئاسایی خستمانە ڕوو، هیچ وروژانێك دروست دەکەن؟! ئایا هیچ جەمالیەتێك لەخۆیاندا هەڵدەگرن؟! ئایا دیاردەیەك پێکدێنن، پێی بگوترێت: دیاردەی ئەدەبی؟ دیارە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە: بێگومان نەخێرە؟! کەواتە شیعرەکەی سەروو، کە گوزارشت لە واتای ئەو شەش ڕستەیە دەکات، کارێکی هونەرییەو (لادان و هەڵبژاردن)ی زۆر بەرهەمی هێناوەو بەو جوانی و کاریگەرییە زەقیکردۆتەوە.. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەمان، دێڕی یەکەمی شیعرەکە وەکو شێوازگەرێك شیکار دەکەین، با بزانین ڕستە ئاساییەکە چۆن بووەتە دێڕە شیعرە بەهێزەکە:

دوێنێ لە تەك نەمانی سورایی خۆرنشینا

کە شەو هێواشی باڵی کێشا بەسەر زەمینا

لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەودێڕەدا سێ دەربڕین هەیە، یەکەمیان (دوێنێ)، دووەمیان (لە تەك)، سێیەمیان (نەمانی سورایی خۆرنشین)..

(دوێنێ) دەشێ (دوێنێ)ی دروست بێ، هەروەها دەشێ هێما بێ بۆ (ڕابردوو).

(لە تەك) خراوەتە پاڵ (نەمانی سورایی خۆرنشین)، کە لە باری دروستدا، دەربڕینی (لە تەك) دەخرێتە پال وشەیێکی تری بۆ نمونە (دیوار)دا، ئیتر ئاوەڵکاری شوێنییەو گوزارشت لە شوێنێکی

واقیعی دەکات، بەڵام هاتنی لەو هەلومەرجە شیعرییەدا، دەرفەتی ئەوەی بۆ ناهێڵێتەوە، بڵێین: بە واتای دروستی هاتووە، کەوابێ بە واتای لادراوی هاتووە، مەبەست لێی (لە کاتی)یە.

(نەمانی سورایی خۆرنشین) لە باری دروستدا، بە واتای (خۆرئاوابوون و بەسەرچوونی سوورایەکەی خۆر لە کاتی خۆرئاوابوون) دێت، بەڵام دەشێ بە واتای لادراویش هەلبژێردرابێت، مەبەست لێی: (نەمانی دوا تیشکی ئومێدە، کە لە دڵی شاعیردا هەیە).

دیارە بە پێی یاسای ڕەچاوکردنی هاوشێوەکان (مراعاة النضیر)، ئەو شتانەی لەگەڵ یەکدا دێن، دەبێ: هەموویان وەکو یەك بن، واتە: نابێ یەکێکیان دروست و ئەوی دیکەیان خوازەیی بێ، یان هەردووکیان دروستن و یان هەردووکیان خوازەیین.[٤١]

کەوابێ: لەو دێڕەدا، نە (دوێنێ) بە واتای دروست و نە (لە تەك) بە واتای دروست و (نە (نەمانی سورایی خۆرنشین) بە واتای دروست هێنراوە، بەڵکو هەر سێکیان لادراون، مەبەست لێیان: لە ڕابردوویەکی نزیکدا، چوون سورایی خۆرنشین بەسەرچوو و شوێنەوارێکی نەما، منیش بە هەمان شێوە....

لە نیوەدێڕی دووەمیشیدا دیسانەوە چەند دەربڕینێك هەیە، یەکەمیان (شەو)، دووەمیان (هێواش)، سێیەمیان (بالّی کێشا بەسەر زەوی)دا، ئەوانیش هەموویان شیعرییەتێکیان بە هۆی لادان و هەلبژاردنەوە بەرهەمهێناوە، چونکە شاعیر ڕاستەوخۆ نەدواوەو شێوەی لادراوی پەسند کردووە، ئەگینا (شەو) بالّی نییەو بالّ هی بالّدارە دراوەتە شەو، ئەمەش لادانەو هەلبژاردنیشە، (هێواشی) نییەو (بە هێواشییە)، ئەوەش لادانەو هەلبژاردنی کورتبڕییە، بالّکێشانیش هی بالّدارەکەیە بۆ بێچووەکانی بەڵام شاعیر داویەتییە شەو بۆ زەوی، هەموو ئەوەش هونەرکارییە، لادانەو هەلبژاردنی شێوازێکە، کاریگەرتر بێ، لە شێوازی ئاسایی.

تەوەرەی سێیەم: جیاوازی ئەو بنەمایانە لە یەکتر

١ـ لادان لە یاساکانی زمان دەکرێت، بەڵام هەلبژاردن لە نێو یاسای زمانی و لە دەرەوەی ئەو یاسایانەش دەکرێت.

٢ـ هەموو لادانێك هەلبژاردنە، بەڵام هەموو هەلبژاردنێك لادان نییە.. لە خوارەوە ئەو دوو خاڵانە دەسەلمێنین:

گەر نەکا مەخموور ئەفەندی تەرکی تریاکی لەعین
فێری سێ نەزمی دەکا پژمین و کۆکین و تڕین... شێخ ڕەزای تالەبانی[٤٢]

لەم دیڕەی (شێخ ڕەزا)دا، دەبینین (لادان)یش و (هەڵبژاردن)یش هەیە، لادانەکە ئەوەیە: کاری (نەکا) لە نیوە دێڕی یەکەمدا، بە پێی یاساکانی ڕستەسازی زمانی کوردی، دەبوو بکەوێتە کۆتایی ڕستەکەو بەو شێوەیە بێ: (گەر مەخموور ئەفەندی تەرکی تریاکی لەعین نەکا)!! بەڵام بەو شێوەیە سەروای دێڕەکە دەشێواو جوانی و شیعرییەتی نەدەما، چونکە (نەکا) و (تڕین) هاوسەروا نین و لەیەك جیاوازن، بۆیە شاعیر لە یاسای لاداوە، کاری (نەکا)ی هێناوەتە پێش بکەر، کە (مەخموور ئەفەندی)یەو کۆتایی دێڕەکەی بە (لەعین)ی تەواوکەری ناوی (تریاك) هێناوە، بەوەش سەروای دێڕەکە جوان و بەهێز دەرکەتووە، چونکە (لەعین) و (تڕین) هاوسەروان.

هەرچی هەڵبژاردنە، ئەویش خۆی لە خۆیدا ئەو شێوازەیە، کە زمانەکەی تێدا داڕشتووەو ئەو پاش و پێشییەی تیا ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی سەرەنجام شێوازە جوان و دڵگیرەکەی بۆ دروست بێ، کە لێرەدا هەڵبژاردنەکە لەسەر یاسا ئەنجام دراوە.

بەڵام جاری دیکەش هەیە هەڵبژاردنەکە لە دەرەوەی یاسا دەکرێ.. بۆ نمونە:

ڕووبکەنە لای مەدینە
جێی فەخری مورسەلینە
مەرجەعی ئەهلی دینە
خۆشی لەبۆ زووارِی... عاجز[٤٣]

لەم چوارینەدا کە (عاجز) وەسفی شاری مەدینەی کردووە، وتویتی: (جێی فەخری مورسەلینە)، ئینجا لە دواجاردا وتوویەتی: (خۆشی لەبۆ زووارِی).. لەمەشدا (زووار) هەڵبژاردنە لە جیاتی (میوان) هەڵبژێردراوە، بەڵام ئەمە هیچ لادانێکی لە یاساکانی زماندا بەرهەم نەهێناوە، کەواشبێ:

أ ـ لادان لەسەر یاسا دەکرێ، بەڵام هەڵبژاردن دەشێ لەسەر یاسا بێ، دەشێ بەدەر لە یاساش بێ.

ب ـ هەموو لادانێك هەڵبژاردنە، بەڵام هەموو هەڵبژاردنێك لادان نییە.

تەوەرەی چوارەم: ئەرکی ئەو بنەمایانە

ئەو بنەمایانە ئەرکی تایبەتی خۆیان هەیە، چ لەو ڕووەی شێوازە داهێنەرەکە دروست دەکەن، چ لەو ڕووەشدا کە سەرەنجام فەرهەنگی دەربڕین و شێوازی ئەدەبی گەورەو دەوڵەمەند دەکەن، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەندێ لەو ئەرکانە:

١ـ زمانی ئەدەب لە زمانی ئاخاوتن و زمانی سروشتی جیا دەکەنەوە، دەریدەخەن زمانی ئەدەب جوانترە، هۆیەکەش ئەوەیە: ((یەکەمیان لەسەر ڕاستەوخۆیی دادەمەزرێ و لەگەڵ عەقڵ دەدوێ،

ئامانجی گۆڕینەوەی سوودە ـ لە نێوان نێرەر و بۆنێردراو ـ))[٤٤]، بەڵام دووەمیان کە زمانی ئەدەبە، ((لە بەهرەییەکەوە لەلای خاوەنەکەی سەرچاوە دەگرێ، ڕوو لە ویژدان دەکات، بۆ ئەوە دەکۆشێ، بگاتە هەستەکانی بۆنێردراوەکەی، گوێگر بێ، یان خوێنەر))[٤٥].. بۆ نمونە:

ـ یاقوتی ناو سەوزە گیا

کوردستان ڕەنگینتر دەکا... هێدی[٤٦]

لەم دێڕەدا کاری (ڕەنگینتر دەکا)دراوەتە پاڵ (یاقووتی ناو سەزە گیا)، لە ڕاستیشدا سەوزە گیای کوردستان هیچ یاقوتێکیان تێدا نییە، تا کوردستان بە هۆیانەوە ڕەنگینتر بێت، کەواتە ئەمە بۆ واتای لادراو بەکار هاتووە، واتە: (یاقووت) بۆ واتای لادراو هاتووە، نەك بۆ واتای دروست، بەڵام واتای دروست دڵۆپە شەونمەکانی ناو سەوزە گیایە، کە وەکو (یاقووت) وەهان لە ڕوونی و سپیەتیدا، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لە بنجدا ڕستەکە بەم شێوەیە بووە: (ئەو دڵۆپە شەونمانەی وەکو یاقوتن لە ناو سەوزە گیا، ئەوانن کوردستان جوانتر دەکەن).. لەم ڕستەیەدا:

ئەو دڵۆپە شەونمانە: لێیچووە

یاقووت: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

لە ڕوونی و سپیەتیدا: ڕووی لێکچوونە

بەڵام شاعیر لەم ڕستەیەدا لێیچوو و ئەوزار و ڕووی لێکچوونی لابردووە، واتە لادانێکی زۆری کردووە، ئەوەی هێشتوویەتییەوە، تەنیا (یاقووت)ە، کە (لەوچوو)ە، بەوەش شێوازێکی تازەی لە ئاخاوتن بەرهەمهێناوە، لە ڕەوانبێژیدا پێی دەگوترێت: (خواستنی ئاشکرا) و لە شێوازگەریشدا ناوی دەنێین (لادانی ئاشکرا).

٢ــ بەو شێوازە ناوازەنەیان کە بەرهەمدێنن، نووسین جوان و دڵگیر ئەکەن، ئەگەرچی ئەو شێوازانەی بەرهەمی دێنن، لە نێرەرێکەوە بۆ نێرەرێکی دی جیاوازن، چونکە ئەوە بەهرەییکی گرنگی ئەدەبییە، ((بەهرەی ئەدەبیش تواناییکی داهێنانکارییە، دەشێ بە هۆکانی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەو لەگەڵ ژیاندا گەشەبکات))[٤٧]، بۆ نمونە: ئەگەر باسی کەسێکی هەژار بکرێ، لە زمانی ڕاستەوخۆدا دەگوترێت: (فلان هەژارە)!! بەڵام ئەگەر ئەدیبێك ئەو شتە بڵێت، بە زمانی ئەدەبی و شێوازی ناسك دەڵێ:

ـ فلان دەستی کورتە!!

ـ مشك لە مالّەکەی کلّکی بە ئارد نابی!!

ـ بیسووتێنی بۆن سۆی لێ نایە!!

ـ مالّەکەی هیچی تیا نییە!!

ـ جا کوا؟ مالّەکەیان چی تیایە؟

ـ ماندی و مردییەو بە مرادیش ناگا؟!

ـ خێری پێ دەشێ!!

ئەمانەو چەندین ڕستەی تر، کە هەریەکەی لە ڕابردوودا دەشێ هی کەسێك بوو بێ، دواتر بووەتە ئیدیۆمێکی گشتی، هەموویان شێوازی ئەدەبی جوانن، ناسك و کاریگەرترن لە زمانە ڕاستەوخۆو شێوازە ئاساییەکە.

هەموو ئەوانەش شێوازی جوان و کاریگەری ڕەوانبێژین، بە هۆی ئەو بنەمایانە بەرهەم هاتوون، بوونەتە هۆی ((ڕاڤەکردنی دانایی قوڕس و سەنگین، بە نزیکترین دەربڕین)).[٤٨]

٣ـ هەر ئەو نموونانەی لە خالی پێشوودا خستمانە ڕوو، ئەوەش دەردەخەن، کە ئەم بنەمایانە، بیر فراوان دەکەن و زمان کورت، یان درێژ دەکەنەوە، بەڵام لە هەموو بارێکدا هەر شێوازی بەهێزی جیا لە ئاخاوتنی ئاسایی بەرهەم دێنن.

تەوەرەی پێنجەم: ئەو هۆکارانەی ئەو بنەمایانە لە کاری ئەدەبیدا دەچەسپێنن

١ـ ئەدەبیەت

پێویستە شێوازی کاری ئەدەبی لە ئاخاوتنی ئاسایی جیا بێ، پوختتر و ڕوونتر و فراوانتر و پرتر لە بەهاکانی جوانی بێ، چونکە دەبێ کاریگەری ئەوەی هەبێ، زەینی بۆنێردراو (خوێنەر بێ، یان بیسەر) بۆ خۆی ڕابکێشێ، واتە ئەدەبیەت و شیعرییەتێکی گەورە پێویستە لەنێو کاری ئەدەبیدا هەبێ، ئەگەریش ئەو شیعرییەت و ئەدەبیەتە جوان و بەهێزە، بە زۆری بە هۆی شێوازی تایبەتەوە بەرهەم بێ، بێگومان ئەوە وا دەکات، ئەو بنەمایانە گرنگیی زۆرتریان پێ بدرێ، بۆیە تەواوی تیۆرەکانی زمانی ئەدەبی و زمانی هێمایی و واتای شاراوەو کێش و سەرواو...هتد، هەموو ئەوانە گرنگی ئەو بنەمایانە زیاتر دەچەسپێنن.

٢ـ ئەزموونی نێرەر

ئەگەر ئەزموون چووە پێش، بێگومان زمان دەچێتە پێش و شتی جوانتر لە ئاسایی پێشکەش دەکرێت، ئەوەش چەسپاندنی ئەو بنەمایانە دەخوازێ.

٣ـ ئاستی خوێنەر

خوێنەر کە بەردەوام شتی پێشکەش دەکرێ، گەلێ شتی جیاو جوانتر لە ئاسایی دەکەوێتە بەر چاو، بۆیە ئاستی مەعریفیی بەرەوپێش دەچێت، ئەوەش وای لێ دەکات، هەمیشە چاوەڕوانی شێوازی بەهێزتر و سەرنج ڕاکێشتر و کاریگەرتر بێ، لە نووسەر.

٤ـ جۆری پەیام

ئەو پەیامەی پێشکەش دەکرێ، جۆراو جۆرە، بۆ نمونە: پەیام هەیە، پێویستی بە زمانی ڕاستەوخۆ هەیە، پەیامیش هەیە بە زمانی هێمایی نەبێ ناکرێ بنووسرێ، چونکە ئەو ژینگەیەی پەیامەکەی تیا پێشکەش دەکرێ، وەها لە پەیامەکە دەخوازێ، وەکو ئەوە بە پێی هەل و مەرجە سیاسییە لێکجیاکان، بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

جگە لەوەی پێشوو، پەیام هەیە سروشتەکەی وایە ڕوونتر بێ، پەیامیش هەیە وا دەخوازێ سەنگین بێ، بۆ نمونە: ئەگەر پەیامەکە وەسف بوو، ئەوا زمانی ناسك و ڕوون جوانترە، ئەگەریش پەیامەکە پەیامی بەرەنگاری و شەڕ بوو، ئەوا زمانی زبر و شێوازی توند و دەربڕینی ئازارهێن باشترە، چونکە ئەدەب جیایە لە فەلسەفەو لە واقیع، لە فەلەسەفەدا (فغنشتاین) دەڵێ: ((ئەوەی دەکرێ بە ڕەهایی بگوترێ، دەکرێ بە ڕوونی بگوترێ، بەڵام ئەوەی ناتوانین لەبارەیەوەی بدوێین، ئەوا هیچ چار نییە، دەبێ لێی بێدەنگ بین)).[٤٩]

بەڵام ئەدەب، بەوە واز ناهێنێ، شتێك ڕاستەوخۆ نەگوترێ، نەیڵێ، بەڵکو زمانی دووەمی بۆ دەبینێتەوەو دەیڵێت.

٥ـ جۆری فۆڕمی ئەدەبی

فۆڕمی ئەدەبی کە شیعر بە هەموو شێوەکانی و پەخشان بە هەموو شێوەکانی دەگرێتەوە، پێویستی ئەو بنەمایانە لە کاری ئەدەبیدا زیاتر دەچەسپێنێ، چونکە بۆ نمونە لە کاتێکدا شیعر کورتبڕی دەخوازێ، ڕۆمان درێژبڕی پێویستە، کەواتە شێواز دەبێ لە یەکەمەوە بۆ دووەم بگۆڕێ، ئەو شێوازە بە چی دەگۆڕێ؟ بێگومان بە چەندێتی سوودوەرگرتن لەو بنەمایانە.

٦ـ جۆری قوتابخانەی ئەدەبی

هەر قوتابخانەیێکی ئەدەبی فەلسەفەیێکی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆ ئەو شێوازەی بەرهەمەکانی تێیدا پێشکەش دەکات، بۆ نمونە: ئەگەر لە شێوازەکانی شیعری کلاسیك و شیعری ڕۆمانسی و شیعری

مۆدێرنەو... هتد، وردبینەوە، بە تەواوی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن هەریەکەو شێوازێکی تایبەتی خۆیانیان بۆ دەربڕین هەیە.

ئەنجام

١ـ ئەو بنەمایانەی شێواز بەرهەم دێنن، دوانن، بریتین لە: هەڵبژاردن و لادان.

٢ـ هەڵبژاردن بریتییە لە هەڵبژاردنی وشەییک، یان ڕستەییک، یان وێنەییک، یان شێوازێک، لە نێو چەندین هاوشێوەدا، بەو شێوەیەی نێرەر بە باشتر و جوانتری دەبینێ بۆ دەربڕین.

٣ـ لادان بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە یاساکانی زمان، بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی جوانتر و کاریگەرتر پێشکەش بکرێ.

٤ـ گرنگترین تایبەتیی ئەو بنەمایانە بریتین لەوەی: ئەمانە دەبنە دروستکەری پیشەسازی ئەدەب و دەربڕینی جوان و شێوازی کاریگەر بەرهەم دێنن، زمانی ئەدەب لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی جیا دەکەنەوە.

٥ـ هەموو لادانێك هەڵبژاردنە، بەڵام هەموو هەڵبژاردنێك لادان نییە.

٦ـ ئەو هۆکارانەی وا دەکەن ئەو دوو بنەمایە بۆ بەرهەمهێنانی شێوازی ئەدەبی پێویست بن، بریتین لە: ئەدەبیەت، ئەزموونی نێرەر، ئاستی خوێنەر، جۆری پەیام، جۆری ئەدەبی، جۆری ڕێبازی ئەدەبی.

پەراوێزەکان

١ـ البنية اللغوية في النص الشعري درس تطبيقي في ضوء علم الأسلوب، ص ٢,

٢ـ ئەم گوتەیە هی (پۆستن)ە، بڕوانە: فيلي ساندريس، نحو نظرية أسلوبية لسانية، ص ١٣٨.

٣ـ شێوازی شیعری جزیری، لا ٢٧,

٤ـ الأنزياح من منظور الدراسات الأسلوبية، ص ٧١,

٥ـ سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٦ـ شێواز و شێوازگەری، لا ٦١,

٧ـ دیوانی گۆران، لا ١٣٨,

٨ـ دیوانی خاڵۆ، لا ٢١٤,

٩ـ خانی خێڵان، لا ٥٤,

١٠ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی، لا ٢٤٦,

١١ـ علم المعاني، ص ٣٠٥... فن البلاغة، ص ١١٤.

١٢ـ البلاغة فنونها وأفنانها (علم المعاني)، ص ,١٧٣
١٣ـ شێواز و شێوازگەری، لا ,٦٣
١٤ـ ألأسلوبية وتحليل الخطاب، ص ,٤٥
١٥ـ سەرچاوەی پێشوو، لا ,٢١
١٦ـ اللسانيات (المجال والوظيفة والمنهج)، ص ,١٧٣
١٧ـ الأسلوبية وثلاثية الدوائر البلاغية، ص ١٥.. البحوث اللغوية والأدبية، ص ,٨١
١٨ـ الأنزياح في التراث النقدي والبلاغي، ص ٥.
١٩ـ الأسلوب والأسلوبية، ص ,١٢٩
٢٠ـ الأسلوبية (الرؤية والتطبيق)، ص ١٨٠.
٢١ـ سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.
٢٢ـ بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، لا ,١٥٩
٢٣ـ دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی، لا ,٤٤
٢٤ـ جواهر البلاغة، ص ,٣٦٨
٢٥ـ بڕوانە: المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، ص ٢٠٢.
٢٦ـ خزانة الأدب وغاية الأرب، ص ٣١٤.
٢٧ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی، لا ,٣٣
٢٨ـ دیوان و شەرحی خاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر، لا ,٢٤٦
٢٩ـ دیوانی نالی، ل ,٨٢
٣٠ـ دیوانی حەمدی، لا ,٣٨٣
٣١ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی، لا ,١٥٨
٣٢ـ کاروانی خەیاڵ، لا ٣٦٦.
٣٣ـ لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، لا ,٤٣
٣٤ـ دیوانی نالی، لا ,٤٣
٣٥ـ شێواز و شێوازگەری، لا ٦٣و,٦٤
٣٦ـ ملیۆنێك و هەشت سەد واژوو، لا ,١٩
٣٧ـ بۆ زیاتر بڕوانە: الطراز لأسرار البلاغة، ص ٦١ـ ٦٦.
٣٨ـ دیوانی عاجز، لا ,١٨
٣٩ـ دیوانی گۆران، لا ,١٣٨
٤٠ـ ڕازی تەنیایی، لا ٦٤.
٤١ـ بڕوانە: البديع في ضوء أساليب القرآن، ص ,٣٥
٤٢ـ دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی، لا ,٧٩

٤٣ـ دیوانی عاجز، لا ,١٩
٤٤ـ د. فتح الله أحمد سلیمان، دار الآفاق العربیة، القاهرة، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٨م، ص ,١٧
٤٥ـ سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.
٤٦ـ کاروانی خەیاڵ، لا ,١٧٣
٤٧ـ جمالیات الأسلوب، ص ,٣٨
٤٨ـ گوتەبێژکی محەمەدی کوڕی عەلییە (ڕەزای خوایان لێ بێ)، بڕوانە: کتاب الصناعتین، ص ٥٠.
٤٩ـ فلسفة اللغة عند لودفیغ فتغنشتاین، ص ٢٤٧.

سەرچاوەکان

یەکەم: نامەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی

١ـ ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠ زاینی.

دووەم: کتێب بە زمانی کوردی

٢ـ د. ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز و شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
٣ـ شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨ز.
٤ـ د. عبدالقادر حەامین محمد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

سێیەم: ئەو دیوانانەی نمونەیان لێ وەرگیراوە

٥ـ ئەحمەدی کۆر، دیوان و شەرحی خاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر، ئا: عەزیز موحەمەد پور، تاران، چاپخانەی پەیام، ١٣٧٨,
٦ـ ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، چاپی دووەم، ١٩٩٤
٧ـ سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی: مەسعود محەمەد، لە بلاوکراوەکانی ئەمیداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، هەولێر، ١٩٨٦,
٨ـ خالیدی حیسامی (هێدی)، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٧.
٩ـ عابد سیراجەدین نەقشبەندی، خانمی خێلان، ئا: ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ,٢٠٠٤
١٠ـ عەبدوڵڵا خدر مەولود، دیوانی حەمدی، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ,٢٠٠٨
١١ـ عەبدوڵڵا گۆران، دیوانی گۆران، چاپخانەی دالاهۆ، تاران، ,١٣٨٤
١٢مەهدی فاتیح عومەر، دیوانی خاڵۆ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ,٢٠٠٤
١٣ـ مارف خەزنەدار، دیوانی نالی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨ز.
١٤ـ شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ,٢٠٠٣
١٥ـ محەمەد سەید عەبدوڵڵا بەرزنجی، دیوانی عاجز، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ,١٩٨٦

١٦ـ موحسين شوانى، مليۆنێك و هەشت سەد واژوو، چاپخانەى نازە، هەولێر، ٢٠٠٤.

چوارەم: کتێب بە زمانی عەرەبی

١٧ـ ابي بكر بن علي بن عبدالله المعروف: بابن حجة الحموي، خزانة الأدب وغاية الأرب، دراسة: د. كوكب دياب، الطبعة الثانية، المجلد الثاني، دار صادر، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٥م.

١٨ـ أبي هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري، كتاب الصناعتين، تحقيق: علي محمد البجاوي و محمد أبوالفضل ابراهيم، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ١٤٢٧هـ، ٢٠٠٦م.

١٩ـ د. أحمد محمد ويس، الأنزياح من منظور الدراسات الأسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع (مجد)، بيروت، ١٤٢٦هـ، ٢٠٠٥م.

٢٠ ـ د. أحمد محمد ويس، الأنزياح في التراث النقدي والبلاغي، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢م.

٢١ـ السيد أحمد الهاشمي، جواهر البلاغة، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م.

٢٢ـ د. انعام فوال عكاوي، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الثانية (طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان، ١٤١٧هـ، ١٩٩٦م.

٢٣ـ د. بسيوني عبدالفتاح، فيود، علم المعاني، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، قاهرة ـ مصر، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م.

٢٤ ـ د. سمير شريف استيتية، اللسانيات (المجال والوظيفة والمنهج)، الطبعة الثانية، عالم الكتب الحديث، أربد ـ ألأردن، ١٤٢٩هـ، ٢٠٠٨م.

٢٥ـ جمال حمود، فلسفة اللغة عند لودفيغ فتغنشتاين، منشورات الأختلاف، الجزائر، ١٤٣٠هـ، ٢٠٠٩م.

٢٦ـ د. فتح الله أحمد سليمان، دار الآفاق العربية، القاهرة، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٨م.

٢٧ـ د. فايز الداية، جماليات الأسلوب، دار الفكر، دمشق ـ سوريا، الطبعة الثانية، ١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م.

٢٨ـ د. عبدالسلام المسدي، الأسلوب والأسلوبية، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت ـ لبنان، الطبعة الخامسة، ٢٠٠٦ افرنجي.

٢٩ـ د. عبدالفتاح لاشين، البديع في ضوء أساليب القرأن، دار التضامن للطباعة، القاهرة، ,١٩٧٩

٣٠ـ د. عبدالقادر حسين، فن البلاغة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة – مصر، ٢٠٠٦م.

٣١ـ د. عبدالقادر عبدالجليل، الأسلوبية وثلاثية الدوائر البلاغية، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ـ الأردن، ١٤٢٢هـ، ٢٠٠٢م.

٣٢ـ د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها (علم المعاني)، الطبعة السابعة، دار الفرقان، عمان ـ أردن، ١٤٢١هـ، ٢٠٠٠م.

٣٣ـ فيلي ساندريس، نحو نظرية أسلوبية لسانية، ترجمة: د. خالد محمود جمعة، دار الفكر، دمشق، ١٤٢٤هـ، ٢٠٠٣م.

٣٤ـ د. محمد الدسوقي، البنية اللغوية في النص الشعري درس تطبيقي في ضوء علم الأسلوب، دار العلم والأيمان للنشر والتوزيع، دسوق، كلية الآداب ـ جامعة طنطا.

٣٥ـ د. منذر عياشي، ألآسلوبية وتحليل الخطاب، دار الحبة، دمشق، ١٤٢٩هـ، ٢٠٠٩م.

٣٦. د. هادي نهر، البحوث اللغوية والأدبية، عالم الكتب الحديث، اربد ـ أردن، ,٢٠٠٩

٣٧ـ يحيى بن حمزة بن علي ابن ابراهيم العلوي اليمني، الطراز لأسرار البلاغة، تحقيق: د. عبدالحميد هنداوي، الجزء الأول، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت، ١٤٢٩هـ، ٢٠٠٨م.

٣٨ـ د. يوسف أبوالعدوس، الأسلوبية (الرؤية والتطبيق)، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان ـ الأردن، الطبعة الثانية، ١٤٣٠هـ، ٢٠١٠م.

الملخص العربي

كل مريء على وجه البسيطة، سواء كان مبدعا، أو أنسانا عاديا، يتكلم بأسلوب خاص به، فأيا كان أسلوبه، سواء كان مبدعا، أو مقلدا في أسلوبه، لا يهم هذا كثيرا، بل الذي يهم، هو أن هذه الحالة، تشكل ظاهرة أسلوبية كبيرة، تمسك بها الأنسان منذ القدم، وحتى الآن، إذ تمسك بها الشرقيّ و الغربيّ، فلم يتركه الفلاح البسيط، ولا الأديب الكبير، لذا جاء في بعض التعاريف: الأسلوب هو الإنسان نفسه، لا يتغير، ولا يتحول، ولا ينفى في الوجود.

ومن هنا تكمن قيمة هذا البحث المعنون بـ (الأصول المنتجة للأسلوب) دراسة أسلوبية، فهو من الموضوعات المهمة في مجال الدراسات الحديثة في الأدب العالمي بصورة عامة، والأدب الكُردي على وجه الخصوص.

فما هو الأسلوب؟ وما هي أصوله؟ وما أهمية تلك الأصول؟ ما الذي يؤكد ضرورة هذه الأصول في اللغة الأدبية؟ وما أوجه الخلاف بينهما؟ وقد شكلَ الجواب على هذه الأسئلة محاور تناولها هذا البحث، وقد توصّلت أخيراً إلى نتائج عدة، من أهمها:

١ـ الأصول المنتجة للأسلوب أثنان، هما: الأختيار و الأنزياح.

٢ـ الإختيار هو إختيار كلمة أو جملة أو صورة أو أسلوب من بين خيارات متعددة، يراه المرسل أنها أفضل من سواه للبيئة الّتي ترسل فيها رسالته.

٣ـ الإنزياح هو الإبتعاد عن قوانين اللغة، ليتكلم المرسل حسب ما تقتضيه ظروفه وحالته الأدبية والثقافية لينشيء لغة جديدة أكثر حيوية وأكثر تأثيراً في النفوس.

٤ـ من أهم خصائص تلك الأصول: أنهما يكمِّلان أحدهما الآخر، فهذان الأصلان ينتجان صناعة الكلام المتميز والأدب الرفيع، يفرّقان بين اللغة الشعرية واللغة العامية.

٥ـ أهمية تلك الأصول تكمن في: إنشاء أساليب متعددة، ومميزة عن اللغة العادية.

٦ـ الأسباب التي تثبت هذين الأصلين في نشأة الأساليب كثيرة، منها: الأدبية، تجربة المرسل، مستوى المرسل إليه، نوع الرسالة، النوع الأدبي، المدرسة الأدبية.

Abstract

Everyone on the face of the earth, whether he/she is a creative or an ordinary person, speaks in his/her own style, and it does not matter much whether he/she is creative or imitative in his style, but what matters is that this condition is considered a great stylistic phenomenon to which man has held on since ancient times. This includes eastern and western people, simple peasants and great writers, so according to some definitions ‘style’ is the man himself, and it does not change, nor turn, nor stop to exist. All this gives value to this research, which is entitled ‘Productive Principles of Style: a Stylistic Study. It is one of the important topics in the recent studies in the realm of literature in general, and the Kurdish literature in particular.

What is ‘style’? What are its principles? What is the importance of these principles? What underlines the need for such principles in the literary language? What are the differences between them? These all are issues that this research tackled, and eventually reached various findings including:

1. There are two productive principles of style: selection and shift.

2. ‘Selection’ means to choose a word, a phrase, an image or a style that the sender deems more suitable than others for the environment where the message is sent.

3 ‘Shift’ involves drifting away from the laws of language such that the sender would speak in accordance with his/her conditions, literary and cultural state in order to create a new and more dynamic language that has more effect on the human minds and souls.

4. The most important characteristic of these two principles is that they complete each other; and they produce distinctive speech and excellent literature, turning between poetic language and slang.

5. The importance of these principles lies in creating multiple styles that are different from ordinary language.

6. The reasons behind using these principles in producing various styles include: literary competence, experience of the sender, level of the addressee, message type, literary genre, and literary school.

نامۆیی له رۆمانی
(دوانامەی دێوەرەیەك)ی سەلاح عومەردا

م. ی. سەرکەوت سەعدی قادر
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

پ. ی. د. نوزاد وقاص سعید
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

پێشەکی

نامۆیی وەکو زاراوەیەك فرە مانا و فرە دەلالەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر چەمکێکی دەروونی و کۆمەلایەتییە، چونکە تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر نامۆیی کراون، لەهەردوو بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا بووە، لەوانەشە لەم لا و ئەولا لەڕوانگەی تردە باس لەم چەمکە کرابێت، بەڵام لەچەند دێڕێك زیاتر نەبووە.

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە نامۆیی لەڕۆمانی (دوانامەی دێوەرەیەك)ی (سەلاح عومەر) دا، کەتێیدا نامۆیی وەکو چەمکێکی فرە مانا و فرە لایەن خراوەتەڕوو، پاشان زاراوە و پێناسە و جۆرەکان و هۆکارەکان و کەسێتی نامۆ خراوەتەڕوو، وەکو کەرەسەیەکیش بۆ بەشی پراکتیکی سوود لەژانری ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی دوانامەیەکی (سەلاح عومەر)دا بەتایبەتی بینراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا تایبەتە بەنامۆیی لەڕۆمانی (دوانامەی دێوەرەیەك) ی سەلاح عومەر.

ئەو ڕێبازەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێڕەو کراوە، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاریی)ە، چونکە زیاتر لەگەڵ سروشتی کارەکەی ئێمەدا دەگونجی

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام دوو بەش لـەخۆ دەگرێت، بەشـەکانیش بـەم شـێوەیە خراونەتەڕوو:

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوە و پێناسە و جۆرەکان و هۆکارەکانی نامۆیی.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بـۆ جۆرەکـانی نـامۆیی لـە ڕۆمـانی (دوانامـەی دێوەرەیـەك) ی سـەلاح عومەردا.

لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکانو کورتـەی باسـەکە بـە هـەردوو زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم
زاراوەی نامۆیی

لێکۆڵینەوە لەسەر زاراوەی نـامۆیی کارێـکی هێنـدە ئاسـان نییـە، چـونکە ئـەم بابەتـە ئـەمڕۆ لایەنەکانی یەکجار فراوانە و لق و پۆپی زۆری تێکەوتوە. بەسـەرنج دان لـەم بابەتـە دەردەکـەوێت کـە ئەمڕۆ لەچوارچێوەیەکی فراوان لێی دەکۆڵدرێتەوە و بواری کارکردن تیایدا سنورێکی بلاۆ داگیردەکـات لـەبوارەکانی(فەلسـەفی و ئـایینی و سیاسـی و کۆمەلاێـەتی و دەروونـی و تەندروسـتی دەروونـی و پەروەردەیی). پسپۆڕان و شارەزایانیش هەریەکەیان هەوڵدەدەن لـەبواری پسـپۆڕییەکەی خۆیانـەوە لـەم دیاردەیە بکۆڵنەوە تا بگـەن بەئـەنجامێك، بـۆ نمونـە دەروونناسـەکان هەوڵـدەدەن لێکۆڵینـەوە لەسـەر کەسانی نامۆ بکەن و وردەکارانە بەرەو ناخیان شۆڕبنەوەو هۆکار و فاکتەرەکانی بزانن، تاوەکو بتوانن لەم ڕێگەیەوە بگەنە ڕاستیی بابەتەکەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەوەی مرۆڤی نامۆ لـەم دیاردەیـە ڕزگاری بێت کە بە دریژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەنالێنێ. کۆمەڵناسەکانیش هەوڵـدەدەن دەستنیشانی ئـەو خاڵانـە بکـەن کـەوایکردووە تـاك لەکۆمەڵگەکەیـدا گۆشـەگیر و دوورەپـەرێز بێـت، تابتوانن ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو بارودۆخـە بدۆزنـەوە و واقیعێکـی وا بخـوڵقێنن، کـە تـاك جـارێکی تـر ئینتیمای بۆ ئەو بویەرە هـەبێت و پـەیڕەوی یاسـا و ڕێسـاکانی بکـات و خـۆی بـە ئەنـدامێکی کـاراو بەئەمـەك لەقەلەم بدات...تاد.

بـەر لـەوەی نـامۆیی وەکـو مەسـەلەیەکی زانسـتی باسـی لێوەبکرێـت و لێـی بکۆڵدرێتـەوە، وەك دیاردەیەك هەستپێکردنی لەنێو کۆمەڵگـەدا زۆر کۆنـە، زۆر جـار لـە ئاکـار و ڕەفتـاری ئـەو کەسـانە دەردەکەوێت کە گۆشەنشینن، لەوانەیە گۆشەنشینیش نیشانەیەك بێت لەنیشانەکانی نامۆیی.

بەکۆمەڵایەتی بوونی ئـادەمیزاد دیاردەیـەکی مرۆڤایەتییـە نـەك غـەریزی، و بـەگوێرەی قۆناغـە مێژوویییەکان شێوازی ئەم بە کۆمەڵایەتی بوونـە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە. ئـادەمیزاد لـە بنچـینەدا سروشتی وایە کە بونەوەرێکی کۆمـەڵاتییە و هـەرتاکێك لەتـەك ئـەوانی تـر ژیـان دەگـوزەرێنێ و هـەر کۆمـەڵگەیەکیش زمانێك یان چەند زمانێکی تێدایە، کە تاکەکانی پێ ی دەدوێن، بەڵام کاتێـك مـرۆڤ دیاردەیـەکی ناشـیرین و دزێـو یـان نادادپەروەرییـەك لـەدامودەزگاکانی بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵگەکەیـدا دەبینێت توشی بێزاری دەبێت، ئەو بێزارییەش وای لێ دەکات باوەڕی بـەهیچ شـتێك نـەمێنێت، ئـیتر بەتێپەربونی کات کەسێکی ڕاڕا و بێ باوەڕ و گۆشەگیر و دورەپەرێز و بێ ئینتیمای لێ دەردەچێت.

نامۆبوون بارودۆخێکی نائاساییە تەنیا مرۆڤ توشی دەبێت جا لەهەر ڕەگەزێك بێت، واتە نێر بێـت یان مێ، گەورە بێت یان بچوك، لەهەر پلەو پاییـەك یـان لەهـەر چـینێکی کۆمـەڵگـەدا بێـت، یـاخود لەهەر کۆمـەڵگەیەك بێت.

سەرەڕای زۆری نووسین لەبارەی چـەمك و زاراوەی نامۆییـەوە، بـەڵام هێشـتا ئـەم چـەمکە لێڵـە و تەمومژاوییە و ڕون نییە، تەنانەت مەودای جیاوازی و دژیەکی ئەو نووسینانەی کەلەبارەی ئەم چەمکە نوسراوە گەیشتۆتە ڕادەیەك خوێنەر واهەست بکات، کە باس لـە چـەند چـەمکێکی جیـاواز دەکرێـت، ئەمـەش لـە ئـەنجامی ئەوەیـە کـە هەرکەسـەو بـەگوێرەی ئاسـتی تێگەیشـتنی خـوی ئـەم چـەمکەی بەکارهێناوە و لەبارەیەوە دواوە[1].

وەك وتمان زاراوەی نامۆیی چەند چەمکێکی جیاوازی هەیە، لەبوارەکانی(دەروونی و کۆمـەڵایەتی و ئابووری) بەڵام سەرجەمیان دەگەڕێنەوە بۆ چەمکە گشتییەکە ئەویش جیابونەوەی تاکە لە کۆمـەڵ، یان جیابونەوەی کۆمـەڵێك کەس لە کۆمـەڵێکی گەورەتر لەخۆی[2].

((فەرهەنگـە ئینگلیزییـەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـەوا زاراوەی نـامۆیی"Alienation" لەئاوەڵناوی"Alien"هاتووە، کەبە مانای نەناسراو یان بێگانە دێت، هەروەها واتای"سەرپێچیکار"، یـان"گۆڕاو"یش دەدات، بـەڵام کـاری"Alienate"بـە مانـای دوور دەکەوێتـەوە یـاخود هاوڕێیـەتی

[1] غياث الدين نقشبندى، نامۆيى، چ ٢، دەزگاى چاپ و بلاوكردنەوەى بەدرخان ـ سليمانى،٢٠٠٤، لا٤٣.

[2] سرور عبدالرحمن عبدالله، بناء الشخصيات في روايات غسان كنفاني(دراسة نقدية)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤، ص٢٨.

لەدەست دەدات دێت، ئەگەر بەشێوەی حەرفی وەریبگێڕین مانای دورکەوتنەوە یان دووری لە کۆمەڵگەدا دێت))[1].

((بنجی لاتینی وشەی نامۆیی بریتییە لە Alienatio، مانای ئەم وشەیەش لە فرمانی Alinare هاتووە، کە بە مانای گواستنەوەی شتێك دێت بۆ کەسێکی تر کە دەبێتە خاوەنی، یان بە مانای دامالێن و لابردن دێت، ئەم کارەش بۆخۆی لە کارێکی ترەوە وەرگیراوە، کە Alienusە، کەبەمانای ئینتیما بۆ کەسێکی تر یان خۆپێهەڵواسین دێت، کاری Alienusیش لەوشەی Alius وەرگیراوە جا ناو بێت یان ئاوەڵناو))[2]. هەروەها لەزمانی فەرەنسیشدا نامۆیی هەر Alienation ی بۆ بەکاردێت، کەئەویش لە وشە لاتینییەکە هاتووە کە Alienatio یە[3].

((نامۆبوون یا نامۆیی سەرەتا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لەزمانی ئەڵمانیدا"Entfremdung"ی بۆ بەکارهاتووە وەك "گریم"ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: مانای ئەم زاراوەیە نامۆبوون یان دەست بەسەراگرتن یان لێ سەندن دەگەیەنێت، ئەم زاراوەیە ڕێك بەرامبەر وشەی"Alienation"ی ئینگلیزی دەوەستێت. دیارە ئەو زاراوەیە تا ئێستاش لەلای ئەڵمانیەکان بۆ نامۆبوون بەکاردەهێنرێت هەروەها زاراوەی"Fremder"بۆ کەسی نامۆ بەکاردێت. لای هەندێ لە لێکۆڵەر و نووسەران هەردوو زاراوەی نامۆیی و نامۆبوون یەکەو مەبەست لەو حاڵەتەیە کە کەسی نامۆی تێ دەکەوێت، بەڵام لای هەندێکی تریان "نامۆیی"دووەو ولاتییەکە دەگرێتەوە و"نامۆبوون"یش نامۆبوونی نێو کۆمەڵگەیەو کەدەبێت بە نامۆیی خود. هەردوو زاراوە لە وشەی "نامۆ"وە هاتووە کە بەرامبەر وشەی "Fremd"ی ئەڵمانی دێت))[4].

(وشە ئەڵمانییەکە مانای گواستنەوەی مولکایەتی دێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نەك بە ڕێگای یاساییەوە، بەڵکو لەڕێگای دەست بەسەراگرتن و دزی کردندا، بەڵام گواستنەوەی مولکایەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وشەی "Verossenuag"ی پێ دەڵێن. نامۆبوون لە زمانی ئەڵمانیشدا

---

[1] د. عبدالقادر موسى المحمدى، الإغتراب في تراث صوفية الإسلام ـ دراسة المعاصرة ـ، بيت الحكمة ـ بغداد، ٢٠٠١، ص١٠.

[2] ريتشارد شاخت، الإغتراب، تر. كامل يوسف حسين، ط ١، المؤسسة العربية، ١٩٨٠، ص٦٣.

[3] د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چ١، چاپخانەی ژین ـ سلێمانی، ٢٠٠٣، لا ٧٤.

[4] شیرین سەعید محەمەد سەعید، نامۆیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١، لا٦.

بەمانای تێکچونی عەقڵی دێت، مانای تریشی بە ئەڵمانی بەنابەڵەدبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان دێت[1].

وشە لاتینییەکە Alienare و وشە هاوواتاکانی لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و عەرەبی کە لێوەی وەرگیراون، چەند واتایەکی جیاوازیان هەیە:

١ـ واتای زمانی: ((نامۆبوو واتە کۆچی کرد، یان ژن هێنان لەبێگانە))[2].

٢ـ واتای یاسایی: ((لەم بوارەدا وا دەبینین کە کاری لاتینی "Alienare" بەواتای گواستنەوەی مولکایەتی دێت بۆ کەسێکی تر، واتای ئەمەش ئەوەیە هەر شتێك مولکی من بێت ببێتە مولکی کەسێکی تر))[3].

٣ـ واتای کۆمەلاێەتی: ((واتە نەمانی پێوەندی لە نێوان تاك و ئەوانی تر دا))[4]. ((واتای کۆمەلاێەتی بۆ نامۆبوون لای هیگڵ، بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پەیمانی کۆمەلاێەتی بەتایبەتی بۆچونەکانی ڕۆسۆ، کە پێی وایە نامۆبوون جیابونەوەی خودە لە ناوەرۆکی کۆمەلاێەتی، ئەمەش وا دەکات تاك هەست بەبوونی خۆی نەکات و دەست لە مافەکانی خۆی هەڵبگرێت و کەسانی تر دەست بخەنە ناو مافەکانیەوە))[5].

٤. واتای دەروونی: وشەی Alienatio واتای حاڵەتی بێ هۆشی، هەروەها لەدەستدانی هێزی عەقڵی یان هەستەوەرەکان دەگەیێنێت، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت "ئەریك فرۆم"لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵگەی تەندروست) یشدا واتای کۆنی نامۆبوونی بەکارهێناوە بۆ کەسێك کە (شێت) بێت، فرۆم وادەبینێت کە هەردوو وشەی Alieneی فەرەنسی و Alienadoی ئیسپانی بۆ کەسێك بەکاردێت، کە

---

(١) د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و شیعری نوێخوازی کوردی، لا ٧٥.

(٢) د. سالم بیطار، إغتراب الإنسان وحریته ـ دراسة فلسفية ـ، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس ـ لبنان، ٢٠٠١، ص٤٥.

(٣) د. حسن محمد حسن حماد، الإغتراب عند إريك فروم، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ـ بيروت، ١٩٩٥، ص٣٨ـ٣٩.

(٤) ريمون بودون و فرانسوا بوريكو، المعجم النقدي في علم الإجتماع، تر. وجيه أسعد، ج١، الهيئة العامة السورية للكتاب ـ دمشق، ٢٠٠٧، ص٤١.

(٥) جواد محمد الشيخ خليل،الإغتراب وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة جامعة دمشق، أحد ٢٠٠٩/١٠/١١، http//www.jamma.cc/art86932html. الفلسطينية في محافظات غ الجامعات زة، ملتقى طلاب

بە تەواوی لە عەقلی خۆی نامۆ بێت، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ وشەی Alienistی ئینگلیزی بەکاردێت بۆ پزیشکێك کە چارەسەری نەخۆشیە عەقڵییەکان بکات[١].

٥. واتای دەروونی کۆمەڵایەتی(سایکۆ سۆسیۆلۆژی): ((واتە جیابونەوەی مرۆڤ لـەخودی خـۆی و سەرپێچی کردنی ئەو شتانەی کەلە کۆمەڵگەدا باون))[٢].

٦. واتای ئایینی: ((نەمانی پەیوندی نێوان تاك و یەزدانە))[٣].

((لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی نامۆیی Alienation تائێستا جێگیر نییـە و چـەندەها زاراوەی وەکو(غربە) یان (التغریب) یاخود (التغرب) یان (الإسـتلاب) یـان (الألینـة) یـاخود (الإنسـلاخ)ی بـۆ بەکاردێت))[٤]، بەڵام ئەوەی کەلە عـەرەبیدا زۆر بەکاردێ هەردوو زاراوەی (غربە، الإغـتراب)ە، ئەگـەر سەرنج بدەینە زۆربەی فەرهەنگە عـەرەبییەکان، ئەوا دەردەکەوێت ئەو زاراوە عـەرەبیانەی کەلەسـەرەوە باسمانکردن زیاتر سیمای شوێنییان هەیە، بۆ نموونە "خـەلیلی فەراهیـدی" لـە کتێبـی(العـین) و "إبـن فـارس" لـەکتێبی(مقـاییس اللغـە) و "إبـن منظـور" لـەکتێبی(لسـان العـرب) و "جەوهـەری" لەکتێبی(الصحاح) و "ئەزهەری"لەکتێبی(تهذیب اللغة)...تـاد پێیـان وایـە، کـە زاراوەکـانی (غربـە، غرب، تغریب، أغربتە، غربتە، تغـرب، الإغـتراب) واتـای (دووری لـە وڵات، دوورخسـتنەوە، دووری، وەلانان، ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات) دەگەیێنێت[٥].

((لەزمانی کوردی پەیڤی نامۆیی و نامۆبوون وەکو زاراوەیێکی داتاشراو بۆ فـۆرمی Alienation کە بەرامبەر بە پـەیڤی(الإغـتراب)ە بـە عـەرەبی وEntfremdung نـامۆیی و Entausserung بـە واتای تازیبون (الإنسلاخ) بە ئەڵمانی، پەیڤە کوردیەکە "نامۆیی"پێچەوانەی دەستەمۆیە، هەرکەسـێ بەرامبەر بە دەستەمۆکردن یاخی ببێت نادەسـتەمۆیە واتـە نـامۆ، هـەروەها دەکـرێ پـەیڤی هـاڤیبون لەجیاتی نامۆیی بەکاربێ چونکی هاڤی: واتە جێمانەوە ڤەمان: ماهین ژ ڕەڤیێ هاڤی بو، کەو ژ ڕەفێ

---

[١] د. حسن محمد حسن حماد، الإغتراب عند إريك فروم، ص٤٠.

[٢] شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي ـ دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، قسم الدراسات النفسية والاجتماعية، ٢٠٠١، ص٢٧.

[٣] ريمون بودون و فرانسوا بوريكو، تر. وجيه أسعد، المعجم النقدي في علم الإجتماع، ص٤١.

[٤] محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادي والإغتراب الاجتماعي وآثرها في سلوك الطلبة، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ١٩٩٨، ص١٢.

[٥] روضة بنت بلال بن عمر المولد، الاغتراب في حياة إبن دراج وشعره، رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، كلية اللغة العربية وآدابها، ٢٠٠٧، ص ١٢ـ١٣.

هاڤی بو، واتە جێمانەوە و گیرۆبونی یان تێکەڵ نەبونی لەگەڵ کۆمەڵەکەی. من هاڤیبونم پـێ ڕاسـتترە چونکی هاڤی واتای تێکەڵ نەبون و نـەگونجان دەگـەیێنێ، لەکاتێکـدا نـامۆ پێچـەوانەی کەویکردنـە و واتـای کیـوی دەدا، بـۆ فـۆرمی نـامۆیی مـەرج نیـە یاخیەکـە نـامۆ بێـت، دەکـرێ دەسـتەمۆیەکە نامۆبێت))[1]. فەر هەنگە کوردییەکانیش ئاماژەیان بەم زاراوەیە کردووە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆی کردووە. فەرهەنگی "هەنبانە بۆرینە"مانای بێگانەیی لەبەرامبەر وشەی نامۆیی داناوە[2]. فەرهەنگی "خاڵ"یش پـێ ی وایـە نـامۆیی حاڵـەتێکی دەروونییـە و واتـای بـێ خـەوی و بـێ کـەیفی دەگـەیێنێ کەلەڕانەهاتنی شوێنێك پەیدا دەبێ. لەهەمان فەرهەنگ بەرامبەر ئەو کەسەی کە توشی ئـەو حاڵەتـە دەبێت کە کەسە نامۆکەیە واتای غەریب دانراوە.[3] فەرهەنگی"کوردستان"یش بۆ وشەی نامۆ واتـای هۆگر نەگرتووی داناوە[4].

لەخوێندنـەوە و ڕاڤـەکردنی ئـەو نووسـینانەی پێشـەوە دەگەینـە ئـەنجامێك، کـە زاراوەی نـامۆیی لێکدانەوەی یەکجار زۆری بۆ کراوە، چـونکە ئـەم بابەتـە بابـەتێکی فـراوان و زینـدوی سـەردەمانەیە، کەقسە و خوێندنەوەی زۆر و جۆراوجۆر هەڵدەگرێت بەهۆی جیاوازی پسپۆڕیەتی ئەو کەسانەی کەلەمەڕ ئەم بابەتە دواون و نووسینیان لەبارەیەوە هەیە.

پێناسەی نامۆیی

بوونی پێناسەیەکی دیاریکراو ونەگۆڕ بۆ بابەتێکی فراوان و زیندووی وەکو نـامۆبوون، کـە هـەموو لایەنە جیاوازەکانی ئەم بابەتە لەخۆ بگرێت کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەم بابەتە ئەمرۆ بۆتـە مایـەی چاوتێبڕینی زۆرێك لـە شـارەزایان و بیرمەنـدان و بۆچـوونی جیاجیـاو تێڕوانینـی هەمـەجۆری ئاڕاسـتە دەکرێت و لەگۆشەنیگای جیاجیاوە لێی کۆڵدراوەتەوە، ئەمەش وایکردووە پێناسەکانیش جیاواز و فـرە لایـەن بـن، ناشـکرێت لـە واقیعـی حاڵـدا تێڕوانینێـك لـە چوارچـێوەی پێناسـەیەکدا بسـەپێنین و تێڕوانینەکانی تریش فەرامۆش بکرێن، بۆیە ناچـار بـۆ خسـتنەڕووی ڕاسـتی بابەتەکـە دەبـێ پـەنا بـۆ پێناسەی جیاواز ببرێت.

---

[1] غياث الدين نقشبندي، نامۆیی، لا٤٥.

[2] هەژار، فەرهەنگ هەنبانە بۆرینە(کوردی ـ فارسی) ـ تهران، ١٣٤٩، لا ٨٥٧.

[3] شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چ١، چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی، ٢٠٠٠، لا ٣٣١.

[4] گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٩٩، لا ٨٧١.

بـەهۆی پێشـکەوتنی شارسـتانیەت لـەکۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، لێکۆڵەرەوەکان گرنگییەکی زیاتریان دا بە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی نامۆبوون. لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایـە نـامۆبوون دیاردەیـەکی بـلاّوی نێـو کۆمەڵگـە جیاوازەکانـە، سـەردەمی ئێسـتا سـەردەمی دورکەوتنەوەی تاکە لە هەموو یاساو رێساو بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو کێشە و ململانێیەی کەتاك ڕۆژانە توشی دەبێت لە ئەنجامی خێرایی پیشکەوتنی بـەها ماددییـەکان و سسـتی لەبەرەوپێشەوەچـوونی بـەها مەعنەوییـەکان، سـەرەنجام دەگاتـە ئـەو ڕادەیـەی کـە تـاك هـیچ لایەنگیری و سۆزێکی بۆ کۆمەڵگەکەی نەبێت خۆی بە بێ لایەن لەئاست ئەو کێشانە ببینێت[1].

نامۆبوون وەك کێشەیەك کۆنە بەکۆنی مرۆڤایـەتی، کـە لەهـەموو چـاخ وسـەردەمێکدا هـەبووە و ڕووبەڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد بۆتەوە، ((یاخود دەتوانین بڵـێین نـامۆبوون بۆتـە دیاردەیـەکی مرۆڤایـەتی، کـە لەکۆمـەڵگای ئـەمڕۆی شارسـتانیدا ڕووی ڕۆشـنبیری وجموجـۆڵی وشـیاری و فیکـری ڕۆشنبیرانی گرتۆتەوە، جا چ لەڕووی کۆمەڵایەتی چ لە ڕووی ئەدەبی چ لەڕووی فەلسەفی بێت))[2].

نـامۆیی دیاردەیـەکی دەروونییـە و لەئـەنجامی کـارلێکردنی کۆمـەڵێك هۆکـاری کۆمەڵایەتییـەوە دروست دەبێت، لەوانە هەژاری و لێقەومان و کارەسـاتی دڵتـەزێن ونـەبوونی هێـز و پاڵپشـت وپـەناو، چارەسەرنەکردنی گرفتەکانی ژیان، بەشێوەیەك تـاك هەسـت بکـات پشـت گـوێ خـراوە و هـیچ بـەهاو نرخێکی لەژیاندا نییە[3]، بێگومان ئەم جۆرە نامۆییـە زیـاتر ولاّتـە هەژارنشـینەکان دەگرێتـەوە، کـە سەرچاوەیەکی وایان نییە بۆدابین کردنی بژێوی ژیانیان، لەوانە پشت بەستن بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و نەبوونی سامانە سروشتییەکانی وەکو نەوت، هەروەها ئـەو ولاّتانـەی کـە پێگـەی جوگرافییـان لەسـەر هێڵەکانی بومەلەرزەیە، یان بوونی چیای گڕکانی لەخاکی ئەم ولاّتانە، کەئەمانە فاکتەرن بـۆ ڕووداونـی ڕووداوە سروشتییەکان بە بەردەوامی.

((نـامۆیی ونکردنـی ناسـنامەی خـودە بەرامبـەر بـە بابـەت، یـان هاوکـات پێکـەوە ژیـانی دوو ناسنامەی جیاوازە لەیەك ڕووبەردا بێ ئـەوەی ئـەم جیاوازییـە یاسـایەکی دیـالێتیکی بـەخۆوە بگـرێ.

---

[1] الإغـتراب النفسـي وعلاقتـه بالصـحة النفسـية لـدى طلبـة الجامعـات الفلسـطينية في محافظـات غـزة، الأربعـاء، ٢٠٠٩/٩/٣٠، http://www.tarbya.net/Articles/ViewSection.aspx/?Secld=337&Artld=6126

[2] هەڵگورد بەرزنجی، نامۆیی نەتەوەیی، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨، لا٢٨.

[3] کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونـی وکۆمەڵایـەتی، چـاپخانەی زانکـۆی سـەلاحەددین ـ هەولێر، ئابی١٩٩٩، لا٥٤.

هەردووکیشیان لەلایەن ناکۆکیەکان و جەمسەری هێزەکانی بابەتەوە فڕێ دەدرێنە نـاو خـود))[1]. ئـەم پێناسەیە فیکرەی مارکسە بۆنامۆبوون، مەبەستیشی دوورکەوتنەوەی خودی کرێکارە لەو کالاێەی کـە خـۆی بەرهـەمی هێنـاوە. ((نـامۆیی ئـەو هەسـتەیە کـە لەلاتـەوە دروسـت دەبێـت، بـەوەی کـەجیای لەکۆمەڵگە یان لەکۆمەڵـە کەسـێك))[2]، واتـە نـەگونجانی تاکـە لـەپای هـەموو یـان زۆربـەی پێـوەرە کۆمەلاێەتییەکان.((نامۆیی واتە هەستکردنە بەتەنیایی و دووری و نـەبوونی پێوەنـدی خۆشەویسـتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی تـر و پچـڕانی ئـەو پەیوەندییانـە))[3]، واتـە پەیوەندییـە کۆمەلاێەتییـەکان لەخۆشەویستی و یەکترویستنەوە دەگۆڕێت بۆ نەمان و بێ هێزبوون و کاڵبوونـەوەی ئـەو پەیوەندییانـە، هەروەها نامۆیی ئەو حاڵەتەیە کەتیایدا مرۆڤ ناگونجێت لەگەڵ واقیع ودەوروبەری کۆمەلاێەتی خۆیـدا، واقیعی کۆمەلاێەتیش کەبریتییە لەکۆی پەیوەندییە کۆمەلاێەتییـەکان وبـەها کۆمەلاێەتییـەکان، لـەم حاڵەتەدا وەکو تەگەرە و کۆسپێك دێنە پێش تاکەکەس لەکۆمەڵگە دا.

((نامۆگەرایی* (Alienation) بریتییە لـەدۆخێکی سـایکۆ کۆمەلاێـەتی کـە لـەکات و شـوێنی نادیاردا دوچاری مروۆ دەبـێ و بـەهۆی ئـەوەوە هەسـت بـەنامۆیی و دووری و ئـاوارەیی دەکـا))[4]. " معجم علم الإجتماع" یش هەمان رای هەیە سەبارەت بەنامۆبوون و پێ ی وایـە ((حاڵـەتێکی سـایکۆ کۆمەلاێەتییە، کە بەشێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵی مرۆڤ دەکات و وای لێدەکات هەندێك لایـەنی واقیعـە کۆمەلاێەتییەکەی لەلا نامۆ بێت))[5]. بەم پێیە بێت نامۆیی دیاردەیەکە هـەردوو لایـەنی دەروونـی و کۆمەلاێەتی ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن.

زۆرجار نـامۆیی دوورکەوتنـەوەی تاکـە لـەخودی خـۆی، هەنـدێك جـاریش نـامۆیی پچـڕانی تاکـە لەکۆمەڵگەکـەی بەگشـتی و ڕەتکردنـەوەی هـەموو پێوەرەکـانی کۆمەڵگەیـە، بـەڵام هەنـدێك جـار

---

[1] ئازاد صبحي، ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕو کێشەی نامۆبوون، گ.نۆژەن، ژ(٢)، تشرینی یەکەم، ١٩٩٢، لا١٢٧.

[2] Longman Group Ltd, Longman Dictionary of Contemporary English, New Edition, 2002, p. 31.

[3] كمال الدسوقي، ذخيرة علم النفس، م ١، الدار الدولية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٨٨، ص٧٧.

* لەفەرهـەنگی Oxford(کـوردی ـ ئینگلیـزی) و فەرهـەنگی المـورد بەرامبـەر بـە وشـەکانی گۆشـەگیری و دابـڕان و دوورخستنەوە و گواستنەوە وشەی Alienation دانراوە.

[4] ئاری ئاغۆك، بزاڤی تەغریبی٢، چاپخانەی میدیا، کوردستان ـ هەولێر، ٢٠٠٣، لا١٦.

[5] ميشيل دنكن، تر: د. إحسان محمد حسين، معجم علم الإجتماع، مطبعة دار الحرية ـ بغداد،١٩٨١، ص٢٠.

نامۆییەکە فراوانتر و قوڵتر دەبێتەوە بە دوورکەوتنەوەی تـاك لـەخودی خـۆی و ژینگـەی دەوروبـەری و کۆمەڵگەکەی بەگشتی.

نامۆبوون خۆی دەرهاویشتەی ئەو حاڵەتە نێگەتیڤانەی کۆمەڵگەیە، کە تاك ناتوانێـت لەگەڵیانـدا هەڵبکات و ڕەتیـان دەکاتـەوە، زۆرجـار مرۆڤـە نامۆکـە توانـای گـۆڕینی ئـەو واقیعـە کۆمەڵایەتییـە نەگونجاوەی نییەو ناتوانێت گۆڕانکاری بەسەریدا بهێنێت، ناچار جارێ جیهانێکی تر دەدات، کە تـەنیا خۆی بەرێوبەر و هەڵسوڕێنەری ئەو جیهانەیـە، زۆرجـار لـەم ئاسـتەش قـوڵتر دەبێتـەوە و دەگاتـە ئـەو ڕادەیەی کەتاك نەك هەر نامۆ بێت، بەڵکو دژەکرداریشی هەبێت و تونـدڕەوانە ڕەفتار بکـات، ئەمـەش ئەوە دەسەلمێنێ، کەتوندڕەوی و تووندوتیژی دەرهاویشتەی نامۆبوونەو قۆناغێك دوای ئـەوە*، هـەروەکو لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

وێنەی (١)

نیشاندانی بارودۆخی تاك لەئاساییەوە بۆ تووندڕەوی

بۆ سەلماندنی ئەو نووسین و وێنەیەی سەرەوە دەتوانین پشت بەپێناسەیەکی"کینستۆن" ببەستین، کە سـەبارەت بـەنامۆیی گوتویـەتی: ڕەتکردنـەوەی بـەها باوەکـانی کۆمەڵگەیـەو پاشەکشـەکردن لێـی و تووندڕەوی کردن و یاخی بوون بەرامبەریان(١).

هیچ تاکێك نییە لەکۆمەڵگە کۆمـەلێك حـەزوئارەزووی نـەبێت و بـەهیوای ئـەوە نـەبێت کـە ئـەو ئارەزووانەی بۆ بێتەدی جا ئـەو حەزانـەش هەمـە لایـەنن، بۆنمونـە حـەزکردن لـەوەرگیرانی لەبەشـێك لەکۆلێژ کەبەدڵی خۆی بێت، یان حەزکردن لەپۆشینی جلێکی دیاریکراو، یاخود حـەزکردن لـەفێربوونی ئامێرێکی مۆسـیقا، یـا بـوون بـە گۆرانیبێـژ...تـاد، بـەڵام کاتێـك سـەیر دەکـات کەبـەدیهاتنی ئـەو

* بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە پەیوەندی نێوان نامۆبوون وتووندڕەوی بڕوانە: مظاهر التمـرد الإجتمـاعي لـدى الشـباب، میدیا إبراهیم فتاح، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠٨، ص٨٣ ـ ٨٩

(1) Kinston, Youth and Dissent,The Rise of A new Position, New York Harcourt Brace Inc, 1971, P.173.

ئارەزووانە لە واقیعی حاڵدا بوونیان مەحاڵە ئەوا تاك توشی بێزاری و گۆشەگیری و بێ ئومێدی دەبێت و وای لێدێت هیچ شتێك لای ئەو مانای نەبێت و نامۆببێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ((نامۆیی خەفەکردن و کـپ کردنـی شـارەزاییەکانی کەسـە، کـەوادەکات لەبوونـە راسـتەقینەکەی خـۆی نامۆببێـت، ئـەم نامۆییەش زیاد دەکات بە زیادبوونی خەفەکردنەکەو لەم ڕێگایەشەوە وادەکات دەروونی کەسەکە باوەڕ بەوە بکات کە کەسێکی تـرە))[1]. "هۆڕنێ"ش پێی وایە کاتێـك تـاك ناچـار دەکرێـت دەسـت لەحـەزو ئارەزوو وبیروباوەڕەکانی خۆی هەڵبگرێت، ئەوا توشی نامۆیی دەبێت[2].

((نامۆیی بریتییە لەوەی کـە مـرۆڤ لەژینگەیەکـەوە هەڵکـەنرێ بـۆ ژینگەیـەکی تـر، بـە جۆرێـك سەرەڕای ئەوەش پەیوەندییێکی ڕۆحی لـەناخی ئـەو خـودەدا لـە((ئـەوێ)) لـەلای سـەبارەت بـە زێـد و ئـازیزانی بێـت))[3]. لـەم پێناسـەیەدا ئـەوەمان لا گەلاڵـە دەبێـت کەشـوێن ڕۆڵـی سـەرەکی هەیـە لەدروستبوونی نامۆیی لای تاك بەتایبەتی لەکۆچ پێکردنی بەزۆرەملێ لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تـر، بەڵام پێناسەی واش لەبارەی نامۆبوونەوە بەرچاو دەکەوێت کە شوێن هیچ ڕۆڵێك یان ڕۆڵێکـی ئـەوتۆی نییە لە دروستبوونی نامۆییدا، هەروەکو ئەو پێناسەیەی کەدەڵێت:((نامۆگەرایی شتێکە پەیوەندی بـە جوگرافیاوە نییە، بەڵکو حاڵەتێکی سایکۆلۆژی یەو پەیوەندی بە دەروونی لەبارو نالەبارەوە هەیە، کـە دەڵێم پەیوەندی بە جوگرافیاوە نی یە، واتە مرۆڤ ئەگەر دووڕە مەفتەن بێت یان لە مەفتەنی خۆی بێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نی یە، چونکە جاری وا هەیە مرۆڤ لە ولاتی خۆی لەشارەکەی خۆی لەگوندەکەی خۆی لەنێو مالێ وخێزانی خۆی هەست بەغەریبی ونامۆیی دەکات، ئەویش لەبەرئەوەیە بـارو زروفێکـی وای بۆ دەخولقێ، یان تووشی حاڵەتێکی دەروونی نالەبار دەبێت و لەوپەڕی غوربـەتی دا دەژی. جـاری واش هەیە مرۆڤ لە دووڕە ولاتیشدا هەست بەغوربەت ناکات، چـونکە لـە حاڵـەتێکی دەروونـی باشـدا دەژی))[4].

---

[1] د. يوسف حمه صالح، الإغتراب النفسي وعلاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد(دراسة ميدانية في مدينة اربيل)، بحوث معاصرة في علم النفس، دار دجلة ـ عمان، ٢٠٠٨، ص ١٠٦.

[2] شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٢١.

[3] سەکەوت پێنجوێنی، تاسەی غوربەت لەشیعری نوێ ی کوردی تاراوگەدا، گ(ڕامان)، ژ٤٨، ٢٠٠٠، لا٥١.

[4] ئاری ئاغۆك، بزاڤی تەغریبی، چاپخانەی میدیا، کوردستان ـ هەولێر، ٢٠٠٢، لا١٨.

مرۆڤ کە بەتەنیا دەبێت دەکەوێتە بیرکردنەوە، ئیتر ئەم بیرکردنەوەیە زۆرجار دەگاتە ڕادەیـەك، کـە پرسیار لەمەڕ هەموو کون وکەلەبەرێکی گەردوون لەخۆی بکات، بـەڵام کـە وەڵامێکـی بـاوەڕپێکراوی دەربارەیـان دەسـت ناکـەوێت، هـەنێکجار تووشـی بێـزاری ونـامۆیی دەبێـت، کەواتـە ئـەوەی لێـرەدا یارمەتیـدەر بـوو بـۆ ئـەم بیرکردنـەوە قوڵـە تەنیاییەکـە بـوو. فەرهـەنگی"کامبریج"یش بـەم شـێوەیە پێناسـەی نـامۆیی دەکـات ((ئـەو هەسـتەیە کـە لـەلات دروسـت دەبێـت، کاتێـك هـیچ کەسـێکت لا نەبێت))[1].

ئەگەر لەسۆنگەی ئابوورییەوە بڕوانینە بابەتی نامۆبوون، دەردەکـەوێت، کـە لـەبارترین سیسـتەمی ئابووری بۆ دروستبوونی نامۆیی سیستەمی سەرمایەدارییە، چونکە بە پێی ئەم سیستەمە تەنیا چینی بۆرجوازی سوودمەند دەبێت، لەکاتێکدا هەموو ئەرك وماندوبوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم سوود وقازانجە دەکەوێتە ئەستۆی چینی کرێکار(پرۆلیتاریا)، بۆیە دەتوانین پێناسەی نامۆبوون بکەین کە((بریتییە لـە ژێردەستبوونی مرۆڤ لەلایەن هێزێکی نامرۆییەوە، کـەکرێکار دەگۆڕێـت بـۆ ئـامێر بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجە تاکانەییەکانی خۆی))[2].

ئەگەر لەڕووی تەندروستیشەوە بڕوانینە بابەتی نامۆبوون، ئـەوا دەردەکـەوێت کـە ئەگـەر کەسـێك لەڕووی عەقڵییەوە ناتەواوبێت پێی دەڵێن نامۆیە، کەواتە دەتوانین لەم لایەنەشەوە پێناسەی نـامۆبوون بکەین بەوەی، کە جۆرێکە لەتیکچونی عەقڵی، کە هەموو هەڵوێستەکان بەشێوەیەکی هەڵەو نادروست دەناسێتەوە، سەرەنجام کەسـێکی نـامۆ غـەریبی لـێ دەردەچـێت[3]. دەتـوانین نەخۆشـیە عـەقڵییـەکان بەلوتکەی نامۆیی دابنێین، ئەوکەسەی کەئەمجۆرە نەخۆشـیەی هـەبێت لەدنیایـەکی تایبـەت دا دەژیـت وناتوانێت هەست بەبوونی خۆی بکات[4]. نامۆییش لە پزیشکی دەروونی دا واتە نـامۆبوونی عـەقڵی، کە هاوواتای شێتییە[5].

---

(1) s Dictionary, 3rd Edition, Cambridge University Press, 2008,'Cambridge Advanced Learner

(٢) مەنۆ چیهر موحسنی، و. کۆمەڵێك نووسەر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، دەزگاو چاپی بلاۆکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، لا ٣٧٢.

(٣) شريف مهني عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدي طلاب الثانوي العام والفني والصناعي، ص٢١.

(٤) م. س، ص٢١.

(٥) ن. م. س، ص٢٢.

ناموٚیی دیاردەییکە لەهەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بەلاّم لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەهۆی جیاوازیان لەپیشە وئاستی خوێندن وتەو پالّپەستۆ دەروونی وکۆمەلاّیەتی وئابورییانەی کـەتاك تیایدا دەژیت، هەروەها دەوەستێتە سەر پێکهاتەی بایۆلۆژی ودەروونی وتەندروستی دەروونی تاك[1].

لەکۆتایی دا دەتوانین بلّێین نـاموٚیی دیاردەییکـە بـەواتای دوورکەوتنـەوە وجیابوونـەوە ونـەگونجانی مرۆڤ لەکۆمەلّ وژینگەی دەوروبەری وکۆمەلّگە دێت، هەروەها بەمانای تێکچونی عـەقلّیش دێت.

جۆرەکانی نـاموٚیی

لەئەنجامی قورس بوون وئالّۆزبوونی ژیان وفراوان بوونی عـەقلّی مرۆڤ وپێشکەوتنی ڕەوتـی زانسـت وتەکنۆلۆژیا و زیادبوونی داواکارییەکانی مرۆڤ بۆ پێویستییەکانی، هەروەها خۆخەریك کردنی مرۆڤ بە بەها ماددییەکان و دوورکەوتنەوە و پشتگوێ خستنی بەها مەعنەوییـەکان، کـەخۆی لـەداب ونـەریت ورەوشت وپەیوەندییە کۆمـەلاّیەتییەکان..تاد دەبینێتەوە، ئەمـە وایکردووە مرۆڤ لەبۆتەی ئاسایی خـۆی دەربچێت و توشی جۆرێك لەجۆرەکانی نامۆیی ببێت. ئەمـەش زیـاتر لەکۆمەلّگـەی سـەرمایەداری دا بەرچاودەکەوێت.

لەکۆمەلّگەی سەرمایەداریدا مرۆڤ ناتوانێت سەروەری وگەورەیی و پیرۆزی خۆی بپارێزێت، بـەلّکو بەپێچەوانەوە دەبێتە نۆکەری ئەو شتە دروستکراوانەی کەلە ئەفراندن وداهێنانی خۆیـەتی، زۆرجـاریش دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کەپشت لەزۆربەی داب ونـەریت و ڕەوشـتی ڕەسـەنی خـۆی وکۆمەلّکـەی بکـات ودوای هەنـدێك لـەدیاردەی بـێ بـەها بکـەوێت، بەمـەش زیـانێکی زۆر بـەخودی خـۆی وەکـو تـاك وکۆمەلّگەکەی دەگەیێنێت و مرۆڤ بەرەو کەنارەکانی نامۆیی دەبات.

((لەڕاستیدا سەرجەم تاکەکانی کۆمەلّ تووشـی نـامۆیی دەبـن، بـەلاّم تۆیـژی لاوان و هـەرزەکاران لەهەموو تۆژەکانی تر زیاتر تووشی نامۆیی دەبن، لەبەرئەوەی زۆر هەستیارن بۆ ئـەوجۆرە بارودۆخـەو خاسـیەت و گۆڕانکارییەکەشـیان یارمـەتی دەرە بۆئـەوەی لەهـەموو کـەس زیـاتر تووشـی نـامۆیی وغووربەت بن و زۆر دیاردەی ترسناك ودزێو لەناویاندا گەشە بکات و هەندێك جـار بـەرەو سـەرەڕۆیی وهەلّدێران ببات))[2]. کەواتە دەتوانین بلّێین نامۆبوون گرفتێکی گەورەیە، کە لەرابردوو، وئێستا وبگرە لەداهاتووشدا بەرۆکی هەرزەکاران ولاوانی گرتووە ودەگرێت.

---

[1] د. أحمد محمد الزعبي، علم نفس النمو(الطفولة والمراهقة)، ؟، دار زهرا، عمان ـ الآردن، ٢٠٠٢، ص٤٣٦.

[2] کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی وگرفتی دەروونی وکۆمەلاّیەتی، لا ٤٥.

هەروەکو پێشتر ڕونمانکردەوە کە چەمکی نامۆیی چەمکێکی فراوانەو دەلالەتی زۆر هەڵدەگرێت، هـەروەها ئـەوەشمان ڕونکـردەوە، کـە پێناسـەکانیش زۆرن وتەنانـەت بەچـەند ئاقـارێکی جیاوازیشـدا ڕۆیشـتوون بـەهۆی جیـاوازی لەپسـپۆڕیەتی ئـەو کەسـانەی کەلەمـەڕ نـامۆیی دواون، هـەر ئەمەشـە وایکردووە، کە جۆر و بوارەکانی نامۆییش فـراوان بـن. لەڕاسـتیدا ناتوانرێـت سـنورێك بـۆ جۆرەکـانی نامۆیی دابنرێت، چونکە مرۆڤ بە بەردەوامی و ڕۆژانـە نـامۆ دەبێـت بەرامبـەر شـتی تـازە، دەتـوانین دەستنیشانی چەند جۆرێکی نامۆیی بکەین لەوانە:

١. نامۆیی خودی
٢. نامۆیی کۆمەڵایەتی
٣. نامۆیی ئابووری
٤. نامۆیی ڕۆشنبیری
٥. نامۆیی تەکنۆلۆژی
٦. نامۆیی ئایینی
٧. نامۆیی سۆفیگەری
٨. نامۆیی سێکسی
٩. نامۆیی جوگرافی
١٠. نامۆیی فیکری
١١. نامۆیی سۆزداری

هۆکارەکانی نامۆیی

لەگەڵ لەدایك بوون و چاو هەڵهێنانی هەر تاکێك بۆ ژیان، واتای بە ئەندام بوونی ئەو تاکەیـە لـەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا لەدایك بووە، چونکە مرۆڤ دوای لەدایك بوون و گەیشتن بـە ئاسـتی هۆشـیاری دەبێتە کەسێکی کارا لە کۆمەڵگەکەی جا مەرج نییە ئەو کەسە لە ڕووی ئاستی کۆمەڵایەتییەوە لە چ پلەو پایەیێك بێت.

هەر تـاکێکی کۆمەڵگـە دەتوانێـت کارێـك بکـات کـە لەگـەڵ توانـا و حـەزو ئارەزووەکـانی خـۆی بگونجێت و پسپۆڕبێت تیایدا، جا ئەو کارە لەڕێگەی ئارەزووەکانییـەوە پێـی گەیشـتبێت یـانیش دوای کۆششێکی زۆر لە کاروانی خەباتی زانست بەدەستی هێنابێت،((دیاردەی ئەندامیـەتی لەکۆمەڵگـەدا، دیاردەیەکی خواستراوە، غـەریزی نییە، ژینگە و کەسانی دەوروبەر ئەو هەستە لەناخی مرۆڤدا دروسـت

دەکەن، بۆیە ئەگەر منداڵێك لەناو دارستان لەگەڵ کۆمەڵە گیانلەبەرێکدا گەورە ببێ، ڕەفتـاری ئـەوان فێر دەبێ، بـەڵام ئەگـەر لـەناو خێزانێکـدا لـەدایك ببـێ، هەسـتی مرۆڤایـەتی و حـەزی هاوڕێیـەتی و دۆستایەتی لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا دەکات)) [1].

بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین و دان بەڕاستییەکدا دابنێین، کەسەرەتا و دەسـتپێکی هـەر نامۆبوونێك مرۆڤەکە خۆیەتی، ئەویش دوای ئەوەی درك بە نەگونجان دەکات لەگەڵ دەوروبەر و واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی، بۆیە بەناچاری خۆی دەداتە دەستی نامۆبوون.

هۆکاری نامۆبوون بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە ڕەوتـی گـۆڕان دا دەنـوێنێ، گـۆڕان و پێشـکەوتنی کۆمەڵگەو ئەندامان بەردەوام مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی نامۆبوون، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەنگـە بتـوانین بڵـێین کە هەموو کەسێك ڕۆژێك لەڕۆژان و بۆماوەیەکی کورت یان درێژ تووشی حاڵەتی نـامۆبوون بـووە یـان دەبێ، بۆیە ئەم جۆرە نامۆبوونە ئاساییە و بەڕێگەی توانا و بەهرەی خۆگونجاندنی مرۆڤ یـان بەملکـەچ بوونی چارەسەر دەبێ، بەڵام بەدەر لە ملکەچ بوون یان بەردەوام بوون لەتێنەگەیشتن لەبنەما و واقیعـی کۆمەڵایەتی، حاڵەتی نامۆبوون دەگەییێنێت بـە ئاسـتی قـەیرانی دەروونـی و کۆمەڵایـەتی و ئـەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە[2].

نـامۆبوون دیـاردەیێکی دەروونـی و کۆمەڵایەتییـە، لەباوانـەوە ناگوازرێتـەوە بـۆ نـەوەکان واتـە بۆماوەیی نییە، بەڵکو کێشەیێکە تووشی تاك دەبێت و تاکەکە خۆی و ژینگەی دەوروبەریشی هۆکارن بۆ دروست بوونی ئەم کێشەیە، کەواتە بۆ زانینی هۆکارەکانی نامۆبوون دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ خـودی تاکەکە خـۆی و بـارودۆخی دەوروبـەری.((هۆکارەکـانی نـامۆبوون هەمـە جـۆر و فـرە لایـەنن، بـەهۆی چەندایەتی ئەو پسپۆڕییانەی کە لەبارەی بابەتی نـامۆبوون دواون لەوانـە هۆکـاری(ئـابووری، سیاسـی، ئایینی، ڕۆشنبیریی، زانستی...تاد))) [3]. دەتوانین گرنگترین هۆکارەکانی نامۆبوون لەچـەند خاڵێکـدا بخەینە ڕوو:

١. ونبوونی بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکان لە ژیانی هەرزەکاران و لاواندا.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. نەجم خالید نەجمەدین، کۆلێژی زمان، بەشی کـوردی، ٢٠١٠/٩/١٤، سێشـەمە، سـەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆ.

[2] چـاوپێکەوتن لەگـەڵ د. ڕەشـاد مـیران، کۆمـەڵناس، کۆلێـژی پـەروەردەی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، پێـنج شـەمە، ٢٠٠٥/١٢/٢٩، سەعات ١٠ی پێش نیوەڕۆ.

[3] مریم نجمة، الإغتراب عن الوطن و تأثیراته الروحیة والفکریة، الثلاثاء، ٢٠٠٩/١٠/٦،
http://alawset.net/www/kovar%202/kovar%202%20-%2010.html

٢. بـوونی بۆشـاییٚك لـەنێوان رۆژشـنبیری هـەرزەکاران ولاوان، لەگـەڵ رۆژشـنبیریی گـەورەکانی دەوروبەریاندا.

٣. داڕشتنی شێوازی ژیـانی هـەرزەکاران ولاوان لەلایـەن کەسـانی تـرەوە، واتـە تـاك چـارەنوس و ئایندەی خـۆی بـە دەسـتی خـۆی دیـاری نـەکات، بـەڵکو لەسـەر ئـەو پرۆگرامـە بـڕوات کـە لەلایـەن گەورەکانەوە بۆی دانراوە.

٤. نەبوونی هیچ ئامانجێك لای تاك، کەبیکاتە خاڵی بەردەوامی لەژیاندا[١].

٥. شەڕوشۆڕی بەردەوام و ڕاپەڕین و کوشتن وبڕین بەهۆی نالەباریی بـارودۆخی کۆمەڵگـە لـەڕووی سیاسـییەوە. ئـەو کۆمەڵگەیانـەی کـە حیزبێـك بـەهێزی تـرس و تۆقانـدن و سـەرکوتکردن دەسـەلاتی گرتۆتەدەست و هەموو بیروباوەڕێکی تر ڕەتدەکاتەوە، لەبارترین ژینگەیە بۆ چاندنی تۆوی ناموٚیی[٢].

٦. تێنەگەیشتن و نەناسینی تاك بۆ خودی خۆی، زۆرجار تاك خـودی خـۆی بەباشـی ناناسـێت یـان بەهەڵە تێی دەگات و بەچاوێکی بەرز سەیری کەسایەتیی خۆی ناکات، بەڵکو بەشێوەیەك سەیری خۆی دەکات کەهیچی لەبارنییە و هیچی لەدەست نایێت، ئەمەش وادەکات لەگەڵ خودی خۆی نـەگونجێت و باوەڕی بەخۆی نەبێت[٣].

زیـاتر جـەخت کردنـەوەمان لەسـەر تـوێژی هـەرزەکاران و لاوان دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی، کـە ئـەوان لەقۆناغێکی هەستیاردان لەژیاندا و ئەم جۆرە بارودۆخە زیاتر لەگەڵ ئەوان کارلێـك دەکـات بەبـەراورد لەگەڵ تـوێژی منداڵان و بەتەمەنەکان.

لەهەندێ باردا دایك و باوکیش بەشدارن لەدروستبوونی نامۆییدا، واتـە زۆرجـار هۆکـاری نـامۆیی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دایك و باوك لەگەل هەرزەکاران، چونکە مامەڵەی دایك و باوك لەگەڵ هەرزەکاران لەهەردوو باری بـەکارهێنانی توندوتیـژی و دەسـەلاّت بەسـەریدا، یـاخود شـلکردنی دەسەلاّت و دوور لەلێپرسینەوە لەگەڵیدا، بە نەرێیی دەشکێتەوە[٤]، واتە نابێ لەگەڵیان هێندە نەرم بن

---

[١] أحمد محمد الزعبي، علم نفس النمو(الطفولة والمراهقة)، ص٤٣٩.

[٢] مريم نجمة، الإغتراب عن الوطن و تأثيراته الروحية والفكرية، الثلاثاء، ٢٠٠٩/١٠/٦، http://alawset.net/www/kovar%202/kovar%202%20-%2010.html

[٣] جواد محمد الشيخ خليل،الإغتراب وعلاقته بالصحة النفسية لدي طلبة الجامعات الفلسطينية في محافظات غزة، ملتقى طلاب جامعة دمشق، أحد ٢٠٠٩/١٠/١١، http//www.jamma.cc/art86932html

[٤] تـەلار کمـال مـدحت، نـامۆبوون لـە لای هـەرزەکارانAlienation، گ (سـایکۆلۆژیا)، بنگـەهێ ڕاوێـژکاری، چارەسازی و ڕەوشنبیریا ڕەوانکی ـ جۆاکی، دهۆك، ژ٣، ٢٠٠٥، لا٢٩.

وابـزانن کـە هـەموو شـتێکیان پێـدەکرێت و نەهێنـدەش ڕەقـبن لەگـەڵیان کاریگـەری لەشـکانەوەی کەسایەتییان بکات.

بەشی دووەم

جۆرەکانی نامۆیی لەڕۆمانی (دوانامەی دێوەرەیەك) ی سەلاح عومەردا

ئەدەب جیهانێکە لەهەناوی خۆیدا بۆجارێکی تر ڕەنگڕێژی واقیعی کردۆتـەوە، بـەڵام بـە یارمـەتی خەیاڵ و فانتازیا. جیهانی ئەدەب جیهانێکە لەدایکبووی دیدگای هەموو ئەو ئەدیبانەیـە کـە کـەم یـا زۆر دەقی ئەدەبییان ئەفراندووە بەپشت بەستن بەهەست و سـۆز و بەیارمـەتیی کۆمـەڵێ ڕەگـەزی تـری وەکو خەیاڵ و فانتازیـا و تـەوزیف کردنـی فۆلکلـۆر...تـاد، لـەپێناو وەرگرتنـی بـەرگێکی هونـەری و جیاکردنـەوەی لـەو نووسـینانەی کەتـەنیا تۆمـاری واقـیعن. بێگومـان ئـەدیب وەك هـەرتاکێکی تـر لەدایکبووی کۆمەڵەو وەکو ئەوانی تر و بگرە زیـاتریش لەخـەمی کۆمەڵەکەیەدایـە، بۆیـە بمانـەوێ یـا نەمانەوێ واقیع بەهەموو جەنجاڵییەکەی لە ناو دەقی ئەدەبیدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەدەب وەکو چرایەك وایەو تیشکی خۆی بەهەموو ئەو شوێنانەدا پەخش و بلاۆدەکاتەوە، کە ئازار و مەینەتیی تێدا بێت، چونکە ئەدەب بەشێکە لەژیان و دەرخستنی چەرمەسەرییەکانی ژیانیش پـێش هەموو شتێك لەئەستۆی ئەودایە، هەرئەدەبیش دەبێ بەدوای ڕێگا چارەی گونجـاودا بگـەڕێت و خاڵـە ئەرێنی و نەرێنییەکان دیاری بکات.

کۆمەڵێ هۆکار هەن لەپشت لەدایکبوونی دەقەوەن لای هەر ئەدیبێك لەوانە: بەرهـەمی مێشـك و درك کـردن بـەئازارەکانی شـەقامی کۆمـەڵگـە و ئیرۆسـییەت و مـرۆڤ دۆسـتی و بـەرفراوانی خـەیاڵی نووسـەر...تـاد. ئـەوەی کـە لای ئێمـە گرنگـەو مەبەسـتی سـەرەکیی باسـەکەمانە دەرخسـتنی ئـەو چەرمەسەریانەیە کەتاکەکانی کۆمەڵی بەرەو کەنارەکانی گۆشەگیری و نامۆیی و شـێتی و یـاخیبوون و مردن بردووە. وە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی لێکۆلینەوەکەمان، پوختەی ڕۆمانەکە دەخەینە ڕوو:

ئەم ڕۆمانە لەیازدە بەش پێك دێت، هەربەشێکیش بەپێی زنجیرەی بەشـەکان ژمارەیـەکی تایبـەت بەخۆی هەیە و لەژمارە یەك تا یازدە لەیەکتر جیاکراونەتەوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێ بەش لەناوەوەی خۆیدا بەهۆی هێمای *** بۆ بەشی بچوکتر جیاکراونەتەوە.

ئەم ڕۆمانە باس لە کەسێك دەکات کەکارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیەو ناوی نـەوزادە و بـاوکێکی پیری هەیە، لەگەڵ برایەك کەناوی ڕێبوارە، هەروەها هاوسەرێك کـەناوی نـەهاتووە، لەگـەڵ دوو کـوڕی کەناویان ئالان و یوسفە، بێجگە لەمانەش کوڕی پلکێکیشی هەیە بەناوی ئازاد. ئـەم ڕۆمانـە دەربـڕی

یەکێك لەگرنگترین دیاردەکانە کەلەدوای ڕاپەڕین بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە پێشـەوە ئـەویش دیـاردەی کۆچ کردنە. پوختەی ڕۆمانەکەش بەم شێوەیەیە، فەرمانبەرێك کەناوی نـەوزادە بڕیـاری کـۆچ کـردن و جێهێشتنی ولاتەکەی دەدات ئەگەرچی پێشوتریش خۆی لەم ڕێگایە داوە بەلاّم سەرکەتوو نەبووە، دوای ئـەوەی قاچاغچـییەك دەدۆزێتـەوە یـەك دەسـت پارەکـەی دەداتـێ ئـیتر لەشـەوێکی سـارد دا بـەدزی باوکییەوە پشـت لەشـارەکەی دەکـات و جێیـدەهێلێت، بـەلاّم دوای دوورکەوتنـەوەیان لـەو شـارە ئـیتر بارودۆخەکە دەگۆڕێت، چونکە قاچاغچییەکە کەدەلیلیانە فێڵیان لێدەکات و جێیان دەهێلێت، ئەوانیش بەڕێگای نەشارەزایی و مـەرگ دەسـپێرێت. نـەوزاد و هاوسـەفەرەکانی بـەبێ ئـەوەی ڕێنیشـاندەرێکیان لەگەڵ بێت ملی ڕێگا دەگرنە بەر، لەماوەی ئەو سەفەرەیاندا کە حەفت شەوو حەفت ڕۆژی خایاند جگە لەو باڵندانەی، کەبەسەر سەریانەوەبوون هیچ بوونەوەرێکی تریـان نـەدەدیت. کۆتـایی ڕۆمانەکـە بـاس لەڕەقبوونەوەو مردنی نەوزاد و ئەو هاوڕێیە دەکات کە زۆرتر بەیەکەوە بوون.

وەکو وتمان ئەم ڕۆمانە باس لەکۆچ کردنی کەسـێك دەکـات، بۆیـە ئەگـەر سـەیری ناونیشـانەکەش بکەین دەبینین گوزارشت لەدوو چەمك دەکات ئەویش(**کۆچ و مردن**)ە، چونکە ئەگەر دوانامە گوزارشت کردن بێت لەمردن، ئەوا دێوەرەش بەحوکمی ئەرك و وەزیفەکـەی، کـە گەریدەبیـە گوزارشـت لـە کـۆچ دەکات، بەلاّم هەردوو وشەی دوانامە و دێـوەرە بەیەکـەوە ئـەوە دەردەبڕێـت کـە کەسـە کـۆچ کەرەکـە کە(نەوزاد)ە مردن یەخەی دەگرێت.

وێنەی (٢)*

لێکدانەوەی ناونیشانی ڕۆمانەکە

سەلاّح عومەر لەڕۆمانەکانیدا بەگشتی و ڕۆمانی دوانامـەی دێوەرەیـەك، بەتایبـەتی گرنگییـەکی زۆری داوە بە ئەفسانە و داستان و فۆلکلۆر بەگشتی، بۆ نموونە لەم ڕۆمانە (ماری حەوت سەر، خـدری

* لەدروستکردنی ئەم هێڵکارییەو شیکردنەوەی ناونیشانی ئەم ڕۆمانە سـوودم بینیـوە لـە: عەبـدوڵلاّ ڕەحمـان، تـەکنیك لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك (١ ـ ٢)، گ. ڕامان، ژ١٤٦، ٢٠٠٩، لا ٨٦ـ٨٧.

زیندە، سیمرخ، بەرانی سپی، ئەحمـەد و دێـوی ڕەش، خـەجێ و سـیامەند...تـاد)[1]، دەبینـرێن، کـە ئەمانـە هـەموو لـە ئەفسـانە و داسـتانی کـوردین. گـرنگترین جۆرەکـانی نـاموٚیی کەلـە ڕۆمانەکـەدا دەبیندرێن ئەمانەن:

١- ناموٚیی خودی: کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك دوای ئـەوەی هـەموو ئـەو شتە بەنرخانەی کە لە دەوروو بەری بوون بەجێهێشت و بەرەو ڕێگایەکی نادیار ملی نا، دواتر سـەرماو سۆلەی زستان بەرۆکی گرت و بەفر و سروشتی سپی لێ بوو بە دێوەزمە. کارەکتەری سەرەکی کاتێ بیر لەو ڕۆیشتنەی دەکاتەوە و دەزانێ منداڵەکانی بە بێ ناز جێهێشتووە و باوکێك کـە لـە دوا سـاتەکانی تەمەنیدایە، ئیتر ناتوانێ لە سەرە مەرگیدا ئامادە بێت، بۆیە لەعنەت لە ژیان دەکـات، ئـەو ژیانـەی کە چارەنوسی ئەوی بەم ڕۆژگارە گەیاند ((بە ئێوارەییکی شوومی سارد و سایەقە بـەرەو نادیـار بـەرێ بکەوێت، بڕوٚیت و دوو منداڵی تەمەن چوار پێنج سالّی کە بۆنی شیری خاویان لە دەم دێت بـە نادیـار بسپێریت، لە گەل باوکێکی نەخۆشی پەککەوتە کـە مـاوەی دوو سـاڵ پـترە لـە سـەر جـێ ڕاکشـاوە و ناجولێت، چاوەڕێیە خوا بۆ خۆی بیباتەوە، ئەو باوکەی بەدەم ئازار و ئاهو نالەوە شەو دەداتـە دەم ڕۆژ و بەتەمای سبەینێ نییە، دکتۆر و نەخۆشخانە نەما پێی نەکەم، کە چی چاك نـەبووە، کـێ نالێـت ئـا هەر لەم ساتەدا لە سەرە مەرگدا نییە و دوا هەناسە نادات، بە حەسـرەتەوە دوا مالّئـاوایی لـەم ژیانـە قەحپەیە ناکات ؟)).[2] بێزاری وەکو نیشانەیێك لە نیشانەکانی ناموٚیی، دەربڕی ناتەواوی بار و دۆخی ئەو کەسەیە لە ڕووی دەروونیەوە کە تووشی ئەو حاڵەتە هاتووە. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك باس لەوە دەکات، کە زۆر شت لە ڕابردوودا هەبوون جوانی خۆیان هەبووە، وەکـو یـادەوەری منداڵی لە یادگەی خۆی و هاورێکانیدا ماونەتەوە. بەڵام دوای ئەوەی لە زادگەی خۆی بێـزار دەبێـت و حەزی کۆچکردن لە مێشکی دەچەسپێ، ئیتر هەموو یادەوەریی و ڕابـردووی ژیـانی وەکـو مێـژوویێکی دووبارە نەبووەوەی لێدێت، کارەکتەری سەرەکی باس لەوە دەکات، کە لە وەرزی زستان ئـاوی سـۆندەی مالّان بە هۆی سەرماوە چلورەیان دەرکردووە، ئەم دیمەنە وەکو وێنەیەکی جوانی سەردەمی منداڵی لـە مێشکی چەسپاوە، یاری شەرە بەفریش بە هەمان شێوەی باسمانکرد. بەڵام کاتێك ڕێگای کۆچ دەگرێتە بەر و لە ناو شاخە سەرسەختەکاندا بە خزمەتی بەفر و چلورە دەگاتەوە، دەبینێـت ئـەو وێنانـە جـوانی جارانیان نەماوە و لە هەموو جوانییەك دامالّراون ((جاران ئەو کاتەی هێشتا ئەو نەخۆشییە درمـە نـە

[1] عەبدوڵلاّ ڕەحمان، تەکنیك لەڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك(٢ ـ ٢)، گ. ڕامان، ژ١٤٧، ٢٠٠٩، لا ٧٦ـ٧٧.

[2] هـ. س. پ. لا ٢٩٩ - ٣٠٠

هاتبووە وێزەمان و مەستی نەکردبووین، بـە بینینـی چـلورەی گوێسـەبانەکانی بـەر مالّـان شاگەشـکە دەبووم لە سەیرکردنی تێر نەدەبووم. رۆژ تا ئێوارە بە سەر بەفرەوە خشخشۆکانیم دەکرد و تۆپەلە بەفرم کۆ دەکردەوە، بەیانیان زوو، هەر کە لە مالّ دەهاتمە دەر، دەستم بە شـەرە بـەفر و خشخشـۆکێی سـەر شەختە دەکرد و تەنیا بۆ نانخواردن دەچوومەوە مالّ، کە منداڵ بووم لەسـەر ئـەم کـارە بـە دەیـان جـار باوکم دارکاریی کردووم، بەڵام ئەوەتا ئەمشەو بەفر و شەختەم لێ بوونەتـە دوژمنـی بـاوە کوشـتە و وا هێدی هێدی دەمکوتنەوە)).[1] بێگومان ئەوەی وایکردووە، کە هەموو ئەو شتە جوانانە بەهاکانیان لە دەست بدەن، ئەو بێزارییەیە کە کارەکتەری سەرەکی بە هۆی رێگا سـەخت و دژوارەکـەی کۆچـکردنەوە تووشی هاتووە.

لە کۆتایی هەشتاکان و نەوەدەکانی سـەدەی رابـردوو کـۆچ ببـووە دیاردەیـەکی نائاسـایی و تـۆێژی گەنجان بە لێشاو رووبان لە هەندەران دەکرد، دیارە ئەمـەش هـەر وا بـێ هۆکـار نـە بـووە، بـەڵکو لـە ئەنجامی خراپی گوزەرانی خەڵك و نە بوونی هێمنی و ئاساییش بـووە. جـا هۆکـاری ئـەم بـار و دۆخـە حکومەتی بەعس بووبێ یان شەری ناوەخۆ، دوای شەری ناوەخۆش بار و دۆخـی کوردسـتان بـە گشـتی تێکچوو، دەسـەڵات بوو بە هێزێك ئەوەندەی خەریکی چەپاندنی ئینسانەکان بوو ئەوەندە ئامرازێـك نـە بوو بۆ پاراسـتنیان. لەبـەر ئـەوەی رۆمـانی دوانامـەی دێوەرەیـەك ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە دیـاردەی کۆچکردنەوە هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر وشەی کۆچ بوەستین و هەنـدێ پێناسـەش بـۆ دیـاردەی کـۆچ بهێنینـەوە. ئاشـکرایە پێناسـەی کـۆچ و کۆچـکردن زۆرە و لـە ژمـارە نایـەت بـەهۆی جیـاوازی ئـەو هۆکارانـەی کـە کەسـە کۆچـکەرەکەیان هانـداوە بـۆ کۆچـکردن. ((مەبەسـت لـەو زاراوەیـە رۆیشـتنی دانیشتوانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە پێناو گۆڕینی ناوچەی نیشتەجێ بوونی ئاسـایی خۆیـان، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو ئەم کۆچە لە چوارچێوەی سـنوری وڵاتـدا رووبـدا ئـەوا پێـی دەوترێـت کۆچـی ناوخۆیی، بەڵام ئەگـەر گواسـتنەوەکە بـە تێپەڕانـدنی سـنوری رامیـاری وڵات بـوو، لـەم کاتـەدا پێـی دەوترێت کۆچی دەرەکی یان کۆچی نێو دەوڵەتی))[2] ئەو پێناسەیەی زیاتر مەبەستی ئێمـە دەپێکـێ و زۆرتر لـە هۆکـاری جێهێشـتنی کارەکتـەری سـەرەکی رۆمـانی دوانامـەی دێوەرەیەکـەوە نزیکـە، ئـەو پێناسەیەیە کە دەڵێـت: ((کـۆچ تێپەڕانـدنی سـنووری رامیـاری وڵاتـە و مەبەسـتیش نیشـتەجێبوونی

---

[1] هـ.س.پ. لا ٣٠٥

[2] کوردستان عمر محمد، خۆگونجاندنی کۆمەلایەتی کۆچبەرانی کـورد لـە وڵاتـانی ئـەوروپا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، لا- ١١

کۆچبەرە بۆ هەتا هەتایێ لەو ولاّتەی کە کۆچی بۆ دەکات، فاکتەرەکانی کۆچکردنیش ئەشـێ ڕووداوی سروشتی بێت یا شەر یا بار و دۆخی سیاسی و زۆرلێکـردن و ڕاگواسـتن یـان گـەڕان بـەدوای ئاسـتێکی بژێوی باشتردا بۆ ژیان)).[1] ئەم پێناسەیە زیاتر گشتگیرترە و هۆکارگەلێکی هێناوەتـەوە بـۆ دیـاردەی کۆچکردن. ڕۆمانناووسیش هەوڵیداوە لە ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەکـدا مەسـەلەی کـۆچ بوروژێنێـت، هەروەها باس لە حالّەتی دەروونی ئەو کەسانەش بکات کـە کـۆچ دەکـەن. بـەڕای ڕۆمـانناووس کەسـی کۆچکەر ئەو کەسەیە کە لە ژیان تۆراوە و لای بۆتە هیچ، بۆیە ئەگەر لە ڕێگای کۆچەکەیان هەرچشیان بەسەر بێت پێیان ئاساییە ((ئەو مرۆڤانەی لە ژیان تۆراون و بۆ هەمیشە کـۆچ دەکـەن، خـۆ لـە دار و بەرد دەدەن، لە ئاگر ناگەرێنەوە)).[2] لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە ملی ڕێگایان گرتبووە بەر، تاکە شت کە ئارامی بە ژیانی هەموو ئەو کۆچبەرانە دەبەخشی، ئەو بالّندانە بوون کە جارەجـارە دەهـاتن و ماوەیەك بەسەر سەریانەوە دەسورانەوە، چونکە ئەو بالندانە تاکە شتێکی زیندوو لە ماوەی ئەو چـەند ڕۆژە بینیبێتیان، بۆیە ئەوان بالّندەکانیان کردبووە هاوخەم و هاوسەفەری یـەکتر ((کـە سـەیری ئاسمانم دەکرد ئەو بالّندانەم بەسەر شانی خۆمەوە دەبینی، هەستم دەکرد تەنیا نیم کـە لـە هەورازێکـدا لـەناو بەفر و تاریکی گیرم خواردبێ، بەلاّم بە ڕوێشتنی ئەوان ڕۆحم چۆلتر بووە و هەست ناکەم مرۆڤێکم خوێ بە لەشمدا دەگەڕێت، یان قاچم هەیە و هەنگاو دەنێم، دوو چاوم هەیە و دەوروبەرمی پـێ دەپشـکنم... یان لوتم هەیە و بۆنی پێدەکەم، بە زمان تامی خواردن دەکەم، بەسیەکانم هەوا هەلّدەمژم، جا کوا چـی ببینم و چی تام بکەم و چی بۆن بکەم)).[3] کەواتە ڕوێشتن و دورکەوتنەوەی بالندەکان مایەی بێزاری و تێکچونی بار و دۆخی کارەکتەری سەرەکی و هاوڕێکانی بووە ((لێرە لەم ناوە بمانایە ئێستا بـارودۆخی دەروونیمان بە شێوەیەکی دیی دەبوو...)).[4]

٢- نـاموٚیی کۆمەلاّیـەتی: لـەم ڕۆمانـەدا، نـەوزاد کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکەیـە بریـاری کۆچکردن دەدات، هۆکارەکانی کۆچکردنیش لای نەوزاد هـەم بـەهۆی بێزاریـە لـە ولاّت، هـەمیش بـۆ ئەوەیە کە هەرچی زووە بگاتە ئەو بەهەشتەی کە وەسفیان بۆ کـردووە. ئـیتر شـارەکەی کـە تـا ئێسـتا شوێنی هۆگری و ئۆقرەیی بووە دەبێتە شارێکی بێ ئۆقرەیی، کەواتا لێـرەدا خـۆی دەسـەلمێنێ ئـەویش

---

[1] شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثربولوجيا، مطبعة جامعة كويت، طبعة اولى، ١٩٨١، ص- ٣٠٠

[2] سەلاح عومەر، جەنگ، کۆبەرهەم، لا- ٣٤٨

[3] س.پ.لا- ٣٦٧

[4] هـ.س.پ

ئەوەیە کە نەوزاد لە خاك و ولاٚتەکەی خۆیدا هەست بە بێزاری دەکات و دەبێتە نامۆترین نامۆ چـونکە نامۆترین نامۆ ئەو کەسەیە کە لە ولاٚتەکەی خۆیدا هەست بە نامۆیی دەکات.[1] کارەکتەری سـەرەکی و هاو سەفەرەکانی دوای ئەوەی ملی رێگا دەگرنە بەر و دەکەونە ناو قولایی وبەرزایی شاخەکان، ئـیتر پەکیان دەکەوێت و هەست بە ماندوو بوون دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە نامۆیی کۆمەلایەتییـەوە هەیـە ئەوەیە کە ڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکییەوە باسی ئـەوە دەکـات کـە هـەر یـەکێك لـە کارەکتەرەکان تەنیا خەریکی خۆی بوو، کەس لە خەمی هاورێیەکەی نەبوو بزانێ سـاغە یـان نەخۆشـە ((کەچی وا لێرە بوونەتە هاوڕێ، بەلاٚم هاورێی نامۆ و بێ وێژدان کە هەست بە بارودۆخی یەکتر ناکەن، نازانن ئەوی دیی لە چ کاتێکدایە، برستی براوە یان نا، نـەخۆش کـەوتووە یـان سـاغە، ئـەوەتا ئـەوەی پێشەوەیان ملی رێی گرتووە و نە ئاور بۆ هاورێکەی دەداتەوە نـە بایـەخ بـە ژیـانی ئەوانـەی خـوارەوە دەدات)).[2] دوورکەوتنەوەو گوێنەدانی ئەو کەسانە لـەو حاڵەتـەدا ئـەو پـەری نامۆییـە. چـونکە لـەو کاتەدا لە هەموو کات زیاتر پێویستییان بە یەکترە و زاڵبوون بەسەر هـەموو کۆسـتێکی گـەورەش بـە کۆمەلە کەسێك ئاسانترە وەك لە تاکە کـەس. ((بااڵنـدەکان بەسـەر تروٚپکـی هەورازەکـەوە دەسـوڕان و سێبەرێکی تەڵیان بە سەر سەری هاورێکەم دروستکردبوو کە لە دوورەوە وەك خاڵێکی ڕەش دیار بوو، ئەو دەمێ بوو گەیشتبووە ئەوێ و لـە مـەترسـی مانـەوە بەقـەد هەورازەکـەوە دەرچـووبوو، وەك ئێمـە تەنگەتاونەبوو، هەوڵی سەرکەوتن بدات، بیری لە ڕۆحی ئێمە نەدەکردەوە، باکی بەوە نەبوو هاورێکانی جێدەمێنن و لەناو بەفردا ملیان دەشکێت، یان گورگ دەیانخوات. ئەو هاورێیەی ژیانی خۆی لە هەموو دنیا خۆشتر دەوێت و خەڵکیش بە دۆزەخ. بۆخۆی لەوێ چاوی نووقاندووەو وەنـەوز دەدات، خـەوتووە و خـەون دەبینێـت)).[3] لایـەنێکی تـر کـە ڕۆمـاننووس لـەو ڕۆمانـەدا وروژاندوویـەتی، بێویـژدانی قاچاغچییەکانە، کە چۆن بەربوونەتە گیانی خەڵکی و ئەم خەڵکـە ناشـارەزایانە بـە مـەرگ دەسـپێرن. قاچاخچییەکان زۆرێك لە گەنجانی ئەم ولاٚتەیان بە دەریای ئیجە و شـاخە بەفرینییـەکان سـپارد ((ئـەو ڕێگایەی لە بەیانییەوە هەنگاوی بەسەروە دەنێین و بۆ سەرو هەڵکشاوە، ڕێی مرۆڤ نییـە، بـەڵکو ڕێـی ولاغ و بزنە کێویییە، دەلیلەکەمان دروێی لەگەل کردین، ئێرە ئەو شوێنە نییە کە لە سەری ڕێك کـەوتین بمانگەیەنێتە ئەوێ، هەر هەورازێ بە چوار پێنج سەعات تەواو نابێت، نشێوەکان لەوان ناخۆشـترن، بـە

---

[1] شیرین سەعید محەمەد سەعید، ناموٚیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا،لا- ۹

[2] سەلاح عومەر، جەنگ، کۆبەرهەم، لا-۳۲۱

[3] س.پ.لا- ۳۲۹

هیچ شوێنێکمان ناگەیەنن، دەلیلەکەمان پیاوێکی زۆل و قۆل بر بوو و قۆلی برین، ئەوەی هـەمان بـوو نەمان بوو بردی، ئەوەی بە رەنجی فەرهاد کۆمان کردەوە بردی)).[1] کابرای قاچاخچی لەبری ئەوەی لە خەمی ئەواندا بێت پشـتیان تێـدەکات و لـە سروشـتێکی یـەکجار سـەخت و دژواردا ئـەوان رادەسـتی چارەنووسێکی نادیـار دەکـات. ((بـەدوای ئـەو کابرایـە قـۆلبرە کـەوتین چـارەنووسمان، ژیانمـان، هیـواو ئاواتمان، پارە و پوولمـان، خەونـەکانمان بـەو سـپارد و ئـەو لێـی زەوت کـردین، ئێسـتاش ئامـادە نییـە بماندانەوە، جا لەکوێ لێی وەرگرینەوە، ئەو باوك کەران گاوەی لێمـان غـەیب بـوو و لێیـدا و رۆیشـت، کەس نازانێ بۆکوێ چوو و چۆن خۆی لێمان دزییەوە، ئەمرۆ ئـەوا بـوو بـە حـەوت شـەو و حـەوت رۆژ بەرێوەین و دەرۆین، وەك کۆمەلێ مەری بێ شوان کەوتووینەتـە ئـەو شـاخ و داخانـە و رێمـان لێ وون بووە، کەسێك نییە بمانگرێتەوە، بێ شوان ماوینەتەوە و پەرت بووین)).[2] ئەوەی لێـرەدا دەردەکـەوێت ئەوەیە کە هەموو مەبەستی قاچاخچییەکە تەنیا پارە وەرگرتن بوو لەو کەسـانە و هـیچ بـەلێنێکی بـۆ نەبردوونەتە سەر ((ئەو باوك کەران گاوە، پارەکەی بە زیادە لێمان وەرگرت جێی هێشتین، بەڵام دەبوایە بیرمان لەوە بکردایەتەوە و پارەمان نەدابایە، جا ئەوە ئێمە نەزان بووین و ملمان شکاند پارەمان دایە، دەبوایە ئەو وانەبێت و جێمان نەهێلێت)).[3] ئیتر لەو کاتەدا مەبەستی قاچاخچـییەکە روون دەبێتـەوە کە تەنیا لە خەیالی قۆلبرین و پارە وەرگرتندا بووە.

((قاچاخچییەکە گوتە:

– ئێرە چاکترین رێگایە بۆ گەیشتن بەو بەهەشتەی بۆی دەچین...

بەڵام راستی نەکرد، بەڵکو بە ئەنقەست وای کرد، تا ئێمە تووشی هەلاکەت ببین، ئـەویش بۆخـۆی دەربچێت، ئەوەی هەمانە بیبات و رووتمان بکاتەوە)).[4]

۳- ناموٚیی ئابووری: ئەمەشیان جۆرێکی تری ناموٚبوونە و یەکێ لـە پێناسـەکانی ئەوەیـە مـرۆڤ ببێتە دیلی ئەو بەرهەمەی دروستی دەکات.

ناموٚیی ئابووری بـەو شـێوەیەی پێناسـەمان بـۆی کـرد لـە ڕۆمانـەکانی سـەلاح عومـەردا بەرچـاو ناکەوێت، بەڵام دەتوانین لە سۆنگەیەکی تری ئەم جۆرەی ناموٚبوونـەوە لـە نـاو ڕۆمانەکانیـدا بگـەڕێین،

---

[1] س.پ.لا- ۳٤۰

[2] س.پ.لا- ۳٦٥

[3] س.پ.لا- ۳٦٥

[4] س.پ. لا-۳۸٦

ئەوەی پێوەندی بەو جوٚرەی ناموٚبوون هەیە و لە ڕوٚمانەکانی سەلاح عومەردا بەدی دەکرێن ئەوەیە، کە باس لە جیاوازی چینایەتی دەکات، باس لە بارودوٚخ و گەرەکی مالّە هەژار و خوا پێداوەکان دەکات لە ڕوٚمانی دوانامەی دێوەرەیەکیشدا باس لـەم حالّەتـە دەکـات، ئـەو کاتـەی کـە نـەوزاد بـەدزی مالّـەوە جێدەهێلێت، بە کوٚلانێکدا رادەبورێت کە شوێنێکی خوٚش و خانووی جوان جوانی تێدابووە ((بام دایەوە ڕوٚژئاوای مالّە خوا پێداوەکان، کە خانووەکانیان بە بەردی حەلان و مەرمـەری سـپی و قـاوەیی و ڕەش دروستکرابوون و لە دوورەوە بە روخسارم پێدەکەنین...

ئەوێی هێمن و رازاوە، ئەوێی پاك و تەمیزی بێ ژاوەژاو.. بێ شەر و پیسی... ئەوێی رونـاك و پـڕ گلوٚپ، کە لەمبەر و لەوبەری کوٚلانەکاندا بە گلوٚپ رازابوونەوە)).[1]

٤- ناموٚیی ڕوٚشنبیری: بریتییە لەوەی کە تاك ئەو ڕوٚشـنبیرییە ڕەتبکاتـەوە کـە لـە کوٚمەلگـەدا باوە، بە هوٚی ئەوەی بە ڕوٚشنبیرییەکی کوٚنی چەق بەستووی دادەنێ.

لە ڕوٚمانی (دوانامەی دێوەرەیەك) ی سەلاح عومەردا شتێکی وامان بەرچاو ناکەوێت کە گوزارشت لە ناموٚبوونی تاك بکات لە ڕووی ڕوٚشنبیرییەوە، بەلاّم بە شێوەی ناڕاستەوخوٚ دەتوانین حالّەتی ناموٚیی ڕوٚشنبیری دیاری بکەین، بوٚ نموونە کارەکتەری سەرەکی یان کارەکتەرە لاوەکییەکان هەلکەوتەی توێژی ڕوٚشنبیرانن. لە ڕوٚمانی دوانامەی دێوەرەیەکدا کارەکتەری سەرەکی کە ناوی نەوزادە، فەرمانبەرە و لە یەکێك لە فەرمانگە حکومییەکان دەوام دەکات، بەلاّم بریـاری ڕوٚیشـتن بـوٚ هەنـدەران دەدات، کەواتـە نـەوزاد وەکـو کەسـێکی ڕوٚشـنبیر ناتوانێـت لەگـەلّ کوٚمەلّگەکـەی هـەلّبکات ((لـە فەرمانگەیەکـدا فەرمانبەر بوو ژیانی ئاسایی دەبردەسەر، لە هیچی کەم نەبوو، تەنیا ئازەزووییّکی شێتانە پـالّی پێـوە دەنا)).[2] بەلّگەش بوٚ قسەکانمان کە نەوزاد کەسێکی ڕوٚشنبیرە، ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکانی هەندێ نووسەری جیهانییە ((جانتاکەم چەند ڕوٚمانێکی کـورت کـورتی (هێرمـان هیسـە) و یـەك دوو دیـوانی شیعری (رامبوٚ) ی تێدابوو، بوٚ ئەوەی ئەگەر لە ڕێگا بێـزار بـووم و بـە سـواری شـەمەندەفەر ڕۆیشـتم بیانخوێنمەوە کاتیان پێ بەرمە سەر)).[3]

هەر لەو ڕوٚمانەدا کارەکتەری سەرەکی بێزاری خوٚی لـەو تێکچـوونەی کوٚمەلّگـە دەردەبرێـت، کـە هـەموو شـتە جوانـەکانی تێکـداوە، ئـەم تێکچـوونە ژێرخـانی ڕوٚشنبیریشـی گرتوٚتـەوە ((ئەمـە چ

---

(١) س.پ.لا- ٣٠٨

(٢) س.پ.لا- ٣٤٢

(٣) س.پ.لا-٢٩٦

وەحشیەتێکە تێی کەوتووم، چ خەراباتێکە، داروبەرد بەسـەر یەکـدا برووخێـت و هێلانـە و چـۆلەکە و پەپوولە وگـول، حـەرف و کتێـب، پیـت و دێـر و وشـە لێـك دابـڕێن و هێـزی نـەبێت بیانگەیەنێتـەوە یەك)).[1]

٥- نامۆیی جوگرافی: بریتییە لە کۆچکردنی تاك لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جا بـە زۆرە ملێ بێت یاخود بە ئارەزووی خۆی بێت.

لە ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەکدا ڕۆمانـنووس باس لە نامۆبوونی کارەکتەری سەرەکی دەکـات لـە شارەکەی، ئەو شوێنەی کە ئەوی تێدا لەدایك بووە، بێزاری کارەکتەری سەرەکی دەگاتە ئـەو رادەیـەی کە شارەکەی بە دۆزوخ بچوێنی ((بۆیە بە پەلە بووم زوو پێیان بگەم، تا کار لە کار نەترازاوە و درەنگ نەهاتووە. لەو شارەی لەبەر چاوم ببوو بە دۆزەخستان و لەبەر چاوم ڕەش بووبوو)).[2]

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەشـی زۆری لـە ناوچـە شـاخاویەکان سـەختەکان ڕوویانـداوە، چـونکە لـە سەرەتای ڕۆمانەکەوە ڕۆمـانـنووس کارەکتەری سەرەکی لە ژینگەی شارەوە دەگوازێتەوە ژینگەیەکی تـر کە چیا و شاخەکانە. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە ئەم ڕۆمانە زۆر حاڵەتی تێدایە کە گوزارشـت لە نامۆبوونی تاك دەکات لە سروشتی ناوچە شاخاوییەکان ((هەندێك جار سروشتیش دەبێتـە دوژمنـی مرۆڤ، بەفر و زریان و تاریکی، هەوراز و درێندە و گورگ هەنگاو بـە هـەنگاو بـە دوامانـەوەن، شـاخی هیمالاێەش هەر ئەوەندە درێژ و رك و دژوارە)).[3]

((ئەو هەورازە باوك کەران گاوە، هێز و تاقەتی لەبارمان بریووە، کردینییـە باڵـداڕێکی پـەر و بـاڵ شکاو، هەورازی وا رك ودژوار، هەورازی وا سەگباب، دایـك وا لێکـراو، کـەی هـی ئەوەیـە هـەنگاوی بەسەردا بنێین)).[4]

ئەمانە هەمووی دەربڕینی بێزاری و نامۆیی کارەکتەری سەرەکییە لەو چیا بەرز و سەختانەی کـە بۆتە ڕێگای پێدا ڕۆیشتنی ئەوان بەرەو هەندەران.

---

[1] س.پ.لا- ٢٩٨

[2] س.پ.ل٣٠٩

[3] س.پ.لا-٣٧١

[4] س.پ.لا-٣٢٤

ئه نجامەکان

له کۆتایی ئەم لێکۆلینەوەیەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانه دەخەینه روو، که پێیگەیشتووین:

١- لـه زمـانی عەرەبیـدا تـا ئێسـتا زاراوەیـەکی جـێگیر و چەسـپاو سـەبارەت بـه نـامۆ بـوون نابینرێت. بەڵکو کۆمەڵێ زاراوەی وەك (الغربه و الاغتراب و التغریب و الاستلاب و الانسـلاخ...) بـه تێکەلاوی بەکار دەهێنرێن.

٢- سەرەرای زۆری ئەو جۆرانەی ناموّیی که خستمانه روو، دەتوانین پوختەی ئەو هەموو جۆرانه له دوو جۆردا بخەینه روو:

- ناموّبوونی تاك لەخودی خۆی.
- نامۆ بوونی تاك له دەوروبەر.

چونکه جگه لـه نـاموّیی خـودی سـەرجەم جۆرەکـانی تـری نـاموّیی، کـه خسـتمانه روو دەکەونـه چوارچێوەی ناموّبوونی تاك له دەوروبەری خۆی.

٣- ناموّیی له ئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر له چوارچێوەی ناموّیی جوگرافیدا دەسورێتەوە، به هۆی ئەوەی که ئەو ئەدیبانه له زادگای خۆیان دوور بوونه و ویستویانه له دووتوێی دەقەکانیان گوزارشت له کەف و کولی خۆشەویستییەکەیان بۆ خاکەکەیان بکەن.

٤- له کۆی ئەو یازده جۆرەی ناموّیی که باسمانکردووه، له ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك، تەنیا پێنج جۆری نـاموّیی رەنگیـان داوەتـەوە کـه ئەمانـەن: (خـودی، کۆمەلایـەتی، ئـابووری، رۆشـنبیری، جوگرافی).

٥- ئەم ڕۆمانەی سەلاح عومەر، دەربری یەکێك له گرنگترین دیاردەکانه، که له دوای ڕاپەرین به شێوەیەکی بەر چاو هاتە پێشەوە، ئەویش دیاردەی کوچکردنه.

سەرچاوەکان

١- به زمانی کوردی:

أ – کتێب:

١- ئاری ئاغۆك، بزاڤی تەغریبی، چاپخانەی میدیا، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٢

٢- سەلاح عومەر، جەنگ- کۆبەرهەم، ڕۆمان، چ١، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

٣- غیاپ الدین نقشبندی، ناموّیی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٤

٤- کـەریم شـەریف قەرەچـەتانی، هەنـدێك نەخۆشـی و گرفتـی دەروونـی و کۆمەلایـەتی، چـاپخانەی زانکـۆی سەلاحەددین، هەولێر، ئابی ١٩٩٩

٥- کەمالّ مەعروف (د)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپخانەی ژین، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣

٦- مەنوّچیهر موحسنی، و کۆمەلێك نووسەر، دەروازەکانی کۆمەل ناسی، دەزگاو چـاپی بلاوکردنـەوەی موکریـان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٢

٧- هەلگورد بەرزنجی، ناموّیی نەتەوەیی، وەزارەتی روّشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨

ب- فەرهەنگ:

٨- گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ١، ١٩٩١

٩- هەژار، فەرهەنگ هەنبانە بۆرینە، (کوردی – فارسی)، تهران، ١٣٤٩

پ- گۆڤار و ڕۆژنامە:

١٠- ئازاد صبحی، روّشنبیری شۆرشگێر و کێشەی ناموّبوون، گ(نۆژەن)، ژ(٢)، تشرینی یەکەم، ١٩٩٢

١١- تەلار کمالّ مدحت، ناموّبوون لە لای هەرزەکاران، گ(سایکۆلۆژیا، ژ(٣)، بنگەهێ ڕاوێژکاری، چارەسـازی و ڕەوشنبیریا ڕەوانکی – جڤاکی، دهوّك، ٢٠٠٥

١٢- سەرکەوت پێنجوێنی، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێ ی کوردی تاراوگەدا، گ(رامان)، ژ(٤٨)، ٢٠٠٠

١٣- عەبدوللا ڕەحمان، تەکنیك لە ڕۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك، (١-٢)، گ(رامان)، ژ(١٤٦)، ٢٠٠٩

١٤- فەرمان حەسەن سالح، مروّڤ و ناموّ بوون، گ(رامان)، ژ(٢٤)، ١٩٩٨

ت- نامەی ئەکادیمی:

١٥- شیرین سەعید محەمەد سەعید، ناموّیی لە شیعرەکانی شێرکوّ بێکەس دا، نامـەی ماسـتەر، کوّلێـژی زمـان، زانکوّی سلێمانی، ٢٠٠١

دووەم: به زمانی عەرەبی:

أ – کتێب:

١٦- احمد محمد الزغبی(د)، علم نفس النمو(الطفولة والمراهقة)، دار زهرا، عمان، الاردن، ٢٠٠٢

١٧- حسن محمد حسن حماد (د)، الاغتراب عند اريك فروم، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٥

١٨- ريتشارد شاخت، الاغتراب، ت- كامل يوسف حسين، ط١، المؤسسة العربية، ١٩٨٠

١٩- ريمون بودون و فرانسوا بوريكو، المعجم النقدى فى علم الاجتماع، ت- وجيه اسعد، ج١، الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠٠٧

٢٠- سالم بيطار(د)، اغتراب الانسان و حريته- دراسة فلسفية، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، ٢٠٠١

٢١- شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثربولوجيا، ط١، مطبعة جامعة الكويت، ١٩٨١

٢٢- عبد القادر موسى المحمدى، الاغتراب فى تراث صوفية الاسلام، دراسة معاصرة، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠١

٢٣- كمالَ الدسوقى، ذخيرة علم النفس، م١، الدار الدولية للتوزيع والنشر، القاهرة، ١٩٩٨

٢٤- ميشيل دنكن، معجم علم الاجتماع، ت- د. احسان محمد حسين، مطبعة دار الحرية، بغداد، ١٩٨١

٢٥ - يوسف حمه صالح (د)، الاغتراب النفيى و علاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد – دراسة ميدانية فى مدينة اربيل، بحوث معاصرة فى علم النفس، دار دجلة، عمان، ٢٠٠٨

ب – نامەی ئەکادیمی:

٢٦- روضة بني بلال بن عمر المولد، الاغتراب فى حياة ابن دراج وشعره، رسالة ماجستير، كلية اللغة العربية وادابها، جامعة ام القرى، ٢٠٠٧

٢٧- سرور عبدالرحمن عبدالله، بنأ الشخصيات فى روايات غسان كنفانى (دراسة نقدية)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤

٢٨- شريف مهنى عبده محمود، دراسة الاغتراب وعلاقته بمستوى الطموح لدى طلاب الثانوى العام و الفنى والصناعى، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، ٢٠٠١

٢٩- محمد ذنون زيتو، الحصار الاقتصادى و الاغتراب الاجتماعى و اثرها فى سلوك الطلبة، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ١٩٩٨

٣٠- ميديا ابراهيم فتاح، مظاهر التمرد الاجتماعى لدى الشباب، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٨

سێیەم: دیمانە تایبەتییەکان:

٣١- چاوپێکەوتن لەگەل رەشاد میران (د)، کۆمەلناس، لە کۆلێژی پەروەردە – بەشە مرۆڤایەتیەکان، پێنج شەممە، ٢٠٠٥/١٢/٢٩، کاتژمێر (١٠) ی سەر لە بەیانی

الملخص

نال مفهوم الاغتراب قدراً كبيراً من التنوع والاختلاف نتيجة لاختلاف الدارسين لـه في التوجهـات والزوايـا التي نظروا منها إليه، بيد أن أغلب الدرسات التي تناولتـه هـي دراسـات أجريـت في مجـال علـم الـنفس وعلـم الاجتماع انطلاقاً من مكوني الاغتراب الذاتي والاجتماعي، وقد تكون هناك بعض الاشارات الى الاغتراب من منطلقات اخرى لكنها تبقى مجرد اشارات مبثوثة هنا وهناك دون ان ترتقي الى مستوى الدراسات الاكاديمية.

هذه الدراسة موسومة بـ (الاغتراب في روايـة (دوانامـةي ديوةرةيـةك)) لـ (صـلاح عمـر) تسـعى الى بيـان مفهوم الاغتراب في معانيه المتنوعة المتباينة،مع ذكر انواعه واسبابه، فضلاً عـن الاشـارة الى السـمات المكونـة للشخصية المغتربة، وقد اعتمدنا رواية (دوانامةي ديوةرةيةك) مادة للتطبيق واستفدنا في ذلك من جنس الروايـة بصورة عامة.وكان المنهج المتبـع هـو المـنهج الوصـفي التحليلـي الـذي وجـدناه ملائمـاً لطبيعـة عملنـا في هـذه الدراسة.

أما فيما يخص هيكل البحث فهي تتكون من مقدمـة ومبحـثين، خصـص المبحـث الاول للتعريـف بمفهـوم الاغتراب وبيان انواعه واهم اسبابه، بينما خصـص المبحـث الثـاني للكشـف عـن الاغـتراب في رواية(دوانامـةي ديوةرةيةك) وختمت الدراسة ببيان اهم النتائج التي توصلت اليها الدراسة ثم ثبت بالمصادر والمراجع المسـتخدمة فضلاً عن ملخص باللغتين العربية والانجليزية.

Abstract

Strange liness as a term has different meanings. But still it is more a psychological and a sociological concept. Because till now the researches done on strangeliness have been conducted about psychologically and sociologically.

The research is about strangeliness in the novel (***dwanamay dewarayak***) of Salah Omer in which strangeliness is talked about as a multi-meaningful concept. Then, terms definitions, types and strange people are shown.

The method used here is descriptive and analytical. This research consists of two sections apart from the introduction and conclsion.

The first section is devoted to the clarification of terms, definitions and types of strangliness while the second one point out and deal with the types of srangliness in the novel. At the end, there are alist of sources and an abstract in Kurdish and Arabic.

سێکس و پیری و گۆشەگیری
لە شیعرەکانی هێمندا (١٩٦٨– ١٩٨٦ز)

د. فەرهاد قادر کەریم
زانکۆی گەرمیان

پێشەکی

بەمەبەستی ئەوەی زەمینەیەکی زانستانە بۆ چوونە نێو کرۆکی توێژینەوەکە خۆش بکەین، بە گرنگی دەزانین تیشك بخەینە سەر هەندێ ڕووداو و لایەنی ژیانی شاعیر، کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەم قۆناغ (١٩٦٨-١٩٨٦) ەوە گرێدراون، سەرەتاش وای بەباش دەزانین ئەو ڕاستییە بەرچاو بخەین، کەوا چەوساندنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن ڕژێمی (محەمەد ڕەزا شا) وە لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە، بە جۆرێك بۆ شاعیرێکی وەکو (هێمن) درێژەدان بە ژیان لە سایەی ئەو ڕژێمەدا بوو بە کارێکی سەخت و دژوار، بۆیە لە ئاکامدا وەکو خۆی دەڵێت:- ((ناچار بە پیری، سەری خۆم هەڵگرت و بە داری دەستی ڕووم لە ولاتی غەریبایەتی کردو دەستم لە ژن ومناڵ و کەسوکارو یارو دیار هەڵگرت)) . (١)

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، کە ئەو ڕووداوە لە تەمەنی (٤٧) ساڵەی شاعیر، واتا لە ساڵی (١٩٦٨) دا ڕوویداوەو لە ئەنجامیدا هەموو کەسوکارەکەی بە هاوسەرو کوڕە تاقانەکەیەوە جێهێشتووەو و ڕووی لە ولاتی عێراق کردووە، ئەم ژیانە نوێیەی شاعیر تاساڵی (١٩٧٩) درێژەی کێشاو دواتر گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان، تاکۆتایی ژیانی لەناو زێدی خۆیدا ژیا.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لەو ماوەیەدا گەلێك ڕووداوی گشتی و تایبەتی ڕوویانداوەو کەم و زۆر، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریان کردووەتە سەر باری دەروونی شاعیرو لە دەقەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوەو دەکرێت ببنە هەوێن بۆ چەند توێژینەوەیەکی زانستی.

لەم توێژینەوەیەماندا، کە میتۆدی رەخنەی شیکارییمان گرتووەتەبەر، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی خودی شاعیرو بە سەرنجدان لە بەرهەمەکانی، هەوڵدەدین لە ڕەنگدانەوەی هەر سێ تەوەری (سێکس و پیری و گۆشەگیری) لە شیعرەکانی سالانی (١٩٦٨- ١٩٨٦) ی شاعیر بدوێین و بیانخەینە بەر تیشکی شیکردنەوەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەوە، هەڵبژاردنی ئەو سێ تەوەرەش بەستراوە بە ڕووداو و تەمەن و دۆخە دەروونییە تایبەتییەکانی شاعیر لەو سالانەدا، کە بەبڕوای ئێمە لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە کاریگەرییان بەسەر داهێنانە شیعرییەکەیەوە هەبووە، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەدا، هەوڵماندواوە سوود لە سەرچاوە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەکان وەربگرین.

هەرچەندە ئەو سێ لایەنە (سێکس و پیری و گۆشەگیری)، گەلێك جار بەوپێیەی دەبن بە هۆکارو ئەنجام بۆ یەکتری تێکەڵی یەکتر دەبن، بەڵام بەمەبەستی ئەوەی وردتر لە بارەیانەوە بدوێین، هەوڵدەدین بە سەربەخۆیی ئاوڕیان لێبدەینەوە.

تەوەری یەکەم: سێکس

سێکس وەك هەر غەریزەیەکی تر پێویستی ژیانی مرۆڤە، بەبڕوای هەندێك لە زانایانی سایکۆلۆجیاو بەتایبەتی (فرۆید)، سێکس لایەنێکی دیاری (نەست) پێکدەهێنێت و پاڵنەری سەرەکییە بۆ داهێنان (٢)، بۆیە لەڕوانگەی سێکسەوە دەیانڕوانییە دەقی شیعری و شیکردنەوەو لێکدانەوەیان بۆ وێنەکانی دەکرد (٣) .هەرچەندە دانانی سێکس بە تاکە پاڵنەری داهێنان لەلایەن زۆرێك لە دەروونناسان و بەتایبەتی خوێندکارەکانی خودی (فرۆید) لەوانە (ئەدلەر) ڕەتکرایەوەو بە یەکێك لە پاڵنەرەکان دانرا (٤)، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەو باسکردنی هۆکارو ئەنجام و کاریگەرییەکانی سێکس بوو بە جێگەی مشتومڕی گەلێك لە زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، جا لەبەر ئەوەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەرهەمی مرۆڤەو دەروون و کۆمەڵ لە داهێنانیدا ڕۆڵیان هەیە، دەبینین لە بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیشدا بایەخی پێدراوە، لەم ڕووەوە دەوترێت:- ((لایەنێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەمریکی جەخت لەسەر سێکس دەکات و بە هێزێکی ئاراستەکەر لە ژیان و بەرهەمەکانی نووسەردا دەیزانێت)) . (٥)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوەو بە زانینی دروست بوونی بۆشایی سێکسی لە ژیانی (هێمن) ی هەست ناسك و جوانی پەرست بەهۆی ئاوارەبوونییەوە، بەرهەمە شیعرییەکان دەبنە کەرەستەی توێژینەوەکە، لەمبارەیەوە سەرەتا پێویستە تێڕوانین و تێگەیشتنی (هێمن) بۆ ژن و سێکس بزانین، لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت: - ((پیاو وەختێك دەتوانێ ژن دەرك کا، کە ئیزدیواجی کردبێ، یانی

ژنی هه‌بێ، ئه‌و ده‌می ده‌توانێ ده‌رکی کا.. پێم وانییه له دڵداریدا پیاو بتوانێ ئه‌و ته‌جروبه‌یه بێته ده‌ستی وه‌کو ژندارێك هه‌یه‌تی..... من پێم وایه دڵداری له‌گه‌ڵ سێکسدا پەروه‌رده ده‌بێ و ده‌ڕواته لای سه‌روو)) . (٦)

به‌مجۆره ده‌یه‌وێ پێمان بڵێت من (هێمن) دوای هاوسه‌رگیری کردنم زیاتر له ژن گه‌یشتم و سێکس له‌لام بوو به پێویستی ژیان، ئه‌مه‌ش له‌نێو کۆمه‌ڵگایه‌کی پاریزگاری وه‌کو کورد له‌و سه‌رده‌مه‌داو بۆ شاعیر و سیاسییه‌کی وه‌کو (هێمن) ده‌بێته حه‌قیقه‌تێك، که که‌س نه‌توانێت نکۆڵی لێبکات. به‌مه‌به‌ستی ئه‌وه‌ی سه‌ره‌تای ڕەنگدانه‌وه‌ی وێنه‌ی سێکسی له شیعره‌کانیدا ده‌ستنیشان بکه‌ین، ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ دیوانی شاعیر، له‌و کاره‌شماندا ته‌نها له هه‌ردوو ده‌قی (به‌هاری لادێ ١٩٤٣، تۆم هه‌ر له‌بیره ١٩٤٤) دا، که پێش ژنهێنانی نووسیوونی، هه‌ندێ وێنه ده‌بینین هه‌ستی سێکسیان تێدا بێت:-

- به‌هاری لادێ (٧) :

وه‌ره ئێره‌و ببینه نازی بێری و ده‌سبزێوی شوان
بچۆ ناو ڕەشبه‌ڵه‌ك بگوشه ده‌سی دۆی ناسك ونازدار

- تۆم هه‌ر له‌بیره (٨) :

ته‌نانه‌ت وه‌ختی ده‌سبازی له‌گه‌ڵ یار
ئه‌من ئه‌ی نیشتمان تۆم هه‌ر له‌بیره

ئه‌مه‌ش به به‌راورد له‌گه‌ڵ ده‌قه‌کانی پاش ژنهێنانیدا شتێکی زۆر که‌م و ساده‌یه، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی ده‌قی یه‌که‌م زیاتر باس له ژیانی لادێ ده‌کات و ده‌قی دووه‌میش له‌دایکبووی هه‌ستی نیشتیمانپه‌روه‌رانه‌ی شاعیره، به‌واتا هیچ یه‌کێك له‌و ده‌قانه ناوه‌ڕۆکێکی دڵداربیانه‌یان له‌خۆ نه‌گرتووه، هه‌روه‌ك ئه‌و وێنانه ئه‌زموونێکی ساده‌ی گه‌نجانه‌یان پێوه دیاره. ئه‌مه‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌و بۆچوونه‌ی شاعیردا، که له‌سه‌ره‌وه له‌باره‌ی سێکس و ژنه‌وه خستمانه‌ڕوو، یه‌کده‌گرێته‌وه‌و دروستی ئه‌و ڕایه‌ی ده‌سه‌لمێنێت.

به‌مجۆره له‌دوای هاوسه‌رگیری کردنی شاعیر له‌سالّی (١٩٤٦) ه‌وه ڕەنگدانه‌وه‌ی وێنه‌و چیژی سێکسی له‌نێو ده‌قه‌کانیدا ڕوو له زیادبوون ده‌کات، ئه‌م لایه‌نه ئه‌گه‌ر تاپێش ئاواره‌بوونی له‌سالّی (١٩٦٨) وه‌کو حاڵه‌ت ببینرێت، ئه‌وا له‌و ساڵه‌وه ده‌بێته دیارده‌یه‌کی زه‌قی سه‌رنجڕاکێش. ڕوونتر بڵێین کاریگه‌ری دوورکه‌وتنه‌وه‌ی له هاوسه‌ره‌که‌ی بۆشاییه سێکسییه‌که‌ی گه‌وره‌تر کردووه، بۆیه زۆربه‌ی زۆری ئه‌و وێنانه‌ی ڕەنگپێدەره‌وه‌ی لایه‌نی سێکسین، له به‌رهه‌مه‌کانی دوای ژنهێنانی و به‌تایبه‌تی ماوه‌ی ئاواره‌یی (١٩٦٨ – ١٩٧٩ز) دا ده‌بینرێن، هه‌روه‌ك به‌دووری نازانین ئاوێته‌بوونی هه‌ردوو بابه‌تی (دڵداری و سیاسی) له یه‌ك ده‌قدا، که وه‌کو سیمایه‌ك له شیعری (هێمن) دا سه‌رنج ڕاده‌کێشێت

ئاکامی ئەو بارە بێت، شاعیر خۆی لەبارەی ئاوێتەبوونی ئەو دوو ناوەڕۆکەوە دەڵێت:- ((شیعر ئەگەر تام و خوێیەکی تێدا نەبێت شیعرێکی سیاسی وشکە، بەلامەوە زۆر خۆش نییە...ئەو تەجروبەیەی منی چاکتر کردووە، کە شیعرە سیاسییەکانیشم تام و بۆنێکی دڵداریان هەبێ)) . (٩)

کەواتا ژیانە ئاوارەییەکەی شاعیر بووە مایەی ئەوەی دەقە شیعرییەکانی بە جۆرێکی تر بنەخشێنێت و خوێنێکی تازەیان بکاتە گیانەوە، زۆربوونی وێنەی (سێکسی)، یەکێکە لە سیما دیارەکانی بەرهەمەکانی ئەو سالانەی، ئەم بۆچوونەمان لە بەر تیشکی زۆرێك لە دەقە شیعرییەکانی ئەو سەردەمەیدا ڕوونتر دەبێتەوە، کە کەم و زۆر بە وێنەیەك یا زیاتر ئەو دیاردەیەیان تێدا بەدیدەکەین، لەوانە دەقەکانی: (جێژوان ١٩٦٨، شەنگەبێری١٩٦٨، ئامێزی ژن ١٩٧٠، فریشتەی پەڕیوە ١٩٧٢، لەبیرم مەکە١٩٧٣، یادم بکەن١٩٧٣، شەوگاری تەنیایی١٩٧٤، شەوی شاعیر١٩٧٤، بناری هەڵگورد١٩٧٤، پەیامی رانەگەیەندراو ١٩٧٤، نالەی جودایی ١٩٧٤، ئێوارەی پایز ١٩٧٤، ماچی خودایی ١٩٧٦، دەستی تەزیو١٩٧٦، زیندەبە چاڵ ١٩٧٦، کوانێ، جوانی بەس نییە، خۆزگە ١٩٧٧، چاوێلکە ١٩٧٧، عیشق و ئازادی ١٩٧٧، سوڕی دەوران ١٩٧٨، شەرابی خەست ١٩٧٨، ڕێژنە ١٩٧٨)، کە چەندین وێنەی وەکو (گوشینی مەمك، هەڵمژینی لێو، گەستنی لێو، هەڵگوشینی ران، باوەش پێداکردن، لە ئامێز گرتن، گوشینی کوڵم و ڕان، ماچکردن، تێك هەڵدەنگوون هەناسە.... هتد) یان تێدایە، بۆ نموونە لە دەقی (ئامێزی ژن) دا (١٠)، دەڵێت:-

جاران پەناگەی شەوانم
ئامێزی ئاوەلاێ ژن بوو
گەرمی ونەرمی ئەو ئامێزە
مایەی حەسانەوەی من بوو
دەردی ژیان ڕەنجی خەبات
ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش
بەشەو لە ئامێزی ئەودا
هەموم دەکردن فەرامۆش

شاعیر لەم دەقەدا، باس لەو بۆشاییە دەکات، کە ژیانی ئاوارەیی بۆی دروستیکردووە، لەو باجە دەدوێت، کە بەهۆی هەڵبژاردنی ڕێگەی خەبات و کوردایەتیەوە دەیدا.ئەویش دوورکەوتنەوەو بێ بەشبوونیەتی لە چێژو ژیانی ژن و میێردایەتی. بەتایبەتی چێژی سێکسی، هاتنی کاتی (شەو) لەپاڵ

شـوێنی (ئـامێزی ژن) دا ئـەوەمان پێدەگەیـەنێت. هـەر لێـرەدا پێویسـتە ئـەوەش وەکـو تێبینیـەك بخەینەڕوو، کە هەستکردنی شاعیر بە تەنیایی زۆرتر لەشەواندا گەیشتووەتە لووتکە، جا ئەگەر تەنیایی شاعیرو خامۆشی شەو هۆیەکی ئەو حاڵەتە بێت، ئەوا بەبڕوای ئێمە کـرداره سێکسـییەکە (بەوپێیـەی زۆرتر لە شەودا ئەنجام دەدرێت) هۆیەکی تر بووە، ئەمە بە ڕوونی لە دەقی (شـەوی شـاعیر) دا (١١)، دەبینرێت: -

کـێ دەزانـێ خـەیـاڵی بن لێـفەم
چۆن بە سەر کەوشەنا دەکا شەوپـەڕ ؟
ئـەرێ ئەی بەدری ئاسمانـی جـەماڵ
هیـچ دەزانـی چـلـۆنە حاڵی مـن ؟

بۆشایی سێکسی شاعیر لەم دەقەدا، گەیشتووەتە چڵە پۆپـە، وشـەکانی (کەوشـەن، شـەوپەڕ) کـە یەکەمیان بە واتای (سنوور) و دووەمیان بە مانای (فڕینی شەو: بەتایبەتی فڕین و نبوونی مێکـەو لـە دەست نێرەکەو) دێت، خـەیاڵی بـن لێفـەی شـاعیر لەپەیوەنـدی سێکسـیدا چـڕەکەنەوە، بـەو پێیـەی هاوسەری شاعیر لەو دیووی سنوور (ئێران) بووە.

هەنـدێ لـە دەروونناسـەکان، پێیانوایـە ناتـەواوی دیـوی دەرەوەی داهێنـەر دەبێتـە مایـەی دەوڵەمەندکردنی دیوی ناوەوەی، بە واتا شـاعیر بەداهێنانەکـەی قـەرەبووی ناتەواوییەکـەی دەکاتـەوە. (١٢)، ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە تەماشای وێنەی ناو ئەم دێڕە بکەین:-

شەو هەتا ڕۆژ لە کونجی تەنیایی
وەك هیلال ئـاوەلاّیە باڵی من ؟

ئەوەمان بۆ ڕوونـدەبێتەوە، کەوا لەشیعری کوردیداو بەتایبـەتی لـە شـیعری کلاسـیکیدا، زۆربـەی کات (برۆ) بە (هیلال) چوێنراوە، بەڵاّم (نەست) ی شاعیر بـەهۆی بۆشـاییە سێکسـییەکەوە داهێنـانی کردووەتـە بـاڵای وێنەکـەو بـۆ یەکـەمجار ئـاوەلاّیی (بـاڵ)، بـە (هـیلال) دەچـوێنرێت. دێڕەکـانی دواتـر تاڕادەیەکی زۆر هەنگاوەکانی کرداری سێکسمان بۆ ڕوونـدەکەنـەوە، (بـاوەش پێـدا کـردن، لێـو مـژین، گوشینی مەمك..... بگەمـە کـاوی دڵ - دوا هـەنگاوە-)، ئـەو پرۆسـەیەی شـاعیر نایگـاتێ و بـە (دەیەوێ، دەمەوێ) بانگەوازی بۆ دەکات و بە ئەندێشە ئاوێزانی دەبێت:

گیـانە ! هـێشتاکـە دانـەمـرکاوە
ئاگری عیشقی توند و سەرکەشی من

لـەشی گەرم و گوڕی دەوێ هـەر شەو
بـــۆیە وا ئـــاوەلاێـــە بـــاوەشی من
لیـــێوی وشـك و بـە باری من دەیەوێ
هـــەڵـــمژێ لـــێوی گـۆشتن و ئـاڵت
دەستـــی ساردو تـەزیوی من دەیەوێ
بیـــگوشێ مەمـــکی وەك بەهێی کاڵت
دەمـــەوێ بـــەو سمـــێڵە زووڕانـــەم
ئـــارەقـی سـینـگ و بـاخەڵت بسڕم
دەمـــەوێ بســـکە نـەرمەکەت بـگـرم
دەمەوێ چاو لە چـــاوەکـــەت بـــبڕم
دەمەوێ گوێم لە دەنگی نـەرمت بـێ
دەمەوێ هەست بـکەم هەناسـەی تـۆ
دەمەوێ من بـگـــەم بـــە کـــاوی دڵ
دەمـــەوێ دابـمرکـــێ تـاســـەی تۆ

لێرەدا هەریەك لە دەربڕینەکانی (دەیەوێ، دەمەوێ) کە لە زۆربـەی دێڕەکانـدا دووبارەبوونەتـەوە، فراوانی بۆشاییەکە دەگەیەنن، شاعیر ئەوە دەزانێت، کە بەرامبەرەکەشی هەمان بۆشایی هەیەو چـێژی پرۆسەکەش بە بەشداریکردن و پێویسـتی هـەردوو ڕەگەزەکـە تـەواو دەبێـت و دەگاتـە لووتکـە، بۆیـە دەڵێت: (دەمـەوێ دابمرکێ تاسەی تۆ) .

جا ئەگەر شاعیر لە دێڕە کۆتاییەکانی دەقی پێشـوودا، ئومێـدێکی هێشـتبێتەوە، ئـەوا لـە دەقـی (زیندە بەچاڵ) (١٣)، کە (٢) دوو ساڵ دواتر نووسیویەتی، ئەو ئومێدەش نامێنێت بۆیـە (نەسـت) ی شاعیر ڕستەی پرسیاری (تا کەی؟) هەڵدەبژێرێت تا بیکاتە پاش سەروای دەقەکە، دووبارەبوونەوەی ئەم ڕستەیەش فراوانتر بوونی بۆشاییە سێکسییەکەی دەنوێنێت: -

پڕ نـــەبێ جامی بەتاڵم تاکەی؟
نەشەکـێ بـاڵی خەیاڵم تاکەی؟
هـــاوسەرو دەســـتەمـلانی ژانم
گـیانەکەم ! نایەوە بـاڵم تاکەی؟

شـەو لە تـاریکی و بێدەنگـیدا
ڕۆژەکـەم بۆ تـۆ بنالّم تاکەی ؟
.....
هەر لە ماچی دەمەکەت بێ بەش بم ؟
لـێوی وشك و دەمی تـالّم تاکەی ؟
هـــەوەسی گـەستنی کولّمەم تاچەند؟
ئـــارەزووی مشتنی خـــالّم تاکەی ؟

ئـەو گەورەتربوونـەی بۆشـایی سێکسـی وەکـو لەسـەرەوە باسـمان کـرد، لـە وێنـەکانی تریشـدا ڕەنگیداوەتەوە، لەبەر ئەوە لەپاڵ کاتی (شـەو)، لێـرەدا (ڕۆژ) یـش بـە بۆشـایی پیشـاندراوە، هـەروەك هاتنی کردارەکانی (گەستن و مشتن) لەگەڵ (کولّم، خاڵ) دا زۆر تامەزرۆبوونی شاعیر دەگەیەنن.

هەمان دیـاردە لـە دەقـی (شـەوگاری تـەنیایی) دا (١٤)، خـۆی دەنوێنێـت، ناونیشـانی دەقەکـە دەروازەو کرۆکـی باسـەکە پێکـدەهێنێت، لەلایـەك تـەنیایی و لەلاکـەی تـر (شـەو)، بۆیـە ئاسـاییە بەلامانەوە بەم دێڕانە دەقەکە بنیات بنێت:-

سـتـــەمـــکاری منی دوورخستەوە لەو یـــارە شیرینەم
ئیـــتر مـــن چۆن ڕقی زۆرم لە ئـــازارو ستـــەم نابێ ؟
.....
وەرە ناو بـــاوەشی گـــەرم وگـــوڕو پڕ تـــاسەو مەیلم
ڕەدیفیش تێکبچێ پێمخۆشە من دەستم لە مـــەم دابێ
وەرە با هەڵـمـژم ئەو لێـــوە شیرینە بە کەیفـی خـــۆم
لـــە پاش ئەو تاڵییە با من دەمێك شەکرم لە دەم نابێ
پەلەت بێ، چاوەڕێتم، زوو وەرە، بەس خۆت بخافڵێنە
هەزار جار (هێمن) یش بم بۆ ویسالّـت چـۆن پـەلەم نابێ ؟

ئەگەرچـی هـەر جارێـك (هـێمن) هاتبێتـە سـەر باسـی خۆشەویسـتی نیشـتیمان و خۆشەویسـتی ئـافرەت، تـای تـەرازووی بـەلای خۆشەویسـتی نیشـتماندا شـکاندووەتەوە (*)، بـەلاّم تـەنیایی و بـێ هاوسەری لە ئاوارەییدا وای لێدەکەن بەپێچەوانەی حاڵەتی پێشووەوە ئـەم دەقـە بـالاّ پێبکـات، دێـڕی یەکەم (ستەمکاری منی دوورخستەوە لەو یارە شیرینەم...)، بە واتا دیـارترین هـەوێن بـۆ ڕقـی زۆری

شاعیر له سته‌مکاری، دوورخستنه‌وه‌یه‌تی له یار (١٥) . له‌مه‌شدا بێبه‌شبوونی له لایه‌نه سێکسییه‌که گه‌شترین شته، که سه‌رنجی شاعیری بۆ لای خۆی راکێشاوه، دووباره‌بوونه‌وه‌ی ڕسته‌کانی (وه‌ره، زوو وه‌ره، پەلەت بێ، چاوەڕێتم، پەلەمە) و هاتنی دەربڕینەکانی (گەرم و گوڕ، پڕ تاسەو مەیل) لەگەڵ (باوەشی شاعیر) و (بەکەیفی خۆم) لەگەڵ (هەڵمژینی لێو) دا، تاسەو حەسرەتی شاعیر بۆ پرۆسەی سێکس دەردەخەن، هەر ئەو بارە دەروونییە نائارامەیە وا دەکات لە وشەی (هێمن)، هونەری جوانکاری (پۆشین) مان بۆ پێکبهێنێت، چونکە دوو واتای هەیە، واتای نزیکی (نازناوی شاعیر) ە و واتای دووری (ئاوەڵناوی هێمن) ە، لێرەدا زیاتر مەبەستی لە واتا دوورەکەیە.

ئەگەر لە هەندێ لەو دەقانەی سەرەوەدا بە ڕاستەوخۆ هەست بەو بۆشاییە سێکسی و تەنیاییەی شاعیر بکرێت، ئەوا لە دەقی (بناری هەڵگورد) دا (١٦)، کە بۆ خۆی گێڕانەوەی خەونێکە شاعیر بینیویەتی، هەمان دیاردە بەناڕاستەوخۆ بەدیدەکەین، ئەم دەقە ئەو بۆچوونەی دەروونناسانمان بیر دێنێتەوە، کە پێیانوایە ((خەون بەدیهاتنێکی ڕازی بەخشی ئارەزووە چەپێنراوەکانە)) . (١٧)، چونکە ((هەندێ لە خەونەکان بەلایەنی کەمەوە ڕێگەیەکی ئاسان فەراهەم دەکات، کە دەمانگەیەنێتە نەست و هەروەها باری ئاگایی لە ژیانی ژیریماندا، ئەوەش ئامرازێکی یارمەتیدەری باشە بۆ تێگەیشتنمان لە خود و پەیبردنمان بە شتە ناوەکییەکان)) . (١٨)، بە واتایەکی تر خەونیش وەکو شیعر وایەو لە (نەست) ەوە زەخیرەی بۆ دێت و هەردووکیان پانتایەکی فراوانن بۆ نمایشکردنی ئارەزووە چەپێنراوەکان، ((کاری سەرەکی لە ئەدەب و خەوندا بریتییە لە ڕزگارکردنی ڕەمزیانەی غەریزە لە گرێ و بەندەکانیان، خەون و شیعر هەردووکیان زادەی ئارەزووی سێکسیانەی بەدی نەهاتوون و لە نەستدا خەفەکراون و نەهاتوونەتە تێربوون)) . (١٩) بۆیە ئاساییە بەلامانەوە کاتێک ئەم دەقەی شاعیر بە کۆمەڵێک وێنەی سێکسی دادەپۆشرێت:-

پـــۆلێکی پـــەری شل ومل
بەر موورو مـلوانکە لە مل
.....
یەکێک خۆی لە پاڵ دەخـزاندم
یەک یەخـــەی بـۆ دەتـرازاندم
یەک بە ناز خۆی ڕێ دەخـستم
یەک مەمکی دەنا لە مسـتم

یەك دەیشێـلام ئـارام ئـارام
یـەك قـانـدە قـدیـلەی دەدام
یـــەك بۆی دەگـــوتم گـۆرانی
بە چریکەی خـۆشی ئـاسمانی
یـەکێك ســەمای بۆ دەکردم
یەك دەستی لە ئەستۆ دەکردم
لەو خـەوەدا هـێشتا لاو بووم
هێشتا بە نموودو بەرچاو بووم
هـێشتا مـابـوو گـوڕو هێزم
هـێشتا گـەرم بـوو ئـامـێزم
هـــێشتا پێم دەکرا دەسبازی
گـــــراویـــم دەکـــــردن ڕازی

دێڕەکانی سەرەوە، دیمەنەکانی نـاو خەونەکـەی شـاعیرمان پیشـاندەدەن، جـوانی و سەرنجڕاکیشـی کچان و ڕەفتارەکانیان لەلایەك و لاویی و بەگوڕو هێزی شاعیر لەلایەکی ترەوە، هەروەها دوو لایەنی تر سەرنجمان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، یەکەمیان وەکو دیارەو وشەی (پۆل) ئاماژەی بۆ دەکـات کچـەکان کۆمەڵێکن، دووەمیان زۆرتر کچەکان دەستپێشخەرن لە وروژاندنی حەزی سێکسی شاعیردا، ئـەو دوو لایەنەش پێمان دەڵێن بەدی نـەهاتنی حـەزو ئارەزووەکـانی شـاعیر لـە واقیعـدا دەرگـای بینینـی ئـاوا خەونێکی لە بەردەمـدا کردووەتـەوە. بـە ئاگاهـاتنی شـاعیر لـە خەونەکـەی و وەسـف کردنـی واقیعـە تایبەتییەکەی ژیانی، مەبەستەکەمان ڕوونتر دەکاتەوە:-

لە پڕ لەو خەوە ڕاچەنیم
بە حاڵی زارم پێـکەنیم
لەنێو مـاڵێکی بێ ژنـدا
لە بن لێفێکی چڵکنـدا
.....
تازە کوا خەو دەمباتەوە ؟!
هــەستام وە بیرم هـاتەوە

ئــاواره‌م و دووره وه‌تــه‌ن
بێ ته‌مالّ و سه‌لّت و ڕه‌به‌ن
سه‌رم وڕه‌و گیــانم دێشــێ
کــه‌س نییه نــازم بکێشێ

وه‌کو ده‌رده‌که‌وێت، یه‌کەم دیمەنی واقیعه‌که‌ی، که پێشانمانی ده‌دات (له نێو مالێکی بێ ژندا) یه، هه‌روه‌ها (بێ ته‌مالّ و سه‌لّت و ڕه‌به‌ن) یش ته‌نیایی و بۆشاییه سێکسییه‌که‌ی ئه‌و سالأنه‌ی ده‌رده‌خات، بێگومان ته‌واو بینینی خه‌ونێکی خۆش له‌ناو واقعێکی تالّ و له ژیانێکی ئاواره‌یی و ده‌ربه‌ده‌ریدا، بۆ هه‌ست ناسکێکی وەك (هێمن)، که ناڕامی و پیری سه‌رتاپای ته‌نی بوو کارێکی شادهێنه‌ره، به‌لأم دڵنیابوونی له‌وه‌ی (تازه کوا خه‌و ئه‌مباته‌وه؟)، بێ ئومێدی ده‌کات، بۆیه له هه‌ندێ ده‌قی تردا پەنا ده‌باته به‌ر خۆزگه‌و خه‌یاڵ. (٢٠)

ئه‌وه‌ی تێبینی ده‌که‌ین، له به‌رهه‌مه شیعرییه‌کانی حه‌فتاکانی سه‌ده‌ی ڕابردووی شاعیردا، بۆشاییه سێکسییه‌که زەقتر به‌رچاو ده‌که‌وێت، به‌تایبه‌تی ئه‌و ده‌مانه‌ی له شاری (به‌غدا) بووه، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت، که شاعیر له‌و ژینگه‌یه‌دا زۆرتر هه‌ستی به نامۆیی و ته‌نیایی کردووه، به‌تایبه‌تی تریش ئه‌و دیارده‌یه له به‌رهه‌مه‌کانی سالأنی (١٩٧٤) و دواتردا گه‌شتر ده‌رده‌که‌وێت، به‌واتا هاوکاته له‌گه‌ڵ پاشگه‌زبوونه‌وه‌ی ڕژێمی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی عێراق له ڕێکه‌وتنامه‌ی (١١) ئازار، که له ئاکامیدا نسکۆی شۆڕشی لێکه‌وته‌وه، له‌و باره‌یه‌وه (هێمن) خۆی ده‌ڵێت:- ((که ئاشبه‌تاڵ ده‌ستی پێکرد ئه‌من یه‌ئسێکی گه‌وره دایگرتم، شیعری (سازی ناساز) هی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یه، که ناهومێدبووم..... من دوو جار غه‌ریبیم به‌سه‌ردا هاتووه، من له ئێراق کۆمه‌ڵێك دۆست و ئاشنام له‌خۆ خڕکرده‌وه، که‌چی له‌پڕا به‌غدا له کورد چۆڵ بوو، کورده‌کانی خۆشمان ئه‌وانه‌ی ئێران زۆربه‌یان چوونه ئه‌وروپاو من له به‌غدا به‌ته‌نێ مامه‌وه)) . (٢١)

هه‌ر له‌م چوارچێوه‌یه‌دا به‌پێویستی ده‌زانین، ئه‌و خاڵه‌ش بخه‌ینه‌ڕوو، که‌وا ژیانی پڕ له ناخۆشی و نه‌هامه‌تی شاعیرو هه‌ورازو نشێوه‌کانی ڕێگه‌ی خه‌باتی به دوورکه‌وتنه‌وه‌ی له ولأت و خێزان و که‌سوکاری هێنده‌ی تر کاریان کرده‌سه‌ر باره ده‌روونییه‌که‌ی، له به‌رامبه‌ریشدا داهێنانه شیعرییه‌که له‌ڕووی چه‌ندێتی و چۆنێتییه‌وه گه‌شه‌ی ته‌واوی به‌خۆیه‌وه بینی و زۆرتر بالأیان به توانا و ناوبانگی (هێمن) کرد، ئه‌م ڕاستییه‌ش هاوته‌ریبه له‌گه‌ڵ ئه‌و بۆچوونه‌ی، که ده‌ڵێت:- ((به‌ده‌ستهێنانی توانای داهێنان به‌بێ موعانات نابێت)) . (٢٢)، هه‌روه‌ك ده‌رکه‌وتنی ئه‌و لایه‌نی سێکسییه به‌و زەقییه له

شیعره‌کانی، به‌ڵای ئێمه‌وه سه‌رباری ئه‌وه‌ی پێویستی ژیانیی هه‌ر مرۆڤێکه، به‌شێکی ئاکامی ئه‌و موعاناتانه‌یه، که گرێدراون به ژیان و هه‌ڵوێسته نیشتیمانی و نه‌ته‌وه‌یه‌که‌یه‌وه، بێگومان هه‌ر ئه‌و ژیانه پڕ له چه‌رمه‌سه‌ریه‌یه (*)، هه‌نگاوی زوو ڕووه‌و پیربوون به شاعیر ده‌نێت.

ته‌وه‌ری دووه‌م: پیری

پیری دوا قۆناغی ژیانی مرۆڤه، (ئه‌گه‌ر خودا ته‌مه‌ن ببه‌خشێت)، به‌وه پێناسه ده‌کرێت، که ((حاڵه‌تێکه له توانه‌وه، تووشی توانای پێکهاتنی ده‌روونی و کۆمه‌ڵایه‌تی تاك ده‌بێت و ده‌بێته‌مایه‌ی که‌مبوونه‌وه‌ی توانای له‌سه‌ر قۆستنه‌وه‌ی توانا جه‌سته‌یی و ژیری و ده‌روونییه‌کانی له ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی پاڵه‌وپه‌ستۆکانی ژیان به ئه‌ندازه‌یه‌ك، که نه‌توانێت به‌شێوه‌یه‌کی ته‌واو داخوازییه ژینگه‌ییه‌کانی، یاخود ڕاده‌یه‌کی گونجاو له تێرکردنی پێداویستییه جیاوازه‌کانی، به‌دی بهێنێت)) . (٢٣)

به‌مجۆره پیری وه‌کو قۆناغێکی ژیانی مرۆڤ، خاوه‌نی کۆمه‌ڵێك تایبه‌تمه‌ندی و کێشه‌ی ده‌روونیی و کۆمه‌ڵایه‌تیه، که زانایان ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌یان وه‌کو دیارترینیان، ده‌ستنیشان کردووه:-

١. هه‌ستکردن به گرانی قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی که‌م توانایی
٢. چه‌قبه‌ستن له ده‌وری خود (دابڕان له کۆمه‌ڵ- گۆشه‌گیری-)
٣. بێخه‌وی
٤. خه‌می که‌م ماویی ته‌مه‌ن و له مردن نزیکبوونه‌وه.
٥. هه‌ستکردن به بێ بایه‌خبوون.
٦. حه‌ز به ستایشکردنی خود
٧. گومانکردن له که‌سانی تر
٨. که‌مبوونه‌وه‌ی چالاکی سێکسی (٢٤)

جا ئه‌گه‌ر زۆربه‌ی ئه‌و کێشه ده‌روونییانه ڕووبه‌ڕووی هه‌موو پیرێکی ئاسایی ببنه‌وه‌و کار بکه‌نه سه‌ر لایه‌نه ده‌روونییه‌که‌ی، ئه‌وا بۆ ئاواره‌و ده‌ربه‌ده‌رو ته‌نیایه‌کی وه‌ك (هێمن) ی هه‌ست ناسك (*)، که (شینی گه‌لێك گێڕاو شادی که‌م دیوه و خۆشی ده‌ڵێن هه‌یه، به‌ڵام نه‌یدیوه) (٢٥)، بێگومان ته‌نگی پێهه‌ڵده‌چنن و له نائارامیدا نغرۆی ده‌که‌ن.

پێش ئه‌وه‌ی به‌دوای چه‌ندێتی و چۆنێتی ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌م کێشه ده‌روونی و کۆمه‌ڵایه‌تییانه له ته‌مه‌نی پیری (هێمن) دا بگه‌ڕێین، به‌پێویستی ده‌زانین له‌و ڕایه‌ی شاعیره‌وه ده‌ست پێبکه‌ین، که له‌وبازنه‌یه‌دایه‌و ده‌ڵێت:- ((ڕه‌نج و کوێره‌وه‌ری ژیان له (٣٠) ساڵیدا منی پیرکرد، سه‌رو ڕیشم بۆز بوو،

ددانم شاش و واش بوون، چاوم حوکمی کەم بوو، هێزو توانام ڕۆژبە ڕۆژ لە کەمایەسیدا، هەموو شتم بەرەوە نەمان چوو. بێجگە لە هەستی شاعیرانەم کە بە بڕوای خۆم تا ئێستاش هەر لە زێدەییییە و کەمی نەکردووە)) . (٢٦) ئەم وتەیەی شاعیر، دوو ڕوانگە دەگرێتەخۆ:-

یەکەم: داهێنانی شاعیر: بەهۆی هەستی شاعیرانەیەوە بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە.

دووەم: سیمای شاعیر: سەرەتای هەنگاونانی بەرەوە پیری کە بۆ تەمەنی (٣٠) سالّی دەیگێڕیتەوە.

بەپشت بەستن بە پێوەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمە تەمەنێکی زۆر زووە بۆ پیربوون، بۆیە بەلامانەوە پیری شاعیر لەو تەمەنەدا تەنها وەکو سیماو ڕووخسار بووە. ئەو بۆچوونەمان لەبەر ڕۆشنایی بەرهەمەکانی بەگشتی و بەرهەمە شیعرییەکانی بەتایبەتی، ڕوونتر خۆی دەنوێنێت، چونکە لەلایەکەوە بۆ یەکەمجار لە دەقی (چارەنووسی شاعیر) (٢٧)، کە لە تەمەنی (٣٨) سالّیدا نووسیویەتی، سەرەتای سیمای پیربوونی ڕەنگیداوەتەوە:-

بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەمالی تۆ
ئەدی بۆ دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە ؟

لێرەدا دەربڕینی (ڕیشی بۆز) بۆ خۆی درکەیە لە سەرەتای پیربوون، بەمەبەستی جوانکردنی وێنەکە پەنای بردووەتە بەر هەڵگێڕانەوەی پەندێکی پێشینان، کەپێکەوە بە پشتبەستن بە هونەری (چواندنی ناڕاستەوخۆ) بیری دەقەکەیان کاملّ کردووە.

لەلایەکی تریشەوە، (هێمن) هەمان ئەو بۆچوونەی سەرەوەی لە شیعری (فریشتەی پەڕیوە) (٢٨)، کە لە تەمەنی (٥٠) سالّیدا نووسیویەتی، بەشێوەیەکی هونەریی دەربڕیوە:-

سەرنجم گەر دەبڕمە بەژن و بالاّت
کچی جوان! بۆچی ڕوو گرژی چ قەیدی ؟
منم ئەو شاعیرە جوانی پەرستە
کە چاوی من جگە لە جوانی نەیدی
.....
بەلّێ تۆ کیژی، نازداری، لەباری
منیش پیرێکی زورهان و دزێوم
بەلاّم شیرینترە لەو شەکرە لێوە
وشەی کوردی کە هەڵدەڕژێ لە لێوم

لەم دەقەدا، دوو لە کێشە دەروونییەکانی قۆناغی پیری ڕەنگیانداوەتەوە، یەکەمیان هەستکردنی شاعیرە بە بێ بایەخبوون و ڕوو پێنەدانی لەلایان بەرامبەرەوە، کە لێرەدا (کچی جوان) ە و دووەمیان ستایشکردنی خودە، وەک ئەوەی دەربڕینەکانی (شاعیری جوانی پەرست، هەڵڕژانی وشەی کوردی لە لێو) هێمای بۆ دەکەن. ئەتوانین بڵێین ئەم پیربوونەی شاعیر لێرەدا باسی دەکات تاڕادەیەکی زۆر پیربوونی تەواوە، چونکە بە پشت بەستن بە دەقەکانی ئەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە دیاردەی (پیری)، لە دەقەکانی تەمەنی چل سالّی بەرەو ژوور زۆرتر ڕەنگدەداتەوەو گەلێك جار حەسرەتێکی نەبڕاوەیەو هەمیشە ئاە بە شاعیر هەڵدەکێشێت بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ تەمەنی گەنجێتیدا بەراوردی دەکات و بەتایبەتیتریش ئەو دەمەی دڵداری دەبێتە کرۆکی باسەکەو هەستی شاعیرانەی بەرامبەر بە جوانی و خۆشەویستی ئافرەت دەردەبڕێت، لەم بازنەیەدا گەلێك جار دڵ و داهێنانی گەنجێك و سیمای پیرێك سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، وەك لە دەقەکانی (پەری شیعر ١٩٦٣، ناسۆری تەشەنا ١٩٦٧، جێژوان ١٩٦٨، فریشتەی پەڕیوە ١٩٧٢، پەیامی ڕانەگەیەندراو١٩٧٤، بناری هەڵگورد١٩٧٤، سازی ناساز ١٩٧٥، دەستی تەزیو١٩٧٦، جوانی بەس نییە، خۆزگە ١٩٧٧، چاویلکە ١٩٧٧، خەوم نایە، ڕێژنە ١٩٧٨، فرمێسکی ڕونو١٩٨٠) دا دەبینین، بەسەرنجدان لەسالّی لەدایکبوونی ئەو دەقە شیعرییانە، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە زۆربەیان بەرهەمی سەردەمی ئاوارەبوونی شاعیر (١٩٦٨-١٩٧٩) و دواترن. ئەمەش ئاساییە بەلامانەوە، چونکە وەکو وتمان لەوکاتەدا شاعیر تەمەنی (٤٧) سالّ بووەو وردە وردە ڕووەو ئاوێتەبوونی دنیای پیری هەنگاوی ناوە. یەکەم بەرهەمی ئەو قۆناغەی، کە ئەو دیاردەیە بالاّی پێکردبێت، دەقی (جێژوان) ە (٢٩)،کە تیایدا دەڵێت:-

ئەو پەنجەی وا لە بێهێزی دەلەرزێ ← پیری
گوشیویەتی مەمکۆڵەی بالاّ بەرزێ ← لاوی
ئەو ددانەی ئێستێ نەماوە تاقی ← پیری
گەستوویەتی زۆرجار چەنەگەی ساقی ← لاوی
ئەو چاوانەی سۆمایی لێ بڕاوە ← پیری
هێندە لە جوانان داگیراوە ← لاوی
ئەو لێوەی وا ئێستێ باری گرتووە ← پیری
کولّمەی نەرم و نۆڵی یاری گرتووە ← لاوی
ئەو باهۆیەی زەمانە لێی بڕی هێز ← پیری

کـام کێژ جوانه گرتوویه‌تی نێو ئامێـز ← لاوی

ئـه‌و دڵه‌ی وا جوانی ده‌ویست و جوانی ← لاوی

ئێسـتا پـڕه لـه غـه‌م، لـه نـیگه‌رانی ← پیری

ئه‌و پێیانه‌ی شه‌رزه‌ی کردووه کوترو کوان ← پیری

ماندوو نه‌بوو قه‌ت له‌هات و چۆی جێژوان ← لاوی

دیارترین دوو کێشه‌ی ده‌روونی شاعیر، که ئه‌م ده‌قه ئاشکرای ده‌کات، (هه‌ستکردنیه‌تی به گرانـی قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی که‌م توانایی) له‌گه‌ڵ (ستایشکردنی خود) دا، یه‌که‌میان له ئێسته‌ی شاعیر ده‌دوێت و دووه‌میان به‌هێزو گوڕی سه‌رده‌می لاوێتی ده‌نه‌خشێنێت، واتا به‌راوردکردنی ته‌مـه‌ن و توانـای لاوێتـی له‌گه‌ڵ پیریدا بالاێ پێکردووه، نیوه‌یه‌کی دێڕه‌کان دۆخێك ئاشکرا ده‌که‌ن که له‌ئێستای شـاعیردایه‌و بـه خه‌مه‌وه به نیوه‌که‌ی تریان به‌راورد ده‌کات، که پەرده‌ی له سه‌ر ته‌مه‌نـه گه‌نجێتییه‌کـه‌ی هه‌ڵده‌ده‌نـه‌وه. وردتر بڵێین، وێنه‌کانی ناو ئه‌و ده‌قه، به‌ره‌و دوو ته‌وه‌رمان ده‌به‌ن، یـه‌کێکیان وه‌کـو پێشـتر ئاماژه‌مـان پێدا بۆشاییه سێکسییه‌که‌ی شاعیره، ئه‌ویتریان (پیری) شـاعیره، هه‌ربۆیـه (نه‌ست) ی شـاعیر لـه‌وه‌دا ڕۆڵی بینیووه، که هه‌ریـه‌ك لـه (په‌نجـه، ددان، چـاو، لێـو، بـاهۆ، دڵ، پـێ) لـه دوو دۆخـی و کـرداری جیاوازدا وێنه بکێشێت، بـه‌جۆرێك له‌به‌رژه‌وه‌نـدی بـیری ده‌قه‌کـه‌دا بێـت و ئـه‌و دوولایه‌نـه بـه‌و شـێوه هونه‌رییه پێکه‌وه گرێ بدات.

له ڕاستیدا ئاوێته‌بوونی هه‌ردوو لایه‌نی (سێکس) و (پیری) له ده‌قه‌کانی ئـه‌م قۆناغـه‌ی شـاعیردا، وه‌کو دیارده‌یه‌ك زۆرجار سه‌رنجڕاده‌کێشێت، وه‌کـو ئـه‌وه‌ی لـه ده‌قـه‌کانی (جێـژوان، فریشـته‌ی پـه‌ڕیوه، بناری هه‌ڵگورد، په‌یامی ڕانه‌گه‌یه‌ندراو، ده‌ستی ته‌زیو، جوانی به‌س نییه، خۆزگه، خه‌وم نایه، ڕێژنـه، فرمێسکی ڕونو، عیشق و ئازادی) ده‌یبینین، هۆی ئه‌مه‌ش به‌ڕوای ئێمه به‌ستراوه به‌و حه‌قیقه‌ته‌ی، که له‌گه‌ڵ هه‌ڵکشانی ته‌مه‌نی شاعیردا توانای سێکسی داده‌کشێت و که‌م ده‌کات، بۆ جـوان ناسـێکی وه‌ك (هێمن) یش ئه‌م دۆخه مایه‌ی نیگه‌رانییه. بۆیه ئه‌م نیگه‌رانییه که‌م و زۆر له پێکه‌وه گرێدانی هه‌ردوو ته‌وه‌ری (سێکس و پیری) ده‌بینرێت.

به‌مه‌به‌ستی زۆرتر په‌رده هه‌ڵماڵێن له ڕووی ڕه‌نگدانه‌وه‌و کاریگه‌ری کێشه ده‌روونییه‌کانی قۆنـاغی پیری له‌سه‌ر (هێمن)، به‌پێویستی ده‌زانین له چه‌ند ده‌قێکی تـر بـدوێین، یـه‌کێك لـه‌و ده‌قانـه (پـه‌یامی ڕانه‌گه‌یه‌ندراو) ه (٣٠)، که له ته‌مه‌نی (٥٣) ساڵیدا نووسیویه‌تی و تیایدا ده‌ڵێت:-

پەیامی مـن بە گوێی ئەم دولبەرە نازدارە ڕانـاگا
نەسیم (بێسیم) دەبینێ، شل دەبێ بەم کارە ڕاناگا
گـوتی سـەبرت هەبـێ دووبارە دێمە دیتنت ئەما
لـە کـورتیدا تەمەن، وا دیارە بەو دیدارە راناگا
وەکـو پـەروانە دەوری لێدەدەن لاوانی خۆ ولاتی
گـولّی ئـێرە بـە ژوانی بـولبولی ئاوارە ڕاناگا
.....
دەکەی ماچی دەم و لێوان ئەگەر هێزو گوڕێکت بێ
دەنـا جـوانێك بە دەردی ئـاشقی بێچارە ڕاناگا
هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ
ئـێتر دەستم بە داوێنی کـچی ئـەم شـارە ڕاناگا
دەبێ بولبول لەمن فێر بێ غەزەلخوێنی، بەڵام چبکەم؟
گـرفـتارم، چـریـکەم بـەو گـوڵ و گوڵزارە راناگا

ناونیشـانی دەقەکـە بێتومێـدی شـاعیر بەرامبـەر بـە (کـات) دەردەبڕێـت، واتـا خـەمی لـەمردن نزیکبوونەوە ڕەنگڕێژی کردووە، ((سایکۆلۆجیای ئینسانی غەریبیش وەهایە، کە هەردەم لەوە دەترسێ خاکی غەریبی ئاوی گڵی بێت و لە غەریبی بنێژرێت، وەك دەڵێن: (گۆڕ غەریب بێت)، بۆیە هێمن زۆر بێ ئۆقرەیە، لەوە ترساوە لە غەریبی سەر بنێتـەوەو بـە کـامی دڵ نـەگات)) . (٣١) ئـەو نائارامییـە دەروونییە، وا دەکات (ڕاناگا) ببێتە پاش سەرواو بەستوونی لە دەقەکەدا شـۆڕببێتەوە، سـەرباری ئـەو خەمەی شاعیر ئەم گرێ دەروونییانەش ڕەنگیانداوەتەوە:-

١. هەستکردن بە گرنگی پێنەدان و گوێ پێنەدان: وەك ئـەوەی دەربڕینـی نەهاتنـە ژوانـی (گـولّی ئێرە)، کە خواستنە لە (کچانی بەغدا) بۆ (بولبولی ئاوارە)، کە خواستنە لە خودی (هـێمن) و هاتنـە ژوانیان بۆ لاوانی تر، هێمای بۆ دەکات.

٢. نەمانی هێزو گوڕ: وەك ئەوەی دەربڕینی (ئەگەر هێزو گوڕت بێ) و (ئاشقی بێچارە) و (دەسـت بە داوێن ڕانەگەیشتن، گرفتار) ئاماژەی بۆ دەکەن.

٣. هەستکردن بە نیمچە دابڕانێك لە کۆمەڵ و ڕەوتی سـەردەم: ئـەم حاڵەتـە بـاڵای بـە وێنەیـەکی جوان کردووە، کە دوو جوولّەو ئاراستەی دژبەیـەکی تێدایـە، (هـەتا کـۆمتر دەبـێ پشـتم) هێمایـە بـۆ

پیربوونی شاعیرو ئاراسته‌کەی بەرەو خوارەوەیە لە بەرامبەردا (پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ – جۆرێکە لە تەنوورەی کورت)، ئاماژەیە بۆ گۆڕانی مۆدی جلو بەرگی کچان و ئاراستەکەی بەرەوە سەرەوەیە.

٤. ناتەندروستی جەستەیی و دەروونی: وەك ئەوەی دەربڕینەکانی (نەخۆش و دەردەدار، دڵ بریندار، دڵ پڕ ئازار) بیرەکەمان بۆ دەگوازنەوە.

٥. کۆی دەقەکە بە چەقبەستنی شاعیر لە خودی خۆیدا دەورە دراوە، بۆیە چەندین جار بە ڕاستەوخۆ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من، بریندارم، پشتم، دەستم، چبکەم، گرفتارم، چریکەم) بەکاردەهێنێت.

هەروەها لە دەقە بەرزەکەی (نالەی جودایی) دا (٣٢)، کە بە هەستێکی مرۆڤانەی بەرزەوە موعاناتێکی هەمەلایەنەی گەلێکی بەشخوراوو چەوسێنراوی سەدەی (بیستەم) لە بۆتەی موعاناتی شاعیردا تواوەتەوە، ئەو کێشە دەروونی و کۆمەلایەتییانە بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر ڕەنگیانداوەتەوەو پانتایەکی فراوانیان تێدا داگیرکردووە، بە چەشنێك یەکێتییەکی بەهێزی بەخشیوەتە دەقەکەو بە ڕایەلێکی تۆند هەموو پارچە و وێنەکانی پێکەوە گرێداوە.

پێش هەموو شتێك وای بە باش دەزانین، کە بڵێین ناونیشانی دەقەکە (نالەی جودایی) پەردە لەسەر دوو گرفتی دەروونی شاعیر هەڵدەداتەوە، یەکەمیان هەستکردنە بە تەنیایی و دووەمیان نائارامی و ناجێگیری دەروونی و تەندروستییە. کرۆکی دەقەکە زۆر لەوە فراوانتر موعانات و کێشە دەروونییەکانی (هێمن)، کە لەو قۆناغە پیریەی تەمەنیدا بە دەستییەوە نالاندوویەتی، ئاشکرا دەکات، ئەوانیش بریتیین لە:-

١. چەقبەستن لە خود: دیارترین گرێی دەروونی شاعیرە، کە بالاێ بە دەقەکە کردووەو بووتە دەروازەی، کاتێك شاعیر ڕوو لە (ساقی) دەکات و دەڵێت:-

ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە،
ڕوو لە لا من کە بە جامێ بادەوە،
موشتەری وەك من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شادو بە کەیف و بێ خەمن

بەمجۆرە سووڕانەوەی شاعیر لە چوارچێوەی خۆیدا وەکو حاڵەتێك هێندە بەهێزو کاریگەرە، کە لە دەوروبەرو کۆمەڵ دایدەبڕێت و سەراپای دەقەکەی دادەپۆشێت، بە ئەندازەیەك (مەی) بۆ شاعیر حەلاڵ دەکرێت و بۆ ئەوانی تر، کە لە خۆشییەکانی ژیاندا خەنی بوونە، حەرام دەبێت، بەبڕوای دەروونناسان

هۆکاری ئەوەی، کە هەڵچوونەکانی مرۆڤ لە قۆناغی پیریدا خودین، ئەوەیە کە ((ویژدانی خۆی لە بابەت و ڕووداوە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان بە دووردەگرێت و ئاراستەی خودی دەکات)) . (٣٣)

هەر ئەو چەقبەستنەی، وا دەکات ستایشی خۆی بکات و بە خۆیدا هەڵبدات، جا لە ڕێگەی بەراوردکردنی ڕابردوو و ئێستایوە بێت، وەك لەم دێڕانەدا دیارە:-

(لاس) ە شۆڕێك بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگواوم بە تیری چلّکنان

.....

بوومە گەپجارِ و دەکا گاڵتە بە من
ئەو ڕموزنەی زەندەقی چوو بوو لە من

یاخود بە وەسفکردنی خۆی بێت:

قەدری جوانی کوا دەزانێ مالّ پەرەست
جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست

٢. بێخەویی: وەکو لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت:-

یادی یاران و ولاّتم ڕۆژو شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خوردو خەو

.....

شەو دەکێشم شەونخوونی و بێخەوی
ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی

٣. گومان و دوو دڵیی بەرامبەر بە کەسانی تر: ئەم گرفتە کارێکی وا دەکاتە سەر دەروونی شاعیر، گومانی نێگەتیڤانە لە کەسە هەرە نزیکەکانی (کوڕ، هاوسەر، خانەوادە) بکات، کە یادی بکەن و بیناسنەوە، دیارە هۆکاری گومانەکەش ئەو گۆڕانانەیە، کە بەبڕوای شاعیر بە سەر سیماو دەروونیدا هاتووە، بۆیە شێوازی پرسیار بەکاردەهێنێت، بەڵام لە بەرامبەردا هەمیشە ئەوان لە یادو بیرەوەری شاعیردان، وشەی (قەت) ئەو بیرە چڕدەکاتەوە:-

کوردەواری ئەی ولاّتە جوانەکەم!
ڕۆڵەکەم ! خێزانەکەم ! باوانەکەم !

ئەی ئەوانە قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە ؟!

٤ . بێهێزبوون: ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئەم گرفتە دەروونییە ڕەنگیداوەتەوە، وەك ئەوەی لەم دێڕانەدا بەرجەستە دەبێت:-

هەیبێ هێزو گوردو تین و تاوو گوڕ، ناڕاستەوخۆ
ڕۆژگاری ڕەش نەبێ بەختی مکوڕ،
ڕۆژگار هاڕیومی وەك ئەسپۆنی ورد راستەوخۆ
هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کورد

هەروەها زانایان باسی هەندێ کێشەی دەروونیی تری قۆناغی پیریان کردووە، لەوانە ئینکاریکردن و سوورِبوون لەسەر ڕای خۆی (٣٤)، ئەم بارە دەروونییە لەوکاتەدا لای شاعیر دروست دەبێت، کە ئومێدو ورەی بەرز دەبێتەوەو بڕیار دەدات زاڵ بێت بەسەر ئەو کێشە دەروونیانەی باسمان کردن:-

ڕێگەی دەبڕم کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما مەلە
هەر دەپێوم کێوو شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت

ئەو جۆرە سوورِبوونەی شاعیر، دەرگای بە ڕووی ئاماژەدان بەو کێشە دەروونییە دەکاتەوە، کە هەندێ لە زانایان باسیان کردووەو پێیان وایە گرێیەکی دەروونییەو لەلای هەندی کەسی پیر دروست دەبێت، ئەویش (هاندانی خودە) (٣٥) بەمەبەستی سەلماندنی هێزو کەسێتی، ئەم دۆخە وایکردووە، شاعیر (١٦) دێڕی کۆتایی دەقەکەی بە ڕستەی (دێم) دەست پێبکات و تاکۆتایی دەقەکە لە جوواڵەو بزاوت بەردەوامدا بێت:-

تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم

هەر لەو دەقەدا پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو، کە چەپاندنە سێکسییەکەی شاعیر لە سەردەمی لاویدا، لەگەڵ پیربوون و هەستکردنی بە لاوازی توانای سێکسی، سێکس دەکەنە گرێیەکی دەروونی بۆ شاعیرو دەرگا بە ڕووی لەدایکبوونی پۆلێك وێنەدا دەکەنەوە:-

ئـەو کـەسـەی ڕاوی نـەنێن لێرەو لـەوێ
ئەو کـوڕەی ماچـی کچـانی دەس کەوێ
ئەو کەسەی ((دەستی لە مەمکان گێر ببێ))
.....
یەك لـە مـاڵـێ چـاوەڕێ بـوو بـێتەوە
دەرکـی نـێو مـاڵـێکی لێ بکرێتەوە

لەمەوە بە گرنگی دەزانین، ئەوە بڵێین، کە تێرنەبوونی شاعیر لـە حـەزو ئارەزووەکـانی سـەردەمی گەنجێتی و بەتایبەتی ئەو حەزو ئارەزوانەی، کە گرێدراون بە دڵداری و خۆشەویستی ئافرەتـەوە، جـا بەهۆی بارە تایبەتییە خێزانی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە بێت یان بەهەر هۆیەکی تـر، وایکردووە خۆی واتەنی سەرباری پیربوونی هەستی شاعیرانەی زیـاتر بـاڵ بکـات و گـەنج بێتـەوە، بـۆ نموونە یەکێك لەو شتانەی خەم و نیگەرانیان لەلا دروسـتکردووە. ئـەوە بـووە، کـە کچـان وەکـو بـاوك تەماشایان کردووەو ئەم ڕوانینەیان لەگەڵ حەزو ئارەزووی شـاعیردا یـەکی نەگرتووەتـەوە، بـەوەی ئـەم دەیەوێ وەکو دولبەر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوەتا لە دەقی (ماچی خودایی) دا (٣٦)، دەڵێت:-

وەرە بـا هـەڵمژم ئەو لێوە گەرمە!
وەرە با هەڵگوشم ئەم ڕانە نەرمە !
.....
وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی !
کە بێزارم لـە مـاچی سینەمایی!

سەرەتا بەپێویستی دەزانین ڕای خودی (هێمن) لەبارەی ئەم دەقەوە بخەینەڕوو، کە تیایدا دەڵێت:- ((لێرە مەحروومیەتێکی دیکە نیشاندەدا...، چونکە هەر ماچی کچە سولەیمانییان تێری نەدەکردم بـە تەنیا (پێدەکەنێ)، چونکوو باوکانە بوو...ماچی سینەمایی ئەو ماچانەن، کە وەکو بابێك ئەو خەڵکـە منیان ماچ دەکرد)) . (٣٧) ئەمە دانپێدانانێکی جوانی شاعیرە بەوەی ئەویش وەك هەر مرۆڤێکی تر هەست و حەزو ئارەزووی هەیە و پێویستی بە دابینکردنیانە، واتا هەر بە تەنها ماچی باوکانە بۆ مرۆڤ بەس نییە، بەڵکو بۆ شاعیرێکی ئاوارەو دەربەدەر و هەست ناسکی وەك هێمن (ماچی خـودایی) یـش، کە بارگاوییە بە چێژێکی سێکسی، دەبێتە پێویستی.

هەر لەم دەقەوە بە پێویستی دەزانین سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕابکێشین، کە بۆشاییە سێکسییەکەی شاعیر تەنانەت لە فەرهەنگی گەلێك وشەو دەستەواژەو ڕستەشدا ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە لە دەقی (ماچی خودایی) دا تێکڕای دەقەکە بە فەرمانی (وەرە) دەستپێدەکات، دەقی (دەستی تەزیو) بە وشەی (حەیفە) دەستپێدەکات، دەقی (کوانێ) (٣٨) بە ئامرازی پرسی (کوانێ) دەستپێدەکات، هەموشیان تامەزرۆ بوونی سێکسییانەی شاعیر دەگەیەنن، ئەمانەو سەرباری چەندین دەربڕینی وەك (دەمەوێ دابمرکێ تاسەی تۆ، باهەست بکەم گەرمی لەشی تۆ، هەڵمژم ئەو لێوە گەرمە، مەمکۆڵەکەت بگرم لە مستم، دڵی ساردبۆوەم گڕ دەگرێ، هەرچەند لە دینی یەکتر تێر نەبوون، گڕ دەگرێ مەیل و تاسە، نەبێ لەمپەر و نێوان، پەلەت بێ چاوەڕێتم، زوو وەرە، دایکەنە زوو، تاسوخم.....هتد) لە دەقەکاندا هاتوون.

هەروەها پێویستە بگوترێت، هەستی جوانپەرستی بەگشتی و جوانی ئافرەت بەتایبەتی، تا کۆتایی پەنجاکانی تەمەنی شاعیر وایکردووە گیانی داهێنان و زێندووێتی بە بەر دەقە شیعرییەکاندا بکات، ئەمەش بەڵگەی هەمیشە هۆگربوونیەتی بە وەسفی جوانی ئافرەت و چێژ لێوەرگرتنی، واتە پیربوون و بە سالاچوون نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم دەربڕینی هەست و نەستیدا، ئەو نموونانەی خستمانەڕوو، ئەو ڕاستییە دووپاتدەکەنەوە، کە خودی شاعیر خستیەڕوو، بەوەی پەیوەندییەکی پێچەوانەیی لە نێوان (تەمەنی شاعیر) و (داهێنانە شیعریی) دەکەیدا هەبووە، بەوپێیەی هاوکات لەگەڵ داکشانی یەکەمدا دووەم هەڵکشاوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەلێك موعاناتی خودی و بابەتی وەکو ئاوارەیی و گیانی نەتەوەی و ژیانی خێزانی پاڵنەری بوونە و پایە ئەدەبییەکەی بەگشتی و شیعرییەکەی (هێمن) یان بەو ئاستە گەیاندووەو گیانی نەمرییان بەدەقەکانی بەخشیووە. بەبڕوای ئێمە ئەم بۆچوونە تا تەمەنی (٥٩) سالەی شاعیر دروستە، واتا تا کەمتر لە سالێك دوای گەڕانەوەی لە ناوەڕاستی سالی (١٩٧٩) بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان. لەو کاتەش بەدواوە ڕووداو و پێشهاتە تایبەتی و گشتییەکان کار دەکەنە سەر چەندێتی و چۆنێتی داهێنانە شیعرییەکەی، بۆیە لە باسی گۆشەگیریدا زیاتر ئەو لایەنە ڕوونەدەکەینەوە.

تەوەری سێیەم: گۆشەگیری

گۆشەگیری بەوە دەناسرێت، کە ((ئارەزوویەکە لە ویژدانی مرۆڤدا دروست دەبێت و وایلێدەکات واز لە هاوڕێ و هاوکارو ئەوانەی لەگەڵیدا کاردەکەن، بهێنێت و دووربگرێت لێیان و بە تەنیا بێت، لەئەنجامدا چالاکییە کۆمەلایەتی و ئەدەبییەکانی کەم دەکات و خوو بە هەندێ نموونەو دەربڕینی

دیاریکراوه‌وه ده‌گرێت، که له ده‌وری سوودی گۆشه‌گیری و دوورکه‌وتنه‌وه له زیانه‌کانی خه‌ڵك ده‌سووڕێنه‌وه، تێبینی کراوه ئه‌م ڕه‌فتاره لای به ته‌مه‌ن و گه‌نجانیش ده‌بینرێت، به‌تایبه‌تی له‌و کۆمه‌ڵگایانه‌ی له ڕووی ماددی و کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌وه چه‌پێنراون. گۆشه‌گیر ترسی له‌وه هه‌یه له ئاکامی ره‌خنه‌گرتنی له‌بواری سیاسی و ئابووریدا دووچاری ئه‌شکه‌نجه‌و زیندان ببێته‌وه، به جۆرێك تۆمه‌تی ناپاکیی و به کرێگیراویی و پیلانگێڕی بدرێته‌پاڵ، بۆیه ترس و گومانی به‌رامبه‌ر به که‌سانی دوورو نزیك یا دۆست و دوژمن زیاد ده‌کات، له ئه‌نجامی ئه‌وه‌دا هه‌وڵێکی راسته‌قینه‌ی دێته‌کایه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی کۆنترۆڵی پاڵنه‌رو ئاره‌زووه‌کانی خۆی بکات و پێش ده‌ربڕین وته‌کانی هه‌ڵسه‌نگێنێت)) . (٣٩)

له‌ڕوانگه‌ی ئه‌و چه‌مکه‌ی سه‌ره‌وه‌و به‌پشت به‌ستن به‌و ڕووداوه گشتی و تایبه‌تییانه‌ی، که له ماوه‌ی سالانی (١٩٨٠- ١٩٨٦) ڕوویانداوه‌و کاریگه‌رییان به‌سه‌ر ژیانی (هێمن) ه‌وه هه‌بووه، به‌پێویستی ده‌زانین ئه‌وه بڵێین، که قسه‌کردنی ئێمه زیاتر له سه‌ر (گۆشه‌گیری) شاعیره له‌و سالانه‌دا، بۆیه پشت به‌و ده‌قانه‌ی ده‌به‌ستین، که له دوای گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات نووسیونی، سه‌ره‌تاش به گرنگی ده‌زانین باس له ڕووداو و هۆکارو ئه‌نجامه‌کانیان بکه‌ین.

ڕووخانی ڕژێمی (شا) له‌مانگی شوباتی سالی (١٩٧٩) داو هاتنه سه‌ر ته‌ختی ڕژێمی (خومه‌ینی)، دیارترین ڕووداوی سیاسی بوو، که ده‌رگای گه‌ڕانه‌وه‌ی به ڕووی (هێمن) دا کرده‌وه‌و گه‌ڕایه‌وه ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و نزیکه‌ی (٧) سالی کۆتایی ژیانی له‌وێ به‌سه‌ربرد. هه‌ر له‌و سه‌رده‌مه‌دا (حیزبی دیموکراتی کوردستان)، له (٣٠ ڕێبه‌ندانی ١٣٥٨هـ - ١٩٨٠/٢/١٩ز) کۆنگره‌ی (٤) چواره‌می خۆی له‌شاری مه‌هاباد به‌ست و تێیدا (هێمن) به ئه‌ندامی فه‌خری کۆمیته‌ی ناوه‌ندی هه‌ڵبژێردرا، له په‌یڕه‌وی ناوخۆی ئه‌م کۆنگره‌یه‌دا دوو خاڵی سه‌ره‌کی جه‌ختی له‌سه‌ر کرابووه‌وه:

١. هاوده‌نگبوون له‌گه‌ڵ ڕژێمی ئێراندا له‌سه‌ر دژایه‌تیکردنی ئیمپریالیزم.

٢ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌ی گه‌لی کورد به ڕێگه‌یه‌کی ئاشتییانه. (٤٠)

هه‌رچه‌نده له سه‌ره‌تاوه وا پێشبینی ده‌کرا ئه‌و ڕژێمه نوێیه کۆتایی به هه‌موو نه‌هامه‌تییه‌کانی گه‌لی کورد له‌و ولاته‌دا بهێنێت (*)، به‌ڵام ڕۆژگار پێچه‌وانه‌ی ئه‌و پێشبینییه‌ی سه‌لماند، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌ندێ له سه‌رکرده‌کانی حیزبی دیموکراتی ئێران به پێچه‌وانه‌ی زۆرینه‌وه پێیان وابوو هێشتا ده‌رفه‌ت و ئومێد ماوه بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئاشتییانه کێشه‌ی گه‌لی کورد، له ئاکامدا دوو ئاراسته‌و تێڕوانینی جیاواز ده‌رکه‌وتن و حیزبی ناوبراو دابه‌ش بووه سه‌ر دوو باڵی جیاوازدا.

باڵی یه‌کەم، که زۆرینه سەرکردایەتی حیزبیان پێکدەهێنا، پێیان وابوو ڕژێمی ئێران لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورددا نییەو ناکرێت بە ئاشتییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، باڵی دووەمیش، کە کەمینە بوون و (هێمن) یەکێك بوو لەوان، پەیوەست بوونی خۆیانیان بە کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو دوو خاڵەی، کە کۆنگرەی (٤) جەختی لەسەر کردبووەوە، ڕاگەیاندو بە واتا پێیان وابوو دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ماوە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی ئاشتییانە مامەڵە لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بکرێت، هەربۆیە لە ئاکامدا دوای چەند مانگێك و لە کۆتایی بەهاری ساڵی (١٣٥٩هـ -١٩٨٠ز)، لەژێر ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان - پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم)،کە دواتر زیاتر بە (گروهی حەوت کەسی) ناسران لە بەیاننامەیەکی (٢٨) لایەڕەییدا جیابوونەوەی خۆیان لە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) ڕاگەیاند. (٤١) بەبڕوای ئێمە تایبەت بە (هێمن) گەلاڵەبوونی ئەو باوەڕە، ئەگەر بەشێکی لەژێر کاریگەری دۆخە سیاسی و حیزبییەکەی ئەو ڕۆژگارەی ولاتدا بووبێت، ئەوا بەشەکەی تری بەهۆی پیربوون و ماندووبونیەوە بووە لە ڕێگەی دوورو درێژی خەبات و ئاوارەیی، کە بۆ ئەو ڕێگەیەکی پڕوکێنەر بوو. پاشان لەلایەن سەرکردایەتی حیزبەوە ئەندامانی باڵی دووەم بە جاش و خاین و بەکرێگیراو لە قەڵەم دران.

کاریگەری ئەم ڕووداوە لەسەر (هێمن) (*)، بەتایبەتی کاتێك ڕژێمی ئێرانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەر چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانی کورد سوورتر دەبوو و زۆرتر ستەمی لێدەکردن، لەلایەکەوە کاری کردەسەر ئەزموونە شیعرییەکەی و لەلایەکی تریشەوە وای لێکرد تاڕادەیەکی زۆر بێ ئومید بێت و دەستبەرداری سیاسەت بێت و کونجی گۆشەگیری هەڵبژێرێت.

سەرەتاش کەمی بەرهەمی شیعری (هێمن) لەو ساڵانەدا، وەکو دیاردەیەکی زەق سەرنجمان ڕادەکێشێت، کاتێك سەرنجی دیوانەکەی دەدەین، تەنها (٦) دەق دەبینین، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٨٦) دا نووسرا بن، ئەوانیش: (فرمێسکی ڕونو١٩٨٠، خانەنشین١٩٨١، ئاپۆلۆی ماچ ١٩٨٤، شینگێڕی ١٩٨٤، بارگەی یاران ١٩٨٥، تەوری جەور١٩٨٥) ن، بەمەبەستی ئاشنابوون بە بارە دەروونییەکەی شاعیر پێویستە لە ناوەڕۆکی ئەو دەقانە وردبینەوە، سەرەتاش سەرنج لە دەقی (فرمێسکی ڕونو ١٣٥٨/١٢/٣هـ- ١٩٨٠/٢/٢١ز) (٤٢) دەدەین، کە لە ڕۆژانی کۆنگرەدا لەدایکبووە.

لەم دەقەدا، سەرباری دەربڕینی تاسەو خۆشەویستی خۆی بۆ هاوسەرەکەی و یادکردنەوەی سەردەمی لاوی لە بواری دڵداریداو سووربوونی لەسەر دڵتەڕییەکەی:-

تـاوەکو سـاقی ئەجەل نەمداتێ تاڵی نەمان
چاوەبڕکە، دەسبزێوی، ماچی شیرینم دەوێ
ژوانی بن سیلەو پەسیوی لاوەتی یادی بەخـێر
بۆ ئەوەی پیـرانە نەمرم، یادی دێرینـم دەوێ

دێتەسەر باسی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە خەبات و ژیـانی گەلەکـەی و ئـەوە بەرچـاو دەخات، کە ئەو کەسێکی ئاشتیخوازەو لەگەڵ شەڕو کوشتاردا نییەو دەڵێت:-

نـایـەڵن قـەت چـێژی ئـازادی بـچێژم مـن دەنا:
خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ ؟
نـایـەڵـن ئـاسـوودە دانـیشم لە لاپـاڵی چـیام
قاسپە قاسپی خاسەکەو بێ، گرمەیی مینم دەوێ ؟
ئـارەزوومـە هـەرچی ئـینسـانـە بـە ئـازادی بژی
چـۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ؟
....
دەرزی ئـاژن بـوو دڵم لە سوێی شەهیدانی نەمر
بەس نییە، مەودام بدەن تۆزکاڵێ تەسکینم دەوێ

شـاعیر وەکـو گەلەکـەی تینـووی ئاشـتییە، بۆیـە دەقەکـەی ئـەو پەیامـە بلاوەکاتـەوە، کـە لـە هەمانکاتـدا (حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان) لـە پـەیڕەوی کـۆنگرەی چـوارەم و باڵەکـەی (هـێمن) و هاوڕێیانی دواتر بۆ چارەسەرکردنی دۆزی گەلی کورد جەختیان لەسەر کردبووەو لەلایەن دەسەلاتدارانی ڕژێمی ئێرانییەوە بەڵێنیان پێدرا بوو. بەلای شاعیرەوە بـۆ بـەدیهاتنی ئـەو ئامانجـە پـیرۆزە، پێویسـتە ڕژێمی ئێران جارێکی تر دەستی بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد سوور نەکات، وەکو ئەوەی لە هاوینی ساڵی (١٣٥٨ه) بە سەر شارەکانی (سنە، سەردەشت، سەقز، سابلاغ) دا هێنای، بۆیە دەڵێت:-

دێوی شەڕ سمکۆڵ دەکا لێم و دەبۆڵێنێ دەڵێ:
بـۆ لە سەردانی هەموو ئێوە تەورزینم دەوێ
بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لەکینەو داخەوە
هاتە کوردستان گوتی: ڕەجمی شەیاتینم دەوێ
سەقزو سەردەشت و سابلاخ و سنەی کرد غـەرقی خوێن

سـێی تـری ویـستن گـوتـی: بۆ سفره حه‌وسینم ده‌وێ

.....

زۆر به ئاواتم که کوردستانه‌کەم بێ کێشه بێ

ئاشتی خوازم کوا ولاتی پڕ رق و قینم ده‌وێ ؟

ئه‌گه‌ر ده‌قی سه‌ره‌وه، یه‌کەم به‌رهه‌می دوای گەڕانه‌وه‌ی بێت، و بـه تێڕوانینـه سیاسـییه‌که‌ی ئـه‌و رۆژگـاره‌ی ئـاودرا بێـت، ئـه‌وا ده‌قـی (خانه‌نشـین١٣٦٠هـ/١٩٨١ز) (٤٣)، یه‌کـه‌م ده‌قـی دوای جیابوونه‌وه‌یه‌تی لـه (حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان)، تیایـدا گۆشـه‌گیربوونی شـاعیر بـه ڕوونـی خـۆی ده‌نوێنێت و ده‌ڵێت:-

بولبولێك بووم لـه ڕکـه‌یـدا به به‌هـاری ره‌نگین

دوور لـه گوڵزارو له دیداری گـولاڵـه‌و نه‌سرین

کازیـوه بـۆ لـك و پـۆپـی گـوڵی باغی ده‌فڕیم

پـه‌ڕو پـۆم پێوه نـه‌ما نیمه ئیـتر هـێزی فڕین

ده‌سـتی ئـه‌و ڕاوکـه‌ره بـڕزێ که بڕی بازو بڕست

سووڕی سوور گوڵ بده‌م و ڕوو بکه‌مه میـرگی شین

.....

من که بۆ دیتنـی گـوڵ هـێڵی سنوورم ده‌په‌راند

هـه‌ر له سه‌ر هـه‌ق گـوتنی ڕووته کرام خانه‌نشین

تـازه دڵـخه‌سـتـه و پـه‌ڕبه‌سته‌و بێده‌سته‌م مـن

وه‌ره ده‌ر ڕاوکه‌ری دڵـڕه‌ق له که‌لێن و له کـه‌مین

تێپـه‌ڕێ هێنده بـه نـاخـۆشی ئه‌گه‌ر ژینـی دربژێ

خۆزگه سه‌د خۆزگه به وانه‌ی که‌م و ئاسووده ده‌ژین

سه‌ره‌تا پێویسته ئاماژه بـه‌وه بـده‌ین، کـه هه‌ڵبـژاردنی وشـه‌ی (خانه‌نشـین) (*) بـۆ ناونیشـانی ده‌قه‌که نائارامیی ده‌رووني شاعیرو خاوبوونه‌وه‌ی چالاکییه‌کانی ده‌گه‌یه‌نێت، وه‌کو ئاشکرایه مـرۆڤ بـه دوو ڕێگه خانه‌نشین ده‌بێت: (به‌خواستی خۆ) و (به زۆر)، هاتنی وشه‌ی (کـرام) لـه پـێش (خانه‌نشـین) ه‌وه، بـه زۆر خانه‌شـین کردنـی شـاعیر ده‌گه‌یـه‌نێت و بـه‌ڕوای خـۆی خانه‌نشـینکردنێکی ناڕه‌وایـه‌و بـه ده‌رکردنی ده‌زانێت، به‌تایبه‌تی کاتێك به‌راوردی ڕابردووی به ئێستای ده‌کات، واتا له‌لایه‌ك باسی ژیانی

پڕ له وزه‌و خه‌باتی پێشووی خۆی ده‌کات و له‌لایه‌کی تره‌وه گۆشه‌گیری و بێزاری ئێستایی خۆی ده‌رده‌بڕێت، ئه‌و نائارامی و گۆشه‌گیرییه وای لێده‌کات خۆزگه به مردن بخوازێت، ئه‌م خشته‌یه‌ی خواره‌وه دوو باره ده‌روونییه جیاوازه‌که‌ی شاعیر ده‌گوێزێته‌وه:

دۆخی شاعیر له ڕابردوودا	دۆخی شاعیر له کاتی له‌دایکبوونی ده‌قه‌که‌دا
بولبولێکی جوان و گه‌رده‌ی سه‌ر چڵ و پڕپی ره‌نگین (به‌هێزو جوان)	بولبولێکی بی پەڕوباڵ و بێهێزی فڕین (بێهێزو ناشیرین)
چریکه‌ی دنیای ته‌نی بوو (خۆش ئاواز)	ته‌نها نالّه‌ی خه‌مگینی دێت (ئاوازی خه‌مگین)
شینگێڕی هه‌موو سوور گوڵ بووم (که‌س و خه‌ڵوزی هه‌موان- کۆمه‌ڵایه‌تی)	ته‌نها دڕکی پەڕیوه شینم بۆ ده‌کا (بێکه‌س - گۆشه‌گیر)
له‌پێناو بینینی گوڵدا سنوورم ده‌په‌ڕاند (سیاسییه‌کی چالاك)	به ناهه‌ق خانه‌نشین کرام (سیاسییه‌کی به ناچالاك دانراو)
عاشق به ژیان	عاشق به مردن

ئه‌و باره ده‌روونییه نائارامه‌ی وا ده‌کات تا ساڵی (١٩٨٤) بێده‌نگ بێت و هیچ ده‌قێکی شیعری له‌دایك نه‌بێت، پاشان له‌م ساڵه‌دا ده‌قه‌کانی (ئاپۆڵۆی ماچ، شینگێڕی) و له‌ساڵی (١٩٨٥) یشدا (ته‌وری جه‌ور، بارگه‌ی یاران)، دێنه به‌رهه‌م.

له (ئاپۆڵۆی ماچ) دا (٤٤)، به هه‌ستێکی ڕۆمانسییانه‌وه، وه‌سفی کچێکی بالاّپۆش (محجب) مان بۆ ده‌کات و ده‌ڵێت:-

به حیجابی ئیسلامیه‌وه دیم جوانێ
مالّه بابم ئای له‌و خه‌له‌و خه‌رمانه !
.....
که دین نه‌بێ، دینێ ده‌گۆڕێ بۆ تۆ
ئه‌و ته‌رسایه‌ی بێ ترس ڕایموسی خاچ
کچی شه‌رمین به ڕووسووری ده‌نیشێ

لەسەر ڕووی تۆ شەوێکیش ئاپۆلۆی ماچ

له ده‌قی (ته‌وری جه‌ور) دا (٤٥)، دڕنده‌یی ڕژێمی عێراق و زاڵمی (سه‌دام حوسێن)، کرۆکی باسه‌که پێکده‌هێنێت وتیایدا شاعیر سۆزی خۆی بۆ گه‌لانی عێراق به‌گشتی و گه‌لی کورد به‌تایبه‌تی ده‌رده‌بڕێت، له‌گەڵ ئەوەشدا باوەڕی به نەمان و تیاچوونی ئەو ڕژێمە چەوسێنەرە هەیەو دەڵێت:-

دوژمنی کوردی نییه ئەفلەقی دڵڕەق به تەنێ
ڕیشەی خەڵکی عێراقی دەیەوێ هەڵبکەنێ
له عێراق ناژی شتێکی بەری چاوی بگرێ
هەر به تەورێ دەبڕێ زاڵمە نەخل و دەوەنێ
عەرەب وکورد و تورك، ئەرمەنی و ئاشووری
دەگرێ، یا دەکوژێ وەك بوتێ سەجدە نەبەنێ
.....
تازە ڕزگاری لە دەس خەڵکی عێراق دژوارە
هێندەی پێ ناچێ هەموو دەوروبەری لێ دەتەنێ
چی لەدەس نایە ئەگەر خەڵکی عێراق ئەمرۆکە
ڕاپەڕن، یەك بگرن، دەس دەنێ، ڕامالێ دەنێ
ئەمەیە ئاقیبەتی شوومی لەخۆباییبوون
چارەنووسی ئەمەیە دوژمنی خەڵکی وەتەنێ

هەر بەو سۆزە کوردانەیەی دەقی (شینگێڕی) یەکەی (٤٦) ڕەنگڕێژ دەکات، کە بەهۆی بۆردمانکردنی شاری (بانە) لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق لەساڵی (١٩٨٤) دا نووسیویەتی، تیایدا تیشك دەخاتەسەر دڵڕەقی و بێبەزەیی و زۆرداری ڕژێمی بەعس، بەوەی زیانی بە سروشت و خەڵکی ئەو شارە گەیاندووە، هەروەك چۆن بووەتە سەرچاوەی کاولکاری بۆ کوردانی باشوریش، تیایدا دەڵێت:-

بانە وێرانە جگەر بریانە
لەش سڕە دڵ پڕە چاو گریانە
بەم بەهارە گوڵی وێ پەڕپەڕ بوون
وا بە دەردی خەزەڵی پایز چوون
جەرگی مێلاقە لە داخان ڕەشبوون

ئەشکی شللیّرە وەرین وگەش بوون

.....

تێدەگا خەڵکی مەگەر مێشکی ڕزیو

چ دەکا بەعسی بە کوردی ئەو دیو

ئەم قەلاّدزەی بە شەهید مەشهوورە

هەر بە ناپاڵمی بەعس خاپوورە

ئەو دوو دەقەی سەرەوە (تەوری جەور)، (شینگێڕی)، سەلیّنەری زیندوویّتی هەستی کوردانەی (هێمن) ن، بەوەی نەیتوانیوە لەبەرامبەر چەوساندنەوەی گەلەکەی (لەلایەن ڕژێمی عێراق) لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێت، بێدەنگی هەڵبژێرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەوە بڵێین، کە هەمان سۆزو گوڕو تینی دەقەکانی کۆتایی سالاّنی شەستەکان و حەفتاکانی شاعیری تێدا دەبینین، هەروەك چۆن نە بە ڕاستەوخۆ و نە بە ناڕاستەخۆ ئاوڕی لە دڕندەیی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەو سالاّنەدا نەداوەتەوە، جا ئەمە ئەگەر هۆکارێکی پیربوونی شاعیرو وشکبوونی سەرچاوە شیعرییەکەی بێت، ئەوا هۆکارێکی تری بەستراوە بەو خاوبوونەوە سیاسییەی، کە لە ئاکامی گۆڕانکاریە سیاسییەکان و باوەڕبوونی بە گۆڕینی شێوازی خەباتکردن لەو سالاّنەدا لەلای دروستبوو بوو و تاڕادەیەکی زۆر گۆشەگیرێکی سیاسییانەی کرد.

لەدەقی (بارگەی یاران ١٩٨٥) دا (٤٧)، خاوبوونەوەو دەستەمۆبوونی شاعیر لە ژیان و نەمانی هێزو تینی سالاّنی پێشووتری گەشتر خۆی دەنوێنێت، ئەمەش وا دەکات شاعیر ڕستەی پرسیاری (من چ بکەم؟)، بکاتە پاش سەروای دەقەکەو بڵێت:-

ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم

کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندە خەوان من چ بکەم ؟

شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم نالّەم دێ

دێتە گوێم دەنگی (گەلۆ) و (نیوەشەو) ان من چ بکەم ؟

بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوو یاران

لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم ؟

جا ئەگەر لەم دەقەدا ناڕاستەوخۆ دان بە خاوبوونەوەی سیاسی خۆیدا بنێت و خۆی بە تەنیاو جێماو لە کاروانی خەبات بزانێت (*)، ئەوا لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە هەمان سالاّدا لەگەڵیدا

ئه‌نجامدراوه ڕاسته‌وخۆ ئه‌و بیره ده‌رده‌بڕێت، کاتێك ده‌ڵێت:- ((ئێمه له کوردستانی ئێراندا شۆڕشه‌که‌مان... ئه‌گینا شوێنی من ئێره نییه، جێی من پەنا بەرده، دەبوو له پەنا بەرداندا بمرم نەك لێرەدا)) . (٤٨)

له‌لایه‌کی تره‌وه، شاعیر خۆی دانی به‌وه‌دا ناوه، که به‌رهه‌مه شیعرییه‌کانی ئه‌و سالانه‌ی له ڕووی چه‌ندێتی و چۆنێتییه‌وه له ئاستی پێویستدا نین، بۆیه ده‌ڵێت:- ((به هه‌زار زه‌حمه‌ت توانیومه له‌و به‌ینانه‌دا شیعرێك له‌سه‌ر حیجابی ئیسلامی بڵێم (مه‌به‌ست له ده‌قی ئاپۆلۆی ماچه)، که پێموایه شیعرێکی خراپ نەبێ)) . (٤٩) نەك هەر ئه‌وه به‌ڵکو دان به وشکبوونی کانیاوه شیعرییه‌که‌شیدا ده‌نێت، بۆیه له شوێنێکی تردا ده‌ڵێت:- ((هیچی نوێم نییه، ئێستا شیعر نانووسم، وازم له شاعیری هێناوه، هه‌ر بۆیه ئێستا به‌خۆم نالێم شاعیر، به‌رهه‌می من ئه‌وانه‌ن که له ڕابردوودا بڵاوم کردوونه‌ته‌وه و ئه‌وانه‌ن به‌رهه‌می ژیانی من)) . (٥٠) ئه‌م وته‌یه‌ی شاعیر دروستی ئه‌و بۆچوونه‌مان ده‌سه‌لێنێت، که خستمانەڕوو، به‌وه‌ی ئه‌زموونه شیعرییه‌که تا له ئاوارەیی (عێراق) دا ژیاوه بالای کردووه‌و پڕبووه له داهێنان و زیندوویتی، له‌وماوه‌یه به‌دواوه ئاسته‌که‌ی دابه‌زیوه.

سه‌رباری ئه‌و گۆڕانه له‌چه‌ندێتی و چۆنێتی به‌رهه‌مه شیعرییه‌کانی و ئه‌و باره نائارامه ده‌روونییه‌ی، که تێدا ده‌ژیاو جۆرێك له خاوبوونه‌وه‌ی سیاسی له‌لا دروست کردبوو، بۆ ئه‌وه‌ی درێژه به خزمه‌تکردنی گه‌له‌که‌ی بدات، (هێمن) ڕێچکه‌یه‌کی تری خه‌بات ده‌گرێته‌به‌ر، که ئه‌ویش خه‌باتی ڕۆشنبیرییه، له‌م وته‌یه‌ی شاعیردا ئه‌و ڕاستییه خۆی ده‌نوێنێت، کاتێك ده‌ڵێت:- ((له‌م گۆڤار –سروه- ەدا یان بڵێم له کوردستانی ئێراندا پتر ڕوو له ئه‌ده‌ب ده‌که‌ین و سیاسه‌تمان بۆ ئێوه‌ی کوردستانی ئه‌ودیو (مه‌به‌ستی له باشووری کوردستانه) به‌جێهێشتووه)) (٥١)، ئه‌م هه‌نگاوه‌ی به‌رده‌وامبوونی له خزمه‌تکردنی گەل و نیشتمانه‌که‌ی ده‌گه‌یه‌نێت، هه‌روه‌ك کارو هه‌ڵوێست و به‌رهه‌مه‌کانی ئه‌و چه‌ند ساڵه‌ی ژیانی، ڕاستی ئه‌م بۆچوونه‌مان ده‌سه‌لێنن و له هه‌مانکاتدا کورتیی تێڕوانین و ته‌ماشاکردن له گۆشه‌نیگای ته‌سکی حزبییانه‌ی هەندێ له سه‌رکرده‌کانمان بۆ ڕووندەکاته‌وه، که پێیانوایه هه‌ر که‌سێك بیرو بۆچوون و هه‌ڵوێستی وه‌کو ئه‌وان نه‌بێت مانای وایه دژبیانه!.

به‌رهه‌می ئه‌و ڕێچکه‌یه‌ی (هێمن)، دامه‌زراندنی ده‌زگای (ئینتیشاراتی سه‌لاحه‌ددینی ئه‌ییوبی) بوو له شاری (ورمێ) له ساڵی (١٩٨٤ز) دا، که له ڕێگه‌یه‌وه چه‌ندین به‌رهه‌می وەك دیوانه‌کانی (نالی و وەفایی و حەریق و..هتد) چاپ و بلاو کرده‌وه‌و دواتریش به ده‌رکردنی گۆڤاری (سروه) پانتایی خزمه‌ته‌که‌ی فراوان کرد، به‌و پێیه‌ی گەشه‌ی به ڕەوتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامه‌گەری کوردی له ڕۆژهه‌ڵاتی

کوردستان دا. هەر بەو گیانەوە تادوا ساتەکانی ژیانی لە (١٩٨٦/٤/١٨) دریژەی بە خزمەتکردنی رەوتی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری کوردی داو ناوی خۆی لە پەڕاوی نەمراندا تۆمارکرد. (٥٢)

ئەنجام

١. ئاوارەبوونی هێمن، کە لە (٤٧) ساڵی تەمەنییەوە دەستیپێکردو نزیکەی (١١) ساڵی خایاند (١٩٦٨-١٩٧٩)، لەپاڵ هۆکارگەلێکی گشتی و تایبەتی ژیان و سەردەمەکەیدا، رۆڵی کاریگەریان بینی لە بالاکردن بە پایە ئەدەبییەکەی و دەوڵەمەندکردن و بەرەو پێشبردنی ئەزموونە شیعرییەکەی لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە.

٢. بۆشاییە سێکسییەکەی شاعیر، لەپاڵ چەپاندنی سەردەمی لاوێتی، کە بەهۆی بارە تایبەتییە خێزانی و ئایینی و کۆمەلایەتی و سیاسییەکەیەوە بووە، بووەتە هۆی دەرکەوتنی وێنەی سێکسی لە شیعرەکانی ئەو سالانەی (١٩٦٨-١٩٧٩) و وەکو دیاردەیەکی زەق زۆربەیانی رەنگڕێژ کردووە.

٣. ئەگەرچی شاعیر پێیوایە نەهامەتییەکانی ژیان، وایانکرد تەمەنی (٣٠) ساڵی ببێتە سەرەتای هەنگاونانی بۆ نێو قۆناغی پیری، بەڵام لەبەر تیشکی دەقە شیعرییەکانیدا بۆمان ڕوونەبێتەوە، کەوا لەهەندێ دەقی کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا وێنەی پیری شاعیر دەبینین، بەڵام رەنگدانەوەو کاریگەری ئەم دیاردەیە وەکو خەمێك لەلای زۆرتر بۆ کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی تەمەنی دەگەڕێتەوە، بە واتا لە ساڵانی ئاوارەبوونیدا پیری لەلای دەبێتە خەم و حەسرەتێکی نەبڕاوە.

٤. هەستکردن بە گرانیی قەرەبووکردنەوەی کەم توانایی، چەقبەستن لە خود، بێخەوی، خەمی کەم ماویی تەمەن و لە مردن نزیك بوونەوە، هەستکردن بە بێ بایەخبوون، گومانکردن لە کەسانی تر، لاوازبوونی چالاکی سێکسی...هتد، لە دیارترین ئەو کێشە دەروونییانەن، کە کاریان کردووەتەسەر شاعیر، ئەم بارەش گەلێك جار دەرگای بەراوردکردنی سەردەمی لاوی و پیری لەبەردەمدا کردووەتەوە، بەتایبەتی لە بواری هێزو دڵداری و ڕابواردندا، بۆیە زۆر جار (سێکس و پیری) لەلای دەبنە دووانەیەکی پێکەوە گریدراو و هەندێ جاریش گۆشەگیری دەکەن.

٥. شۆڕشی ئێران لەساڵی (١٩٧٩)، دەرگای گەڕانەوەی لەبەردەم شاعیردا کردەوە، لەلایەك هەنگاو و هەڵوێستەکانی ئەو ڕژێمە نوێیە بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد، لەلایەکی ترەوە ململانێ و جیاوازی بۆچوونی سەرکردەکانی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لەمەڕ کارکردنی حیزبی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو رژێمەدا، وایکرد حیزبی ناوبراو ببێتە دوو باڵەوە، (هێمن) لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تردا لەژێر ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان- پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم)

باڵێکیان پێکهێنا، له ئاکامدا هەنگاوەکانی ڕۆژێمی ئێران بەرامبەر بە کێشەی کوردو هەڵوێستەکانی حیزبی ناوبراو لەمەڕ ئەو جیابوونەوەیە، لەپاڵ پیری تەمەندا، شاعیریان تووشی گۆشەگیری و دوورەپەرێزی کرد.

٦.گۆشەگیری (هێمن) هەروەك چۆن کاری کردە سەر ژیانی لە ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٦)، ئاواش چۆنێتی و چەندێتی شیعرەکانی گۆڕی، بەڵام لە ڕێگەی خۆتەرخانکردنی بۆ کاری چاپ وبڵاوکردنەوەو دەرکردنی گۆڤاری (سروە) وە، توانی درێژە بەخزمەتکردنی گەلەکەی بدات.

پەراوێزەکان

١. دیوانی هێمن موکریانی، عێراق - کوردستان، ٢٠٠٥، ل (١١٣) .

٢. بڕوانە: عزالدین اسماعیل (د)، التفسیر النفسي للأدب، دار العودة و دار الثقافة، بیروت، ١٩٦٣، ص (٤٧-٤٨) .

٣. سعد ابو رضا (د)، الاتجاه النفسي في نقد الشعر العربي اصوله و قضایاه، الطبعة الاولی، مکتبة المعارف، الریاض، ١٩٨١، ص (٣٢) .

٤. هەمان سەرچاوە، ل (٣٢) .

٥. هەمان سەرچاوە،ل (٣٣) .

٦. هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، چاپی دووەم، چاپەمەنی و ئینتیشاراتی ڕەهڕەو، مەهاباد، ١٩٩٩، ل (١٣٤) .

٧. دیوانی هێمن موکریانی، ل (١٢٥-١٢٨) .

٨. هەمان سەرچاوە، ل (١٢٩- ١٣٠) .

٩. ڕەفیق سابیرو کەمال میراودەلی، چاوپێکەوتنێکی بلاوّنەکراوە لەگەڵ هێمنی موکریانیدا، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە (٢)، ساڵی (٢٠٠٩)، ل (٤٣٣) .

١٠. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٢١٦-٢١٧) .

١١. هەمان سەرچاوە، ل (٢٥٢-٢٥٤) .

١٢. بڕوانە: سابیر بۆکانی (وەرگێڕ)، لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل (١٩) .

١٣. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٣٣٤-٣٣٦) .

١٤. هەمان سەرچاوە، ل (٢٥١-٢٥٢) .

* لەوانە دەقی (کوردم ئەمن) و (تۆم هەر لە بیرە)، هەروەها دێڕی کۆتایی دەقەکانی (ئامێزی ژن، فریشتەی پەڕیوە) . بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، ل (١١٨، ١٢٩-١٣٠، ٢١٧، ٢٣٤) .

١٥. بڕوانە: عوسمان دەشتی (د) ئامادەکردن، هێمننامە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل (٢٤) .

١٦. هەمان سەرچاوە، ل (٢٥٥-٢٦٠) .

١٧. سعد ابو رضا (د)، ل (٣٢) .

١٨. موسوعة علم النفس للتربية و التعليم – اهداف علم النفس، الجزء السابع، بيروت، ص (١٣٤) .

١٩. سابیر بۆکانی (وەرگێڕ)، ل (٢٠) .

٢٠. بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، ل (٢٩٩، ٣٣٠) .

٢١. عوسمان دەشتی (د) ئامادەکردن، هێمننامە، ل (١٨٥) .

٢٢. عزالدين اسماعيل (د)، ل (٢٩) .

* بەبڕوای ئێمە، ژیانی پڕ نەهامەتی شاعیر وایکردووە کەسێتییەکی قسەخۆش و گاڵتەو گەپچی لێدەربچێت. بڕوانە: د. عوسمان دەشتی، ل (٢١١) .

٢٣. هدى محمد قناوي (د)، سايكولوجية المسنين، الناشر مركز التنمية البشرية والمعلومات، مصر، ١٩٨٧، ص (٥١) .

٢٤. بڕوانە: عبدالعزيز بن علي الغريب (د)، دراسات في علم اجتماع الشيخوخة، دار الخريجي للنشر و التوزيع، الرياض، ١٤٢٤ هـ، ص (٤٩- ٥٠) . هدى محمد قناوي (د)، ص (٥١) .

* زۆربەی تۆژینەوە دەروونناسییەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە ئەو پیرانەی لەناو خێزان و کەسوکاریان دەژین، زیاتر لەوانەی کە بە تەنیا دەژین، لەگەڵ ژیاندا دەسازێن. بڕوانە: هدى، ص (٥٣) .

٢٥. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٢٦٢) .

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل (١١١) .

٢٧. هەمان سەرچاوە، ل (١٨٧-١٨٨) .

٢٨. هەمان سەرچاوە، ل (٢٣٢- ٢٣٤) .

٢٩. هەمان سەرچاوە، ل (٣٥٦) .

٣٠. هەمان سەرچاوە، ل (٢٦٠-٢٦١) .

٣١. محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل (٥٩) .

٣٢. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٢٧٢-٢٨١) . بەڵای مامۆستا (فەرهاد شاکەلی) یەوە، هێمن ئەگەر تەنها دەقی (نالەی جودایی) هەبێ، بەسییەتی. بڕوانە: هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، ل (١٢٣) .

٣٣. هدى محمد قناوي (د)، ص (٥٦) .

٣٤. هەمان سەرچاوە، ص (٥٧) .

٣٥. بڕوانە: عبدالعزيز بن علي الغريب (د)، ل (٤٩) .

٣٦. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٢٩٤- ٢٩٦) . - لەبارەی ئەم دەقەوە، خاتوو (ئەحلام مەنسوور) دەڵێت:- ((مامۆستا هێمن پێیوتم ئەم شیعرە بەشێکی لەسەر تۆم نووسیوە... یەك بڕگە لە ماچی سینەمایی باسی من ئەکا، کە

شووم کرد ئەو برگەیەی بڕی..... ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو، کە ماچی ئەحلام خوداییەو خۆشترە لەو ماچانەی کە لە سینەما ئەیبینین)) . بڕوانە: هێمننامە، ل (٢٩٥) .

٣٧. هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، ل (١٣٠-١٣١) .

٣٨.بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، ل (٢٩٤-٢٩٦) .

٣٩. موفق هاشم صفر الحلبی (د)، الاضطرابات النفسية، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٠، ص (٢٩٠-٢٩١) .

٤٠ . بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو (د) و عبدالله حسن زاده، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل (٣٥١- ٣٧٩) .

* بۆ نموونه (ابو الحسن بنی صدر) ی سەرۆك کۆماری ئێران، لەو گفتوگۆیەی، کە لە (٩ی رەشەمەی ١٣٥٨هـ) لەگەڵ و وەفدەکەی حیزبی دیموکراتی ئێراندا کردبووی، بەرامبەر بە داخوازییەکانی گەلی کورد رەزامەندی دەربڕیبوو، بەڵام دواتر لەلایەن شورای ئینقیلابەوە رەتکرایەوە. بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو (د) و عبدالله حسن زاده، ل (٣٦٠-٣٦٤) .

٤١. هەمان سەرچاوە، ل (٣٧٤-٣٧٩) .

* لە راستیدا دابڕینی نازناوی (جاش و خاین) کاریگەرییەکی زۆری کردەسەر هێمن، چونکە ئەو جگە لە قوربانیدانەکانی، زیاتر لە (١٠) ساڵ (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی) حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. لە ساڵی (١٩٩٧) دوای (١١) ساڵ لە کۆچی دوایی شاعیر، حیزبی ناوبراو، بەو بڕیارەیدا چووەوە لێی خۆش بوو. بڕوانە: ئەحمەد محەمەد قادر و کاروان عوسمان (ئامادەکردن)، هێمن لە نێو ئەدەبدا، چاپی یەکەم،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل (٢٦٨) . عوسمان دەشتی (د)، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی هێمن، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل (٢٤٩) .

٤٢. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٣٤٥- ٣٤٩) .

٤٣. هەمان سەرچاوە، ل (٣٤٩- ٣٥٠) .

* بەبڕوای ئێمە شاعیر بە وشیارییەوە ئەو ناونیشانەی بۆ دەقەکە هەڵبژاردووە، بەو پێیەی وەکو لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە مرۆڤ لە تەمەنی (٦٠) سالێدا خانەنشین دەکرێت، (هێمن) یش ئەو دەقەی لەو تەمەنەدا نووسیوە. بڕوانە: محمد نبيل عبدالحميد (د)، العلاقات الاسرية للمسنين و توافقهم النفسي، الدار الفنية للنشر و التوزيع، ص (٣٩) .

٤٤. دیوانی هێمن موکریانی، ل (٣٥٠) .

٤٥. هەمان سەرچاوە، ل (٣٥٢-٣٥٣) .

٤٦. هەمان سەرچاوە، ل (٣٥٤-٣٥٦) .

٤٧. هەمان سەرچاوە، ل (٣٥١) .

* هەمان تەنیایی و گۆشەگیری شاعیر لەو شیعرەی، کە لە نامەیەکدا لە ساڵی (١٩٨٥) بۆ (کەریم قەییومی) ناردوویەتی، ڕەنگیداوەتەوەو دەڵێت:- بۆ کەریمی ئازیزم... ئەم دوو شیعرەی خۆم، کە زۆر خۆشم دەوێن تۆمار دەکەم:

تەك و تەنیام و عەزیزانم کوان؟
بۆنی گۆڕخانەیی لێدێ جێژوان
نامەوێ پاشی نەمان بۆم بگری
ئێستە ماچم بدەیە کیژی جوان !

بڕوانە: هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، ل (١٩٢-١٩٣) .

٤٨. عوسمان دەشتی (د)، هێمننامە، ل (١٨٣) .

٤٩. هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، ل (١٣٦) .

٥٠. عوسمان دەشتی (د)، هێمننامە، ل (١٨٢) .

٥١. هەمان سەرچاوە، ل (١٨٣) .

٥٢. بڕوانە: عوسمان دەشتی (د)، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلاێەتیی شیعرەکانی هێمن، ل (٣٧-٣٩) .

سەرچاوەکان

- کتێبە کوردییەکان

١. ئەحمەد محەمەد قادر و کاروان عوسمان (ئامادەکردن)، هێمن لە نێو ئەدەبدا، چاپی یەکەم،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩,

٢. سابیر بۆکانی (وەرگێڕ)، لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦,

٣. عبدالرحمن قاسملو (د) و عبدالله حسن زادە، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢,

٤. عوسمان دەشتی (د)، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلاێەتیی شیعرەکانی هێمن، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەلاێت، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥. عوسمان دەشتی (د) ئامادەکردن، هێمننامە، چاپخانەی رۆژهەلاێت، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦. محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. هێمن، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، چاپی دووەم، چاپەمەنی و ئینتیشاراتی رەهەو، مەهاباد، ١٩٩٩.

٨. هێمن موکریانی (دیوان)، عێراق - کوردستان، ٢٠٠٥.

- گۆڤار کان:

١. رەفیق سابیرو کەمال میراودەلی، چاوپێکەوتنێکی بلاۆنەکراوە لەگەڵ هێمنی موکریانیدا، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە (٢)، سالی (٢٠٠٩) .

- کتێبە عەرەبییەکان:

١. عبدالعزيز بن علي الغريب (د)، دراسات في علم اجتماع الشيخوخة، دار الخريجي للنشر و التوزيع، الرياض، ١٤٢٤ هـ.

٢. عزالدين اسماعيل (د)، التفسير النفسي للأدب، دار العودة و دار الثقافة، بيروت،,١٩٦٣

٣. سعد ابو رضا (د)، الاتجاه النفسي في نقد الشعر العربي اصوله و قضاياه، الطبعة الاولى، مكتبة المعارف، الرياض، ,١٩٨١

٤. محمد نبيل عبدالحميد (د)، العلاقات الاسرية للمسنين و توافقهم النفسي، الدار الفنية للنشر و التوزيع، بلا سنة.

٥. موسوعة علم النفس للتربية و التعليم – اهداف علم النفس، الجزء السابع، بيروت، بلا سنة.

٦. موفق هاشم صفر الحلبى (د)، الاضطرابات النفسية، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٠.

٧. هدى محمد قناوي (د)، سايكولوجية المسنين، الناشر مركز التنمية البشرية والمعلومات، مصر، ١٩٨٧.

الملخص

الذاتية من الخصائص البارزة للابداع الشعري عند (هيمن)، ويعد (الجنس و الشيخوخة و العزلة) ثلاثة جوانب مرتبطة بذات الشاعر ونفسه، لذا في هذا البحث حاولنا ان نحلل و نفسر ونقيم الجوانب الثلاثة المذكورة في اشعار (هيمن) بين اعوام (١٩٦٨-١٩٨٦)، واختيار تلك الجوانب مرتبطة بعمر الشاعر و الاحداث و الحالات النفسية التي مر بها في تلك المدة، و باعتقادنا ان هذة الجوانب اثرت في تجربته الشعرية، ولغرض اغناء البحث فقد استفدنا من مصادر نفسية و اجتماعية مختلفة و في الخاتمة عرضنا النتائج التي توصلنا اليها.

Summary

Subjectivity is a prominent feature of poetic invention in Hemin's poems. Sex, senility, and loneliness are three related sides to the poet himself. So, in this study the researcher tries to analyze, explain, and evaluate the three mentioned sides in Hemin's poems during (1968–1986) . Choosing those sides belongs to the poet's age and the events and the psychological cases which the poet faced in that time. To the researcher, these sides affected the poet's poetic experience and in order to enrich the study the researcher benefited from different psychological and social sources. Finally the researcher shows the results he achieved.

صور الجسد ودلالاتها في شعر بلند الحيدري

د. طاهر مصطفى علي
م. سوسن حمزة أحمد
جامعة صلاح الدين - كلية اللغات

المقدمة

هذا البحث محاولة تهدف إلى التعرّف على صور (الجسد) في شعر الشاعر الكرديّ النسب والعربيّ الأدب بلند الحيدري، أحد الروّاد النشطين لحركة الشعر الحرّ في أواسط القرن الماضي، ومن ثمّ استشفاف دلالاتها الجمالية بعد إنتقال الموضوع من إطاره العام (الواقع) إلى أواصر المعاني الأدبية المصورة خياليا بمهارة في الشعر.

لاشك في أن المحدثين والمعاصرين سيّما شعراء قصيدة التفعيلة، قد تشرّبوا بالفلسفات الحديثة وتأثّروا كثيرا بالمدارس الفكرية الغربية ورموزها وبالأخص (الفلسفة الوجودية) التي تعزف في معظم أدبياتها على وتر (الوجود الجسدي) وأنغامه، بحثا عن الوجود التام الذي تنشده فقط في المادة والجسد، كونها تنص على أن الوجود الإنساني وجود جسدي قبل كلّ شيء (١)، فكثر عزفهم على هذا النغم، حتى اتسع المعزوف وطغى على باقي الموضوعات الأخرى، وفي مقدمتهم الشاعر بلند الحيدري.

فالبحث يحاول الوقوف على أبرز تناولات الشاعر وترسيماته لموضوع (الجسد) من خلال آلية التصوير الشعري القائم على الخيال والعاطفة، والمرسوم بالكلمات والوصف التي تتمثل في صورة الجسد الخالد للشهيد والجسد المقتّل والجسد المعذّب والجسد الشرير والجسد المحرّض والجسد الرافض والجسد المرفوض والجسد الجسد (السينمي)، هذا التصوير القائم على التخيّل والإسناد المجازي لتقديم المعاني مصورة، التي وصف سي دي لويس الشعر في هديه بأنه: ((رسم قوامه الكلمات المشحونة بالإحساس والعاطفة))(٢) ووصفه الجاحظ: بأن ((الشعر صناعة، وهو ضرب من النسج، وجنس من التصوير))(٣) وعدّ أرسطو قبلهما الفنون جميعا صورا، لكنّ الذي يميّز بين صورة وأخرى فهو المادة

والوسيلة (٤)، لذلك لا يدرس جمال الشعر وفنيته إلا من خلال عنصر الصورة وتقاناتها هذا العنصر الكفيل بكشف الرغبات الدفينة لصاحب التجربة والبواعث النفسية والوجدانية على إقامتها، وذلك من خلال تقسيم منهجي ماثل في ثمانية محاور، قائم على التحليل والتأويل , واتّباع (منهج التحليل النصي) في الدراسة، ذلك المنهج الذي يتكفّل التقرّب لملامسة الحقائق الأدبية في الظاهرة الشعرية، وإلى جانب هذه المحاور يحتوي البحث على تمهيد نظري وخاتمة بالنتائج، ثم قائمة بالهوامش وأخرى بالمصادر والخلاصتين.

التمهيد

على الرغم من أنّ مسألة التفاوت بين الموضوعات ومدى أهليّتها للتناول الأدبي أوالصياغة الشعرية لم يبق لها اعتبار في الدراسات النقدية والجمالية منذ الحركة الرومانتيكية والمذاهب النقدية، التي انبثقت منها واستقر التوجه النقدي لصالح (التساوي بين الموضوعات)، وأصبح كل موضوع في ذاته مهما كبر أو صغر جدير بالتناول والصياغة الشعرية، إذ العبرة في ذلك بالمعالجة ونوع الأداء لا بشرف الموضوع أو وضاعته.

لكن مع ذلك لا يزال لبعض الموضوعات الإنسانية الأثيرية تأثيرها المتجذر على الوجدان والتخيّل الجمالي لدى النفس الشاعرة سيما فيما يخصّ مسألة (الوجود والعدم) أي وجود الإنسان وفنائه وما يتعرّض له وجوده الماديّ (الجسد) من قهر وعذاب وتذليل.

كما إن لمفهوم الجسد التصاق شديد بالمفاهيم الفلسفية أيضا، فقد تناولته كثير من الديانات والفلسفات القديمة والحديثة بالبحث والدراسة واختلفت حوله الآراء ووجهات النظر الفلسفية، فعندما يراه الإسلام وعاء للروح تراه المسيحية الذات والنفس والشخص كلها(٥)، وفي الفنون للجسد كيان متعدّد الدلالات تتراوح أبعاده بين واقعية ورمزية وخيالية تتجاوز حدودها الطبيعية المباشرة إلى رسائل اتصالية إشارية، فبسبب كل ذلك استأثر الجسد إهتماماً بالغاً من لدن الشعراء في كل العصور، بدءاً بالعصر الجاهلي وحتى يومنا هذا، فزخر موضوعه التراث الشعري كثيرا.

فالقصائد الجاهلية التي ((صوّرت جسد البطل الفارس بشكل مثاليّ يوحي بمعان ومرجعيات أسطورية ودينية اقترنت في مخيلة الشاعر وذاكرته وتمسّكه بها، بتصويره للجسد المثال))(٦)، كون الجسد ((أداة للتعبير عن الذات... عند عجزه عن الأداء))(٧)، بل إن خطابه في حالات المكبوت والعوارض والإضطرابات النفسية أقدر وأفصح من الخطاب اللفظي(٨)، لذلك تحظى البنية الجسدية اهتماما وعناية من قبل الشعراء المعاصرين جميعاً فكانت محطة التناول الشعري لتحقيق أغراضٍ كامنة في

خفايا الذات الشاعرة، وأصبحت الأجساد في تجاربهم بمثابة صور خارجية لهموم داخلية وتداعيات تطفو على سطح الجسد، فكان التناول الشعري للجسد عندهم تعبيراً عن عمق الضغط الداخلي وحالة الإغتراب التي يعيشها الشاعر المعاصر (٩).

كما إن الدراسات الحديثة أولت إهتماما كبيرا بالجسد، حتى أًصبح موضوعا يخترق الكثير من ميادين الثقافة والمعارف فضلا عن الدراسات الشرعية والقانونية، ويستقرّ أخيرا في صلب دائرة الأبستمولوجيا (المعرفة)(١٠)، نتيجة اتّساع مفاهيمه وتنوّع دلالاته، حتى أصبح لموضوعه حضور مكثف في تجارب الشعراء وصورهم قديما وحديثا، ولكن مع الفارق الأسلوبي والرؤيوي بينهم في نوع التناول ودرجته، على وفق المفاهيم والمعايير السائدة للعصور، من حيث حسيّة تصويره عند القدماء ورمزيّته عند المحدثين وقدسيّته عند الرومانتيكيين وثوريته المادية عند الوجوديين.

وفي شعر بلند الحيدري تأتي صور الجسد بخاصية متفردة، إذ هو يتخذ من رسم صور الجسد سبيلا للتعبير عن الواقع السياسي والإجتماعي السلبيين، وتعبيراً عن معاناته الشخصية من جرّاء التألّم بهذا الواقع، فيصبح كل عنصر من عناصر الجسد عنده ((بوّابة للولوج إلى العالم العميق للذات، فهي الطريقة التي يستخدم بها الإنسان جسده من أجل حالات تعبيرية في التفرّد والخصوصية))(١١)، لاسيّما اذا كان في موقع معاناة وألم من الغربة أو من الواقع المتردّي، الذي عاشه وعانى منه الأمرّين، من قهر وسجن وتعذيب وغربة واغتراب، إلى جانب نظرته الوجودية إلى الحياة والوجود والظواهر، مما نتج عن كل ذلك نشيد وجودي ثوري في معظم نتاجاته، تتشعّب فيه صور الجسد عى النحو الآتي:

١- صورة الجسد الخالد(الشهيد):

وهي تلك الصورة المجازية التي تجسّد الحياة المعنوية للشهيد مقابل موته الماديّ، تمجيدا لموقفه المشرّف وعرفانا بعطائه الذي يفوق كل عطاء، وهي ترد في قصائده ضمن صور الموت المادي وعلى نوعين، موت فردي لشهيد بعينه وآخر موت جماعي لشهداء مقتّلين، وكلاهما يصوّر دلالة واحدة، وهي تمجيد الموت المشرّف والخلود المترتّب عليه، ففي الموت الفردي يمجّد الشاعر موت الشهيد وخلوده ويربط موته بالإنبعاث والتجديد، وذلك في إطار صورة قائمة على الحس والحركة، كما في قصيدة (الشهيد) التي يقول فيها:

خسئتم... من قال: مات

لا.... لم يمت.

ما زال صوت خطاه يملأ كلّ عرقٍ،

من عروقي بالحياة / خسئتم.

قد يوهن العياء بعض وهلة / جفونه

وقد يغطّي جرحه المدمّى بعض وهلة / عيونه

لكن يظل في النزف دما يقيت

لا ٠٠ لم يمت

مادام فجر موعد في جرحه يبيت (١٢)

في هذه الصورة الحسية (السمعية الحركية) يصوّر الشاعر الشهيد حيّا يتخيله ويتحسس وقع خطاه الذي يوحي بالوجود والديمومة في الحياة، إذ ينفي عنه حالة الموت نفياً مؤكّداً عن طريق الإستفهام الإنكاري (من قال مات ؟) منذ المانشيت الأوّل في المفتتح، ويثبت له وكذلك لنفسه الحياة ودوام جريانها في العروق بفضله، هذا الشهيد الذي ضحّى بروحه كي تحيا أرواح الآخرين وتسعد، ويعزّز هذا المفهوم بالجانب السمعي عندما يتحسّس صوت خطاه فضلا عمّا يتصوره، وقد أفاد الشاعر هذا من فكرة الخلود الاسلامية التي تنصّ على أن الشهداء أحياء عند ربهم يرزقون، في قوله تعالى: **﴿وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾** (١٣).

فهو يصوّر لنا خلود الشهيد ووجوده بروحه وجسده، ويرينا أنه على الرغم من سقوطه وموته إلا أنه لا يزال عنده في حركة وحياة وخطوات ملؤها الحيوية والثورة، فهو لا يدّعي له الحياة فقط وإنما يخلع عليه صفة المنح والهبة للآخرين، منح الحياة والثورة للآخرين.

ويبرّر شعريا سكون الشهيد وسكوته عن طريق أسلوب أشبه بأسلوب التعليل، من خلال تواز تركيبي (قد يوهن العياء بعض وهلة جفونه) و (قد يغطّي جرحه المدمّى بعض وهلة عيونه)، وتسري في مفاصل التركيبين عدة توازيات أخرى، صرفيّا (جفونه – عيونه) وسياقيا (التقليل والتجويز) وكذلك نسبة الوحدات القولية فيهما.

ويعزّز الشاعر من موقف هذه الصورة ومضمونها بأسلوب التكرار، تكرار صيغة (خسئتم) التي يمكن تسميتها بلوحة (وحدة السيطرة) للقصيدة خمس مرات في خطاب مباشر يوجّهه إلى الخصم، ثم يقول:

ستدركون

ما الذي أبقى لنا مهاجر، صموت

ستدركون

ما الذي خبّأ تحت جفنه السكوت

وكيف أن مسرباً في الليل قد أضاءه تابوت

وكيف ان بعضنا يولد إذ يموت / خسئتم.(١٤)

ثم يرينا أن اللوحة المتشكلة شعريا من السكوت والهجرة والتابوت هذه ليست دليل الموت والفناء، وإنما هي مشهد الحياة بعينها عند الشاعر، إذ ليس كل سكوت موت، وإنما من السكوت ما هو تفكير في الثورة، ومن الهجرة ما هو ارتداد وتمرّد على الواقع السيّء، ولعلّ عند وجود تابوت شهيد يولد طابور من المقاومين، إذن فلم يعد ((الموت هنا فاجعة وجود أو مأساة حياة، بل أصبح واجب الوجود، من أجل إقامة حياة كريمة))(١٥).

فالشاعر بهذه المجموعة من الصور الجزئية المليئة بالحركة وملامح الحياة القائمة على البناء الإرتدادي للمفاهيم جسّد لنا حياة الشهيد بعد غيابه المادي وحياة الآخرين بموته، وجسّد تغلّب الشهيد على ظلام الليل بتابوته الذي سبّب له الإضاءة ودحر الظلام.

ومن صور الموت الخالد عنده أيضا ممّا يشتمل على معاني الفداء والتضحية من أجل الوطن والشعب أو المبادئ والقيم، ما يسير إلى موت شخصيات تأريخية كان في موتها إدامة لحياة الآخرين، ومن هذه الشخصيات (جيفارا، تروتسكي، مانديلا، سنغور)(١٦)، أي إن الشاعر في تصوير الموت لا يتحرّك في مساحة محلية ضيقة، بل يستلهم من التراث الإنساني العام رموزا تأريخية خالدة، فيصوّر في موتهم وغيابهم حياةً وحضورا لشعوبهم، كما في قصيدة (هم... وأنا): -

مُتّ جيفارا... مُتّ جيفارا؟

- قل يحيا / - قل يحيا

- قل يحيا... يحيا تروتسكي... يحيا

- مت... يحيا... مت... يح

- مت... يحيا... فارا... تسكي. (١٧)

إذ وظّف الشاعر ثنائية (الموت/الحياة) المتضادّة لاستحضار معنى الحياة داخل إطار الموت الذي خصّه بهاتين الشخصيتين، ضمن النسيج البنيوي (الفني) للنص من خلال بناء تقابلي قائم على المفهومين، و إن قطبي الصورة الصوتية وتلوّناتها الخطابية تتقابل تقابلاً متساوياً إلى أن تغلب الحياة الموت في المقطع الأخير: (يحيا...فارا... تسكي).

ولعلّ اختياره للرمز في تشكيل الصور يأتي غير منفصل عن سائر أفكار القصيدة وسياقها العام، وإنما تظل أصداؤه تتجاوب في أنحاء القصيدة، مؤكّدة فكرة التضحية والفداء، فلم يأت الرمز عن

تعسّف أو اعتباط وإنما دعت إليه ضرورات نفسية وسياقية لإغناء الفكرة بدلالات الرمز وشحناته العاطفية، ممّا للرمزين من ارتباط بمعاني الصمود والمقاومة والثورة، وما يتطلّبه السياق الشعري هنا من معاني وحدود هذا المفهوم.

وفي تكراره للأسماء تعزيز لما توحيه هذه الأسماء من قيم رمزية، وإلا فالأسماء المجردة لا تحمل في ذاتها قيماً تصل المستوى الفنيّ المنشود، أما تكراره لفعل الأمر: (يحيا)، فقد يكون ((لغرض إفادة التواصل والديمومة بالحدث الأساس))(١٨) درامياً من حيث تواصل الحياة والموت، كما أن هناك إختزالا في السياق اللغوي أيضاً، يتمثّل في تلك الفراغات السارية في فضاء النص (٠٠٠)، التي هي من مميزات أسلوبه الشعري الذي تكمن فيه ((الأبعاد النفسية التي يرمي إليها من خلال أسلوب الإيجاز القائم على الحذف لتركيز انتباه المتلقي على الحدث دون سواه))(١٩)، لأن الحذف ((يفتح مجال الإتساع امام المتلقي في تخيّل الدلالة الإيحائية للألفاظ وتصوّر المعاني المحتملة (٢٠) في الذهن.

وأخيرا فلعلّ جميع صور الجسد يوجهها هدف واحد ومنطلق واحد، وهو بعث الخلود للجسد وتشوير صورها، والإنطلاق في موضوع الموت من الخاص إلى العام، ومن الذاتي إلى الإنساني، كما في صورة الشهيد المسبّب لحياة الآخرين، وفي موت حلبجة إحياء لكردستان وفي موت ولده تجديد ولادة أولاد الآخرين من جديد.

٢- صورة الجسد المقتّل (الموت الجماعي):

وهي عينها صورة الموت الجماعي، من خلال تجسيد صورة فاجعة حلبجة الشهيدة على نحو تسجيل بانورامي مفصّل ومرمّز، متخذا الموقف من الحدث منذ العنوان (لكي لا ننسى)، إيعازا إلى شعبه الكردي بان هذا الخطب هو الحد الفاصل والمشهد الأخير بين الطرفين، إذ يمهّد الشاعر للقصيدة بصورة سردية لذكريات الطفولة الجميلة في بيته الصغير والوديع، ثم بعدها مباشرة ينتقل ويصور مأساة الموت فيه، ويقول:

هبّت ريحٌ مسمومة

نفثتها عينا بومة

لتسمّم كل صغارك يا بيتي.... يا بلدي

قتلت فيمن قتلت... ولدي

سرقت فيمن سرقت... ظلي

الدرب لبيتي أمسى مقبرةً تمتّد لألفي مقبرةٍ

في كردستان

لا شيء سوى الموت وظل الموت

ما من نرجسة تحلم أن تكبر في بستان

ما ترك الأوغاد

الا القتلى ورماد القتلى وسواد دخان.(٢١)

في هذه اللوحة المأساوية القاتمة التي تتنامى فيها صورة القتل دراميا، بدءا بتصوير الأسباب والوسائل بقوله (هبّت ريح مسمومة، نفثتها عينا بومة)، ثم بيان الغاية والسبب: (لتسمّم كل صغارك يا بيتي... يا بلدي)، تتوالى الصور السردية فيها تنامياً مأساويا نحو النتيجة، بنبرة تحسّرية متألّمة، موجهة نحو البيت والبلد والأهل والأمة، وكلها مضافة إلى (ياء المتكلم)، التي تعني (كردستان) التي يصرح بها بعد سطرين في النص، ويقول: (في كردستان / لا شيء سوى الموت وظل الموت)، إذ النتيجة الإبادة الجماعية والتقتيل، وسواد دخان وقتلى واقعون فوق رماد قتلى سابقين، فما يسود الأفق شيء سوى سواد الدخان، دخان الدمار وخراب الديار وحرق البساتين.

ينسج الحيدري تصوير المشاهد على نحو مكثف، هائب هائم بقوله:(قتلت فيمن قتلت....ولدي) و(سرقت فيما سرقت...ظلّي)، لوحة كلها قتل وسرقة لكل ماهو من خصوصيات الإنسان الكردي، أي ما كان يهمّالطاغية قتل ناس معيّنين لجرم ما هو يدّعيه ويختلقه لهم، وإنما قتل الوجود وهدم الحياة فيهم، فاستباح أرواحهم، بلدهم، مدنهم، نباتهم، حيوانهم، كيانهم. وفعلا كانت فاجعة حلبجة الحد الفاصل بين هيبة الكرد وشجاعتهم وخوف الآخرين منهم، وفي الصورة توظف رمزي للفظة (الريح) رمزاً للهلاك والدمار والموت المحتّم، لما تحمله هذه اللفظة من حمولة دلالية وتراثية في الإستعمال القرآني من العذاب والدمار، مقابل لفظة (الرياح) التي تعطي معنى الخير والنماء والعطاء، أما الريح فتفيد الموت البطئ والمطبق عن طريق السموم وفي توظيف الرمزين (ريح وبومة) معا إشارة إلى تضافر نفوس الشر والظلم جاء الرمز بأقل ما يمكن من التفاصيل، في كلمتين، لأن التفاصيل الكثيرة تقتل الرمز وتحوله إلى شيء مألوف وفتوغرافي (٢٢).

والصورة الكلية للقصيدة تماما تجسيد لفاجعة (حلبجة) الشهيدة وعموم كردستان، فالريح المسمومة هي الغازات الكيمياوية بعينها التي كانت ترش كردستان بها، والبومة هي طائرات النظام القمعي الجائر في بغداد، وعزّز الصوت الموحي (للهاء) والتشديد الصارخ (للباء) في الفعل (هبّت) من موقف الصورة عمقاً وإيحاء. لتجسيد فتك الريح التي تسببت بكارثة الموت والدمار الشمولي، وتعميم

الموت على كل ما في الوجود من الأحياء والنبات والجماد، في صورة تشبيهية تجسد هذا الموت الجماعي ويشبه بيته بمقبرة تتسع لألفي مقبرة، بعد أن وصفه في البداية بكل الصفات الجميلة، بل وكل البيوت أمست مقبرة في الصورة" (بيتي أمسى مقبرة تمتد لألفي مقبرة)، كما وصف المكان بالخلو من كل شيء الا الموت وظل الموت في صورة سوداوية قاتمة، وحتى النباتات والورود ماتت ولا أمل لها في النمو ولو في الحلم، وهكذا فالصورة ترسم حجم فداحة موت الجسد تقتيلا لينسحب تأثيره على كل الموجودات بما فيها الإنسان.

وعلى الرغم من هذه الصور الحزينة الكئيبة المليئة بدلالات الموت والدمار، فالشاعر لا يفقد الأمل في عودة الحياة لبلاده فيتوعد الظالم بملاقاة جزائه عاجلاً أم آجلاً، وذلك في صورة تنبّؤ تفاؤلي بالمستقبل، يجعل من عناصر السلب عناصر للثورة ومن أنقاض القتلى آلية المطاردة والمحاسبة وإنزال العقاب بالطاغية والمجرمين في الجزء الأخير من القصيدة، وهو ما نلتقيه ونحلله في صورة الجسد الشرير رابعا.

٣- صورة الجسد المعذّب:

وهي الصورة التي تكون من نصيب المناضلين من أجل التغيير والثورة في ظل الأنظمة القمعية، إذ يقول في قصيدة (إعترافات من عام ١٩٦١)، مصوراً جسداً معذّباً في ثلاث صور:

وعرفتُ بأن الثورة / قد تقلع ظفري

قد تولج شرطياً في صدري.

ولمست أصابعهم في عيني تقول:

أنت الملعون فكن طعما للنار.(٢٣)

فالعناصر (ظفري، صدري، عيني، أصابع) هي مكونات هذه الصورة الجسدية، أما الموقف فهو موقف سلبى، والجسد في الترسيمات الثلاثة في تعذيب وإيذاء، والشاعر من الأول كان يدرك بأن الثورة ثورة محوّرة وتعدل عن جادة الصواب وسترتدّ يوما على الثوار، لذلك أعطى البيان الشعري الأول بالماضي (وعرفت بأن الثورة)، والمقطع زاخر بألوان من التعذيب الجسدي، فالعناصر الثلاثة للجسد المعذّب أي جسد المتكلم، فيما يقابلها عنصر (الأصابع) الذي يخصّ جسد الآخر (المعذِّب)، وصورة قلع الأظافر والولوج في الصدر ورؤية الأصابع في داخل العين جميعها رسم لعمق عذاب الجسد للإنسان الثوري الذي ينشد التغيير، كما تظهر الصور بشاعة أساليب الطغاة المستخدمة في التعذيب، لأن الصورة الجمالية لا تخلو كليا من حيثيات الحقيقة مهما ابتعدت.

فعندما تجسد هذه الصور رؤية الشاعر السلبية للواقع تنعكس هذه السلبية على بنية الجسد مما يلاقي من العذاب الحسّي عن طريق تجسيد الأعضاء الجسدية معذّبة مؤذّاة لتكون الصورة محسوسة من قبل المتلقي، وأفاد الشاعر لهذا من تقنية تراسل الحواس كما في قوله (تولج شرطياً في صدري، لمست أصابعهم في عيني)، فالولوج إلى الصدر والقلب يكون بالتجريد لأن الوارد هو الخوف، وخصّ العين باللمس دون الجلد في تصوير العذاب،أما الصورة الأخيرة في المقطع (فكن طعماً للنار) فهي إصرار على حسيّة العذاب الجسدي بطريقة أكثر إيلاما، وهي الحرق والكيّ بالنار لتتكثّف الصورة الجسدية عذابا وقهرا وإيذاءا

تتجه تمظهرات الجسد في سياق هذا النص الى تجسيد عذاب وألم واقعيين، لتكون المعاناة نفسية وجسدية على الذات الشاعرة، راسمة حالة نفسية متأزمة وواقعاً مأساوياً مشوّهاً يكون الجسد فيه ممثلا عن الذات اللاواعية مقابل (أنا) الممثلة عن الذات الواعية (٢٤)، وكذلكً في قصيدة (ما أقسى برد الليلة) التي يقول فيها:

سيدتي / تجمع رجليها
تلتصق الركبةُ بالصدر.. بدمّلةٍ / كالعهنِ
وتقولُ ما أقسى برد الليلة.. البردُ شديد
سيدتي قالت: آه من وجعٍ جف بعينيّ
من ثلجٍ يتسلّل في زرقة كفّي
وجعي يوغلُ في جسدي.. يوغل في كفني.(٢٥)

يفيض المقطع بعناصر جسدية بارزة من مثل (رجليها، الركبة، الصدر، عيني، كفي جسدي، كفني، رجلينا، جفنينا) لتشكيل بنية تصويرية للجسد المعذّب والمستهلك الذي ينشد في الأخير الإتحاد مع جسد آخر، جسد منقذ ربما جسد الشاعر أو الفناء كليا.

يرسم الشاعر بواسطة هذه العناصر لوحة شعرية تتمثل في صورة امرأة جلست القرفصاء، تحتضن رجليها إلى حدّ أن تلتصق الركبة بالصدر دلالة على التعاسة والبؤس في قوله: (سيّدتي تجمع رجليها تلتصق الركبة بالصدر) والأرجل ((من وسائل التعبير عن الذات –ربما_ أصدق إنباءً من الأيدي، لكونها تدخل في عالم اللاوعي))(٢٦).

وضمّ الأرجل إلى الصدر تكشف عن معانٍ نفسية تبرزها هيأة الجلوس الكئيبة والحالة النفسية التي ترشّحها هذه الهيأة، وتليها أكثر الصور قساوة: (ما أقسى برد الليلة، البرد شديد)، إذن المرأة تعاني

من البرد موضوعياً، واقعا ومجازاً عن الواقع السليي الذي تعاني منه السيدة، أي أن السلبية التي ترسمها هذه الصورة سلبيتان الواقع الإجتماعي والحالة النفسية، لذلك تعاني السيدة معاناة حسية جسدية كأحساسها بالبرد وأخرى نفسية روحية لأن السيدة رمز الوطن المغدور المكتئب والمنتكس، التي تعلوها علامات البؤس والتعاسة.

ثم يكبر حجم المعاناة في صورة (آهٍ من وجع جفَّ بعينيّ) ويصل إلى الإحساس بالألم في داخل العين، كون العينين ((عضوا الإستقبال الحسي الاساسين))(٢٧)، و((تشكلان جزءاً مهمّا من سمات الشخص وتلعب دوراً مهمّا في لغة الجسد))(٢٨)، وتتصدّر الصورة لفظة (آه) أداة التحسّر المعبّرة عن شدّة المعاناة، ثم يتسلّل الألم شيئاً فشيئاً من خلال كفّيها إحساسا ببرودة الثلج في الكفّ، يصوّره بناء خيالي عاطفي (آه من وجع جفّ بعينّي/ ثلج يتسلّل في زرقة كفّي)، فالصورة لها ((معان ذهنية... وقد تجسّدت في شكل حسّيّ ذي أبعاد ماديّة، يجسد الصفة التي يكون عليها الشيء ويقرّبها إلى الذهن لتمثّلها))(٢٩)، فالإحساس بجفاف الألم وتسلّل الإحساس بالثلج في الكف مجازان لمعانٍ ذهنية نفسية مكبوتة في ذات الشاعر، لذلك يصبح التصوير الجسدي هنا أهم وسيلة من الوسائل التعبير غير المباشرة.

ثم تتعمّق المعاناة الجسدية والنفسية أكثر عندما يوغل الوجع في الجسد بأكمله في صورة (وجعي يوغل في جسدي...في كفني) حتى يصل الى الموت المحتّم بدلالة لفظة (كفني)وفكرة المقطع أو الصورة المركبة تعبير عن الفضاء السليي المطبق الذي يسود البلد وأهله، مما يوصل الإنسان إلى حدّ الغرق والإيغال في الأوجاع والمعاناة، فتختلط عنده المعاناة النفسية بالمعاناة الجسدية فيحس بها كالألم في داخل جسده، وقد يوصله هذا الألم إلى الفناء والموت، وقد تميّزت الصور بخاصيتي الحركة والحسيّة في توظيف الأفعال المضارعة (تجمع، تلتصق، تقول، يتسلّل، يوغل، يضحكني، يخدعني، يدري)، ولعل الشاعر يقصد بذلك تجسيد تأثره النفسي في تمام الزمنين، الحاضر والمستقبل وما يصاحبهما، ومع الإحساس بالشيخوخة تتفاقم معاناة الشاعر النفسية والجسدية أكثر لإحساسه باقتراب أجله الذي يصور فيها إحساسه بالتعب في قصيدة (مرثية قبل الأوان):

أتسلّل حافية ما بين خيوط الكفن

وألملم ما أبقت أيامي

من زمني.../ جفّت ساقايا/ بردت عينايا

واحدودب ظهري من ثقل بقايايا.(٣٠)

يصور الشاعر اقتراب الموت ودنو أجله وهو ما زال في الغربة، إذ يبيّن في بداية المقطع في صورة حسية حركيّة معالم الموت وهو في طريقه الحتمي إليه، في صورة (أتسلّل حافية ما بين خيوط الكفن)، ففعل (التسلّل) يوحي بدلالة ولوجه دائرة الموت وبصورة تدريجية كما حددته دلالة وزن (تفعّل) من معنى التدرّج، أي أن الموت لا يفاجؤه وإنما متوقع حتمي.

ولم يكتف الشاعر بهذه الصورة الحسية لقدوم الموت، بل عاد إلى تفاصيل وتداعيات تكون من علامات اقتراب الموت في صور وصفية لمعالم الجسد (جفّت ساقايا، بردت عينايا احدودب ظهري)، هذه الأوصاف الشعرية الثلاثة التي خلقت ظلالا وأجواء نفسية تثير في نفس القاريء وحدة الشعور مع ما يعانيه الشاعر، فالصور الثلاث هي تعابير حسية صارخة لتشخيص هيئته الجسدية التي وصل إليها في أيامه الأخيرة، من جفاف الساق وبرودة العينين وتقوّس الظهر، وعليه فإن القصيدة عند الحيدري تقوم على معناها وإيحائها بالمعنى. وان بناءها ((بناء معماري.. تبدأ القصيدة من التخطيط العام إلى الجزئيات))(٣١).

فالصور توحي بجو من الكآبة واليأس المسيطرين على الشاعر لما يعانيه من ألم الوحدة والشيخوخة والنفي، حيث استطاع الشاعر أن يوصل الفكرة في لوحة مرسومة بتفاصيل جسدية طرأت عليها تغيّرات جرّاء تقادم الزمن عليها، وجاءت علاقات الألفاظ في المقطع مكتظة بالإيحاءات النفسية التي أتعبت الشاعر، منها: ((أتعبني، أتسلّل، أكفن، جفت بردت، احدودب))، فالفضاء الشعري المكتظ بالسلب هو الموحي الآخر بحالة التأزم بسبب هذه الشيخوخة، لأن الصورة الكلية في القصيدة هي إطار الفكرة المحورية التي يريد الشاعر إيصالها إلى القارئ، وهي تفاقم الحياة سلبا، لذلك ينبغي ان تكون الصور الجزئية المفردة جميعاً في خدمة السياق العام للصورة الكلية تلك.

٤- صورة الجسد الشرير:

هذه الصورة تخص جسد أعتى مجرم وأقسى طاغية حكم العراق قرابة ثلاثين سنة بالحديد والنار، إذ يرسمه الشاعر في صورة مبشرة بالتفاؤل والثورة، وتنبؤ بما سيحدث له بعد تحرير العراق، وفعلا بعد سنوات تحققت هذه النبوءة للشاعر بحذافيرها، وذلك واقعا في إطار صورة لجسد شرير يستحق التعذيب والإنتقام آلاف المرات قياسا بحجم ما عذّب به شعبه في تصوير نبوئي مواز لوجه الشيطان، فقال:

لكنّ غدي الآتي / وحساب الأموات

ودماء القتلى ستطارد وجه الشيطان

من هذه المرآة لتلك المرآة

من ألف زمان ولألف زمان

وسيلتفّ الحبل على عنق الجلّاد

وستلعن أمسك كردستان

وستبرأ من رجسك بغداد

وسترجع للأرض الحلوة كل بساتين

النرجس والأوراد

وسيولد ثانية ولدي في كل الأولاد.(٣٢)

تختلف بنية موضوع الموت في هذا المقطع عن بنياته السابقة في القصائد الأخرى، من حيث السلب والإيجاب، إذ انبنت الصورة الجسدية هذه المرة على بنية مستقبلية تنبؤية من جهة، والموت فيها موت موجب ومنتقم من الظالم من جهة ثانية، أي لا موتا منكرا وإنما موتا مرجوا كما في قوله (سيلتفّ الحبل على عنق الجلّاد) (وستلعن أمسك كردستان)، يضاف إلى ذلك إنها صورة موت (مولّد) وباعث على الولادة، موت يبشّر بميلاد جديد وسعادة مرجوعة بزوال الطاغية واستعادة العافية وإعادة البساتين والورود إلى سابق عهدها وولادة نجل الشاعر المستشهد غدرا في معارك الطاغية الرعناء من جديد، في قوله:(وستبرأ من رجسك بغداد / سترجع الأرض الحلوة / سيولد ثانية ولدي في كل الأولاد)، وهو ماجسدته دلالة العنصر المستقبلي (الغد) في مفاصل المقطع وعزّزها صوت السين الاستقبالي المكرر لاحقا، وصورة الغد هنا ((تتشكل على أساس الوعي التام بحركة الماضي ومتغيراته واستيعابه الحاضر بأبعاده لاستشراف عالم المستقبل))(٣٣)، لأن الشاعر مؤمن تمام الإيمان بقضيته وبعدالة السماء، بأن الظلم لن يدوم وأن دماء الأبرياء وحقوق المظلومين لا بدّ وأن تنتقم يوما من الظالمين الطغاة.

ومن بين حشد من الصور المتتابعة المرتبطة وفقاً للحالة النفسية للشاعر من صور أجساد متداخلة متشابكة، أجساد وأعضاء متقطعة للشهداء والمغدورين، وأعضاء رعناء للجسد الشرير على نحو تقابلي بين جسد شرير وجسد بريء شريف تشكل عمودين من التصنيف والتقابل، وتتواصل الصورة الكلية للقصيدة تركيزا وتناميا على هذه المقابلة، إذ كل صورة قاتمة للموت تقابلها صورة متفائلة توحي بعودة الحياة جميلة لكن في إطار مرحلتين، مرحلة سالبة سابقة، ومرحلة موجبة لاحقة مستقبلية، إذن فالقصيدة بكاملها تقوم على تقابل بين المفاهيم والوقائع وبين السلب والإيجاب وبين الخير والشر، من

حيث (التشاؤم/التفاؤل) و(الحياة/الموت) و(الحزن/الفرح) و(الظلم/احقاق الحق) و(الموت/الولادة)، وطرفي المعادلة (الأبرياء الشرفاء / والطاغية المجرم الشرير).

ومن خلال الصور التي جسدت الموت الجسدي –الفردي والجماعي- يتضح أن جميع تلك الصور يوجهها هدف واحد وهو الخلود ومحاولة صيانة الحق، سواء في موت الشهيد الذي كان سبباً في إدامة الحياة، أو في الموت الجماعي المصور في(حلبجة الشهيدة) الذي كان سبباً في إعادة الحياة وبعثها إلى كردستان من جديد.

إذ انطلق الشاعر في تصويره لمشاهد الموت من الخاص إلى العام، ومن الذاتي إلى الإنساني، أي في صورة الشهيد المتسبب لحياة العامة، وفي موت حلبجة إحياء لكردستان وفي موت ولده المتسبب لولادة أولاد الآخرين. ونجد شبيه هذه الصورة في قصيدة (عودة الضحية) التي يدل عنوانها منذ البداية على قلب الصورة، فالعنوان دال شعري مهم جدا للدلالة على مضامين النص المصورة في الداخل، لأنه هو المدخل والواجهة (فعودة الضحية) تعني أن الكرّة هذه المرة لصالح الضحية أما دائرة السوء فهي على الجلاد الطاغي، فيقول:

سأعلّقُ رأسك في باب القلعة
سأقلع عينيكَ / أقصّ يديك
ولن أسمح ان تُسكب من أجلك دمعةْ.(٣٤)

فالصورة رسم لجسد الطاغية الشرير نبوئيا وفي مستقبل قريب كونه يوازي مع (السين وسوف)، ومن خلال ثلاثة ترسيمات،(تعليق الرأس في باب القلعة مقابل تعليق صورته وتمثاله في كل دائرة وبناية وبيت أيام الحكم)، و(قلع العينيين مقابل بث العيون والجواسيس في كل مكان وحارة ودرب)، و (قص اليدين مقابل بسط سلطته وجبروته في كل بقعة وزاوية من هذا الوطن المكلوم والجريح ثلاثون عاما).

مع الفارابي نجد أن للغة أهمية ضرورية لصناعة المنطق، وهذا ما أكده في كتابه (الحروف)، ولكي نوضح تلك الاهمية ناخذ مثالين، أحدهما مبحث لغوي كمقدمة لشرح معاني (الجنس والنوع والخاصة

(١)- الفارابي، ابو نصر، إحصاء العلوم، قد له وشرحه وبوبه، د.علي بو ملحم، دار وكتبة الهلال، بيروت- لبنان، ط١، ١٩٩٦، ص٨- ١١.

(٢)- احمد ن مخلوف سيد، اللغة والمعنى، المصدر السابق ذكره، ص ٤١.

(٣)- المصدر نفسه، ص٤٢.

والماهية) في المنطق، والاخر مبحث لغوي لشرح المقولات. فمثلا عندما اراد شرح معاني (الجنس والنوع) تحدث في حرف (ما) واستخداماته، حيث يقول ك ((يستعمل في السؤال، فأنه وما قام مقامه في سائر الالسنة إنما وضع اولا للدلالة على السؤال عن شي ما مفرد. وهذا الحرف قد يقرن باللفظ المفرد والذي للدلالة عليه اولا وضعنا اللفظ دالا عليه، وهو الشي الذي جعل ذلك اللفظ دالا عليه، فأن الشي هو اعم ما يمكن أن نعلمه. فاذا علم انه دال على شي ما، فانما جهل الشي الذي جعل ندا له. وكقول القائل " ما المعنى " اذا اتفق ان علم انه اسم دال على شي، وقد يقرن بمحسوس أدرك ما احسن فيه من الاحوال او الاعراض في الجملة، وجهل منه شي اخر، كقولنا " ما الذي نراه "، وقد يقرن باسم معقول المعنى عرف ضربا من المعرفة، كقولنا " الانسان ما هو " فيطلب معرفته وإقامة معناه في النفس وأن تحصل ذاته معقولة بضرب أزيد مما عرف به اولا[1]. أما في شرحه للمقولات فيقول: ((الموجود لفظ مشترك يقال على جميع المعقولات، والافضل ان يقال إنه اسم لجنس من الاجناس العالية على انه ليست له دلالة في ذاته، ويقال على جميع أنواعه بتواطؤ مثل اسم " العين " فأنه اسم لانواع كثيرة ويقال عليها باشتراك، ثم يقال على كل ما تحت نوع بتواطؤ على اسم اول لذلك النوع، وقد يقال على الشي " أنه موجود " ويعني به أنه منحاز بماهية شي ما خارج سواء تصور في النفس أم لم يتصور، وبالجملة إنما تسمى الماهية كل ما للشي، صح ان يجاب به جواب " ما " هو هذا الشي أو في جواب المسؤول عنه بعلاقة أخرى، فقد يجاب عنه بجنسه أو بفصله أو بمادته أو بصورته أو بحده"[2].

أي ان المفاهيم الكلية (العامة) هي تلك المفاهيم التي لاتعطي معناها بذاتها بل لابد من وجود الافراد في الخارج ويحصل حالة التطابق بينهما من حيث الاسم والمسمى،فمثلا لفظة (الموجود)أو (الوجود) هي لفظة كلية تحمل عليها الاشياء جميعا،أي تشترك فيها جميع الاشياء في صفة الوجود.فلفظة الوجود غير موجودة في الواقع، بل هي مقولة فلسفية تستخدم للاشارة الى أشياء في العالم ونسميها موجودة.وهكذا بالنسبة الى المقولات الاخرى مثل مقولة (الانسان) هي ايضا مقولة كلية.لهذا نجد في سؤالنا (من هو زيد) نقول (زيد إنسان) فمقولة الانسان لفظ مشترك يقال على كثيرين متفقين في صفة الانسنة.أو نقول (زيد إنسان ناطق)، هنا لفظة (ناطق) هي لفظة عامة تستخدم للفصل بين الانسان والكائنات الاخرى،وهكذا بالنسبة لمادة الشي وصورته وحده.

(١)- الفارابي، ابو نصر، كتاب الحروف، مصدر سبق ذكره، ص ١٦٥- ١٦٦.

(٢)- المصدر نفسه، ص ١١٥.

يظهر لنا من النصوص الفارابية حول العلاقة بين اللغة والمنطق الاهتمام الذي اعطاه للغة، لان المناطقة عندما يعيرون اهتمامهم الى اللغة، فانهم ينطلقون من العلاقة الموجود بين " الالفاظ والمعاني " " الفكر واللغة "، من حيث أن اللغة أداة للتعبير عن افكارنا وهي وسيلة للتفاهم بين افراد البشر، وهي الوسيط المحسوس الذي يترجم افكارنا عن الاشياء الخارجية بنسق، فاللغة تربط بين المحسوس وفكرنا عنه، وكلما اوغلنا في التجريد العقلي وابتعدنا عن المحسوس، كلما ازداد غموض اللغة وابهامها، وهذا ما نصادفه في التفكير الميتافيزيقي المجرد[1].إضافة لذلك نجد ان اهتمام الفارابي بالفرق بين اللغات يعد دلالة أخرى على منهجه اللغوي في دراسة المنطق. وعلى وفق مواقفه الكونية فانه لم يعط اللغة العربية تفصيلا في تعامله معها. وربما يمكن توضيح ذلك بمقطع طويل من كتاب (الحروف) حيث يناقش فيه غياب الفعل الرابط في اللغة العربية. وعندما يتطرق الى الفئات فانه يذكر فئة " الموجود " ثم يقول: ((وليس في العربية منذ اول وضعها لفظة تقوم مقام (هست) في الفارسية ولا مقام (أستين) في اليونانية ولا مقام نظائر هاتين اللفظتين في سائر الالسنة. وهذه يحتاج اليها ضرورة في العلوم النظرية وفي صناعة المنطق. فلما انتقلت الفلسفة الى العرب واحتاج الفلاسفة الذين يتكلمون بالعربية ويجعلون عباراتهم عن المعاني التي في الفلسفة والمنطق بلسان العرب، ولم يجدوا في لغة العرب منذ اول ما وضعت لفظ ينقلون بها الامكنة التي فيها (أستين) في اليونانية و (هست) في الفارسية يجعلونها تقوم مقام هذه الالفاظ في الامكنة التي يستعملها فيها سائر الامم، فبعضهم رأى أن يستعمل لفظة (هو) مكان(هست) بالفارسية و (أستين) باليونانية.

فان هذه اللفظة قد تستعمل في العربية كناية في مثل قولهم (هو يفعل) و (هو فعل)، وربما أستعملوا (هو) في العربية في بعض الامكنة التي يستعمل فيها سائر أهل الالسنة تلك اللفظة المذكورة. وذلك مثل قولنا (هذا هو زيد) فان لفظة (هو) بعيد جدا في العربية أن يكونوا قد أستعملوها ههنا كناية. كذلك (هذا هو ذاك الذي رأيته) و (هذا هو المتكلم يوم كذا كذا) و (هذا هو الشاعر) وكذلك (زيد هو عادل) وأشباه ذلك. فاستعملوا (هو) في العربية مكان هست في الفارسية في جميع الامكنة التي يستعمل الفرس فيها لفظة (هست) [2].

---

(١)- أبو ريان، محمد، دراسة تحليلية مقارنة بين المنطق والنحو ورأي الفارابي فيها، الفارابي والحضارة الانسانية، مصدر سبق ذكره، ص ٢٠٥.

(٢)- الفارابي، كتاب الحروف، مصدر سبق ذكره، ص١١٢. وكذلك انظر: فير ستيج، كيس، اعلام الفكر اللغوي التقليد اللغوي الغربي، ترجمة، د. احمد شاكر الكلابي، دار الكتاب الجديد، ط١، ٢٠٠٧، ج٣، ص ١٢٧- ١٢٨.

ثانيا: ضرورة اللغة في توضيح المصطلحات الفلسفية.

قبل قليل بينا اهمية اللغة لعلم المنطق ونرى من باب الضرورة ان نوضح تلك العلاقة والاهمية من خلال عرضنا لبعض المصطلحات الفلسفية ودور اللغة في توضيحها وبيان معانيها، ومن هذه المصطلحات (العرض، الجوهر، الذات و الوجود).

العرض:- يقدم الفارابي الفرق بين استعمال اللغويين لمصطلح (العرض) واستعماله عند الفلاسفة، فهو عند اللغويين يقال على كل ما كان نافعا في هذه الحياة الدنيا فقط، وقد يقال أيضا على كل ما سوى الدراهم والدنانير وما قام مقامهما من فلوس ونحاس أو دراهم حديد مما استعمل مكان الدراهم والدنانير[١].و(العرض) عبارة عن معنى زائد على الذات اي ذات الجوهر، يجمع على اعراض، وهو الامر عرض اي عارض اي زائل يزول، وعرض لفلان أمر اي معنى لا قرار له ولا دوام لعدم بقائه، ولهذا لا يجعلون الصفات القائمة بذاته تعالى اعراضا[٢].أما (العرض) عند الفلاسفة، فيقال على كل صفة وصف بها امر ما ولم تكن الصفة (محمولا) حمل على (الموضوع)، او لم يكن المحمول داخلا في ماهية الامر الموضوع أصلا، بل كان يعرف منه ما هو خارج عن ذاته وماهيته[٣].والعارض عند الجمهور هو كل ما كان قليل المكوث سريع الزوال من سائر المقولات ويسمون العوارض انفعالات[٤].الا اننا نلاحظ ان المفكرين العرب لم يتفقوا جميعا على توضيح الفارابي، اذ نجد (الباقلاني) يعرف (العرض) على نحو يوفق بين المعنيين اللغوي والفلسفي حيث يقول: ((العرض هو الذي يعرض في الجوهر، ولايصح بقاؤه وقتين"[٥]. والاعراض هي التي لا يصح بقاؤها وهي التي تعرض في الجواهر والاجسام وتبطل في ثاني حال وجودها. وقول أهل اللغة عرض بفلان عارض من حمى او جنون اذ لم يدم به ذلك)). ويعطي الباقلاني مثالا للعرض، تحرك الجسم بعد سكون او سكونه بعد حركته[٦].

الجوهر: عند الجمهور يقال على الاشياء المعدنية والحجارية التي هي عندهم بالوضع والاعتبار، وهي التي يتباهون في اقتنائها ويغالون في اثمانها مثل اليواقيت واللؤلؤ، فان هذه ليس فيها بالطبع ولا

---

(١)- الفارابي، كتاب الحروف، المصدر السابق، ص ٩٥.

(٢)- احمد، مخلوف سيد، اللغة والمعنى، المصدر السابق، ص ٥٥.

(٣)- الفارابي، كتاب الحروف، مصدر سبق ذكره، ص ٩٥.

(٤)- احمد، مخلوف سيد، اللغة والمعنى، مصدر سبق ذكره، ص ٥٥.

(٥)- الباقلاني، الانصاف، الموسوعة الشاملة، نقلا عن موقع الوراق، ج١، ص ٧١.

(٦)- زيدان، محمود فهمي، في فلسفة اللغة، مصدر سبق ذكره، ص ١٥٩.

بحسب رتبة الموجودات جلالة في الوجود ولا كمال تستاهل بها في الطبع الاجلال والصيانة. ويقولون في من عندهم من الناس نفيس ذو فضائل عندهم " إنه جوهر من الجواهر "... وقد يستعملون اسم الجوهر في مثل قولنا " زيد جيد الجوهر " ويعنون به جيد الجنس وجيد الاباء وجيد الامهات، أما في الفلسفة فان (الجوهر) يقال على المشار اليه الذي هو لا في موضوع أصلا. ويقال على كل (محمول) عرف ما هو هذا المشار اليه من نوع أو جنس أو فصل، وعلى ما عرف ماهية نوع من انواع هذا المشار اليه وما به ماهيته وقوامه[١].

الذات: يقال على كل مشار اليه لا في موضوع. ويقال على ما يعرف في مشار اليه مما ليس في موضوع ما هو، مما تدل عليه لفظة مفردة أو قول. ويقال ايضا على كل مشار اليه في موضوع. ويقال على كل ما يعرف في مشار اليه مما في موضوع ما. وهو يقال على كل ما يقال عليه الجوهر وعلى ما لا يقال عليه الجوهر. فان المشار اليه الذي في موضوع ليس يقال إنه جوهر اصلا لا باطلاق ولا باضافة[٢].وهي لفظة يتداولها الفلاسفة واهل العلوم النظرية فاذا كان اللفظ مذكرا قيل أنه ذو ذاك الامر، واذا كان مؤنثا قيل ذات ذاك الامر، فهذه اللفظة وضعت لافادة هذه النسبة والدلالة على ثبوت هذه الاضافة اذا عرفت هذا فنقول: انه من المحال ان تثبت هذه الصفة لصفة ثانية، والصفة الثانية لصفة ثالثة وهكذا الى غير النهاية[٣].

الموجود: فمن معاني هذا المصطلح ما يلي: إنه مشتق من مصدر " الوجود " كما يدل على موضوع موصوف بالوجود، وصيغته موضوعية للدلالة على المفعولية، هذه المفعولية تستلزم فاعلا هو " الواجد " وفعلا هو (س) " وجد "[٤]. ويقال ايضا على ما له ماهية خارج النفس ولا يقال على ماهية متصورة فقط فبهذا يكون الشي اعم من الوجود. والموجود يقال على القضية الصادقة، والشي لايقال عليها. فانا لا نقول هذه القضية شي ونحن نعني به انها صادقة بل انما نعني ان لها ماهية، ونقول

(١)- الفارابي، كتاب الحروف، مصدر سبق ذكره، ص ٩٧- ١٠٠.

(٢)- المصدر نفسه، ص ١٠٦.

(٣)- احمدن مخلوف سيد، اللغة والمعنى، مصدر سبق ذكره، ص ٥٦.

(٤)- احمدن مخلوف سيد، اللغة والمعنى، مصدر سبق ذكره، ص ٥٧.

" زيد موجود عادل " ولا نقول " زيد شي عادل ". والمحال يقال عليه إنه شي ولايقال عليه إنه موجود. فالشي إذن يقال على كثير مما يقال عليه الموجود وعلى أمور لايقال عليها الموجود[1].

النتائج

توصلنا من خلال بحثنا هذا الى عدة نتائج، منها ان اللغة ظاهرة اجتماعية واداة للتفاهم والاتصال ونقل المعلومات بين الافراد. وان اللغة تتصف بالتبدل والتطور والتغير وفقا لمقتضيات العصر. كما ان نشأة اللغة كانت اصطلاحية – توافقية بين الناس وفقا للضرورة الاجتماعية. ومن ادلة اصطلاحية اللغة قدرة الانسان على تكوين تصورات عن الاشياء من خلال ملكاته الخاصة ومن ثم التعبير عنها بالالفاظ، اي ان اللغة اصطناعية. لذلك عندما يكون الانسان منعزلا عن الاخرين لايستطيع التعبير عن افكاره الخاصة، لان اللغة لا يظهر الا في احضان المجتمع. اضافة الى ان لكل تصور في الذهن لفظ خاص يوجد ما يقابله في الخارج. كما ان القوانين المنطقية مستنبطة من القواعد اللغوية، اي ان قواعد اللغة هي المصدر الرئيسي لانتاج القوانين الاساسية للفكر.

بالاضافة الى ذلك وجدنا ان نظرة الفارابي الى اللغة كانت نظرة علمية –تجريبية، فهو لم يقول بإن اللغة توقيفية أو إلهام من الله الى البشر، بل اللغة هي توافقية – إصطلاحية، ظهرت نتيجة للحاجة الانسانية كي يعبر عن شعوره وإحساسه بالاخرين ولنقل ما يدور بخلده للاخرين حتى تستمر عملية التواصل بين البشر.فهو بدأ بتحليل اللغة من منظور واقعي، أي هناك توافق بين اللفظ والمعنى حسب إتفاق الناس فيما بينهم بإن تلك الالفاظ يتطابق مع تلك المعاني والاشياء الموجودة في الواقع.

من هنا نستطيع أن الفارابي هو الفيلسوف الذي نظر الى اللغة نظرة تحليلية مثلما فعل ذلك في العصر الحديث الفيلسوف الالماني " لودفيج فتجنشتاين". أي أن للفارابي السبق في ذلك وهذه هي أصالة الفارابي في مجال فلسفة اللغة.

(١)- - الفارابي، كتاب الحروف، مصدر سبق ذكره، ص ١٢٨. وانظر ايضا: زيدان، محمود فهمي، في فلسفة اللغة، مصدر سبق ذكره، ص ١٦٠.

دەرئە نجام

لەم تويژينەودا گەيشتن بە هەندى دەرئەنجام سەبارەت بە فەلسەفەى زمان لاى (فارابى)،لەوانە زمان بريتيە لە دياردەيەكى كومەلاًيەتى وئامرازيك بۆ ليك تيگەيشتن و كومونيكەيشن و گواستنەوەى زانيارى نيوان تاكەكانى كومەلًگا.هەروها زمان دوخيكى چەسپيو نيە بەلكو بەردەوام لە گوراندايە،لە گەشەكردندايە بە پيى پيًداويستييە سەردەميەكان.زمان لە روانگەى (فارابى)وە لەلايەن مرۆڤەكانەوە دانراوە نەك وەك بەخششيك لەلايەن ئەسمانەوە بە مرۆڤ بەخشراوبيت.چونكە بۆ هەر تيگەيەك كە لە زەينى مرۆڤدا هەبى ئەوا لە جيهانى دەرەوەدا شتيك هەيە لەگەليدا دەگونجى.

هەروها لە پەيوەندى نيوان (لوجيك و زمان) بۆمان دەركەوت كە ياساكانى لوجيك لە ياساكانى زمانەوە سەرچاوەيان گرتووە.ليًردا (فارابى) لە روانگەيەكى (زانستى – ئەزموونيەوە) دەروانيتە زمان، وە پيى وايە زمان لەلايەن مرۆڤەكانەوە دانراوە بەپيى ريكەوتنيان لە سەر واتاى شتەكانً.

قائمة المصادر والمراجع

١- احمد، مخلوف سيد، اللغة والمعنى، مقاربات في فلسفة اللغة، منشورات الاختلاف، ط١، ٢٠١٠.

٢- - الباقلاني،الانصاف، الموسوعة الشاملة،نقلا عن موقع الوراق، ج١.

٣- بغورة، الزواوي، الفلسفة واللغة، دار الطليعة، بيروت، ط١، ٢٠٠٥.

٤- بوانكاري، هنري، قيمة العلم، ترجمة، ميلودي شغموم، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٦.

٥- جلال، شوقي، الفكر العربي وسيسولوجيا الفشل، مكتبة مدبولي،ط١، ٢٠٠٢.

٦- الرازي، للامام فخرالدين محمد بن عمر، المحصول في علم الاصول،دراسة وتحقيق د. طه جاب العلواني، ط٢، مؤسسة الرسالة بيروت، ١٩٩٢ ج٢

٧- زيدان، محمود فهمي، في فلسفة اللغة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥.

٨- السيد، خالد عبدالرزاق، اللغة بين النظرية والتطبيق، مركز الاسكندرية للكتاب، ٢٠٠٣

٩- صالح، حسن بشير، علاقة المنطق باللغة عند فلاسفة المسلمين، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ط١، ٢٠٠٣.

١٠- الفارابي، ابو نصر، كتاب الحروف، تحقيق: محسن مهدي، دار المشرق، بيروت، ١٩٧٠.

١١- الفارابي،ابو نصر،إحصاء العلوم،قدم له وشرحه وبوبه،د.علي بو ملحم،دار ومكتبة الهلال، بيروت-لبنان،ط١، ١٩٩٦.

١٢- أبو ريان،محمد، دراسة تحليلية مقارنة بين المنطق والنحو ورأي الفارابي فيها، الفارابي والحضارة الانسانية، وقائع مهرجان الفارابي، مطابع دار الحرية، بغداد، ١٩٧٥.

١٣- فيرستيج، كيس، اعلام الفكر اللغوي التقليد الغربي، ج٣، ترجمة، دز احمد شاكر الكلابي، دار الكتاب الجديد، ط١، ٢٠٠٧.

١٤- كنانة، علي ناصر، اللغة وعلائقياتها، منشورات دار الجمل، لبنان، بيروت، ٢٠٠٩.

١٥- لعيبي، هادي نهر، اللسانيات الاجتماعية عند العرب، عالم الكتب الحديث، اربد، الاردن،ط١، ٢٠٠٩.

پوختەی تویژینەوەکە

لەم تویژوینەودا هەولماندداوە بوچونی " أبو نصر الفارابی" دەربارەی فەلسەفەی زمان لە کتیبی " الحروف" روونکەینەوە، هەروەها وەلامی ئەو پرسیارە گرنگە بدینەوە کە تایبەتە بە پەیوەندی نیوان " لوجیك و زمان".بۆیە سەرەتا لە تەوەری یەکەم بە پیناسەکردنی زمان و دواتر چونیەتی سەرهەلدانی و گرنگترین ئەو تیورانەی کە باسی دروستبونی زمانیان کردووە ئاماژەمان پیداوە.

دواتر لە تەوەری دووەم بوچونی "فارابی" مان سەبارەت بە پەیوەندی نیوان " ووشە و واتا" روونکردتەوە کە تیادا فارابی باس لە زمانی سروشتی یان ئەسمانی ناکە بەلکو پی وایە زمان یان بو واتەیەکی تر بلین دانانین ووشە بۆ واتاکان بە ریکەوتن ئەنجامدەدریت لە نیوان تاکەکانی هەر کومەلگایەك بە پیی پیویستیان.کەواتە زمان بەردەوام لە گەشەکردندایە.

هەروها لە تەوەری سییەم باس لە پەیوەندی نیوان " لوجیك و زمان" کردووە، بۆمان دەرکەوت کە یاساکانی بیرکردنەوەی لوجیکی هەڵقولای یاساکانی زمانن یان ریزمان.

ئەو میتودەی کە لەم تویژینەودا پشتمان پیی بەستوە بریتیە لە میتودی " شیکاری" وە گرنگترین سەرچاوە کە سوودی زورم لیی بینوە " کتاب الحروف واحصاو العلوم" فارابی.

ئامانج لەم تویژینەوە خستنەی رووی گرنگری بابەتی فەلسەفەیە زمانە بە گشتی وە بە تایبەتی لای فارابی، هەروها نیشاندانی گرنگی زانستی لوجیکە لە فەلسەفەی زماندا.

Results

We are arrive through this research to many results, once of them is that the language is social phenomena and an instrument to understand and communication and to transfer information between each other. The Language describe by replacement. And development and change accordance with the age.The development of the language to be a traditional – and argument between people according to the social necessary from the traditional guides are human can make imagination about things through his special abilities and after that he make words and pronounce it as a words, this is give to the language his artificiality. When human be alone he cant make a special thoughts , because the language appear in the social or in the group it cant appear in the human alone. Every imagine in the mind it has his special pronounce when it meet with external world. All logics rules ait has taken from language rules, the language rules are major source to produce major rules to the thought. According to the important to the role of the language and the process analysis and to declare concepts and philosophical items. The language is the rare phenomena from existence phenomena.

سۆسیالیزاسیونی منداڵ هەتا پێش قۆناغی هەرزەکاری

م. کاوە جەلال قادر
زانکۆی ڕاپەڕین
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان

پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیەی سۆسیالیزاسیۆن تەرخانکراوە بۆ قۆناغێکی پێگەیشتنی مرۆڤ کە قۆناغی منداڵییە لە زایینەوە هەتا پێش هەرزەکاری. لێکۆڵینەوەکە خەریکبوونە لەتەك پرۆسەی سۆسیالیزەکردنی مرۆڤدا وەك بوونەوەرێکی گەردوونی، کە دەبێت لەنێو کۆمەڵدا بژی، کە پێدەگەیەنرێت و ئەویش دەبێت کەسێتیی خۆی پێبگەیەنێت. بێگومان ئاشکرایە توێژینەوەی سۆسیالیزاسیۆن بەرهەمێکی خۆرئاوایە، لێرەشدا دەشێت کار بە دەستکەوتە هەمەلایەنییەکانی توێژینەوەی سۆسیالیزاسیۆن بکرێت، یان فاکتەرە گرنگەکانی سۆسیالیزاسیۆن بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە کە زۆر جار هەر یەکەیان بۆ خۆی بنەمای مێتۆدێکی پسیکۆلۆژییە، بەڵام لێرەدا مەرج نییە ئەو مێتۆدە کرابێت بە ڕێگەبڕینی هزریانەی لێکۆڵینەوەکە. بۆ نموونە ئێمە پابەند بە سۆسیالیزەکردنی منداڵەوە ناچارین جەخت لە پرسیاری فێربوون بکەین بەبێ ئەوەی بەند بین بە تیۆرێی فێربوونەوە (پاڤلۆڤ)، پێویستە شکۆفە و وەرفۆرماندنی ڕەفتار ئاشکرا بکەین، بەڵام مەرج نییە لێرەدا ڕەفتارگەرایی (واتا بێهاڤیۆریزم که دەمێکە شکستی هێناوە) وەربگرین، هاوکات پێویستە ڕووبکەینە پرسیاری ئاوەڵابوونی بیرکردنە و زمان لەلای منداڵ، بەڵام ئەمە وەرگرتنی مێتۆدی مەئریفە (cognition) نییە. مێتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە شرۆڤەیی ڕەخنەییە، هەروەها پنتی لێوەدەرچوونەکەی وەرگرتنی مرۆڤە بە شێوەیەکی کۆنکرێت نەك ئەبستراکت، واتا مرۆڤێك کە هەمیشە بەندە بە ژینجیهانێکی تایبەتییەوە و ئەو ژینجیهانە مۆرك بە کەسێتی و ڕەفتاری ئەو

دەدات، بەڵام ئەویش بە کردار و ڕەفتار و شێوازی هزرینی خۆی کاریگەری لەسەر ئەو ژینگەیە دەنوێنێتەوە کە ئەو تێیدا دەبزوێت، جگە لەوە لێکۆڵینەوەکە ڕەچاوی "دەستکەوتەکانی تۆژینەوەی مەیدانی ناکات"، بە واتایەکی دی، نێوەندێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی تایبەتی وەک نموونە وەرناگرێت، بەڵکو تەنیا لە بواری تیۆریدا دەمێنێتەوە، بەڵام گەر بۆ دەربڕینێک نموونەی ئەزموونی (ئەمپیری) پێویست بێت، ئەوا ئەو نموونەیە تەنیا لە پەراوێزدا دەهێنرێتەوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشداریکردنە لە دانوستاندنی ئەکادیمیانەدا سەبارەت بە گەشەی کەسێتی کە لە خێزانەوە سەرچاوەدەگرێت و لە فێرگە درێژەی پێدەدرێت، هەروەها سەبارەت بە پرسیاری فێرکاری کە لە بەشە زانستیەکانی وەک سایکۆلۆژی، کۆمەڵناسی و فەلسەفە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، کەواتە پرسی سۆسیالیزاسیۆن بایەخی کارەکیی هەیە بۆ کێشە پراکتیکییەکانی کۆمەڵی کوردیی هەرێم، ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە: وەک بەرهەمهێنانەوەی کەسێتیی سۆسیۆکولتووری لەسەر بنەمای دراوە چەسپێنراوەکان، یان بەردانی منداڵ لە لایەن دایک و باوکەوە و بەجێهێشتنی بۆ خۆشەکردن لە لایەن "پەیوەندییەکانی نێو کۆڵانەوە"، پرسیاری پێویستی بۆ ئاگایی پەروەردەیەکی مرۆڤپەروەرانەی منداڵ و هتد، ئەوجا کێشەی سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی کە منداڵ بە دەرخکردن خۆشەدەکات بۆ بەرهەمهێنانەوە نەک کەسێتیی ئەو پێبگەیەنێت و پشتیوانیی بکات بۆ بوون بە کەسێکی بەتوانا و بەرپرسیار و هتد.

دەروازە

پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆنی تاکەکەس کێشەیەکی تایبەتمەندی مرۆڤییە و بەند نییە بە نێوەندە کۆمەڵایەتییە تایبەتیەکانەوە. ئەم هەقیقەتە مرۆڤییە ڕوون دەبێتەوە، گەر بڕوانین، کە منداڵ لە ساتی هاتنییەوە بۆ نێو جیهان بەندە بە "ئەوانیدی"یەوە و بەبێ لالێکردنەوەی "ئەوان" ناتوانێت خۆی بژێنێت.

لەبەر ئەوەی سۆسیالیزاسیۆن تێگەیەکی (مەفهومێکی) ئالۆزە و دەشێت مرۆڤ لە شیمانەی وەرگێڕانییەوە بۆ "بەکۆمەڵایەتیکردن" لە واتا کرۆکییەکەی کە بەکەسکردنە دووربکەوێتەوە، ئەوا سەرەتا لە بەشی یەکەمدا لەژێر ناونیشانی "تێگەی سۆسیالیزاسیۆن"دا هەوڵ دەدەین تێگەکە ڕوونبکەینەوە و هاوکات جیاوازییەکەی لە پەروەردە پیشان بدەین.

بەشی دووەم ("شکۆفەی کەسێتی لە نێوچالاکیدا") ڕوودەکاتە سۆسیالیزەکردنی منداڵ لەنێو خێزان و فێرگەدا. تەوەری یەکەم ("سۆسیالیزاسیۆنی خێزانی پێش فێرگە") لە گۆڕانی کەسێتی

دەتوێژێتەوە پابەند بە پەیوەندیی منداڵ و دایك و باوکەوە. بڕگەی یەکەم لەژێر ناونیشانی "منداڵ لە باوەشی خێزان"دا پیشانی دەدات کە چەقی گۆڕانی کەسێتی منداڵ هەمیشە لەو جۆرەی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە کە سەرەتا لە خێزاندا بەردەخرێت. شێوازی خێزانیی سۆسالیزەکردن شەقڵ بە رەفتاری منداڵ دەدات پێش ئەوەی فێری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بووبێت. لەم ڕەوتەدا پێداویستییە خۆییەکان، ڕەمەك و پاڵهێزە (دافع) ناخەکییەکان، لە ڕەوتی وەرگرتنی توخمە سۆسیۆکولتووریەکاندا (وەك زمان و نۆرمەکان) بە چەشنێك کاریان تێدەکرێت کە ئیتر لەلای منداڵ هێدی هێدی کەسێتییەکی سۆسیۆکولتووری سەرهەڵدەدات. بەڵام هاوکات لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ناتوانین بەسەر "سۆسیالیزاسیۆنی تایبەت بە ڕەگەزەکان"دا (بڕگەی دووەم) بازبدەین. کوڕان و کچان لە منداڵیدا فێری ڕەفتاری ڕۆڵناسا دەبن، ئەوان بەم ڕێیەوە دەگەن بە شوناسی کەسیی، واتا گەشە دەکەن بۆ بوون بە کوڕ یان بە کچ. ڕاستە کە ئەوان لە ڕووی بیۆلۆژییەوە وەك کوڕ یان کچ دەزایێنرێن، بەڵام تێڕوانینی ئەوان سەبارەت بە ڕەگەزی نێر یان مێ بەسروشتی نەدراوە، بەڵکو مەرجی سۆسیالی هەیە. پاشان لە تەوەری دووەمی ئەم بەشەدا ("سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی") ڕوو دەکەینە ڕۆڵی فێرگە وەك دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی تایبەت بە سۆسیالیزەکردن. منداڵ بەڕێی داواکاریی فێرگەییەوە فێری شێوازی دیکەی ڕەفتارنواندن و کردار دەبێت. ئەرکی فێرگە ئەوەیە کە توانستەکانی (کەفائەتەکانی) وەك نووسین، خوێندنەوە، ژمارەن، هەروەها زانستی سروشتی، مێژوویی و جوانیناسی و هتد، بە منداڵ بگەیەنێت، چونکە ئەو لە ئایندەدا پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی بتوانێت داواکارییەکانی پرۆسەی کار بەجێبگەیەنێت.

بەڵام پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن هاوکات لەژێر کاریگەریی "کولتوور"دا ڕوو دەدات. بۆیە لە بەشی سێیەمدا، بە ناونیشانی "کاریگەریی کولتوور لەسەر پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن"، هەوڵ دەدەین دانوستانی ئەم کێشەیە بکەین. ڕوونکردنەوەی "تێگەی کولتوور" (تەوەری یەکەم) پیشانی دەدات کە کولتوور بریتییە لە بونیادی فێربوو و ڕێکخراوی ڕەفتار، ئێمە لێرەدا دەگەیەن بە سێکوچکەی کەس-کۆمەڵگە-کولتوور. پاشان لە تەوەری دووەمدا ("ڕۆڵی کولتوور لە سازاندنی کەسێتیدا") ڕوونیدەکەینەوە کە چۆن کولتوور وەك نێوەندێکی کردار مەرج بۆ نواندنی کردار دادەنێت. ئێمە لێرەدا ئەو شێوەیەی سۆسیالیزاسیۆن دەبینین کە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی تایبەتییەوە دەخوازرێت، واتا داخۆ کۆمەڵگە نرخ بە هۆشرایەڵی و ژێرخستنی تاك بدات یان بە سەربەخۆیی و بەدیهێنانی کەسی.

زمان لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا واتایەکی تایبەتی وەردەگرێت. لە بەشی چوارەمدا بە ناونیشانی "گۆڕانی زمان لەلای منداڵ" روو دەکەینە ئەم توخمە کرۆکییەی سۆسیالیزاسیۆن. "زمان وەك دەرکەوتەی تایبەت بە مرۆڤ" (تەوەری یەکەم) لەوە دەکۆڵێتەوە کە زمان دەرکەوتنی شێوازەبوونێکی تایبەتیی مرۆڤە و لە ئاژەڵ جیایدەکاتەوە. کارایییەکانی مێشك فاکتەرێکی سەنترالین بۆ فێربوونی زمان، پێویستە چەند پرۆسەیەکی مەرجدار گەشە بە پێش فێربوونی زماندا راببورن کە ئیتر دوای گەیشتن بە ئامادەبوون بۆ زمان، زمان دەتوانێت بەڕێی وروژێنەرەکانی شوێنەوارەوە ئاوەڵا ببێت. بەم پێیە ئێمە دەبێت خۆمان بە "فێربوونی زمانی دایك"ـەوە خەریك بکەین (تەوەری دووەم). بڕگەی یەکەمی ئەم تەوەرە رووەکاتە "قۆناغی (Phase) پێش زمان". دەربڕینە دەنگییەکانی منداڵی شیرەمژە کەرەسەی خاون کە لێوەی دەنگە راستەقینەکانی پەیڤین دێنە ئاراوە. منداڵ فێری پەیڤین دەبێت پێش ئەوەی توانستی بیرکردنەوەی هاتبێتەگۆڕێ. چۆن ئەو ناچارە زۆر داب و نەرێت لە دایك و باوکییەوە فێربێت، بە هەمان شێوە ناچارە فێربێت کە چ وشەیەك بە چ بابەتێك دەگونجێت. پاشان لە بڕگەی دووەمدا ("ئاوەڵابوونی زمان لە فێرگە") دەبینین کە فێرکار لە فێرگە رۆڵی دایك و باوك وەردەگرێت، بەڵام ئەو نەك تەنیا بە زمانێکی نووسراو هەوڵ بۆ پێگەیاندنی منداڵ دەدات، بەڵکو شێوازی خۆیی، زمانی ئاخافتنی، کاریگەرییان لەسەر گەشەی منداڵ هەیە.

بەشی یەکەم: تێگەی سۆسیالیزاسیۆن

ئایا لە چ روانگەیەکەوە دەتوانین پرسی سۆسیالیزاسیۆن بەگونجاوی رووبکەینەوە؟ ئایا پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤ پاڵهێزە بۆ ئەوە کە تاکەکەس خۆی بە شوێنەرەوارەکەی بگونجێنێت، وەك چۆن ئالپۆرت بەگوێرەی 'تیۆریی پێکهاتەی ناخەکی' (Dispositionstheorie) جەختی لێدەکات،[1] یان سۆسیالیزاسیۆن بەڕێی کۆمەڵگەوە وەك پرۆسەیەکی نۆرماتیڤ (معیاری) شیاوی رووبکردنەوەیە، وەك دورکهایم دەیبینێت؟ بە دیدی دورکهایم گەرەکە لە سۆسیالیزاسیۆندا " کرۆکێکی دی بە بوونەوەری منگەرا و ناسۆسیالی ساوا بدرێت، کرۆکێك کە بتوانێت ژیانێکی سۆسیال و ئاکاریی بەڕێوەبەرێت".[2]

---

(1) بڕوانە:

Allport, G. W.: Persönlichkeit, Meisenheim: Hein, 1960. In: Fröhlich, Werner D.: Wörterbuch zur Psychologie. München 1987, S. 257.

(2) بڕوانە:

گەرچی مرۆڤ بوونەوەرێکە لە سروشتییەوە دەتوانێت خۆی بە ژینگەکەی بگونجێنێت، بەڵام یەکلایەنی دەبێت گەر تەنیا لە پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤەوە لە پرسی سۆسیالیزاسیۆن بڕوانین، هاوکات یەکلایەنی دەبێت گەر وای بۆ بچین کە سۆسیالیزاسیۆن لە لایەنێکەوە کە کۆمەڵگەیە، ئاڕاستەی مرۆڤ دەکرێت و لێرەشدا وەک بابەتێکی بێلایەن یان وەک دەسوێژ بۆ گونجاندن دایدەنێت، بە پێچەوانەوە سۆسیالیزاسیۆن روو دەکاتە مرۆڤ وەک کەسێکی چالاک کە خۆی لە نێوچالاکیدا (Interaktion) دەبینێتەوە. ئەمە لە رووبەکی سنووردارەوە بەکۆمەڵایەتیکردنە، بەڵام سۆسیالیزاسیۆن زۆرتر لەمە و بەتایبەتی 'بریتییە لە بەکەسکردن' (Personalization)، لێرەشدا 'کەس' واژەیەکە بۆ "رەهەندی هۆشەکیی مرۆڤ و توانای ئەو بۆ لێرەبوون (الوجود)".[1] سۆسیالیزاسیۆن وەک بەکەسکردن بریتییە لە "پرۆسەی گۆڕانی تاکەکەس بە ئاڕاستەی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی (...). تاکەکەس دەتوانێت بەڕێی خەریکبوونی چالاکەوە لەتەک نۆرم و بەها و هەڵوێستی کۆمەڵگەیەک و کولتوورەکەیدا پتر گەشە بکات و ئەرکەکانی هاوڵاتییەکی بەتوانا وەربگرێت".[2] ئێمە لێرەدا بەندین بە پرۆسەیەکی سەرجەمییەوە کە لە رەوتیدا تاکەکەسێک، بەڕێی مامەڵەی چالاک یان ناچالاکەوە لەتەک کەسانی دیکەدا، دەگات بە شێوازەکانی رەفتاری سۆسیال و فۆرمە کولتووربییەکان، ئەم شێوازانەش پاشان تایبەتمەندییەکی کەسیی وەردەگرن. بەمەدا دەردەکەوێت کە بۆچی لەنێوان کەسانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا، سەرباری کاریگەریی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن، جیاوازیی درشت هەیە.

بەڵام هەڵە دەبێت گەر باوەڕ بکەین، کە سۆسیالیزاسیۆن تەنیا بەکەسکردنی منداڵە. لە بنەڕەتدا نەک تەنیا منداڵ، بەڵکو کەسی کاملیش بەدرێژایی ژیانی لەنێو پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە، ئەمەش وەک خەریکبوون و ناکۆکی یان خۆگونجان بە شوێنەواری کۆمەڵایەتی و دراوە کولتووربییەکان. نەک تەنیا منداڵ، بەڵکو کەسانی کاملیش لە رەفتاریاندا هەندێک جار "چاو لە کەسانی دیکە دەکەن"، هەندێک جار رەفتاری رەچاوکراو راستەوخۆ دەکەن بە نموونەی کرداری خۆیی، یان هەندێک جاری دی درەنگتر لاسایی دەکەنەوە، چونکە "من"-ی مرۆڤ چەقی پەیوەندییەکانی خۆی لە "ئەوانیدی"دا

Nestvogel, Renate: Sozialisationstheorien: Traditionslinien, Debatten und Perspektiven. In: Becker, Ruth/ Kortendiek, Beate (Hg.): Handbuch Frauen- und Geschlechterforschung. Wiesbaden 2004, S. 155.

([1]) Stumm, Gerhard / Pritz, Alfred (Hg.): Wörterbuch der Psychotherapie, Wien 2000, S. 503.

([2](http://www.socioweb.org/lexikon/index.ht.

دیاری دەکات: "هەڵوێستی، هزرینی، پلاندانان و کرداری، هەمیشە رووەو ئەوانیدی ئاڕاستە دەدرێن، جا گەر تەنانەت ئەوانیدی لە واقعی دەرەکیی ئەودا " ئامادە نەبن.(١)

ئێمە پێویستە هاوکات جیاوازی بکەین لە نێوان تێگەی سۆسیالیزاسیۆن و پەروەردەدا. سۆسیالیزاسیۆن پرۆسەیەکە کە لە رەوتیدا ئۆرگانیزمێکی مرۆڤیی بە پێکهاتەیەکی بیۆلۆژییەوە گەشە دەکات بۆ کەسێتییەکی بەتوانا بۆ کردار، بەڵام پەروەردە تێگەیەکە "کە لەژێر سەرتێگەی سۆسیالیزاسیۆندایە"، یان "واژەیەکە بۆ هەموو ئەو کردار و ئیجرایانەی مرۆڤان کە دەنوێنرێن بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر گەشەی کەسێتیی مرۆڤ و پشتگیریی ئەو گەشەیە بکەن بەگوێرەی پێوەری تایبەتمەندی بەهایی".(٢)

بەشی دووەم

شکۆفەی کەسێتی لە نێوچالاکیدا (Interaction)

سۆسیالیزەکردنی منداڵ لە کاتی زایینەوە لەنێو خێزاندا سەرچاوە دەگرێت و لە فێرگە درێژەی پێدەدرێت، لەم رەوتەدا منداڵ بەڕێی نێوچالاکییەوە فێردەبێت خۆی بە داواکاری و چاوەڕوانیی ئەو گرووپانە بگونجێنێت کە ئەو لەنێویاندایە.

تەوەری یەکەم: سۆسیالیزاسیۆنی خێزانی پێش فێرگە

بڕگەی یەکەم: منداڵ لە باوەشی خێزاندا

منداڵ لە یەکەم ساتی هاتنیەوە بۆ نێو جیهان بەندە بە ئەوانیدییەوە و بەبێ لالێکرنەوە و ئاگاداریی ئەوان ناتوانێت خۆی بژێنێت، بۆیە چەقی گۆڕانی کەسێتیی منداڵ هەمیشە لەو جۆرەی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە کە سەرەتا لەنێو خێزاندا دێتە گۆڕێ. لێرەدا جیهانبینیی دایك و باوك، واتا شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ جیهان، رۆڵی گرنگ لەودا دەگێڕێت کە چۆن منداڵەکەیان ئامادە دەکرێت بۆ بوون بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵ، ئەمەش شەقڵ بە شێوازە تایبەتیەکانی رەفتاری منداڵ دەدات پێش ئەوەی فێری رۆڵ و نۆرمی کۆمەڵایەتی بووبێت. لە بنەڕەتدا شێوازەکانی سۆسیالیزاسیۆن بەزۆریی سەرەنجامی ئەم جیهانبینیەن: خێزان، جا دەوڵەمەند بێت یان هەژار، شاریی

(1) Brocher, T.: Das Ich und die Anderen in Familie und Gesellschaft, Oeffingen 1976, S. 7.
(2) Hurrelmann, Klaus: Einführung in die Sozialisationstheorie, Weinheim Basel 2002, S. 14

بێت یان گوندی یان رەفتارلادێیی، بە شێوازی بیرکردنەوەی کاریگەرییەك دەنوێنێت لەسەر جۆری چێبوونی ئەو تاکە لە داهاتوودا وەك کردارنوێنێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە خێزانێکی ئۆتۆریتێری باوکسالاریدا پتر رەچاوی 'بەخێوکردن' یان 'خۆشەکردن' دەکرێت و هەوڵ دەدرێت منداڵ لەنێو ئەو نەریت و رەوشتانەدا ببەسترێتەوە کە باوك و دایك، بێگومان بەزۆری باوك، وەك هەقیقەتی ئەزەلی و نەشیاوی خۆلێلادان سەیری دەکەن.

بێتوانایی مرۆڤی منداڵ بریتییە لە کەمایەسییەکی مرۆڤیی کە بەهۆیەوە فێربوون واتایەکی جەوهەری وەردەگرێت، ئەمەش لە یەکەم رۆژی هاتنیەوە بۆ نێو جیهان، لە یەکەم گرتنی گۆی مەمکی دایکییەوە بە لێوەکانی، کەواتە لەو کاتانەوە کە منداڵ هێشتا فێرنەبووە تێڕوانین لەسەر شتەکانی ژینگە چێبکات. "فێربوون بەگشتی لەسەر رەوتێکی ئۆرگانی رووەدات، ئەویش کاتێك منداڵ گرنگیدانەکانی خۆی بە شێوەیەکی سپۆنتان (عفوی) ئاڕاستەی ئەو جێیانە دەکات کە ئەو لێیان جۆش و شیمانەکانی جوولّە بۆ خاتری ئەو گۆڕانە هۆشەکی و جەستەییانە بەدیدەکات کە لە پێگەیشتندان".[1] کەواتە لە یەکەم رۆژی هاتنی منداڵەوە بۆ نێو جیهان شێوەیەکی لێکخشان لە نێوان ئەوی کۆرپە و ژینگەدا (سەرەتا خێزان وەك راسپێرراوی رێکخراوی کۆمەڵایەتی و پاشان دامەزراوی دیکەی وەك باخچەی منداڵان و فێرگە و هتد) دێتە ئاراوە و نیشانەیە بۆ ئەوە کە منداڵ تەنیا لەنێو کۆمەڵ و کولتوورێکی تایبەتیدا شیمانەی بۆ ئاوەڵابوون هەیە. "کاریگەریی ئەوانیدی لەسەر رەفتاری تاك بەوەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی رەمەك و پێداویستییە مرۆڤییەکان تەنیا لەنێو چێوەیەکی سۆسیالدا شیاوی بەدیهێنانن. بە تایبەتی لە منداڵیدا کە بەها بناغەییە کولتووریەکان سۆسیالیزە دەکرێن، تاك بەندە بە لالێکردنەوەی کەسانی دیکەوە و ناتوانێت بەبێ ئەوان پێداویستیەکانی خۆی ساتار بکات، ئەمەش تەنیا وەرگرتنی خۆراك و پاراستن لە سەرما ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها هێمنکردنەوەی منداڵ بەهۆی پەیوەندییەوە. لەبەرئەوەی ئەم پێداویستیانە بەڕێی پەیوەندیی نێویەکیەوە ساتار دەکرێن، ئەوا لە رەوتی هەوڵەکانی سۆسیالیزاسیۆندا دەبن بە بناغەی یەکەم ئەزموونەکانی منداڵ. لەم هەوڵە دامەزراوەییە بنەماییەوە، هەروەها لە هەوڵەکانی خێزانی ناوکییەوە کە بەڕێیانەوە مەرجی جیاواز بۆ دابینکردنی پێداویستییە کەسییەکان ئامادە دەکرێن،

([1]) Bühler, K.: Abriß der geistigen Entwicklung des Kleinkindes, Heidelberg 1967, S. 68

تایبەتمەندیەکانی ڕەفتاری کۆمەڵگەیەك سەرهەڵدەدەن و زەمینەی ڕەفتارەکانی تاکەکەسان و پەیوەندیە نێوکەسییەکان پێکدەهێنن". [1]

لەنێو چێوەی سۆسیالیزاسیۆندا پێداویستیە خۆییە بناغەییەکان، بە تایبەتی ڕەمەکەکان (برسێتی، سێکسوالێتی، نووستن)، هەروەها پاڵپێزە (دافع) ناخەکییەکان (هەوڵدان بۆ دانپێدانان لەلایەن ئەوانیدییەوە، لالێکردنەوە)، لە ڕەوتی وەرگرتنی توخمە سۆسیۆکولتووریەکاندا (زمان، نۆرم) بە شێوەیەکی ئەوتۆ کاریان تێدەکرێت، کە ئیتر لە سەرەنجامدا کەسایەتییەکی سۆسیۆکولتووریی وەك سەرەنجامی کاریگەریە نێویەکیەکانی تاك و ژینگەی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە.

بەڵام دەبێت پەیوەست بە کێشەی کاریگەرییەوە دوو ئاڕاستە دیاری بکەین: لە لایەك گەشە یان بەدگەشەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی دایك و باوك، هەروەها بۆ پەروەردەکاران (بۆ نموونە فێرکاران)، بەڵام لە لایەکی دی، وەك ئاڕاستەی دووەم، "منداڵانیش کاریگەری لەسەر دایك و باوك و پەروەردەکاران" و لێرەشەوە "لەسەر سەرجەم گۆڕانی کولتووری" دەنوێنن. [2] تۆڕێنەوەکان لە بواری (Child effect)دا ئاشکرای دەکەن کە کاریگەریی منداڵ لەسەر دایك و باوك و کێشەی خۆگونجاندن لەکاتی "دووگیانییەوە" سەرەتا دەگرێت و منداڵان "هەتا تەمەنی پێگەیشتوویی ریزێك ئەرکی گەشەیی دەخەنە بەردەم دایك و باوکیان: زایین، مشووری خۆراك و سەرپەرشتیی مەلۆتکە، ناونووسکردنی منداڵ لە فێرگە، هەڵبژاردنی پیشە" و هتد. ئەم جۆرە ئەرکانە بریتین لە "پەرینەوەی کێشەیی بۆ دایك و باوك، کە لەتەك خۆیاندا دۆخگۆڕیی ئاشکرا لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانە و پیشە و هاوسەرێتیدا دەهێنن". ئەو شتانە کە واتای کرۆکییان بۆ ئەوان هەیە، هەروەها بەرپرسیارییەکان، ئەوجا دۆخی ناخەکییان و ئەو شتانەی ئەوان لە ژیانیاندا گرنگییان پێدەدەن، لە ڕەوتی کێشەکانی گەشەی منداڵەوە بە شێوەیەکی جەوهەری کاریان تێدەکرێت. [3] منداڵان لە هەموو قۆناغێکی

([1]) Mann, Leon: Sozialpsychologie. Weinheim und Basel 1997, S. 18

([2]) بڕوانە:

Montada, Leo: Themen, Traditionen, Trends, S. 78f. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, München 1987.

پەیوەست بە کاریگەریی جووتسەرییەوە لەنێوان دایك و باوك و پەروەردکاران لە لایەك، منداڵان لە لایەکی دی، کۆتسێپتی جیاواز هەن: سۆسیالیزەکردنی پێچەوانە-چالاك (retroactive)، سۆسیالیزەکردنی جووتلایەنی (bilateral)، سۆسیالیزەکردنی گونجێنەر (ئینتەگراسیۆنال / integrational). بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٩.

([3]) ebenda, S. 79.

دایك و باوکیان بەرەنگاری روانگە و نرخاندنی "لەڕێچکەلادەر" دەکەنەوە. [1] بەڵام منداڵان هەروەها زۆر جار لە رەوتی فێربوونی فێرگەییدا، هەروەها لە رەوتی ئەزموونیاندا کە بەهۆی پەیوەندییەوە لەتەك منداڵانی دیکەدا دەیکەن، زانینی نوێ بە دایك و باوکیان دەگەیەنن، لێرەشەوە زۆر جار تێڕوانین و هەڵوێستی ژیانیان دەگۆڕن.

بڕگەی دووەم: سۆسیالیزاسیۆنی تایبەت بە رەگەزەکان

سۆسیالیزاسیۆن رووداوگەلی ئاڵۆزتر لەخۆدەگرێت کە دەتوانین ناویان بنێین فێربوونی رۆڵ. "رۆڵ بریتییە لە (...) نموونەیەك بۆ سەرجەمێتیی رەفتار (...): رۆڵی رەگەزی، رۆڵی خزمایەتی، رۆڵی پیشەیی و هتد. بەڵام بە فێربوونی رۆڵەوە فێربوونی نۆرم و بەها لکاوە"، ئەم نۆرم و بەهایانە "کە چاوەڕوانین و کۆمەڵایەتییانە پێناسەکراون، دەدرێن بە هەڵگرانی رۆڵەکە و بۆ ئەوانیش واتای فرمان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بەو چاوەڕوانییانە بگونجێن". [2] فێربوونی رۆڵ پەیوەست بە رۆڵی نێرینە و مێیینەوە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە منداڵ "فێر ببێت هێدی هێدی رەفتار بنوێنێت و هەست بکات و جیهان راڤە بکات وەك ئەو کەسانەی کە خۆیان لەنێو هەمان جۆری کەسییدا دەبینەوە". [3] تەنانەت لە تەمەنی منداڵیدا کوڕان و کچان فێری رەفتاری رۆڵناسا دەبن، ئەوان لە لایەن دایك و باوك، هەروەها هەڵگرانی دیکەی سۆسیالیزاسیۆنەوە، دەنۆرمێنرێن و بەمەش شوێن ی کرداریان دیاری دەکرێت. "یەکەم داواکارییە سادەکان بۆ ئەوە کە چۆن گەرەکە مرۆڤ وەك کوڕ یان کچ ڕەفتار بنوێنێت، لە رەوتی ئایندەی پێگەیشتنیاندا و هەروەها تەنانەت لە خودی تەمەنی کامڵیدا تایبەتێتییان پێدەدرێت. بەم شێوەیە تێڕوانینی وشکهەڵهاتوو سەرهەڵدەدەن: بۆ نموونە پیاوان گەرەکە بەهێز و بێسۆز و سەرکەوتوو بن، بەڵام کچان بە پێچەوانەوە لاواز و هەستدار بن و کەسانی دەوریان سەغڵەت نەکەن. ئەم شێوازانەی تێڕوانین تەنانەت لە لای منداڵانی پێنج ساڵان هەن (...)". [4]

منداڵان لە ڕووی بیۆلۆژییەوە وەك کوڕ یان کچ دەزایێنرێن، بەڵام ئەو پرسیارە کە چۆن ئەوان گۆڕان بە تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی رەفتار دەدەن یان "ئەوان چ چاوەڕوانییەك بە 'نێربوون' یان 'مێبوون' ـەوە دەلکێنن، ئەمە بە سروشتی نەدراوە. پێشبینی سەبارەت بە مێبوون یان نێربوون

([1]) ebenda, S. 80.
([2]) Schmidbauer, M.: Einf. in die Sozialpsychologie, München 1985, S. 43
([3]) Secord u. Backman: Sozialpsychologie, Frankfurt/M 1980. Zit. Nach Schmidbauer, a.a.O., S. 43.
([4]) ebenda, S. 43

مەرجی سۆسیالی هەیە. ئەم پێشبینییە دێتە ئاراوە بەڕێی وەرگرتنی پێشدراوە سۆسیالەکان و هەروەها لە خەریکبووندا بە ژینگەوە". [1] منداڵ لە یەکەم ڕۆژی هاتنیەوە بۆ نێو جیهان بەرەنگاری چاوەڕوانی و شێوازی ڕەفتاری ڕەگەزی دەکرێتەوە. "دایك و باوك بە زاییننی کوڕێکەوە روانگە و ڕەوتی ژیان و هیوا و مشوری جیاوازتر دەلکێنن وەك بە زاییننی کچێکەوە. ئەوان (زۆر جار بەبێ ئاگا) بەرانبەر بە شێرەمژەیەکی نێرینە فۆرمی دیکەی نێوچالاکی، یان بزووتنی جیاوازی جەستەیی و گوزارشتی ڕوخسار پیشان دەدەن وەك بەرانبەر شیرەمژەیەکی مێیینە، ئەوان کوڕان جیاواز لە کچان دەپۆشن و هتد. بەم شێوەیە ئەوان لەلای مەلۆتکەی نێر و مێ شێوازی جیای ڕەفتار دەهێننە ئاراوە". [2]

لە ڕەوتی ساڵانی سەرەتای ژیاندا چاوەڕوانی و وەڵامدانەوەکان، ڕاڤەی تایبەتیی ڕەفتار، دەسوێژەکان بۆ نواندنی پەستان کە تایبەتمەندیی ڕەگەزییان هەیە، هەمیشە پتر پەرەدەسێنن، کە ئیتر منداڵ زۆرتر چالاك دەبێت و لە پراکتیکە سۆسیالەکاندا بەشداری دەکات. هاوکات منداڵ لە ڕووی ڕەگەزییەوە وردتر دەرکی ژینگە دەکات و ڕاڤەی دەکات. بەم شێوەیە منداڵ لە خێزاندا و بەڕێی لایەنە دەرەکییەکانی سۆسیالیزاسیۆنەوە، بۆ نموونە هەڤاڵان، پەرتوکی وێنەیی، تەلەڤیزیۆن، ناوەندی گشتی (شەقام، دوکان، هۆکانی گەیاندن) و ڕێکلام و هتد، ئەزموونی ئەوە دەکات کە مێبوون یان نێربوون چ واتایەك دەگەیەنێت. [3]

منداڵ دوای زایین پەیوەندییەکی بەهێزی بە دایکەوە هەیە، چونکە دایك لە پلەی یەکەمدا مشووری منداڵ دەخوات، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت گۆڕان بە ئاگایی کەسێتیی خۆی بدات، ئەوا دەبێت خۆی هێدی هێدی لە دایك جیابکاتەوە. "ئەم پرۆسەیەی جیابوونەوە لەلای کوڕان و کچان جیاوازە. کچان زۆرتر لە کوڕان لە دایکیان نزیك دەمێننەوە. کچ لێرەدا دەتوانێت بەڕێی نزیکییەوە لە دایك هەستێکی بۆ شوناسی کەسیی هەبێت و ئەم هەستە زۆرتر ڕێ بە بەردەوامی (ئیدامە) و نزیکی دەدات وەك لەلای کوڕان. لێرەوە لای کچان ئەوە وەك سەرەنجام دەکەوێتەوە کە لە لایان ئەدگارەکانی

([1]) Hunger, Ina: Geschlechtsspezifische Sozialisation bis zum Schuleintritt – Hintergründe und Reflexionsanlässe, S. 241. In W. Beudels, N. Kleinz & S. Schönrade (Hrsg.). Bildungsbuch Kindergarten: Erziehen, Bilden und Fördern im Elementarbereich, Dortmund 2010

([2]) Ebenda, S. 241

([3]) Ebenda, S. 242

وەك هەستناسكی و هاوهەستیی سۆزمەند"[1] سەرهەڵدەدەن. گەیشتن بە شوناسی رەگەزی بریتییە لە پرۆسەی گەشەی منداڵ بۆ بوون بە کوڕ یان بە کچ.

باخچەی منداڵان لەپاڵ خێزاندا بریتییە لە گرنگترین نێوەندەکانی سۆسیالیزاسیۆن بۆ منداڵان لە نێوان تەمەنی سێ تا شەش ساڵی. [2] لێرە نەك تەنیا بە مەبەستی پەروەردەییەوە ژینگەکی تایبەتی و پسپۆرانە (وەك ئامرازی گەمە، رووی دەرەوە و ناوەوەی بینا و هتد) چێدەکرێت، بەڵکو لێرە منداڵان رۆژانە فێر دەبن کە لە پەیوەندییەکی سۆسیالی گەورەتردا کردارببنوێنن. لێرە زۆر جار پرۆسە رەگەزییەکانی سۆسیالیزاسیۆن بە چەشنێك رووددەدەن کە خودی پەروەردەکاران ئاگایان لێیان نییە. ئەوان زۆر جار دەرك بەوەش ناکەن کە چ وێنەیەکی تایبەتیی رەگەزیان هەیە کە رەفتاری خۆییان دیاری دەکات و کاریگەری لەسەر منداڵان دەنوێنێت. کوڕان و کچان لە سەرەتای تەمەنی باخچەی منداڵاندا فێربوون کە چاوەڕوانییە رەگەزییە تایبەتیەکان چ واتایەکیان بۆ ئەوان هەیە، ئەوان هەروەها گۆڕانیان داوە بە شوناسێکی سەرەتایی سەبارەت بە رەگەزی خۆیان. ئەوان دەزانن کور یان کچ بە چی گەمە دەکات، چ ئەدگارێکی رەفتار بەگشتی بە کوڕان یان بە کچان دەدرێت و هتد.

تەوەری دووەم: سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی

منداڵ لایەنی کەم لە تەمەنی شەش ساڵییەوە هەموو رۆژێك، جگە لە رۆژانی پشوو، چەند سەئاتێك لە فێرگە بەسەردەبات و ئەمەش لایەنی کەم نۆ ساڵ دەخایەنێت. منداڵ لەم ماوە درێژخایەنەدا نەك تەنیا لە خۆیەوە مامەڵەی جیاواز لەنێو فێرگەدا دەکات، بەڵکو هاوکات لە رەوتی پەیوەندییە نێویەکییەکاندا، هەروەها بەڕێی داواکاریی فێرگەییەوە، فێری شێوازی دیکەی مامەڵەکردن و رەفتارنواندن دەبێت، کە پێکڕا گۆڕان بەسەر شێوازە خۆییەکانی کرداری ئەودا دەهێنن.

بۆ نزیککەوتنەوە لە سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی پێویستە سەرەتا بپرسین کە داخۆ سیستەمی فێرکاری بە چ شێوەیەك پەیوەندە بە کایەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە. ئاشکرایە کارایییەکی سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی بریتییە لە گەیاندنی توانست، چونکە فێرگە بۆ ئەوە کارا کراوە کە بە منداڵان توانستەکانی وەك نووسین و ژمارەدن، زانستی سروشتی و جوانیناسی و هتد بگەیەنێت، کە

([1]) Chodorow, Nancy: Das Erbe der Mütter, München 1985, S. 108 f

([2]) باخچەی منداڵان وەك نێوەندێکی گرنگی سۆسیالیزەکردن لە هەندێك ناوچەی کولتووریدا دەگمەنە یان تەواو پیشتگوێ خراوە. بۆ نموونە نەك تەنیا لە قەزا و ناحیە و گوندەکان، بەڵکو هەروەها لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، زۆرینەی منداڵان بێبەرین لە باخچەی منداڵان و لە کۆڵانەکاندا سۆسیالیزە دەکرێن.

منداڵان لە ئایندەدا پێویستیان پێیانە بۆ ئەوەی بتوانن داواکارییەکانی پرۆسەی کار بەجێبگەیەنن. ئەرکێکی دیکەی فێرگە ئەوەیە کە دەرفەت بڕخسێنێت بۆ ئەوەی منداڵ لە رەوتی سۆسیالیزەکردندا شکۆفەی ناخەکی بکات و لێرەشەوە بۆی بلوێت گۆڕان بە توانای خۆیی بدات، ئەوجا لە کاری تیمدا (کۆییدا) جێگەی خۆی بکاتەوە و خۆی بگونجێنێت. دامەزراوەکان کە نوێنەرایەتیی بوارە کولتوورییەکان دەکەن، لەوانە زانکۆ، سەنتەرەکانی تۆژینەوە، دامەزراوە هونەرییەکان و یانەکانی وەرزش، "چاوەروانیی ئەوە لە فێرگە دەکەن کە لایەنی کەم (...) گۆڕانێکی تێگەیشتن و گرینگیدان و مەئریفە و توانست بۆ نەوەی نوێ ئامادە بکات، بەمەش شیمانەی هاتنی منداڵ بۆ نێو رەهەندەکانی ژیانی کولتووری ئاوەڵا بکات".[1]

ئەرکێکی دیکەی فێرگە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ئەوەیە کە هەوڵ بدات هەڵوێستی بەهایی و شێوازەکانی راڤەکردنی پێبگەیەنێت. کەواتە ئەرکی فێرگە لەم کارایییەیدا گەیاندنی کولتوورە، ئەم ئەرکە هاوکات بریتییە لە بنیاتنان و گۆڕان بە شوناسێکی کولتووری. بەڵام پێویستە لەم پەیوەندییەدا جەخت لە هەقیقەتێك بکەین، واتا "ئەوە کە لە کۆمەڵگەدا وەك پۆزەتیڤ، ئەوەش کە سیستەمی سیاسی رەوایەتیی پێدەدات، بۆ نموونە سەرکەوتن (نەجاح) بەڕێی توانستی بەدیهێنانەوە، یان هۆشرایەڵی و هتد، وەك بابەتی سەرەکیی وانە ناگەیەنرێن، بەڵکو لە لاوە وەك 'پەیڕەوی شاراوە'[2] (hidden curriculum) دەگەیەنرێن. زۆر جار خودی بەشداریکەران نازانن کە ئەم فاکتەرە لاوەکییانە چ واتا و شێوازێکی کاریگەرییان هەیە".[3]

'پەیڕەوی شاراوە' بە هەمان شێوەی پلانی فەرمیی فێرکاری کارایە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا، چونکە 'پەیڕەوی شاراوە' هەموو ئەو ئەزموونە سۆسیالانەی فێربوون لەخۆدەگرێت کە منداڵان لە

([1]) Klafki, Walter: Gesellschaftliche Funktion und pädagogischer Auftrag der Schule in einer demokratischen Gesellschaft. In: Braun, Karl-Heinz / Müller, Klaus / Odey, Reinhard (Hrsg): Subjekt-Vernunft-Demokratie. Weinheim, Basel 1989, S. 25.

([2])"پەیڕەوی شاراوە" (hidden curriculum) تێگەیەکە کە ئەنتۆپۆلۆژی کولتووریی فیلیپ و. جاکسن لە نووسینی („Life in Classrooms“, 1968) گۆڕانی پێدا. مەبەست لە وشەی "شاراوە" ئەوەیە کە ئامانجگەلی نهێنی بەبێ ویستی خۆ دادەنرێن و بە راشکاوی دەرنابڕرێن، بەڵکو بەبێ ئاگا لە لایەن فێرکارەوە بەڕێی هەڵبژاردنی یەکلایەنەی ناوەرۆکەکانەوە، هەروەها بەبێ گرنگیدان بە ژیانی رۆژانەی فێرخواز لەنێو فێرگەدا، ئەنجام دەدرێن. ژیانی فێرخوازان خۆی لە پشت پلانە فەرمییەکانی فێرکارییەوە دەبینێتەوە.

([3]) Zimmermann, Peter: Grundwissen Sozialisation, Opladen 2003, S. 129

ژیانی رۆژانەی فێرگەدا دەیانکەن، بۆ نموونە ژیان لە فێرگە لەوبەر پلانەکانی فێرکارییەوە، یان رێنوما و رێساکانی فێرگە کە پلانی فێرگەیی نین، بەڵکو دەسەپێنرێن و کارگەریی لەسەر رەفتاری فێرخوازان دەنوێنن، ئەوجا چەوساندنەوەی دەربڕینی کتوپڕی پێداویستییە خۆییەکان، یان ریزبەندی لەنێو گرووپدا و دانانی منداڵان لەژێر رکێفی مەبەستەکانی دامەزراوەی فێرکاریدا.

لە 'پەیڕەوی شاراوە'دا چەند رەوشێك هەن کە واتای کرۆکییان هەیە بۆ سۆسیالیزەکردنی منداڵ. کێشەیەکی کرۆکی بریتییە لە فەزا و کات. "ژینگەی فەزایی هێزێکی فۆرمێنەرە" بە کاریگەریی بەهێزەوە لەسەر مرۆڤ. شێوەی بینای فێرگە و پۆلی وانە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەستی حەسانەوە و میزاجی فێرخوازان بۆ فێربوون. نەخشەی فێرگە بەڕوونی پیشانی فێرخوازانی دەدات کە پلاندانەرانی بیناکە چ پێشبینییەکیان بۆ فێرگە و وانە هەیە و چۆن ژیانی فێرخوازان دەنرخێنن. هەروەها فۆرماندنی ژوورەکانی وانە، بۆ نموونە ریزبەندیی مێزەکان، ئەو هەستە بە فێرخوازان دەدات کە ماموستایان چاوەڕوانییە چی لە ئەوان دەکەن. بابەتەکانی نێو دامەزراوەی فێرگە تەنیا رێ بە نێوچالاکی و بزووتنی تایبەتی دەدەن: فێرخوازان بۆیان هەیە بڕۆن، دابنیشن یان بووەستن، بەڵام بۆیان نییە رابکەن یان پاڵبکەون. بەڵام لەپاڵ کێشەی فەزادا کێشەی کات هەیە. منداڵان بەڕوونی دەبینن کە کاتی فێربوون لەسەر بنەمای سااڵ و رۆژ و سەئات دیاریکراوە، بەڵام ئەوان هاوکات دەبینن کە فێرکاران بە پێچەوانەوە کاتیان هەیە، ئەوە فێرکارانن کە پلانەکانی فێرکاری دادەنێن و دەسەڵاتیان هەیە بۆ ئەوەی سەرەتای وانە و کاری تاك یان گرووپ دیاریبکەن. [1]

رۆڵێکی "'پەیڕەوی شاراوە' بریتییە لە نرخاندنی 'ئەنجامەکان' و بەم رێیەوە کار دەکاتە سەر گەشەی کەسێتی بە سەرەنجامێکەوە کە لە نێوان فێرخوازانی باش و ناباشدا جیاوازی لە هەستی خۆیی و متمانەکردندا بە خۆ سەرهەڵدەدات. ئەو منداڵانە کە ئەنجامی فێرگەیی باشیان هەیە، پێشبینییەکی سەقامگیرتری کەسێتیی خۆیانیان هەیە لەو فێرخوازانە کە کەمتر سەرکەوتوون. کەواتە فێرگە بەهێزتر لە خێزان دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوە کە فێرخوازان خۆیان بە کەسانی دی بەراورد بکەن، یان دەرك بکەن کە چۆن ئەوان لە لایەن کەسانی دیکەوە دەنرخێنرێن. بەم شێوەیە نرخاندنی بەدیهێنانە فێرگەییەکان دەبێت بە بەشێکی شوناسی کەسیی". [2]

([1](Ebenda, S. 132
([2]) Ebenda, S. 132

ئێمە هاوکات لە فێرگە سۆسیالیزاسیۆنی تایبەت بە رەگەزەکان دەبینین، بەڵام لەم پەیوەندییەدا پێویستە لە پێگەیاندنی کوڕان و کچاندا رەچاوی فێرگەی تێکەڵ یان جیاکراوە بکەین. لە سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی جیای رەگەزەکاندا هەر لە سەرەتاوە دیوارێك لە نێوان منداڵانی نێر و مێدا هەڵدەچنرێت، کە ئیتر لەم تەمەنەوە شێوازەکانی دەربڕینی ئارەزوویان بۆ یەکتری، شەرم لە یەکتری، ناز بەسەر یەکتریدا، سەرهەڵدەدەن، کەواتە لەم تەمەنەوە گەرای کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر کوڕان و کچانی گەنج دادەنرێت، بەم رێیەشەوە فۆرمی باوی رێکخراوی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنرێتەوە. گومانی تێدا نییە کە سۆسیالیزاسیۆنی رەگەزی لە فێرگەی تێکەڵدا نزیکی لە نێوان رەگەزەکاندا چێدەکات و بەمەش ترس و شەرمی تایبەت بە رەگەزەکان کەمدەکاتەوە، بەڵام لێرەش هێشتا بەبێ ئاگا یان بەبێ مەبەست سۆسیالیزاسیۆنی تایبەتی رەگەزی روودەدات. "کوڕان زۆرتر لە کچان لە وانەدا پرسیاریان لێدەکرێت، ستایش یان سەرزەنشت دەکرێن و بەهۆی کەمیی دیسپلینەوە گەڤ دەکرێن. کوڕان زۆرتر لە کچان پەیوەندیی چاویان لەتەك فێرکاراندا هەیە، فەزاییانە لێیان نزیکترن و زۆرتر لە کچان پرسیاریان لێدەکرێتەوە. بە شێوەیەکی دی ببێژین: کوڕان زۆرتر لە کچان ئاگامەندییان لە لایەن فێرکارانەوە پێدەبڕێت، ئەمەش زۆر جار بە پێچەوانەی مەبەستی دیاریکراوی خودی کاملەکانەوە(...). بەشداریی کوڕان لە وانەدا پڕبەهاتر دادەنرێت و ئەوان زۆرتر وەك شایانی پشتیوانیکردن دادەنرێن، بۆیە رووەدات کە زۆرتر لە کچان هاندەدرێن".[1]

بەشی سێیەم

کاریگەریی کولتوور لەسەر پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن

لە سەرەوە کێشەی سۆسیالیزاسیۆنمان لە رووی پەیوەندیی نێوان بکەرانی سۆسیالیزاسیۆن (واتا دایك و باوك و فێرگە) و منداڵەوە دیاری کرد. بەڵام هەروەها کولتووریش فاکتەرێکی گرنگی سۆسیالیزاسیۆنە، چونکە کولتوور وەك کلاڤەیەك لە بیروباوەڕ و دەسکەوت و ترادیسیۆن، کە هەموویان "پاشین"ەی کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنن، هەمیشە رۆڵی سەروەری خۆی دەنوێنێت و کاریگەرە لەسەر گۆڕانی کەسێتی.

([1]) Ebenda, S. 149f.

تەوەری یەکەم: تێگەی کولتوور

کولتوور کە دراوێکی پڕواتایە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، "بریتییە لە کۆی سەرجەم بونیادەکانی رەفتار، هەروەها بریتییە لەو هەڵوێست و بەهایانە کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتی بەهاوبەشی هەیانن و وەك میرات دەیانگەیەنن بە نەوەکانی دی".[1] کولتوور "بەشێکی کرۆکیی رووداوە کۆمەڵایەتییەکانە"، گرنگترین کارایی کولتوور لەوەدایە کە "جەخت لە بۆماوەی کۆمەڵایەتی دەکات"، هەروەها لەبەر ئەوەی فۆرم بە رەفتاری راستەقینە دەدات، ئەوا کاریگەرییەکی پێوریانە (معیاری)ی هەیە، جگە لەوە کولتوور "دەسوێژێکە بۆ چارەسەری کێشە".[2]

ئێمە دەتوانین کولتوور بەسەر دوو کایەی سەرەکیدا بەش بکەین: کولتووری ئەستوویی (مادی) و نائەستوویی. یەکەمیان بریتییە لە شکۆفەی ئەستوویی و تەکنیکیی کۆمەڵگە، واتا سەرجەم ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ئاستی گۆڕانی زانستی کۆمەڵگەیەك جیانابنەوە. بە پێچەوانەوە کولتووری نائەستوویی یان هۆشەکی بریتییە لە نۆرمەکان، جۆرەکانی پێشبینیی ئاوەزمەندانە و نائاوەزمەندانە، وەك پێشبینیی زانستی، بڕوای ئایینی، ئەفسانە و داستانەکان و هتد.[3]

تەوەری دووەم: ڕۆڵی کولتوور لە فۆرماندنی کەسێتیدا

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. تەنانەت مەلۆتکە لەکاتی هاتنیدا بۆ نێو جیهان بەندە بە هاومرۆڤانییەوە. لەبەر ئەوەی مەلۆتکەی شیرەمژە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی تایبەتی و نوێنەرەکانییەوە بەکرۆکی کاری تێدەکرێت، ئەوا پرسیارەکە سەبارەت بە گۆڕانی منداڵ پتر ڕوو لەو کۆمەڵگە و کولتوورە دەکات کە ئەو لە نێویدا پێدەگات. "بۆ ئەوەی لە واتای کۆمەڵگەی مرۆڤیی وەك فاکتەری سۆسیالیزاسیۆن بۆ ڕەفتار تێبگەین، دەبێت خۆمان بە کولتوورەوە خەریك بکەین، چونکە کولتوور گرنگترین دراوە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. کولتوور پێکدێت لە بونیادی فێربوو و ڕێکخراوی ڕەفتار کە موّرکی تایبەتیی کۆمەڵگەیەکن".[4]

بێگومان کولتوور نەك بە شێوەیەکی موجەڕەد (ئەبستراکت)، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرجەستە بەڕێی نوێنەرەکانییەوە (دایك و باوك، فێرکار، مەلا و هتد) کارا دەبێت. "سیستەمەکانی بڕوا

([1]) Mann, Leon, a.a.O., S. 16
([2]) König, René (Hrsg.): Soziologie. Das Fischer Lexikon, Frankfurt/M 1967, S. 163
([3]) Ebenda, S. 164
([4]) Mann, Leon, a.a.O., S. 15f.

(العقیدة) کە مەرجی کولتوورییان هەیە، هەروەها تێڕوانینە سەروەرەکان سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، پاشان مەبەستی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندیی ئەو بە ژینگە و هاومرۆڤانییەوە، کاریگەرییەکی بەواتایان لەسەر پرۆسەی سۆسیالیزەکردن هەیە. کاملەکانی هەندێك کولتوور پەروەردەی منداڵ تەنیا وەك کێشەی تێرکردن دەبینن، منداڵان لە کولتووری دیکەدا وەك بابەتی گوێرایەڵی یان بەخێوکردن دەبینرێن، کولتووریش هەیە کە نرخ بۆ تەحقیقکردنی کەسێتیی خۆ و خۆبەدیهێنان دادەنێت".[1] کاتێك بەڕێی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆنەوە هەڵوێست و ڕەفتاری سۆسیال بە منداڵ دەگەیەنرێن، ئیتر ئەو دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵگە، ئەو خۆی بەو نێوەندە دەگونجێنێت و ئەو ڕەفتارە سۆسیالانە دەنوێنێت کە نێوەندەکە پێیان قایلە.

کولتووریك کە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ئەزموونی کۆیی، واتا بەستنەوەی تاك لەنێو ڕێنوما دانراوە ترادیسیۆنیەکاندا بەهەند وەربگرێت، ئەوا لەو کولتوورەدا پێگەیشتنی "من"ی کەس ڕەتدەکرێتەوە، چونکە کەس پێویستە وەك کەرتی کۆمەڵ ڕەفتار بنوێنێت و پەیوەندییەکانی دابەزرێنێت. لە پاشخانی داواکارییە کولتوورییەکانەوە کچان و کوڕان وەك ژنی مارل و دایکی ئایندە، یان وەك پیاوی گوێرایەڵ و دڵسۆز بۆ داب و نەریتی سەروەر، سۆسیالیزە دەکرێن، بەم شێوەیە کچان و کوڕان چاو لە نموونەکانیان دەکەن، نموونەکانیش لە لای کچان بریتین لە هەڤاڵان، دایك و نەنك، پوور و ژنانی دراوسێ و هتد، بەڵام لە لای کوڕان بریتین لە هەڤاڵان، باوك و باپیر، مام و خاڵ و پیاوانی دراوسێ و هتد. سەرەنجامی ئەم چاولێکەرییە یان لاساییە ئەوەیە کە "'من' بە دەگمەن شکۆفە دەکات و بەزۆربی لەنێو چێوەی نێوچالاکیی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، لێرەشدا لە پشتی کردارەکەوە دەمێنێتەوە".[2]

بەشی چوارەم
گۆڕانی زمان لەلای منداڵ

منداڵ لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا خۆشە دەکرێت داب و نەریتەکانی کۆمەڵ وەربگرێت، هەتا ببێت بە ئەندامێکی گونجاوی کۆمەڵگە، لەم ڕەوتەشدا ناچار دەکرێت فێری فۆرمە ناسێنراوەکانی ئاخافتن ببێت. گەر منداڵ خۆی بۆ شتێك وشەیەك بدۆزێتەوە، ئەوا کۆمەڵگە ئەو وشەیەی

(1) Ebenda, S. 23

(2)جلال، کاوە: کێشەی پەروەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان. ڕەخنە و ئەلتەرناتیڤ. گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژ. ١، سلێمانی ٢٠٠٨ لا ٢٥٢.

لێوەرناگرێت. کۆمەڵگە بۆ دیاریکردنی شتێکی تایبەتی وشەیەکی دیکەی هەیە، بۆ نموونە چەو، تەرزە. بێگومان وشەدروستکردنەکانی منداڵ بۆ ماوەیەك لە یادمانی لێبوردووی خێزانی ناوکیدا دەمێننەوە، بەڵام ناچەسپێن، بەڵکو هێدی هێدی لەبیردەچنەوە.

تەوەری یەکەم: زمان وەك دەرکەوتەی تایبەت بە مرۆڤ

ئێمە دەتواین لە سێ شێوەدا دەرکەوتنی زمان لەنێو مرۆڤدا دیاری بکەین: زمان دەربڕینی ئەو حاڵەتانەیە کە وەك بوونی ئاژەڵی لەنێو دەروونی مرۆڤدا دەژین، زمان دەربڕینی ئەو توانستەیە کە دەتوانێت ناو لە هەموو شتەکانی جیهان بنێت، لە کۆتاییدا زمان دەربڕینی ئەو توانستەیە کە هەوڵ دەدات لەنێو پەیڤیندا بە خودی خۆی بگات و بەم ڕێیەوە زمان دەبێت بە خەریکبوون لەتەك خودی خۆدا. (١)

زمان لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا واتای تایبەتی وەردەگرێت. "توانست بۆ ئەوە کە منداڵ سۆسیالیزە بکرێت، بەندە بە توانستی منداڵەوە بۆ سیمبۆل، ئەمیش بەندە بە توانستی زمانەوە". سیمبۆلەکان لە پەیوەندییە نێومرۆڤییەکاندا "چالاك دەبن و لە دۆخە سۆسیالەکاندا واتای خۆیان وەردەگرن". (٢) گومانی تێدا نییە کە کارایییەکانی مێشك فاکتەرێکی سەنترالین بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ئەمە پێدەچێت زمان بەتەنیا بەند نەبێت بە فێربوونەوە، چونکە "دەبێت چەند پرۆسەیەکی مەئریفیی گەشە بەپێش فێربوونی زماندا راببورن، کە ئیتر دوای گەیشتن بە 'ئامادەبوون بۆ زمان'، زمان بتوانێت بەڕێی وروژێنەرەکانی ژینگەوە ئاوەڵا ببێت". (٣) لەم ڕوانگەیەوە زمان لەنێو پرۆسەیەکی نوێکردنەوەدا ئاوەڵادەبێت، لەم ڕەوتەدا بونیادە شارراوەکانی زمان دەرفەتی دەرکەوتنیان بۆ دەڕەخسێت کە ئیتر لە کۆتاییدا ناوەڕۆکەکانی زمان شیاوی فێربوون و پاراستن دەبن. (٤)

واتای زمان لە ڕووی پسیکۆلۆژییەوە لەو پرسیارەدایە کە ڕوودەکاتە مامەڵەی مرۆڤان لەتەك زماندا، یان ئەو پرسیارەیە کە داخۆ ئەوان لەسەر بناغەی چ پێشمەرجێك و بە چ شێوازێك فێری زمان بن. زمان لەم ڕوانگەیەوە ئامرازە "بۆ ئەوەی کەسێك تێڕوانینێك لەبارەی شتەکان بە کەسێکی دی

(1) König, Karl: Die ersten drei Jahre des Kindes, Stuttgart 1994, S. 31
(2) Griese, Hartmut M.: Soziologische Anthropologie und Sozialtheorie, Weinheim Basel 1976, S. 29
(3) Ebenda, S. 30
(4) Ebenda, S. 30

رابگەیەنێت". کەواتە زمان کارەکتەری کرداری هەیە و لەم کردارەدا سێ تەوەرە هەن: تەوەرەی خۆیی (کەسێك)، تەوەرەی نێویەکی (ئەویدی)، تەوەرەی بابەتی (لەبارەی شتەکان). [1]

بەڵام هەروەها لە زماندا شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەیەك دەردەکەوێت. زمانێك چەند هەژار بێت، بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیەش ئەوەندە سادەیە. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە و زمان بە شێوەیەکی مێژوویی گۆڕاون و هەردووکیان پێکەوە لەتەك کارەکتەری تایبەتیی کۆمەڵگەیەکدا میراتە سۆسیالەکەیان پێکدەهێنن، ئەوا شێوازی بیرکردنەوە و زمانی کۆمەڵگەیەك پێکهاتەی کرۆکین لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا، چونکە "ئەو زمانە کە منداڵ فێری دەبێت، کەمتر زمانی خۆیەتی، بەڵکو بەزۆریی زمانی کۆمەڵگەیە. گەرچی تاکەکەسانی جیاواز دەتوانن سیمای تایبەتی بدەن بە شێوازە چەسپیوەکانی دەربڕین و پەیڤین و واتا، بەڵام هێشتا هەر ئەم وەرگۆڕینە خۆییانە ناوکێکی هاوبەشیان وەك بناغە هەیە". [2] ئێمە دەتوانین، لە رووی سایکۆلۆژییەوە، زمان وەك ئاوێنەی پەیوەندییە سۆسیالەکان ببینین. بە هەر حاڵ "زمان گرنگترین بابەتی سۆسیالیزاسیۆنە". [3]

تەوەری دووەم: فێربوونی زمانی دایك (Mother language)

بڕگەی یەکەم: قۆناغی پێش-زمان

دەربڕینە دەنگییەکانی منداڵی شیرەمژە بریتین لە "کەرەسەیەکی خاو کە لێوەی هێدی هێدی دەنگە راستەقینەکانی پەیڤین دێنە ئاراوە"، [4] بەڵام "پێش ئەوەی قەوارە دەنگی جەختلێکراو وەك وشە دەربکەون، گڕ و گاڵی پێت لە خۆ گر و جەختلێنەکراو کارایییەکی پەیوەندیی زمانیانە وەردەگرن". منداڵی شیرەمژە لە زاری کاملەکانەوە دەرك بە قەوارە دەنگی تایبەتی دەکات و تێگەیشتنی جەخت لەم قەوارە دەنگانە پێش پەیڤینی خۆیی دەکەون. "لە فێربوونی زمانی دایکدا، بەڕێی پراوەکردنی وشە و پەیوەندیی نێوان وشەکانەوە، منداڵ لە رەوتی بەمرۆڤبوونی خۆیدا یەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکان دەنێت"، [5] بەڵام منداڵی شیرەمژە "لەنێو تاکە ئەزموون و تاکە پەیوەندیدا"

([1]) Grimm, Hannelore: Sprachentwicklung: Voraussetzungen, Phasen und theoretische Interpretationen, S. 583f. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, Münchem 1987.

([2]) Lindesmith, A. R. u.a.: Symbolische Bedinungen der Sozialisation, Frakfurt/M, 1983. S. 49

([3]) Berger, Peter L./ Luckmann, Thomas: Die gesellschaftliche Konstruktion der Wirklichkeit. Eine Theorie der Wissenssoziologie, Frankfrt/M. 1972, S. 63

([4]) Bühler, Karl, a.a.O., S. 78

([5]) Ebenda, S. 79

ناژی، "بەڵکو لەنێو سەرجەمێتی و بڕی ناکۆتای ژینگەیەکدا دەژی کە هێدی هێدی خۆی بۆ ئەو دەردەخات. ئەوانەش نێوەندی رووداون کە خۆیان بۆ ئەو ئاوەڵا دەکەن".[1]

منداڵ فێری پەیڤێن دەبێت پێش ئەوەی بیرکردنەوەی بێداربووبێتەوە. گەرچی فێربوونی بەواتای زمان دەکەوێتە ماوەی نێوان ساڵەکانی سێیەم و پێنجەمی ژیانی منداڵەوە، بەڵام منداڵ لە تەمەنی دووساڵییەوە دەستدەکات بە ناونان لە شتەکانی شوێنەوار بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خۆی بە وشە و رستەی پرۆسیتیڤ (سەرەتایی) دەربڕێت. ئەم ئەدگارەی رەفتاری مرۆڤیی بریتییە لە "دەرکەوتنی شێوازێکی بوونی جیاواز لە شێوازی بوونی ئاژەڵ. ئەم شێوازی بوونە لەتەك زماندا لەنێو منداڵدا بێداردەبێتەوە، چونکە منداڵ بوونەوەرێکی مرۆڤییە، کەواتە توانست و پێداویستیی بۆ زمان هەیە".[2]

منداڵ ناتوانێت بە زمانی دایك و باوکی بئاخڤێت، بە پێچەوانەوە، چۆن ئەو ناچارە زۆر داب و نەریت لە دایك و باوکییەوە فێرببێت، بە هەمان شێوە دەبێت فێرببێت کە چ وشەیەك بە چ بابەتێك دەگونجێت. ئەو دەبێت رێکخستنی وشەکان، شێوازی نووسین و پنتبەندییان فێرببێت. کەواتە "گەشەی زمان وەك رووداوێکی سۆسیالیزاسیۆن، لە بناغەوە سروشتێکی دیالۆگیی هەیە. زمان کە لە پەیوەندیی جوتەنیی دایك-منداڵدا گەیەنراوە، بەرهەمی بەشداریکردنی نێوکۆییە لە پراکسیسی کۆمەڵایەتیدا، لێرەشدا دایك بریتییە لە نموونەی کەسی رووتێکراوی سەرەکی"،[3] بەڵام دایك نەك تەنیا هەستی خۆشەویستی بە وشە دەردەبڕێت، ئەو هاوکات ناچارە هەندێك داواکاریی منداڵ جارێکی دی بخاتە فۆرمی وشەوە و ئاڕاستەی منداڵەکەیان بکات. کەواتە "دایك و منداڵ هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی زمانییان هەیە، دایك سەرەتا بەڕێی ئەو دیالۆگەوە کە دەبێت بیهێنێتە گۆڕێ، جیهانێکی هاوبەشی ئەزموون چێدەکات: کاتێك ئەو رەفتاری شیرەمژە راڤە دەکات و واتا بەم رەفتارە دەدات، ئیتر هێدی هێدی وا لە شیرەمژە دەکات کە خۆی فێری ئەو جۆرە تێڕوانین و رێسایانە ببێت کە زەمینەی وەرگرتنی زمان پێکدەهێنن".[4] لەم روانگەیەوە "منداڵ بە دابڕاوی فێری رێساکانی زمان نابێت، بەڵکو سەرچاوەی ئەو رێسایانە لە بونیادگەلی کرداری سۆسیالدایە".[5]

([1]) König, K., a.a.O., S. 27
([2]) Berlson und Steiner: Menschliches Verhalten, Bd. 1, S. 84, zit. n. Griese, Hartmut M., a.a.O., S. 28
([3]) Grimm, Hannelore, a.a.O., S. 599
([4]) Ebenda, S. 600
([5]) Ebenda, S. 600

ئەو وشانە کە منداڵ سەرەتا بەکاریان دەهێنێت، بریتین لە "یەکایەتیی بەدەر لە گەردانکردنن، لە رووی رێزمانەوە بێفۆرمن (...)، واتا وشەکان لە هەموو حاڵەتەکانی بەکارهێنانداا بەبێ گۆڕین دەگەڕێنەوە لەو شێوەیەدا کە منداڵەکە دروستی کردوون یان وەریگرتوون".[1] زمانی سەرەتای منداڵ لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە ناودەنرێت "رستەی یەك وشەیی"، ئەم جۆرەی رستە "بە قووڵترین شێوە بەستراوە بە ژیانی سۆسیالی رابوردوو و هەنووکەی منداڵەوە. بەبێ دەستتێوەردانێکی وروژێنەر لەلایەن ئەندامانی نزیکترین ژینگەوە، منداڵ ناتوانێت قۆناغی گر و گاڵ تێبپەڕێنێت". منداڵ لە نیوەی دووەمی تەمەنی دووساڵییەوە هەنگاو دەنێت بە ئاڕاستەی "رستەی دوو وشەیی"، کە بەزۆری "هەستی دۆخەکی (situativ)" دەردەبڕێت.[2]

دایك لە گەشەی زمانی منداڵدا ئاگامەندانە ڕۆڵی فێرکاری زمان وەردەگرێت. ئەم ڕۆڵە بەتایبەتی لە فۆرمولەکردنەوەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە گەر منداڵەکە ببێژێت 'پکیتەکە بەلۆوە'، ئەوا دایك لێرەدا وەڵام دەداتەوە: 'بەڵێ، پسکیتەکە بەربۆوە'. دایك لە فۆرمولەکردنەوەدا نموونەیەکی دراوی رستە دەخاتە فۆرمی نموونەیەکی دیکەی رستەوە.[3]

هاوکات فێربوونی زمانی دایك بەچڕی بەندە بە گۆڕانی بیرکردنەوەی منداڵەوە، لێرەدا ڕۆڵی ژینگە واتایەکی گەورەی هەیە بۆ ئاوەڵابوونی بیرکردنەوە. گەر ژینگە دەرفەت بۆ ئاوەڵابوونی منداڵ نەڕەخسێنێت، وەك ئامرازی گەمە، باخچەی منداڵان، دەفتەری منداڵان و هتد، ئەوسا منداڵیی راستەقینەی ئەو بە شێوەیەکی نەرێنی کاری تێدەکرێت و ئەمەش دەبێت بە ئاستەنگێك لە بەردەم ئەوەدا کە منداڵەکە بتوانێت لەتەك جیهانی منداڵانەی خۆیدا بژی و خۆی پێوە خەریك بکات.

بڕگەی دووەم: ئاوەڵابوونی زمان لە فێرگە

ئاوەڵابوونی پتری زمان لە قۆناغی فێرگەدا دەستپێدەکات. لێرە فێرکار ڕۆڵی دایك و باوك، بەتایبەتی دایك، وەردەگرێت. گەرچی فێرکار بە زمانێکی نووسراو ئەو ڕۆڵە وەردەگرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمە تێگەیشتنی ئەو بۆ ئەرکی فێرکاری، شێوازی خۆیی ئەو لە فێرکاریدا، زمانی ئاخافتنی، کاریگەرییان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ هەیە. ئێمە بەم پێیە دوو تەوەرەی کارا لە

(1) Bühler, Karl, a.a.O., S. 86
(2) Griese, Hartmut M., a.a.O., S. 31
(3) Grimm, Hannelore, a.a.O., S. 608

گەشەی زمانی منداڵدا لە فێرگە دەبینین: یەکەم زمانی نووسراوە لە کتێبدا کە بە منداڵ دەدرێت، دووەم تێگەیشتنی فێرکار بۆ پیشەکەی و زمانی خۆیی ئەو.

زمانی نووسراوەی سادە و گونجاو بە جیهانی هۆشەکیی منداڵ وا دەکات کە ئەندێشەی لە خۆدا فراوانی منداڵ فراوانتر ببێت، ئەمەش گەنجی وشەی منداڵ دەوڵەمەندتر دەکات. لە لایەکی دی زمانی باوی کۆمەڵ بەرێی وەرگرتن و توانستی سروشتیی منداڵەوە بۆ لاسایی لەنێو گەنجی وشەی ئەودا دەچەسپێت، لێرەدا ژینگە راستەوخۆ کاریگەری دەنوێنێت لەسەر بیرکردنەوە و ئاوەڵابوونی زمانی خۆیی منداڵ، چونکە "منداڵان لەنێو زمانێکی کولتووریدا پێدەگەن، ئەوان فێری زمانێك دەبن کە بەرێیەوە رووبەرووی ئەزموونیان پێدەدرێت و ئەمانیش دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنن خۆیان لە جیهاندا دەربڕن. منداڵان بەرێی پەیوەندیی زمانییەوە رۆڵی خۆیان لەنێو کۆمەڵگەدا دەبینن" - کۆمەڵگە کە بە رێککەوتنێکی هاوبەشی بەها دامەزراوە و ئەوان دەبێت فێری بن. منداڵ هەوڵ دەدات بەو گرووپە بگونجێت کە ئەو تێیدا دەبزوێت. ئەو تێگانە (مفهوم) کە دەچنە نێو زمانەوە، زۆر جار دەربڕینن لەبارەی رووداوی ترادیسیۆنی و دەبن بە تێگەی ئەوتۆ کە بە کۆیی (کۆللێکتیڤ) ئەزموونکراون. بەم شێوەیە زمان بە تێگەکانی کاریگەرییەکی پەروەردەیی وەردەگرێت"[1] بە ئاڕاستەی پێگەیاندن یان تێکدانی کەسێتی، چونکە تێگە موجەردەکانی (ئەبستراکتەکانی) زمان، وەك ناموس، شەرەف، ئەخلاق و هتد، بەرجەستەی جیهانبینییەکانن، کەواتە پێناسەی جیاوازیان هەیە، خودی ئەم تێگانە دەشێت لە جۆرێکی پێناسەکردندا وشە بن بۆ دیاریکردنی لایەنێکی ئاژەڵییانەی مرۆڤ کە سێکسوالێتییە، کەواتە رووەکەنە جڵەوگرتنی جیهانبینیانەی رەمەکی سروشتی، بەڵام لە جۆرێکی دیکەی پێناسەدا دەشێت وشە بن بۆ هەڵوێستی هۆشەکییانەی مرۆڤ کە لە کرداری ئەودا پەیوەند بە مامەڵەکردنییەوە لەتەك هاومرۆڤانیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە سۆلیداریێتی، راستگۆیی، خۆشەویستی و هتد.

هەروەها گەر زمانێك زۆر کەم واژەی گونجاوی بۆ بابەتەکانی پێشبینی و بیرکردنەوە هەبێت، پنتبەندییەکی ستاندارتی نەبێت، ئەوجا ئەو زمانە پابەند بە پەیوەندییە نێومرۆڤییەکانەوە، بەتاییەتی پابەند بە پەیوەندییەکانی پیاو و ژنەوە، بریتی بێت لە بەرجەستەبوونی جیهانبینییەکی ئایینی- پیاوسالاری و هتد، ئەوسا بیرکردنەوە و زمانی منداڵ روالەتی و پڕهەڵە دەبێت، چونکە خودی

([1]) Ebenda, S. 63

زمانەکە لۆگیکی و مرۆڤدۆست نییە کە یاریدەی بدات لە رەوتی فێربوونیدا ئەندێشە و پێشبینییە مرۆڤییەکانی خۆی ئاوەڵا بکات.

هەروەها بابەت ی نووسراوی وانە، نەك وەرگرتنی وانە لە کولتوورێکی دیکەوە و سەپاندنی بەسەر منداڵاندا، تەوەرێکی چالاکە لە پرۆسەی سۆسیالیزەکردندا، چونکە نووسراو بە هەردوو رووی راگەیاندنی زمانیانەیدا، واتا گەر رەچاوی کەسێتیی مرۆڤیانەی تاك بکات یان نەیکات، کاریگەریی هەیە پابەند بە هەریەکەی ئەو رووانەوە، بە واتایەکی رونتر، دەشێت بابەتی وانە رەچاوی جیهانبینیی منداڵانەی منداڵ و زمانێکی پەروەردەیی بکات، هاوکات دەشێت رەچاوی هیچ کام لەم توخمە زەروورییانەی سۆسیالیزاسیۆنێکی مرۆڤدۆست نەکات. گومانی تێدا نییە کە ئەم حاڵەتە بایەخی ئۆبژێکتیڤیی (موضوعي) هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا رووبەکی مەدالیاکەیە، چونکە بابەتی وانە سەربەخۆ نییە لە تێگەیشتنی فێرکار بۆ ئەرکەکەی، ئەمەش بەوەدا رووندەبێتەوە کە شێوازی تێگەیشتنی ئەو بۆ پیشەکەی، تێگەیشتنی ئەو بۆ پەیوەندیی فێرکار-فێرخواز، ئەوجا زمانی خۆیی ئەو، راستەوخۆ کاران لە چۆنێتیی وەرگرتنی ئەو بابەتانەدا کە لەنێو کتێبدا تۆمارکراون. گەر فێرکار تەنیا جەخت لە نووسراو بکات و وەرگرتنی لە شێوەی دەرخکردندا بکات بە پێشمەرجی دەرچوون، ئەوسا پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن کارایییەکی پرمەترسی وەردەگرێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە سنووریك لە بەردەم ئەندێشەی لە خۆدا فراوانی منداڵدا دەکێشێت و بە جوینەوەی نووسراوەکان رایدەهێنێت، کەواتە رێی لێدەگرێت هۆشی خۆی لە پەیوەندیی رەخنەیی نێوان خۆی و نووسراودا پێبگەیەنێت و بگات بە خۆدەربڕینێکی کۆمەڵایەتی (پەیوەند بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە) و زانستی (پەیوەند بە چالاکبوونییەوە لە بازاڕی کاردا)، ئەم بەدحاڵەتەش لە سەرەنجامدا وا دەکات کە منداڵ دوای کاملبوونی ببێت بە بار بەسەر سیستەمی سیاسییەوە. [1]

([1]) بۆ رووبەکردنەوەی ئەم حاڵەتە دەتوانێن نموونەی کۆنکرێت لە هەرێمی کوردستان بهێنینەوە. منداڵان کە دوای قۆناغی هەرزەکاری دەچنە قۆناغی گەنجێتییەوە و ئامادەیی تەواو دەکەن، بەدەگمەن لە رەوتی پرۆسەی فێرکاریدا گۆڕانێکی مەئریفییان پێدراوە بۆ ئەوەی بتوانن لە زانکۆدا خۆیان بەگونجاوی بۆ پرۆسەی کار پێبگەیەنن، تەنانەت زانکۆ بە دەگمەن دەتوانێت ئەو گۆڕانەیان پێبدات، چونکە نەك تەنیا نووسراوی فێرگەکان کۆپیی سیستەمی فێرکاریی دەوڵەتانی ئەوتۆن کە گۆڕانی زانستی و توکنۆلۆژیا تێیاندا لە ئاستێکی بەرزدایە و منداڵانیش بەنێو پرۆسەیەکی دیکەی سۆسیالیزەکردندا تێدەپەڕن، بەڵکو هەروەها زۆرینەی فێرکارانیش تەنیا ئەرکێکی پیشەیی مووچەمسۆگەر ئەنجام دەدەن و خۆیشیان بە شێوەیەکی نیوەناچڵ پێگەیەنراون، جگە لەوە فەزای کارکردن، واتا شێوازی دروستکردنی بینا و پریی پۆلەکان بارن بەسەر سۆسیالیزەکردنەوە، ئەوجا لەکارخستنی ئۆتۆرێتیی فێرکار، ئەوانی ئەوەندەی دی لە

هاوکات زمانی خوێی فێرکار راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر منداڵ دەنوێنێت، چونکە منداڵ لە سروشتەوە توانستی لاساییکردنەوەی هەیە: جۆری زمانی خوێی فێرکار، جا زمانێك بێت کە پاکژە و پابەندی ڕێزمانە، یان ناوچەیی بێت، ئەوجا خۆدەربڕینی ئارام یان جرپنی ئەو و هتد، کاریگەری لەسەر زمانی منداڵ دەنوێنن، چونکە فێرکار لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا جێی دایك و باوك دەگرێتەوە و کارایییەکەی لە زۆر ڕووەوە بۆ منداڵ گرنگترە لە کارایی سۆسیالیزەکەری دایك و باوك. بێگومان نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دایك و باوك بە شێوازی خۆدەربڕین و هەوڵی پەروەردەییان، جا خۆدەربڕینی پوخت و ڕەچاوکەری ڕێزمان بێت یان خۆدەربڕینی ناتەواو و ناوچەیی و ڕواڵەتی بێت، ڕۆڵێك بۆ ئاوەڵابوونی هۆشی منداڵ دەگێڕن، ئەمەش لە خۆیدا کارایییەکی فێرکارییە کە ڕوودەکاتە چۆنێتیی دروستکردنی رستە لە لایەن منداڵەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەرکە سەرەکییەکە لە ئەستۆی فێرگەدایە، چونکە فێرگە دادەمەزرێنرێت بۆ ئەوەی توانست و هەڵوێست بە منداڵان بگەیەنێت کە لە ڕووی خوێییەوە بۆ ئەوان سوودمەندن و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیاوی بەکارهێنانن. ئەوان بەو ڕێیەوە دەتوانن وەك کەسانی پێگەیشتوو ژیانێکی سەربەخۆ بەڕێوەبەرن و هاوکات پێداویستیی کۆمەڵایەتی بۆ داواکارییەکانی بازاڕی کار مسۆگەربکەن.

کارەکەیان بێزارکردووە، وەك سەرەنجام "بەگشتی" گەنجانی بەدخوو سەریانهەڵداوە کە لە زانکۆ تەنیا دەکڕووزێنەوە بەدەست قورسیی بابەتەکانەوە، خۆپێشاندان دەکەن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بابەتی وانە، گەر بەهۆی تەمەڵییان یان گرنگینەدانیانەوە بە فێربوونی زانکۆیی دەرنەچن، ئەوا خۆپێشاندان دەکەن و داوای دەرچواندنیان دەکەن، زۆر جار "سیستەمی پەرینەوە" (عبوور) دەسەپێنن، پاشان کە زانکۆ تەواو دەکەن، بڕوانامەکەیان لە ماڵەوە بە دیواردا هەڵدەواسن، هاوکات لە هەموو جێیەك بە دەنگی بڵند دەیدرکێنن کە "لە زانکۆ هیچ فێرنەبوون". ئەمە نموونەیەکە بۆ پرۆسەیەکی سۆسیالیزیۆنی شکستهێناو، کە تێیدا دامەزراوەکانی سۆسیالیزەکردن، وەك خێزان، فێرگە، وەزارەتەکانی فێرکاری، بە چالاکی بەشدارن، بەڵام هەروەها میدیاکان کە راستەوخۆ کارگەریی لەسەر پتر گەندەڵکردنی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن دەنوێنن، چونکە ئەوان زۆر جار خۆکوشتنێك یان خۆپێشاندانی فێرخوازانی تەمەڵ وەك ڕەوا پەخش دەکەن، بەمەش "دەهۆڵ بۆ پەردان بە بێسەروبەری و تەمەڵی دەکوتن"، نەك بە پێچەوانەوە لە شێوەی ئامادەدان یان ڕوونکردنەوە یان هەڤپەیڤین هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بەدجۆربوونی سۆسیالیزەکردنی خێزانی و فێرگەیی پیشان بدەن و بەمەش بەشداریی نێگەتیڤی خێزان و فێرگە لەو بەدجۆربونەدا بهێننە ئاگایی گشتییەوە.

ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامە کە:

سۆسیالیزاسیۆن تاك ئاماده دەکات بۆ بوون به کەسێتی، لێرەشدا شێوازی خێزانیی سۆسالیزەکردن شەقڵ بە رەفتاری تاك دەدات پێش ئەوەی فێر بووبێت رۆڵی سۆسیال بنوێنێت. لەم رەوتەدا پێداویستییە خۆییەکان، رەمەك و پاڵهێزە ناخەکییەکان بە چەشنێك کاریان تێدەکرێت کە ئیتر لەلای منداڵ کەسێتییەکی سۆسیۆکولتووری سەرهەڵدەدات. بەڵام لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا رەگەزەکان لە لایەن دایك و باوکەوە، هەروەها لە لایەن هەڵگرانی دیکەی سۆسیالیزاسیۆنەوە، لەوانە فێرگە، بەرەنگاری داواکاریی تایبەت بە رەگەز دەکرێنەوە لەو شێوەیەدا کە چۆن گەرەکە ئەوان وەك کوڕ یان کچ رەفتار بنوێنن. گەیشتن بە شوناسی کەسیی بریتییە لە گەشەی منداڵ بۆ بوون بە کوڕ یان بە کچ.

سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی درێژە بە سۆسیالیزانی خێزانی دەدات. ئەرکی فێرگە ئەوەیە کە توانستەکانی وەك نووسین، خوێندنەوە، ژمارەدن، هەروەها زانستی سروشتی و جوانیناسی و هتد، بە منداڵ بگەیەنێت، چونکە ئەو لە ئایندەدا پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی بتوانێت داواکارییەکانی پرۆسەی کار بەجێبگەیەنێت.

بەڵام پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن هاوکات لەژێر کاریگەریی "کولتوور"دا روو دەدات. کولتوور وەك بونیادی فێربوو و رێکخراوی رەفتار مەرج بۆ نواندنی کردار دادەنێت. ئێمە لێرەدا ئەو شێوەیەی سۆسیالیزاسیۆن دەبینین کە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی تایبەتییەوە دەخوازرێت، واتا داخۆ کۆمەڵگە نرخ بە هۆشرایەڵی و ژێرخستنی تاك بدات یان بە سەربەخۆیی و بەدیهێنانی کەسی.

زمان لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا واتایەکی تایبەتیی هەیە. بەڵام پێش فێربوونی زمان پێویستە چەند پرۆسەیەکی مەئریفیی گەشە راببورن هەتا ئیتر دوای گەیشتن بە ئامادەبوون بۆ زمان، زمان بتوانێت بەڕێی وروژێنەرەکانی شوێنەوارەوە ئاوەڵا ببێت. دەربڕینە دەنگییەکانی منداڵی ساوا کەرەسەی خاون کە لێوەی دەنگە راستەقینەکانی پەیڤین دێنە ئاراوە. چۆن ئەو ناچارە زۆر داب و نەرێت لە دایك و باوکییەوە فێرببێت، بە هەمان شێوە ناچارە فێرببێت کە چ وشەیەك بە چ بابەتێك دەگونجێت. پاشان فێرکار لە فێرگە رۆڵی دایك و باوك وەردەگرێت، بەڵام ئەو نەك تەنیا بە زمانێکی نووسراو هەوڵ بۆ پێگەیاندنی منداڵ دەدات، بەڵکو شێوازی خوێی، زمانی ئاخافتنی، کاریگەری لەسەر گەشەی منداڵ دەنوێنن.

النتائج

من خلال بحثنا توصلنا الى النتائج التالى:

إن التكيُّف الإجتماعي للفرد عبارة عن تهيئة الفرد للوصول الى شخصية متفردة، هنا تلعب الأسرة دوراً متميزاً في تشكيل سلوك الفرد قبل أن يمر الفرد بتعلم الأدوار الإجتماعية، فخلال ذلك يؤثر التكيف الإجتماعي على حاجات الفرد الإنسانية الضرورية مثل الغرائز والدوافع السايكولوجية بدرجة تُنشئ عند الطفل شخصية ثقافية. التكيف الإجتماعي يظهر واجبات جنسية توجه سلوكهم. الوصول الى الهوية الشخصية للفرد يتم بألتعبير عن تنشئة البنت والولد.

إن التكيف الإجتماعي المدرسي يتأثر بالتكيف الأسري، إن التكيف الأسري واجبه تزويد الطفل بكفاءة القراءة والكتابة والحساب، وأيضاَ العلوم الطبيعية والجمالية... الخ، لأن الطفل في المستقبل بحاجة لها لتنفيذ المتطلبات الإقتصادية.

ولكن هذه العملية – التكيف الإجتماعى – تحدث بتأثير الثقافة، والثقافة عبارة عن بنى مكتسبة وتنظيم للسلوك يشترط التفعيل. فهنا نرى ذاك التكيف ألإجتماعى الذي يقبلها مجتمع ما وهذا معناه ان المجتمع اما أن يفرض خضوع الفرد له أو حرية تحقيق الذات.

ولكن للغة معنى خاص في عملية التكيف الإجتماعي، ولكن قبل تعليم اللغة لابد من المرور بمراحل معرفية بايولوجية، وبعد الوصول الى مستوى تعلم اللغة، سيكون بإستطاعة اللغة التطور بواسطة الدوافع البيئية. التعابير الصوتية للطفل الرضيع تمثل مادة خام ومنها تتكون الأصوات المفهومة في الكلام، لابد من معرفة أن كيفما يتعلم الطفل العادات الإجتماعية لابد من أن يتعلم الكلمة المناسبة لأي شئ، من هنا يكمل المعلم دور الوالدين ولكنه لا يحاول بلغة مكتوبة فقط وإنما يؤثر في الطفل بلغته وأسلوبه الذاتي في الكلام – الشفوي -.

Conclusion

In this research and came to the conclusion that socialization is the way to the formation of personality rather than socialize. I have analyzed the socialization at the level of multi-dimensional. Firstly in the family institution, Family gives form to the person's behavior before he learns to play its role of social. This process affects in an effective manner to the needs and instincts of self and internal factors in a way lead to the emergence of child social and cultural figure. But in the socialization of children, parents and other social institutions such as schools require children how to act in accordance with the division of sexual behavior or sexual identity as males and females. Secondly, educational institution-school, Socialization in the educational institution is an extension of the socialization in the family. And schools play a significant role in the development and teaching reading, writing, and calculating and aesthetics and the natural sciences, and because the children need multiple skills to meet the business requirements of the future. Thirdly, culture play a significant role in the issue of socialization and culture by imposing conditions on how the person's behavior from here we see the socialization in the context of the terms of a particular community or in other words is a society that gives significant value to the awareness and the subordination of the individual or give importance to the independence of the individual, and the formation of personality. In addition, Language on the subject of socialization has a special meaning. And children are going through the process of recognition before they learn the language. At the beginning children learn language through the voices of the external environment, Expressions by a voice or sounds in the early stage is the key material to develop the real sounds of speech. Children such as learning the customs and traditions through their parents and learn the appropriate words to things. And after this phase teachers were taking the role of parents in the socialization of children. But a teacher has no influence on the children only for the written language, but for other ways, such as personal style, and oral language and also operates an important role in the socialization of children.

سەرچاوەکان

- Allport, G. W.: Persönlichkeit, Meisenheim: Hein, 1960. In: Fröhlich, Werner D.: Wörterbuch zur Psychologie. München 1987
- Brocher, T.: Das Ich und die Anderen in Familie und Gesellschaft, Oeffingen 1976.
- Berger, Peter L./ Luckmann, Thomas: Die gesellschaftliche Konstruktion der Wirklichkeit. Eine Theorie
der Wissenssoziologie. Frankfrt/M. 1972.
- Bühler, K.: Abriß der geistigen Entwicklung des Kleinkindes, Heidelberg 1967
- Chodorow, Nancy: Das Erbe der Mütter. München 1985.
- Griese, Hartmut M., Soziologische Anthropologie und Sozialtheorie. Weinheim Basel 1976.
- Grimm, Hannelore: Sprachentwicklung: Voraussetzungen, Phasen und theoretische Interpretationen. In:
Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, Münchem 1987.
- Hunger, Ina: Geschlechtsspezifische Sozialisation bis zum Schuleintritt – Hintergründe und
Reflexionsanlässe. In W. Beudels, N. Kleinz & S. Schönrade (Hrsg.). Bildungsbuch Kindergarten:
Erziehen, Bilden und Fördern im Elementarbereich. Dortmund 2010
- Hurrelmann, Klaus: Einführung in die Sozialisationstheorie. Weinheim Basel 2002
- Klafki, Walter: Gesellschaftliche Funktion und pädagogischer Auftrag der Schule in einer
demokratischen Gesellschaft. In: Braun, Karl-Heinz / Müller, Klaus / Odey, Reinhard (Hrsg): Subjekt-
Vernunft-Demokratie. Weinheim, Basel 1989.
- König, Karl: Die ersten drei Jahre des Kindes. Stuttgart 1994.
- König, René (Hrsg.): Soziologie. Das Fischer Lexikon. Frankfurt/M 1967.
- Lindesmith, A. R. u.a., Symbolische Bedinungen der Sozialisation. Frakfurt/M. 1983.
- Mann, Leon: Sozialpsychologie. Weinheim und Basel 1997
- Montada, Leo: Themen, Traditionen, Trends, S. 78f. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie,
Münchem 1987
- Nestvogel, Renate: Sozialisationstheorien: Traditionslinien, Debatten und Perspektiven. In: Becker, Ruth/ Kortendiek, Beate (Hg.): Handbuch Frauen- und Geschlechterforschung. Wiesbaden 2004.
- Schmidbauer, M.: Einf. in die Sozialpsychologie, München 1985
- Secord u. Backman: Sozialpsychologie, Frankfurt/M 1980

- Stumm, Gerhard / Pritz, Alfred (Hg.): Wörterbuch der Psychotherapie, Wien 2000.
- Zimmermann, Peter: Grundwissen Sozialisation. Opladen 2003.

سەرچاوەی ئینتەرنێت:

http://www.socioweb.org/lexikon/index.ht.

ملخص البحث

يتضمن البحث دراسة وافية لمفهوم التكيف الأجتماعي للطفل وتناولت فيها مفهوم التكيف الأجتماعي بصورة عامة مستعرضا أهميته للفرد منذ الطفولة وهي عملية أجتماعية يقوم فيها أطراف معينة مثل العائلة والمدرسة وبتأثير البيئة، وحاولنا أن نبين الدور الفعال لكل من الثقافة واللغة في التكيف الأجتماعي للفرد منذ الطفولة، لأن المجتمع ذات الثقافة المميزة لها تأثيرها في عملية تكوين الفرد وتنشأتها ثقافيا مما يجعل من أفرادها مندمجا مع مجتمعهم، وتبين لنا بأن اللغة عامل أساسى من عوامل التكيف الأجتماعي بأعتبارها ظاهرة أجتماعية، وأن لكل مجتمع لغته الخاصة من حيث الألفاظ والمعاني والدلالة، وكل هذه العوامل تمارس دورها في جعل الفرد أجتماعيا، أو يندمج أفرادها ضمن التكوين ألأجتماعي،أذ تتحكم اللغة ألى حد بعيد في هذا التكوين.

Abstract

My research is a comprehensive study of the concept of socialization for the child and the concept of socialization in general. I reviewed the significant role that socialization can play in the life of individual childhood. This is a social process in which certain parties such as family, school and environment take part in. We tried to show the active role of both culture and language in the socialization of the individual during childhood. This is because society, through culture, adapts individuals to integrate into the community. We showed that that language is an essential component of socialization as a social phenomenon, and that each community their own language in terms of words, meanings and significance, and all of these factors exert its role in making the individual a social creature, or integrate them into their social structure, with language having a significant role in this configuration.

جولەکەکانی کۆیە ١٩١٨- ١٩٥١

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەلایەتیە

د. جمال فتح الله طيب
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

پێشەکی:

کوردستان لەدێرزەمانەوە پێگەی نیشتەجێبوونی ژمارەیەك لە کەمایەتە ئایینیەکان بووە، شاری کۆیەش ژمارەیەك خێزانی جولەکەی لەخۆگرتبوو. بەڵام مێژووی هاتنی ئەو جولەکانە بۆ کوردستان جۆرێك لە جیاوازی بۆچونی مێژوونوسانی پێوە دیارە،کە هەندێکیان پێیان وایە لەسەردەمی ئیمپراتوریەتی ئاشوری ئەم جولەکانە لە (ئورشەلیم)بەدیل گیران و بۆ میسوپۆتامیا گوێزرانەوە، هەندێکی تر پێیان وایە لە سەردەمی دەوڵەتی بابلی دوای بەدیل گرتنیان لە ئورشەلیم، دواتریش ڕەوانەی ناوچە کوردنشینەکان کراون.

لەڕاستیدا بوونی ژمارەیەك جولەکە لە شاری کۆیەدا جێگەی سەرەنج و تێڕامانە و ڕەنگدانەوەی پێکەوەژیانی ئایینی جیاواز دەسەلێنێ، تێیدا دەمارگیری ئایینی و گیانی هۆزایەتی بوونی نەبووە، ئەمەش بەڵگەی بوونی شارستانیەت و چەسپاندنی یاسا و دەربڕی ژیانی فرە ئایینیە لەم شارەدا. کەواتە کۆیە نمونەی شارێك بووە کە بڕوای بە لێبووردەیی ئاینیی و ڕای بەرانبەر هەبووە، گرینگی ئەم توێژینەوەیە لێرەدا بەدیار دەکەوێت،کە دەیەوێ باس لەم لایەنە بکات.

هەڵبەتە بوونی کەمایەتیەکی ئایینی وەك جولەکە، بەبەشێکی گرینگ لەمێژووی عێراقی نوێ و کوردستان و کۆیە دادەنرێت، چونکە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر خاکی ئەم ولاتە ژیاون و

کاریگەری زۆریان لەسەر ئابووری کۆیە و کوردستان و تەنانەت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەهەمدا کۆنترۆڵی بازاڕی عێراقیان کردبوو. جا نەبوونی هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کەباس لە ژیانی جولەکە لە شاری کۆیە بکات،هاندەری سەرەکی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (جولەکەکانی کۆیە ١٩١٨- ١٩٥١ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کۆمەلایەتیە).

باسکردنی کورتەیەکی مێژوویی لەژیانی جولەکەکانی کۆیە و نیشاندانی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ موسڵمانانی کۆیە و دەوروبەری و بەدیارخستنی هەلومەرجی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا هەرچەندە ئایینیشیان جیاواز بێت.

لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری هەندێك گرفت بووین لەوانە: کەمی یان نەبوونی سەرچاوەی پێویست کەباس لە ژیانی جولەکەکانی کۆیە بکات، هەربۆیە بەناچاری پەنامان بردووە بۆ سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك لەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ جولەکەکاندا ژیاون و شارەزای خوونەرێت و کلتوریان بوون، ئەمەش گونجاوە لەگەڵ شێوازی نوسینەوەی مێژووی هاوچەرخ کە بە مێژووی زارەکی بەناوبانگە.

ئەم توێژینەوەیە لەدەروازەو چوار تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە. لە دەروازەدا باسمان لە ڕەسەنی جولەکە و بەدیلگرتنیان لەلایەن دەوڵەتی ئاشوری و بابلی و هێنانیان لە ئیسرائیلەوە بۆ میسۆپۆتامیا کردووە.

تەوەری یەکەم: پەیوەستە بە کلتووری جولەکەکانی کۆیە، وەك خۆراك و پێکهاتەی خانوەکانیان و زمان و پڕۆسەی هاوسەرگیری. تەوەری دووەم: تایبەتە بە پیشەی سەرەکی جولەکەکانی کۆیە کە زیاتر زێرینگری و خەمچیەتی و بازرگانی بووە. تەوەری سێیەم: باس لە پەیوەندی باشی موسوڵمانانی کۆیە و جولەکەکان دەکات، هەروەها ئاماژەمان بەهەندێ ڕەفتاری دزێوی بەشێکی کەم لە گەنجانی کۆیە لەبەرامبەر جولەکەکان کردووە، هەر لە ئازاردان و کچ فڕاندن و هتد... تەوەری چوارەم: تایبەتە بە فشاری کاربەدەستانی عێراق بۆ سەر جولەکەکانی کوردستان و کۆیە و ناچارکردنیان بە پێی بڕیارێك بە کۆچکردن بەرە و ئیسرائیل لە ١٩٥١ دا.لە کۆتایشدا باسمان لەو دەرئەنجامانە کردووە کە توێژەر لە دووتوێی توێژینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە.

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە چەندین سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەستووە لەوانە کتێبی (طاهر احمد حەویزی: مێژووی کۆیە) کە بەوردی باسی ژیان و کلتور و ناسنامەی جولەکەکانی کۆیە دەکات. هەروەها سودێکی زۆرمان لە یاداشتی (یافا ئیسحاق بلیاهو: ژیانی ژنە جولەکەیەك

لەکۆیە و ئیسرائیل) وەرگرتووە، ئەم ژنە لە کۆیە لەدایك بووەو بەوردی باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی و جولەکەکان و پەیوەندییان لەگەڵ دانیشتوانی کۆیە دەکات. جگە لەوانە زانیاری باشمان لە (اریك براور: یهود کوردستان) وەرگرتووە کە بە قوولّی باس لە هاتنی جولەکەکان بۆ کوردستان و داب و نەریّت و پێکهاتەیان دەکات. زیاتر لەوانەش سودێکی ئێجگار زۆرمان لە جولەکەیەکی کۆیە وەرگرتووە کە ئێستا لە ئیسرائیلە، ئەویش (مۆردەخای ئیسحاق ئیبراهیم)ە کە بەوردی تیشکی خستە سەر میّژووی جولەکە و کلتوور و پیشە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دانیشتوانی کۆیە و دەوروبەریدا.هەروەها سودمان لە ژمارەیەك کەسایەتی ناوداری کۆیە (لەوانەی کە بەتەمەنن و شارەزای ژیان و میّژووی جولەکەن) وەرگرتووە، لەوانە (شێخ جەنگی تالّەبانی و جەلال جۆبار) کە هەندێکیان تەنانەت زمانی جولەکەش دەزانن لەوانە: برایم قادر سعید (مام برایمی گەراج)، ئەم کەسایەتییانە سالاّنێکی دوور و درێژیان لەگەڵ جولەکەکانی کۆیە بەسەر بردووەو زانیاری وردیان لەسەر زمان و کلتوور و هزری جولەکەکانی کۆیە هەیە.

دەروازە:

یەکەم پەیوەندی کوردستان بە ئاینی جولەکە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە، زیاتریش لەسەردەمی شا (شەلمانسەری سێیەم: ٨٥٩ - ٨٢٤) پ.ز بووە کە توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە جولەکەکانی ئورشەلیم بەدیل بگرێ و بۆ (میسۆپۆتامیا) یان بهێنێ[١]. دواتریش ژمارەیەکیانی ڕەوانەی ناوچە شاخاوییە کوردنشینەکان کرد،[٢] بەلاّم هەندێ لەمێژوونوسانی تر لەو بڕوایەدان کەجولەکەکانی کوردستان بەزۆری پاشماوەی ئەو جولەکانەن کە شای کلدان (نەبوخەزنەسر) لەسالاّنی ٥٩٥ – ٥٨٦ پ.ز لە شالاّوێکی سەربازیدا بەدوو قۆناغ لە ئیسرائیل بەدیلی گرتوون، کە ژمارەیان لە(٤٠,٠٠٠) زیاترە و بەرەو شاری بابلی هێنان، لەوێشەوە ڕەوانەی ناوچەکانی کوردستانی ئێستای کردن[٣].

---

[١] عدنان زیان فرحان: السیاسة البریطانیة تجاة الأقلیات الدینیة في العراق ١٩١٤-١٩٤١، اطروحة دکتوراه غیر منشورة، کلیة الاداب، جامعة دهوك،٢٠٠٩،ص١٦.

[2] Ora shwartz Beeri: The Jews of Kurdistan, the Israel Museum, Jerusalem, 2000, p26.

[٣] یوسف رزق الله غنیمه: نزهة المشتاق في تأریخ یهود العراق، ط١، مطبعة الفرات، بغداد، ١٩٢٤، ص ١٩ – ٢٠؛ مصطفی کمال عبدالعلیم و سید فرج راشد: یهود العالم القدیم، الریاض، ٢٠٠٧، ص١٧٨؛ د. احمد محمود هویدی: تأریخ الیهود، القاهرة، بدون سنة الطبع، ص٩٧.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی گشتگیر بۆ جولەکەی کورد بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین جولەکەی کورد بریتین لەو کەسانەی کە لەو ناوچانەدا دەژیان کە کوردیان تێدا نیشتەجێ بووە و بەزمانی ئارامی (تارگوم) قسە دەکەن[١]. جولەکەکانی کوردستان بەکۆنترین کۆمەڵگەی جولەکەیی دادەنرێن بەبەراورد لەگەڵ مێژووی جولەکەکانی دەرەوەی ئیسرائیل، کە خاوەنی کلتووری تایبەتی خۆیانن و لە جولەکەکانی وڵاتانی تری جیهان جیان[٢]. کەواتە کوردستان یەکەم پێگەیە لەمێژوودا کە جولەکەکانی بۆ گوێزراوەتەوەو تیایدا نیشتەجێ بوون[٣]. پێدەچێ دوورخستنەوەی جولەکەکان بۆ کوردستان بەمەبەستی ڕیگرتن بووبێ لە دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی پێشوویان، چونکە چەندین جار لە دەسەلاتی ئاشووری و بابلی هەڵگەڕانەوەو ئامادەنەبوون باجی سالانە بدەن[٤].

بوونی جولەکە لەکوردستان وەک هەندێ لە مێژوونووسان لەو بڕوایەدان کە بەدوو شێواز بووە، بەشێکیان لەڕێگەی بەدیل گرتنیان و دوورخستنەوەیان لە ئیسرائیل بۆ کوردستان، بەشی دووەم: دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بوون کە زیاتر لەژێر کاریگەری جولەکە دوورخراوەکانەوە بوو کە دواتر بڕوایان بە ئایینی جولەکە هێنا[٥]. بەڵام پێم وانییە جولەکەکانی کۆیە بەڕەگەز کورد بن، چونکە زمان و کلتوور و تەنانەت ڕەنگ و پێکهاتەشیان لە کورد جیاواز بوو، بۆ نمونە زۆربەیان ڕەنگ سوور و پرچ زەردبوون.

سەردەمانێك بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا لە میرنشینی حەدیاب (ئەدیابین)* لە هەولێر بووەو لە سەدەی یەکەمی زاینیدا (٣٦-٥٦) ز چوونە سەر ئایینی جولەکە، کەواتە جولەکەکان توانیان پێگەی دەسەلاتی خۆیان لەسەر خاکی باشووری کوردستان بۆ ماوەیەك بچەسپێنن[١].

---

[١] اریك براور: یهود كوردستان، ت: شاخوان كركوكی و عبدالرزاق بوتانی، ط١، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٢، ص٥٠.

[٢] هەلوێست عمر قادر: یهود كوردستان، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص ١٢.

[٣] حازم هاجانی: صفحات من تأریخ الكورد و كوردستان، ط١، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السلیمانیة، ٢٠٠٢، ص٢٤٧.

[٤] د. كاظم حبیب: الیهود و المواطنة العراقیة، مؤسسه حمدی للطباعة و النشر، السلیمانیة،٢٠٠٦، ص١٠.

[٥] هەڵوێست عمر: م.س، ص٢٠.

* حدیاب: شانشینێك بوو لەنێوان هەردوو زێی گەورەو بچووك لە سەدەی سێیەم یان دووەمی پ.ز دامەزرا، سەردەمانێك سنوری دەسەلاتی تا ئەرمینیا بوو لە باکور و تا دیجلە لە ڕۆژئاوا، (اربیلا) پایتەخت و بنکەی پاشا بەناوبانگەکانی بوو، بەتایبەتی لەسەردەمی پاشا ئیزایتس (ازاط) ی دووەم. کامران محمد جلال مجید: الصراع الساسانی

شایەنی باسە جولەکەکان زیاتر لە هەولێرو موصل و دهۆك و زاخۆ و سلێمانی نیشتەجێ بوون، لە هەریەك لەم شارانەدا گەرەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، کە بەگەرەکی جولەکان ناسرابوو. کۆیەش یەکێ لەوشارانە بوو کە لەزووەوە کەمینەیەکی ئاینی جولەکەی تێدا بوو[٢].

جولەکەکانی کۆیە زیاتر لە قەلاّتی گەرەکی (هەواو) بوون، بەلاّم دواتر چەند مالێکیان بۆ گەرەکی (بەفری قەندی) گواستیانەوە و لەوێدا (کەنیشتە)** ی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەم گەرەکەش بەگەرەکی جولەکان ناسرابوو[٣]. لەیەکێك لەو گەشتانەی کە مسیۆنێرێك لەسالّی ١٨٧٨ بۆ باشووری کوردستانی ئەنجامیدابوو، تێبیدا سەردانی کۆیەشی کردبوو دەلّێت: " کۆیسنجاق ژمارەی دانیشتوانی (١٠) هەزار کەسە لەو ژمارەیە جولەکەکان سێ بنەمالّە و مەسیحیەکان بەقەد ئەوان دەبن"[٤]. بەلاّم شەمسەدین سامی لە١٨٩٦ دا دەلّێت "قەزای کۆیسنجاق (٢٥٢) گوندو (١٨) هەزار کەس دانیشتوانیەتی و (٥٠٠) لەمانە کلدانی واتا (نەستوری) و (٦٠) یان جوو ئەوانی تر موسلّمانن" [٥]. کەچی ژمارەی جولەکەکانی کۆیە لە سالّی ١٩٥١ دا نزیکەی ٤٠٠) کەس بوون[٦].

و الروماني على أرض الرافدين العليا٢٢٤-٥٧٩م، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص٢٩.

[١] م.ن: ص ٢٩؛ ڕەشاد میرانزەوشی ئاینی کوردستان،چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٢٩.

[٢] مام هەژار: ئاینی جولەکە، ڕۆژنامەی (هاموون)، ژمارە (٣٦)، کۆیە، ٢٠٠١، ل٢.

**کەنیشتە: ئەو شوێنە بوو کەجولەکەکان ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان تێدا ئەنجام دەدا، هەروەك کلێسەی مەسیحیەکان و مزگەوتی موسولّمانەکان.

[٣] طاهر ئەحمەد حەوێزی: میّژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەفا، بەغدا، ١٩٦٢، ل٤٣.

[٤] ژاك ریتوری: گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی لە ١٨٧٨دا، و: نەجاتی عبدالله، چاپی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٧.

[٥] شەمسەدین سامی: کورد و کوردستان لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لە میّژوودا (قاموس الاعلام)، و: ئەحمەد تاقانە،چ١، هەولێر،٢٠٠٨، ل٢٥٥.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەلّ مۆردەخای ئیبراهیم سەلمان، لەکۆیە، لە ٢٠٠٩/٨/٢٥. موردەخای: لەسالّی ١٩٣٦ لەکۆیە لە دایك بووە پیشەی زێرنگری بووە، هەندێکجاریش کاری وەستای بینای کردووە لە سالّی ١٩٥١ لەگەلّ جولەکەکانی تر بۆ ئیسرائیل کۆچی کردوە، ئێستا لەشاری نەهاریا لە ئیسرائیل دەژی.

تەوەری یەکەم
پێکهاتەی کلتووری جولەکەکانی کۆیە

١- زمان: هەرچەندە (٢٨٠٠) ساڵ زیاتر بەسەر دوور خستنەوەی جولەکەکان بۆ کوردستان تێپەڕی، بەڵام توانیان سەرکەوتوانە پارێزگاری لەزمانی ڕەسەنی خۆیان بکەن و بەبەردەوامی لەگەڵ یەکتردا بەزمانی خۆیان بدوێن[١]. هەڵبەتە زمانی جولەکەکانی کۆیە زیاتر دیالێکتیکی ڕۆژهەلاتی ئارامی بووە[٢].

لەڕاستیدا ئاخاوتنی جولەکەکانی کۆیە لەزمانی سریانی زۆر نزیك بوو، چونکە هەردوو زمانەکە دەچنەوە سەر زمانی عیبری، هەربۆیە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەتەواوی لەزمانی جولەکەکانی کۆیە دەگەیشتن و زۆر جار گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتر کردوەو هەرچەندە ووشەکانیان تاڕادەیەك لێك جیاواز بوون[٣].

جێگای باسە دوای ئەوەی عەرەبە مسوڵمانەکان ناوچەکانی باشوری عێراق (أرض السواد)و ولاتی شام یان کۆنترۆل کرد، ئەم زمانە ئارامییە کۆنەی جولەکە لەناوچوو، تاکە ناوچە کە ئەم زمانەی تێدا پارێزرا کوردستان بوو، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەکەی کە پێگەیەکی ستراتیژی سەختی هەبوو و توانی لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری هێزە داگیرکەرە دەرەکییەکاندا خۆی ڕاگرێ، بۆیە تائێستاش جولەکەکانی کوردستان بەگشتی و جولەکەکانی کۆیە بەتایبەتی لە ئیسرائیل بەم زمانە دەدوێن[٤]. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە جولەکەکانی کوردستان و کۆیە سوربوون لەسەر پاراستنی زمانەکەیان کە تاکە ناسنامەی میژووی ئەوان بوو لەگەڵ ئایینەکە. ئاشکرایە هیچ کاتێك

---

[١] شوان عوسمان: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلام کردنی کورد، چ١، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥؛ ئەحمەد باوەڕ: جولەکەکانی کوردستان، چ١، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٣.

[٢] باسیل نیکیتین: کورد و کوردستان،و:خالید حەسامی،چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،١٩٩٨، ل٤؛ شاسوار هەرشەمی: میژووی ئارامییەکان لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٩٨؛ صموئيل أتينجرت: اليهود في البلدان الاسلامية، ١٨٥٠-١٩٥٠، ت: فوادجميل،ج١، ط١، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣، ص٢٦.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ مۆردەخای ئیبراهیم سەلمان، لەکۆیە، لە ٢٠٠٩/٨/٢٥؛ هاوژین صلیوە: س. پ، ل١١.

[٤] هەڵوێستت عمر: م.س، ص٦٦.

گەلی کورد ڕێگر نەبووە لەبەردەم ئاخاوتنی ئەو جولەکانە بەزمانی ڕەسەنی خۆیان، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە کورد بڕوای بەفرە ئاییینی و پێکەوە ژیان هەیە.

جولەکەکانی کۆیە لەپاڵ زمانی خۆیان، زمانی کوردییان بەباشی زانیوە بەبەردەوامی لەگەڵ دانیشتوانی کۆیەدا گفتوگۆیان پێکردووە بەڵام لەگەڵ یەکتر دا بەزمانی خۆیان دواون و هەرگیز لە بۆتەی فەرهەنگ و کلتوری کوردی نەتوانەتەوە [١]، زمان بنەمایەکی سەرەکی ناسنامەی هەرمیللەتێکە، هەربۆیە جولەکەکانی کۆیە سەرەتا منداڵەکانی خۆیان فێری زمانی عیبری دەکرد ئینجا سەرپشکیان دەکردن لە فێربوونی زمانی کوردی ئەمەش زەمینەی پاراستنی تایبەتمەندیەتیان خۆش دەکرد.

٢- **پۆشاك (جل و بەرگ)**: جولەکەکانی کۆیە بەژن و پیاوەوە خاوەنی جل و بەرگێکی تایبەت بەخۆیان نەبوون کە لە دانیشتوانی کۆیە جیایان بکاتەوە، بەڵکو هەمان شێوازی ئەوانیان لەبەردەکرد [٢]. بەڵام جل و بەرگی ئاینیان جیاوازبوو. هەندێك لە جولەکەکان بەتایبەتی جولەکەکانی ناوچەی بێتواتە دەست ڕەنگین بوون و شارەزاییان لە دروستکردنی ڕانك وچۆغە(کر)ی کوردی هەبوو [٣]. زیاتر پیاوە بەتەمەنەکانی جولەکە کەواو سەڵتەیان لەبەردەکرد و جەمەدانیان لەسەر دەنا، ژنەکانیان بەهەمان شێوەی ژنە کۆییەکان کراس و کەوایان لەبەردەکرد [٤]. جولەکەکانی کۆیە، زیاتر ئارەزوویان لە جلی ڕەنگ مۆر دەکرد، بەشی زۆری جل و بەرگی خۆیان بەدەستی خۆیان دروست دەکرد [٥]. دیارە لەو

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مۆردەخای ئیبراهیم سەلمان، لەکۆیە، لە ٢٠٠٩/٨/٢٥؛ ڕەشاد میران: س. پ، ل٣١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق اسماعیل رسول لەکۆیە لە ٢٠١١/٣/٢٠، تۆفیق اسماعیل: لە سالّی ١٩٢٨ لە کۆیە لە دایك بووە بەردەوام خەریکی کاری کرێکار بووە ئێستاش خاوەن دوکانە و کەل و پەلی خۆراك دەفرۆشێت.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان نوری (شێخ جەنگی تالّەبانی) لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١. جەنگی بورهان نوری: لەسالّی ١٩٢٤ لەکۆیە لەدایك بووە مرۆڤێکی دنیادیدەو قسە خۆش و هۆشیارە و بەشداری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە

[٣] اریك براور: م. س، ص٩٤؛ هەڵوێست عمر: م. س، ص ٦٧.

[٤] هاوژین صلیوە: جولەکەکان لەبیرەوەری بەسالاّچوانی کۆیە، گۆڤاری (کەکۆن)، ژمارە (١)، ٢٠٠٨، ل٧.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤، برایم قادر لە سالّی ١٩١٨ لە کۆیە لەدایك بووە زمانی جولەکە بەباشی دەزانێ چونکە دراوسێیان بووە.

" چاوپێکەوتن لەگەڵ موردەخای ئیبراهیم لەکۆیە لە ٢٠٠٩/٨/٢٥.

سەردەمەدا قوماش زیاتر خام جانگ بوو کە ڕەنگی سپی بوو جا بۆئەوەی زوو پیس نەبێ خەیان دەکرد کە ڕەنگی زیاتر بەلای ڕەنگی ڕەشدا بوو[١].

٣- بۆنە ئاینییەکان: جولەکەکانی کۆیە چەندین جەژنیان هەبوو، لەوانە(کەپرەشینە) کە لە جەژنە پڕ بایەخەکانی ئەوان دادەنرێت، ماوەکەی (١٠) ڕۆژە و لە کەژی پایزدا بەڕێوەدەچوو، تیایدا جولەکەکان کەپریان دروست دەکرد و بەجۆرەها میوەی وەك هەنار، هەرمێ و ترێ دەیان ڕازاندەوە و چاوەڕوانی باران بارین بوون تا میوەکانیان لێبکەنەوەو دەست بکەن بە خواردنی بەشێکی و دابەشکردنی بەشەکەی تر بەسەر دۆست و هاوڕێکانیان، خۆ ئەگەر لەو ماوەیەدا باران نەباریبا ئەوا خۆیان ئاویان بەسەردادەپرژاند[٢].

هەڵبەتە جولەکەکانی کۆیە چەندین جەژنی تریان هەبوو لەوانە (فەتیرە، سەلی، حوتێ، سەری ساڵ، سەلی مۆتێ، نانی بێ خوێ و شیوی بێخوێ) بوو کە تیایدا نان و چێشتی بێ خوێیان دەخوارد[٣]. تەنانەت (نەورۆز) یان بە جەژن دادەنا. لێرەدا کاریگەری کلتوری کۆمەڵگای کوردی لەسەر جولەکان بە ڕوونی بە دیار دەکەوێ، چونکە جولەکەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە کوردستان مانەوە.

پێویستە بوترێت جولەکەکانی کۆیە لە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیاندا هیچ سانسۆرێکیان لەسەر نەبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆیە مەڵبەندێکی بەناوبانگی زانست و ڕۆشنبیری بووە و پێگەی یەکلاکردنەوەی هزری کۆنخواز و پێشکەتوخواز بووە، هەربۆیە جێگەی سەرسورمان نیە جولەکەکان توانیویانە درێژە بە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکانی خۆیان بدەن.[٤]

٤- خۆراکیان: جولەکەکانی کۆیە زۆر حەزیان لە خواردنی گۆشت بوو، بەردەوام ژەمە خواردنیان بەگۆشت و بەرهەمی ئاژەڵی دەڕازاندەوە، لەهەمان کاتدا دانەوێڵە و سەوزەو میوە بەشێکی سەرەکی

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال جۆبار لەکۆیە لە ٢٠١١/٢/١٥، جەلال جۆبار: لەسالّی ١٩٢٣ لەشاری کۆیە لەدایك بووە دەرچووی قۆناغی سەرەتاییە، شاعیر و ڕوناکبیرێکی شاری کۆیەیە.

[٢] هاوژین صلیوە: س. پ، ل٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١، بەڵام موردەخای ئیبراهیم پێی وایە جەژنی کەپرە شینە (٨) ڕۆژە.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موردەخای ئیبراهیم لەکۆیە لە ٢٠٠٩/٨/٢٥.

[٤] قادر فتح اللّه: س. پ، ١٥ل.

خۆراکی ئەوانی پێك دەهێنا و زۆر بەکەمی خواردەمەنی چەوریان دەخوارد، هەربۆیە پێکهاتەی جەستەیان بەهێز بوو[١].

لەڕاستیدا جولەکەکانی کۆیە گۆشتیان لە قەسابەکانی کۆیە نەدەکڕی، بەڵکو خۆیان ئاژەڵیان سەردەبڕی و گۆشتەکەیان دەخوارد، هەرکاتێك سیەکانی ئاژەڵەکە تێکچووبایە، ئەوا نەیان دەخوارد و بە (تەریفە) ناوزەدیان دەکرد، ئەم زاراوەیە تائێستاش لە ناو قەسابەکانی کۆیە بەکاردەهێنرێت.[٢] جگە لەوانە جۆرە گیایەك هەبوو بەناوی (بەندەکا) کە جولەکەکانی کۆیە دەیان کولاند و دواتریش دەیانخوارد، کە زۆر شێوەکەی لە کەرەوز دەچوو، هەرگیز موسوڵمانای کۆیە نەیاندەخوارد[٣]. لێرەدا جیاوازییەك لە جۆری خۆراك و خواردەمەنی جولەکەکانی کۆیە و دانیشتوانی کۆیە بەدیار دەکەوێ، کە ئەمە تایبەتمەندی ئەوان دەسەلمێنێ.

٥- **خانوەکانیان:** هەڵبەتە جولەکەکانی کوردستان بەخێرایی تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوون و بەسەر چەندین شارو دێهاتی کوردستان دابەش بوون، هەرچەندە ئاینیان جیاواز بوو، بەڵام جولەکەکان لە هەر شوێنێك بووبن، هەمیشە دراوسێی یەکتر و لە یەك گەرەکدا نیشتەجێبوون، هەربۆیەش لەهەر شاریکدا گەرەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەروەك لەشاری سلێمانی، هەولێر،ئامێدی و کۆیە. لەکۆیەدا گەرەکێکی تایبەت بە جولەکەکان هەبوو بەناوی (بەفری قەندی) و خانووەکانیان بەیەکەوە نوسابوون و لەناو هەریەك لەم خانوانەدا کولانکەیەکی بچوکیان هەبوو کە زیاتر بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ یەکتردا بوو، تا لەکاتی هەر هێرش و پەلامارێکی خەڵکانی تر خۆیان ئامادە بکەن و یەکتری ئاگادار بکەنەوە[٤]. دیارە ئەم دیاردەیە زیاتر زادەی بیرکردنەوەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جولەکەکان بە کشتی بووە، کە هەمیشە ژیانێکی پەراوێزو کەنارگیریان هەڵبژاردووە

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال جۆبار لەکۆیە لە ٢٠١١/٢/١٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موردەخای ئیبراهیم لەکۆیە لە ٢٠٠٩/٨/٢٥.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال جۆبار لەکۆیە لە ٢٠١١/٢/١٥.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ موردەخای ئیبراهیم لەکۆیە لە ٢٠٠٩/٨/٢٥.

ئەوەندە تێکەلاوییان لەگەڵ خەڵکانی تر نەبووە، لەوانەیە ئەوەش لەبەر ئەوە بووبێ کەوا بەژمارە کەم و بێ پشت و پەنا بووبن.

بەشێکی بەرچاوی جولەکەکانی کۆیە خاوەن خانووی تایبەت بەخۆیان بوون، بەشێکی تریشیان لە خانووی سەر بە کەنیشتە بوون کە بەخۆڕایی پێشکەشیان کرابوو، یاخود لەو پارەی ئەو سندوقە دەدرا کە جولەکە دەوڵەمەندەکان مانگانە پێشکەشیان دەکرد. جێگەی باسە خانووەکانیان بەزۆری یەک نهۆم بوون و بەیەکەوە نوسا بوون و بەشی زۆری لە خشتی قور دروست کرابوو[١].

٦- ناشتنی مردوو: هەرکاتێك جولەکەیەکی کۆیە لە سەرەمەرگ بوایە، جولەکەکانی تر بەخێرایی جێیان دەهێشت، چونکە لەو بڕوایەدابوون گەر یەکێك لەوان بۆی بگری، ئەوا ڕوحەکەی لە جەستەی نابێتەوە، بەڵام کاتێك کە جولەکەیەك گیانی لەدەست دابا، ئەوا هەموو جولەکەکانی تری کۆیە بەشداری ڕێو ڕەسمی ناشتنیان دەکرد[٢].

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو لەلایەن جولەکەکانەوە، ئەوا هەردوای ناشتنی مردووەکە نزاو پارانەوەیان بۆ دەکردو دوعایان بەزمانی خۆیان بەسەردا دەخوێندەوە، جولەکەکان خۆشیان ئەرکی قەبرلێدانیان لە ئەستۆ دەگرت کە زیاتر چینی هەژارەکانیان بەرامبەر بە بڕێك پارە پێی هەڵدەستان و بایەخێکی زۆریان بە گۆڕی مردووەکانیان دەدا و بە شێوازی جۆراو جۆر هەڵیان دەبەست و قایمیان دەکرد تا ڕێگە لە تێکچوونی بگرن و پارێزگاری لەمانەوەی بکەن. شایانی باسە ئاراستەی سەری مردووەکانی جولەکە لەگۆڕدا بەرەو ڕۆژهەڵات بوو، کەچی سەری مردووی مەسیحیەکان بەرەو ڕۆژئاوا بوو، بەڵام سەری مردووی موسوڵمانان بەرەو قیبلەیە. دوای ئەوەی تەرمەکەیان دەخستە ناو قەبرەکە و هەندێ سروتیان دەخوێند و بڕێك خۆڵیان بەسەر گۆڕەکەیدا بڵاو دەکردەوە، جگە لەوەی ژمارەیەك بەردیان بەسەر سینگییەوە دادەنا دیاردەی خۆڵکردنە سەر گۆڕی جولەکەکان زیاتر لەبەر ئەوەبووە کە پێیان وابوو مرۆڤ لەژیاندا چاوی بەهیچ شتێك (پارە و دەسەلآت) تێرنابێ تەنها بە خۆڵ نەبێ[٣].

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال جۆبار لەکۆیە لە ٢٠١١/٢/١٥.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ موردەخای ئیبراهیم لەکۆیە لە ٢٠٠٩/٨/٢٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤.

[٣] طاهر احمد حویزی: س. پ، ل٤٣.

هەڵبەتە جولەکەکانی کۆیە خاوەنی گۆرستانی تایبەت بەخۆیان بوون، کە لەکۆیەدا ناوی گۆرستانی جولەکان بوو، بەڵام دوای کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل، حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٥٦) گۆڕەکانی تێکدا و زەویەکەی بەسەر دانیشتوانی کۆیە دابەشکرد و گەرەکێکی دروستکرد بەناوی (سەرباغ) [١]. بوونی گۆرستانی تایبەت بەجولەکە لەشاری کۆیەدا گوزارشت لەوە دەکات کە موسوڵمانەکانیش خۆیان ڕازی نەدەبوون جولەکە مردووەکانیان لە گۆرستانی مسوڵمانان بنێژن.

٧- هاوسەرگیری: لەڕاستیدا پڕۆسەی هاوسەرگیری لەناو جولەکەکانی کۆیەدا پەیوەست بوو بە دارایی خێزانەکان، واتە ئەگەر باوکی کورە جولەکەیەك دەوڵەمەند بوایە ئەوا زوتر ژیانی هاوسەر گیری پێکدەهێنا، بەڵام ئەو خێزانانەی کە ئاستی داراییان نزم بوایە، دەبوایە کورەکە هەوڵەکانی بخاتە گەڕ و کار بکات بۆ پەیداکردنی بڕێك پارە. هەندێ جاریش گەنجانی جولەکە داوایان لە باوکی کچەکان دەکرد کە بڕێك لەخەرجی پڕۆسەی هاوسەرگیریەکە کەم بکەنەوە، زۆرجاریش لاوانی جولەکە یارمەتیان لەصندوقی کۆمەکی جولەکەکان پێدەبەخشرا، بەڵام ئەگەر باوکی کچە جولەکەیەك کۆچی دوایی کردبایە، دەبوایە پیاوە بەتەمەنەکانی جولەکە بۆ خوازبێنی سەردانی دایکی بکەن[٢].

زۆر جار پڕۆسەی هاوسەرگیری لەناو جولەکەکانی کۆیەدا بەشێوازی ژن بەژن بەڕێوەدەچوو و تەنها ژن و ژن خوازی لەناو خودی جولەکەکان خۆیاندا هەبوو، هەرگیز لەگەڵ موسوڵمان و مەسیحی نەدەکرا، بەڵام هەندێ جار چەند لاوێکی موسوڵمانی دەست ڕۆیشتوو سەودای جوانی کچە قەشەنگەکانی جولەکە دەبوون لەدەرفەتێکی گونجاودا بەزۆر دەیانڕفاندن و دەیانکردن بە موسوڵمان و هاوسەرگیریان لەگەڵ دەبەست، کە ئەمە بۆخۆی بەلادانێکی کۆمەلایەتی نەخوازراو دادەنرێت[٣]. هەرچەندە ئەم دیاردەیە زۆر بەکەمی بوو،شتێکی بەڵگە نەویستە پڕۆسەی هاوسەرگیری سەرکەوتوو نابێ ئەگەر بەڕەزامەندی هەردوولا نەبێ، ئەمەش بێ دەسەلاتی و بێ پشتیوانی جولەکەکانی کۆیە دەخاتە ڕوو، تا ئێستاش ژمارەیەك لەو ژنە جولەکانە لەژیاندا ماون و لەشاری کۆیە دەژین، کە بە (بن

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال جۆبار لەکۆیە لە ٢٠١١/٢/١٥.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ موردەخای ئیبراهیم لەکۆیە لە ٢٠٠٩/٨/٢٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤.

جو) ناسراون. نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە هەندێ جار کورِە موسوڵمانێك لەگەڵ کچە جولەکەیەکدا پەیوەندی خۆشەویستیان دروست دەکرد، وەك زانراوە خۆشەویستی زۆر جار هەموو سنووردێکی ئاینی و نەتەوەیی دەبەزێنێ.

تەوەری دووەم

پیشەی جولەکەکانی کۆیە

جولەکەکان لەسەرەتای هاتنیان بۆ باشووری کوردستان بەگشتی و بۆ کۆیە بەتایبەتی دووچاری هەلومەرجێکی دژوار بوونەوە، سەرەتا ئەم جولەکانە خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون، دواتر بۆ شارو شارۆچکەکان کۆچیان کردو دەستیان کرد بە بازرگانی و کاری بەقالی و کوتال فرۆشی،دواتر شارەزای چنین و رستن وبەرگ درویِنی بوون[١]. ئەوەندەی نەبرد ژیان و گوزەرانی جولەکەکانی کۆیە بەرەو گەشەسەندن هەنگاوی نا و دەرفەتی گواستنەوەیان لەچینی جوتیار بۆ چینی بازرگان و خاوەن پیشە بۆ ڕەخسا[٢]. گرنگترین ئەو پیشانەی کە جولەکەکان شارەزایی باشیان لێی هەبوو بریتی بوو لە (ئاسنگەری، زێرینگری، زیوچیەتی، خەچیەتی) [٣]. جگە لەوانە جولەکەکان چەندین کاری تریان دەکرد لەوانە کوتاڵفرۆشی و دروستکردنی پێلاۆ و بەرگ درویی و ڕەنگسازی[٤]. ئەمانە هەمووی لەسایەی هەلومەرجێکی لەباری ئەوتۆ هاتەکایەوە کە جولەکەکان لەشاری کۆیە دا توانیان ئازادانە کاروباری خۆیان بکەن و پەرە بەژیانی تایبەتی خۆیان بدەن،لە هەمان کاتدا دەست ڕەنگینی و کارامەیی جولەکەکانی کۆیە بەدەردەخات، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە زۆر بەدەگمەن خەڵکی تر بەدی دەکرا کە شارەزایی لەم بوارانەدا هەبێ، تا ئێستاش جێ دەست و شوێنەواری جولەکەکان بەسەر خان و قەیسەریەکانی کۆیەدا ماوە[٥].

لەبەناوبانگترین زێڕینگرە جولەکەکانی کۆیە: شەلکە، بلەخوارە، حایە بایی، جەمیسە، داودۆك، لەیلە سوریّ، ڕەحمی کورِی پشێلە، عەلە، بلە و مارمۆ بوون. ژمارەیەکی تریان زیوچی بوون وەك:

---

[١] عدنان زیان فرحان: م.س، ص١٧.

[٢] هەڵوێست عمر قادر: م. س،ص٢٠.

[٣] صموئیل اتینجرت: م..س، ص٣٣؛ قادر فتح اللە: جولەکەیەکی کۆیە دوای (٥٨) سالّ بەسەردان دەگەڕێتەوە کۆیە، گۆڤاری (کەکۆن)، ژمارە (٤)، ٢٠٠٩، ل١٥.

[٤] ئورا شڤارتز بیئیری: جوەکانی کوردستان، و: بەختیار حیدەری، گۆڤاری (k21)، ژمارە (٢-٣)،٢٠٠٨، ل٢٠.

[٥] طاهر احمد حویزی: س.پ، ل٤٣.

شەنتۆ و بنیامین، بەشێکیشیان کوتاڵ فرۆش بوون وەك نوری ساقی، فەرەجی بابە جۆیە، میسانی کوری ڕەحمی، صالحی موشکە و حەیوم بوون. هەندێکیشیان کاری عەتاریان دەکرد لەوانە: لاو لاو[١]. لەڕاستیدا جولەکەکانی کۆیە داهێنەر بوون لەبواری کاری خۆیاندا و لەهەمان کاتدا خاوەنی سەرمایەکی گەورە بوون هەربۆیەش بەبەردەوامی بازاڕیان گەرم وگوڕ بوو، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخساندن کە بتوانن لەماوەیەکی کورتدا قازانجێکی زۆر بکەن، لەو بەرهەمانەی کە بازرگانیان پێوەدەکرد بریتی بوو لە: توتن، خوری، مازوو، کەتیرە و هی تر... بێگومان هۆکارێکی سەرەکی بوونی جولەکە لە کۆیە دا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەم شارە لەسەدەکانی ڕابردوودا ناوەندێکی بازرگانی بوولە ناوچەکە، بۆیە بازرگانانی شارەکانی تری عێراق ڕوویان تێدەکرد و پڕۆسەی بازرگانی لەکۆیەوە بەرەو موصل و لەوێشەوە بەرەو حەلەب و شام دەچوو، هەروەها لەڕێی (تەق تەق)ەوە بە کەلەك کەلو پەلیان ڕەوانەی ئالتون کۆپری و لەوێشەوە بۆ سامەراو بەغدا دەکرد، جگە لەوانە کاروانی بازرگانی لەکۆیەوە بەرەو شاری خانە و مەهاباد و تەورێز دەچوو[٢]. دیارە کە جولەکەکانی کۆیە گەورە سەرمایەداری ناوچەکە بوون و توانیویانە زیرەکانە سامانی خۆیان بخەنە گەڕ و کارێکی وابکەن کە دانیشتوانی کۆیە و دەوروبەری بەبەردەوامی ڕوویان تێبکەن، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەمەبوو کە ئەم جولەکانە کەل و پەلیان بەقەرز دەفرۆشت و دەیانگوت " قەردی کۆن بێنە نوێ ببە"[٣]. لەڕاستیدا نهێنی دەوڵەمەند بونی جولەکەکان هۆکاری تری لەپشتەوە بوو، ئەمەش زیاتر بۆ سیاسەتی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە کاتی کە لە ساڵی ١٨٥٥ بە دواوە یاسایەکی دەرکرد، تێیدا جولەکەو دیانی دەبورد لە بوونە سەرباز لە بەرامبەر دا (بدل عسکری) ی لێ وەردەگرتن[٤]، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ جولەکەکان ڕەخساند کە بەبەردەوامی کاربکەن و سامان پێکەوە بنێن، بە پێچەوانەی لاوە کوردە موسوڵمانەکان کە بە زۆر دەکران بەسەرباز و لەوێدا بەشێکی بەرچاویان دەکوژران و بەشەکەی تریش هەر لە ڕیزەکانی سوپا دەمانەوەو نەیان دەتوانی کار بکەن.

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید (مام برایمی گەراج) لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤.

[٢] طاهر احمد حویزی: س.پ، ل٤٣-٤٤؛ مام هەژار: س.پ، ل٢.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سەعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤.

[٤] مردخاي زاكن: يهود كردستان و رؤساؤهم القبليون، ت: د.سعاد محمد خضر، مراجعة: أ.د. عبدالفتاح علي يحيى، مطبعة شڤان، السليمانية، ٢٠١١، ص٣٥٩-٣٦٠.

هەرچەندە جولەکەکان لەناو شاری کۆیە دەژیان بەڵام پەیوەندی تونـد و تۆڵیـان لەگـەڵ گوندنشینەکان هەبوو، چونکە لەوێدا ژمارەیەکی بەرچاویان لەمێگەلی مەڕوبزن هەبوو، لەوانە: سەلمان حاتە، فەرەجە جو، حەیوم و حەسقێل). تەنانەت فەرەجە جو بەڕادەیەك دەوڵەمەند بوو کە ڕووبـەرێکی گەورەی زەوی و زار لە گوندەکانی ئیلنجاغ و مەرزان و تاڵەبان هەبوو[١]. شـایەنی باسـە جولەکـەکانی کۆیە خاوەنی عەقلیەتێکی بازرگان ئەوتۆبوون کە جێگەی سەرنج بوون، لەوانە زۆرجار بەرهەمـەکانیان لە دوکانەکانیاندا بەنرخی کڕین دەفرۆشـتەوە، لەوانـە شـەکر چـونکە پێیـان وابـوو کـە تـەنها قـازانجی گونیەی شەکرەکە بەس بوو بۆیان، هەربۆیە بەردەوام بازاریان گەرم و گوربوو، بەمەش ڕۆژانـە چـەندین فەردە شـەکریان دەفرۆشـت، لەکاتێکـدا دوکانـدارە موسـوڵمانەکانی کۆیـە بـەنرخێکی بـەرز شـەکریان بەخەڵکی دەفرۆشتەوە هەربۆیە بەردەوام بازاڕیان سـاردوو سـوڕبوو[٢]. کەواتـە جولەکـەکانی کۆیـە بـە بەرنامە کاری بازرگانیان دەکرد و بەپێی پلانێکی گونجاو مامەڵەیان دەکرد، چونکە لـەو بڕوایـەدابوون گەر زۆر بفرۆشی بەقازانجێکی کەم باشترە لـەوەی کـەمتر بفرۆشـی بـەقازانجێکی زۆر[٣]. دیـارە یاسـای بازاڕیش هەروایە کە لە هەر جێگەیەك نرخی کـەل و پـەل هـەرزان بـێ، خـەڵك زیـاتر ڕوی تێدەکـەن و هەردەم بازاڕیان گەرم دەبێ و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

بە زۆری جولەکەکانی کۆیە خاوەن سەرمایە بـوون، بۆیـە بـەردەوام جێگـەی سـەرنج و چـاوتێبڕینی دەوروبەریان بوو لەبەرئەوە ڕۆژانە دووچاری چەندین کێشە و ململانـێ دەبوونـەوە[٤]. هەڵبـەتـە هەنـدێ کەسی چاوچنۆك هەبوون کە ڕقیان لە دەوڵەمەندە قرچۆکەکانیان بوو، هەربۆیـە هـەر دەرفـەتێکیان بـۆ بڕەخسایە دزییان لێدەکردن.

---

[١] هاوژین صلێوە: جولەکەکان لەبیرەوەری بەسالاچووانی کۆیە، گۆڤاری (کەکۆن)، ژمارە (٢)، ٢٠٠٩، ل١١.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید (مام برایمی گـەراج) لـە کۆیـە لـە ٢٠١١/٧/١٤؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ تۆفیـق اسماعیل رسول لە کۆیە لە ٢٠١١/٣/٢٠.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال سعید عبدالله (جەلال جۆبار) لەکۆیە، لە ٢٠١١/٢/١٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد دلزار لە هەولێر لە ٢٠١٠/١٠/٢١: ئەحمەد دلزار لە ١٩٢٢ لەشـاری کۆیـە لـەدایك بـوو دەرچـووی قۆنـاغی ناوەندییـە وەك کۆمەنیستێك لە کۆیە ناسراوە و بەشداری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کردووە، لەهەمانکاتدا شاعیرێکی ناوداراە.

[٤] باسیل نیکیتین: س.پ، ل٤٠- ٤١.

تەوەری سێیەم

پەیوەندی دانیشتوانی کۆیە لەگەڵ جولەکەکان

هەڵبەتە پەیوەندی موسوڵمانانی کوردستان بەگشتی لەگەڵ جولەکەکان لە ئاستێکی باش دابوو، لە خۆشی و ناخۆشی یەکتردا بەشدار بوون[١]. لەم بارەیەوە مەسعود محەمەد پێی وایە پەیوەندی موسوڵمانانی کۆیە لەگەڵ جولەکەکاندا زۆر برایانەو دۆستانە بووە، نەبیستراوە بەناوی گەلە کۆیی دەستدرێژی کرابێتە سەریان، هەمیشە (مالم)* ەکانیان پێزیان لێگیراوە[٢].کەچی شێخ جەنگی تاڵەبانی و مام برایم لەو بڕوایەدان کە هەندێ جار ژمارەیەکی زۆرکەم لە لاوانی کۆیە بەهۆی دەمارگیری ئایینی و دواکەوتنی کۆمەلایەتی ستەمیان لە جولەکەکان کردوەو ئازاریان داون، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە لەسەر بوتلێك عارەق کوشتویانن[٣].بەڵام پەیوەندی هەندی سەرۆك هوزە کوردەکان لەگەڵ جولەکەکان لەهەندێ قۆناغدا خراپ بوو، بەهۆی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری کە هۆزایەتی بوو[٤].

نکولی لەوە ناکرێ کە بەشێکی بچوك لە ئاغاکانی کۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەندێ جار چاویان لەسەر کچە جولەکە قەشەنگەکانی کۆیە بوو لە دەرفەتێکی گونجاو دەگەڕان بۆ ڕفاندنیان، هەربۆیە جولەکەکانی کۆیە بەناچاری کچەکانیان لەتەمەنێکی زۆر بچوکدا واتا لەتەمەنی (١٤ – ١٥) ساڵیدا بەشوو دەدا[٥]. ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر بوونی جۆرێك لەستەم کردن لە جولەکەکانی کۆیە لە هەندێ سەردەمدا، هەرچەندە لەبازنەیەکی زۆر تەسك دابووە، بەڵام هەرچۆنێك

---

[١] مایکل گینتر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مام کاك، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧.

* مالم: بریتییە لە پیاوی ئاینی جولەکە هەروەك قەشەی مەسیحی و مەلای موسوڵمانان.

[٢] مەسعود محەمەد: حەماغای گەورە: چاپخانەی سۆمەر، بغداد، ١٩٨٦، ل٥٧.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی بورهان لە کۆیە لە ٢٠١١/٢/١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم قادر سعید لە کۆیە لە ٢٠١١/٧/١٤. یەکێك لەو کچە جولەکانە کەناوی (لولو) بوو، (عومەری جەلال اغای حەویزی) ڕفاندی و بەزۆر کردی بەهاوسەری خۆی، ناوەکەشی بۆ زێبا گۆڕی.

[٤] Walter J. Fishel: The Jews of Kurdistan Ahandred year ago, Indiana university press, 1944,p222; www. Jstor.org, stable The jews of Kurdistan 4464600.; دبلێو: آر. هی: سنتان في كردستان، ت: فؤاد جميل، ج١،ط١،مطبعة الجاحظ،بغداد، ١٩٧٣،ص١١٠-١١١.

[٥] یافا ئیسحاق بلیاهو: ژیانی جولەکەیەك لە کۆیە و ئیسرائیل، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٤- ١٥.

٥. الوقائع العراقية، العدد (٢٥٠٣) الصادر في ١٢/١٥/ ١٩٧٥.

٦. الوقائعالعراقية، العدد (٢٥١٣) الصادرفي١٩٧٦/٩/٢.

پوختە

دەستور چواچێوەی گشتی سستەمی حوکمرانی لەدەوڵەتدا دیاریدەکات، دەسەلاتە گشتیەکان وچۆنیەتی پێکهاتنیان وپەیوەندیان بەیەکترو بەهاولاتیانەوە دیاریدەکات وهاوسەنگی نێوانیان دەستەبەردەکات، بەشێوەیەك هەر یەکێکیان لەو سنورەی بۆی دیاریکراوە تایبەتمەندیەکانی خۆی پیادە بکات وزیادەڕۆیی نەکاتە سەر بەشی هەیئاتەکانی تر.بەمەش دەستور وەك یاسای بەرزی ولاّت دەردەکەوێت وڕێزو جێگیری بۆمسۆگەر دەکرێت فەرمانڕەواو فەرمانپێکراوەکان پابەندی حوکمەکانی دەبن. بەلاّم دەستور وەك پێناسەدەکرێ بەوەی بریتیەلەچوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دیاردە سیاسیەکان، لەوانەیە هەندێك جار مەسەلەی جێبەجێکردنی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هەڵومەرجە سیاسیەی لەولاتەکەدا هەیە، هەروەها لەگەڵ ئیرادەو ویستی ئەو فەرمانڕەوایانەی دەستیان بەسەر دەسەلاتی سیاسیدا گرتووە لەولاتەکەدا.بێگومان لەئەنجامی ئەو دۆخەشدا هەموو دەستورەکە یا بەشێکی رووبەرووی لەکارخستن دەبێتەوە.

شێکەرەوانی یاسای دەستوری بەتایبەتی زانایانی عێراقی باسیان لەحالەتەکانی لەکارخستنی دەستور کردووەو نمونەیان بۆ هێناوەتەوە لەدەستورە عێراقیەکانی هەردوو سەردەمی پاشایەتی وکۆماری.وەدەستوری عێراقی سالّی ٢٠٠٥ یش لەو حالەتە بێبەری نیە هەرچەندە کەدەستورێکی نوێ وتازەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی لەکارخستنی هەندێ دەقی گرنگی دەستورەکە دەکرێبەشێوەیەك جێگەی سەرنج و لێکۆلینەوەن.بەتایبەتیش کاتێ بزانین دەستوری عێراقی ٢٠٠٥پێگەی ولاتێکی فدرالّی و سستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی بۆحوکمرانی دامەزراندووە، سستەمی فدرالّیش لەبنەڕەتدا مانای دابەشکردنی دەسەلاتی فەرمانڕەوایەتیکردنە لەنێوان حکومەتی فدرالّی ناوەند وهەرێمەکان سەرەرای دەستەبەرکردنی ئەو پەری بەشداری سیاسی بۆ هەرێمەکان لە دەسەلاتەکانی ناوەندا.بۆیە پێویست بوو دەقەکانی ئەو دەستورە پارێزراو وبەدوور بن لەهەر چەشنە لەکارخستنێکی دەستوری، بەتایبەتیش ئەو دەقانەی کەبەبنەمای سەرەکی و بنەڕەتی دادەنرێن بۆ سەرخستن وبەردەوامبوونی دەوڵەتی فدرالّی.بێگومان لەکارخستنی ئەو جۆرە دەقە دەستوریە گرنگانە کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر ماف ودەسکەوتەکانی یەکە فدرالیەکانی بەشداربوو لەپێکهاتەی ئەو دەوڵەتە.

بۆیە لەو تۆژینەوەیە هەوڵماندراوە لەکارخستنی دەستوری رووبکەینەوە لەگەڵ جۆرو حالەتەکانی بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ڕۆشنایی دەستورە جیاوازو جۆراوجۆرەکاندا، ئەوانیش بریتین لە لەکارخستنی فەرمی دەستورو لەکارخستنی پراکتیکی دەستور، لەگەڵ شیکردنەوەی هۆکاری دروست بوونیان، وەدەرخستنی ئەو کاریگەریە دەستوری وسیاسیانەی کە لەهەردووجۆری لەکارخستنی دەستور دەکەوێتەوە.لەوێشەوە هەوڵماندراوە هەردوو حالەت وجۆری لەکارخستنی دەستوری فەرمی وپراکتیکی لەدەستوری عێراقی ٢٠٠٥دا دیاریبکەین وبیانخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەی زانستیەوە.

حالەتی لەکارخستنی فەرمی دەستور لەدەستوری عێراقی ٢٠٠٥دا خۆی لەمادەی (٦٥) ی تایبەت بەپێکهاتنی ئەنجومەنی یەکگرتوو (مجلس الاتحاد) دەبینێتەوە، کەئەو مادەیەو هەر مادەیەکی تری تایبەت بەو ئەنجومەنە لەدەستورەکەدا بەپێی مادەی ١٣٧ ی دەستورەکە بەفەرمی لەکارخراوە، بەگەرخستنەوەو کارپێکردنەوەی هەموو

مادەکانی تایبەت بەو ئەنجومەنە لەسەر بریارێکی ئەنجومەنی نوێنەران وەستاوە کەپێویستە بەگوێرەی مادەی ١٣٧ ی ئاماژەپێکراو لەلایەن خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دەربکرێت.بەلأم سەرەرای تێپەربوونی زیاتر لەدوو ساڵ بەسەر خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران، تائێستا ئەو ئەنجومەنە بریارێکی لەو جۆرەی دەرنەکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەمادەی ٦٥ ی تەرخانکراو بۆ پێکهاتنی ئەنجومەنی یەکگرتوو بەفەرمی لەکارخراوە بەپێی دەقی دستور خۆی وەبەهەمان شێوەخودی ئەو ئەنجومەنەش پەکخراوە.لەکاتێکا بوونی ئەو ئەنجومەنە بەبنەمایەکی گرنگی دەوڵەتی فدرالّی دادەنرێت، چونکە لەرێگەی ئەوەوە هەرێمەکانی ناو دەوڵەتە فدرالەکە دەتوانن گوزارشت لە ویست وئیرادەی خۆیان بکەن، بەهۆی ئەوەی ئەو ئەنجومەنە لەزۆربەی دەوڵەتەفدرالیەکاندا لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیەکی یەکسانی بۆ هەرێمەکان پێکدەهێنرێت.

بەلأم حالەتی لەکارخستنی پراکتیکی دەستورەکە لەمادەی ١٤٠ ییدا بەدیدەکرێت، ئەو مادەیە تایبەتە بەچارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فدرالّدا، کەبەگوێرەی برگەی دووەمی مادەی ئاماژەپێکراو، دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەو مادە دەستوریە ٣١/کانونی یەکەمی/٢٠٠٧ بوو.بەلأم ئەمرۆ دەبینین دوای تێپەربوونی نزیکی پێنج ساڵ بەسەر وادەی دیاریکراودا، تا ئێستا جێبەجێکردنی ئەو مادەیە لەقۆناغی دەسپێکیدا (قۆناغی ئاساییکردنەوە) دەخولێتەوە ولەجێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەو قۆناغەدا تەواو نەبوە تا هەنگاوبنێ بەرەو جێبەجێکردنی دوو قۆناغە گرنگەکەی تر کە لەو مادە دەستوریەدا دیاریکراونو بریتین لە (ئەنجامدانی سەرژمێری وراپرسی سیاسی لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە) ، ئەمەش بەلای ئێمەوە لەکارخستنێکی پراکتیکی دەستورە رووبەرووی مادەی ئاماژەپێکراوبۆتەوە.لەکاتێکدا زۆربەی دەوڵەتە فدرالیەکان لەسەرەتای دامەزراندنیان سنوری هەریەك لە هەرێمەکانی بەشدار تیایاندا بەرروونی ساغکراوەتەوەو دیاریکراون لەخودی دەستوری ولأتەکە.

Summary

The constitution defines the general frame of the ruling system in the state, the public authorities and their components and their relations among each other and with the people and creates balance among them, in a sense that each one of them can not step outside the boundaries determined to it and not interfere in the other authorities. This way the constitution appears as the highest law in the state and assures respect and stability and the rulers and the people both obey to its provisions. But the constitution as it is defined as the legal frame for the political phenomenon, sometimes the issue of its application can be affected by the political circumstances in the country, also with the will of the rulers whom are in control of power in the country, and surely under such conditions the whole constitution or a part of it can face annulment.

The analysts of constitutional law especially Iraqi jurists have mentioned the modes of disabling the constitution and gave examples on it in the Iraqi constitutions both in monarchy and republic period, and the Iraqi constitution of 2005 is not free of this situation despite the fact that it is a new constitution, still we can see disabling clauses in some the important articles which makes it worth studying, especially when we know that this constitution has established a federal state with a democratic parliamentary system. And federal system in origin means to share powers among central federal government and the regions along with providing the utmost political participation for the regions in the central authorities. And for that it was necessary that these articles of constitution to be protected from any type of disabling especially those provisions that considered essential for the success and sustainability of federal state. Of course disabling those provisions will have negative effects on rights and gains of the federal units that participated in the structure of that state.

For the reasons mentioned we have tried in this study to explain the constitution disabling with its types in general in light of different constitutions, and the types are formal disabling and practical disabling, with explanation of reasons of their existence, and to illuminate the constitutional and political effects of both types. And then we tried to determine both types in Iraqi constitution of 2005 and study them scientifically.

The formal disabling of constitution in Iraqi constitution of 2005 can bee seen in article (65) which is about the formation of united committee, and this is article and every other article related to this committee has been

formally disabled according to article of (137) of the constitution. Re-enforcement the article of this topic depends on a decision of parliament which is according to article (137) is necessary to be made by the second parliament. But after two years from the beginning of the second parliament such decision has never been made, and this indicates that article (65) is formally disabled according to the constitution itself and accordingly the committee is disabled as well, in a time that the existence of such committee is major building stone for federal state, because through this committee the regions inside the federal state can express their will, because of that this committee assures an equal representation for all the regions.

But the practical disabling of constitution can be seen in article (140) which is related to resolving the issues of disputed territories among Kurdistan region and federal state, which according to second provision of the mentioned article the deadline for the application of the article was (December 31, 2007) , but today we see after five years of the deadline still the application of the article is in the primary stage (normalization stage) and the steps of this stage haven't been completed yet in order to go to the two major stages in that article which are (conducting population statistics, and conducting surveys for determining the future of those territories) . And to us it is a practical disabling of constitution for the mentioned article, in a time that most federal states in the beginning of the formation the borders of each participant region is clearly determined.

شیکردنەوەو بەراوردکردنی ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران

رۆژنامەی گۆڕان و ڕوانین وەک نموونە

م. ی. محەمەد کەریم بابۆڵی
بەڕێوەبەری راگەیاندنی زانکۆی کۆیە

پێشەکی

رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی یەکێکە لە لقەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، کە رۆژ لەدوای رۆژ رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند گەشەکردنی خێرای بەخۆیەوە بینیووەو بواری جۆراو جۆری لێبڕوتەوە، وەک بوارەکانی (ئابووری، سیاسی، وەرزش، تەندروستی، هونەر، ئەدەب، ژینگە، منالاّن، خوێندکاران، لاوانو.....هتد)، هەریەکێك لەمانەش بواری وردتری لێبڕوتەوە، بۆ ئەوەی وەرگرانی چڕترو وردتر بتوانن سوودی لێوەربگرن، رۆژنامەنووسیی کوردیی تایبەتمەند لەکوردستاندا بوونی هەیە، بەجۆرێ زۆربەی چینو توێژەکان بلاّوکراوەی تایبەت بەخۆیان هەبووەو هەیە، ئەمە جگە لەوەی چەندین بلاّوکراوە لەناوەڕۆکدا تایبەتمەندییان هەیە، ئەمەیش پێویستی بەچەندین لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە تاکو لەبایەخو رۆڵی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردی بگەین.

لەناو سەرجەم بوارەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، رۆژنامەنووسیی خوێندکارانو لە ناو رۆژنامەنووسیی خوێندکارانیشدا هەردوو رۆژنامەی (گۆڕانو روانین) وەکو نموونە وەرگیراوە، ئەمەیش لەبەر ئەوەی سەر بە دوو ڕێکخراوی گەورەی خوێندکارینو هەریەکێ لەم ڕێکخراوانە لەسەرەتای دروستبوونیانەوە تاکو ئێستاکە چەندین بلاّوکراوەی تایبەت بەخۆیان دەرکردووە، تەنانەت بلاّوکراوەی تایبەتیان بۆ لیژنەو گروپو خوێندنگاکانیش دەرکردووە.

ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی چەمك و پەیامی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران گرنگی بۆ کایەی رۆژنامەنوسیی هەرێمی کوردستان بەگشتی و رۆژنامەنووسیی خوێندکاری بەتایبەت هەیە، هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بوو، بۆیە خوێندنەوەی زانستیانە بۆ بواری رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی ئەرکێکی هەنوکەیی ئەکادیمی و پسپۆڕانە، ئەمەش کەڵکی زۆر بەرۆژنامەنووسی بەگشتی و بوارەکە خۆی بەتایبەتی لەپێناو بەئەکادیمیکردندا دەگەیەنێت.

لەو نێوانەشدا شیکردنەوەو بەراوردکردنی ناوەرۆکی رۆژنامەکانی گۆڕان و ڕوانین وەك رۆژنامەنووسییەکی خوێندکاران بەتوێژێکی گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگە، هۆکاربوون تاکو هەوڵ بدرێت لەرێگەی میتۆدی شیکاریی، ئەو بابەتانەی تایبەتن بەخواستە پیشەییەکانی ئەو توێژە شیبکرێنەوەو بەراورد بکرێن و ئاستی کاریگەریی هەریەکێکیان دەستنیشان بکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا بەچەند خاڵێك کێشەی توێژینەوەکەدەخەینەڕوو:

١- بایەخنەدان بە ناوەرۆکی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران؟

٢- بەراوردنەکردنی ژانری رۆژنامە خوێندکارییەکان لەنێوان یەکتری و دیارنەکردنی کەموکوڕیی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران؟

٣- تەمومژو ئاڵۆزیی دەربارەی سەرەتاکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران؟

٤- ئەوەندەی توێژەر سەرنجی داوە رۆژنامەنووسیی خوێندکاری نەگەیشتووتە ئاستێك خواست و ئامانجەکانی توێژی خوێندکاران بهێنێتەدی؟

رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی، بەبەراورد لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری بۆ سەردەمێکی زوو دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك لەسالّی ١٩١٣ خوێندکارانی کورد لەئەستەنبوڵ ڕێکخراوێکی خوێندکارییان بەناوی (کرد طلبة هیوی جمعیتی – جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان)ەوە پێکهێناوە هەر لەو سالّەدا گۆڤاری (رۆژی کورد)یان بلاّوکردەوە، کە ئەمە بەیەکەم میژووی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران و یەکەمین کاری رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لەکوردستان دادەنرێت. لەباشووری کوردستانیش لەسالّی ١٩٣٣ یەکەم گۆڤاری خوێندکاری بەناوی (یادگاری لاوان) لەلایەن کۆمەڵی لاوانی کورد لەلایەن کۆمەڵێك خوێندکاری کورد لەبەغداد دەرچوو، ئەم میژووە دوورو درێژەی خوێندکاران لەناوەوەی کوردستان، یان لەدەرەوەی کوردستان، یاخود دەرکردنی رۆژنامەی خوێندکاران بەنهێنی، یان رۆژنامەی دیواریی خوێندکاران لەناوەندەکانی خوێندن، پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی وردی زانستی هەیە. ئەم

توێژینەوەیە بایەخی بۆ کتێبخانەی کوردی هەیە، بەتایبەت بۆ توێژینەوەی بواری رۆژنامەنووسیی خوێندکاری تایبەتمەند.

توێژینەوەی زانستی بەرەو چارەسەرکردنی وردەکاری هەنگاو دەنێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامانجانە دەخەینەڕوو:

١- شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ژانرەکانو بەراوردکردنی هەردوو رۆژنامەکە لەڕووی بابەتو جۆرەوە.

٢- دەرخستنی ئاراستەو ناوەڕۆکی هەردوو رۆژنامەکە، کە تاچەند تایبەتن بەخوێندکارانەوە، یاخود گشتین.

٣- دەرخستنی جۆری وێنەو بلاوکردنەوەی لەگەڵ ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەکەو دابەشکردنیان بەپێی جۆرەکان..

٤- دیاریکردنی بایەخی ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەکە کە چەندە بایەخیان بەهەریەکە بەشارەکانی هەرێمی کوردستان داوە.

٥- بەراوردکردنو دیاریکردنی ئەو کەسێتیانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە.

٦- دیاریکردنی جۆرەکانی وتاری رۆژنامەنووسیی لەنێوان هەردوو رۆژنامەکەو دواتر بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتریدا.

بۆ هێنانەدی ئامانج، توێژەر میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی (ناخشیکاری) بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران شیبکاتەوەو دواتر بەراوردی نێوان هەردوو رۆژنامەکە بکات. هەروەك فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سامپلّی هەردوو رۆژنامەکە.

بوارو سنورەکانی توێژینەوەکە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

١- بواری شوێن: رۆژنامەنووسیی خوێندکارانە، بە نموونە (٢) رۆژنامەی خوێندکاری وەك سامپلّ لەخۆ دەگرێت، کە رۆژنامەکانی (گۆڕانو روانین)ن.

٢- بواری کات: لەم توێژینەوەیەدا جەختکراوەتە سەر ماوەی لە ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/١٢/٣١، تاکو ژانری هەردوو رۆژنامەکە شیبکرێنەوەو بەراورد بکرێن.

کەمی سەرچاوە ئاستەنگێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەن، ئەمە جگە لەوەی نەبوونی ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی کوردی بەگشتو رۆژنامەنووسیی خوێندکاری بەتایبەتی، بەتایبەت ئەو دوو رۆژنامەیەی کەوتوونەتە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە، هەربۆیە زۆربەی ژمارەکانی ئەم دوو

رۆژنامەیە ئەرشیفنەکراون، کە ئەمەیش ئاستەنگێکی گەورە بوو لەبەردەماندا، هەربۆیە لێرەو لەوێ لەرێگەی چەند کادیرێکی ئەم دوو رێکخراوە ژمارەکانمان دەستخستوون.

ئەم توێژینەوەیە جگە لەپێشەکیو پێشنیازو ئەنجامو لیستی سەرچاوەو پاشکۆکان لە (٣) باس پێکدێت، باسی یەکەم تایبەتە بە رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی، کە تیایدا کورتە میژوویەکی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران لەجیهانو کوردستان خراونەتەڕوو، هەروەها چەند پێناسەیەکی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند کراوە، هەروەك ئاماژەدانێك بۆ سەلماندن، کە رۆژنامەنووسیی خوێندکاران بوارێکە لەبواڕە گرنگەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، دواتریش چەند پێناسەیەکی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران خراوەتەڕوو، لەکۆتایشدا جۆرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران باسیی لێوەکراوە.

باسی دووەم تایبەتە بە کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە، کە هۆکاری وەرگرتنی هەردوو رۆژنامەکە خراونەتەڕوو، لەگەڵ سنووری توێژینەوەکەو ئامرازی توێژینەوەی رۆژنامەکان.

باسی سێیەم، کە دواباسە تایبەت کراوە بە خستنەڕووی ئەنجامی شیکردنەوەو بەراوردکردنی رۆژنامەکان، کەتیایدا ژانرەکان لەڕووی بابەت، ناوەڕۆك، وێنەکانو جۆری وێنەکان بۆ هەواڵو راپۆرتە هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، چاوپێکەوتنو وتار خراونەتەڕوو. هەروەك سەرچاوەکانی هەواڵو راپۆرتی رۆژنامەنووسیی و گرنگیی ژانرەکان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستانو دیاریکردنی ئەو کەسایەتیانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە، لەگەڵ جۆرەکانی وتاری رۆژنامەنووسیی خوێندکاری باسیان لێوەکراوەو لەچەندین خشتەدا شیکراونەتەوەو بەراوردکراون.

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووینو ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو لەگەڵ خستنەڕووی چەند پێشنیازێك بۆ زیاتر سەرخستنی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران بەگشتیو ئەم دوو رۆژنامەیە بەتایبەتی، دواتریش لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو لەگەڵ خستنەڕووی چەند پاشکۆیەك کەتیایدا لاپەڕەی یەکەمی ئەم دوو رۆژنامەیە.

باسی یەکەم
رۆژنامەنووسیی خوێندکاریی
یەکەم: مێژووی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران

لەئەنجامی گەشەسەندنی پیشەی رۆژنامەنووسییو زۆری کەنالەکانو شێوەی هەمە جۆریو ناوەڕۆکەکان وایکردووە کە رۆژنامەنووسیی بەدوای جەماوەردا بگەڕێتو دەستنیشانیان بکاتو بابەتی وایان بۆ ئامادە بکات کەجێگەی ڕەزامەندیان بێت لەم ڕووەوە گۆڤارو رۆژنامەی پسپۆری وا دەرکەوتن توانیان وەلامی خواستەکانی مرۆڤ بگرنە خۆو چەندین جۆری رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند بۆ گشت بوارەکان بێتە ئاراوە،[1] چونکە دەمێکە زانست، مێژوو، ئەدەب، هەموو ڕوویەکی ژیانی کۆمەلایەتی تێکەڵ بەلایەڕەکانی رۆژنامە بوون، رۆژنامەو گۆڤاری تایبەتی هەمەچەشنە هاتوونەتە مەیدانەوە، وەك: وەرزش، ژنان، منالان، هونەر، ئەدەب، خوێندکارانو لاوانو ....هتد.

سەرەتایەکی سادەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە راگەیاندن بەزارەکی لەناو خوێندنگاکاندا بەئەنجام دەگەیشت، بەمەش لەگەڵ سەرەتاکانی درووستبوونی خوێندنگەدا، خوێندکاران یاخود مامۆستاکان هەوالو ڕێنماییەکانیان لەبەردەم خوێندکاراندا لەڕیزی بەیانیاندا دەخوێندەوە، یاخود لەسەر کاغەزێك دەیانووسیو بەسەر تابلۆیەکەوە هەلیاندەواسی، بەلام لەگەڵ گەشەکردنی هۆکارەکانی پێوەندیکردنو خوێندنگەکان هەوالو چالاکیو ڕێنماییەکان بوون بەڕۆژنامەیەکی نووسراو بەشێوەیەکی خولەکی دەردەچوو هونەرکانی رۆژنامەنووسیی لەنووسینو دەرهێنانو بەڕێوەبردندا بەکاردەهێنرا.[2]

لەسەرەتای سەدەی رابردوودا ئەم چالاکییە بەو شێوەیە سەیر نەدەکرا، کەئیشی خوێندنگە بێتو[3] رۆلێك لەپەروەردەکردنو پێگەیاندنی خوێندکاراندا ببینێت، بەڵکو وا سەیر دەکرا کات بەفیڕۆ دەداو لەبایەخدان بەوانەکانیان دوورییان دەخاتەوە، بەلام لەئاکامی تاقیکردنەوەی زۆر لەرۆژنامەنووسانو پسپۆرانی بواری پەروەردە پێچەوانەی ئەم ڕایە سەلمێندراوە، چونکە ئەو خوێندکارانەی کاری وادەکەن ئەو خوێندکارە هەڵکەوتووانەن هەستی خوێندنەوەو نووسینیان تێدا

---

[1] د. محمود علم الدين: الفن الصحفي، اخبار اليوم مطبوعات قطاع الثقافة، قاهرة، ٢٠٠٤، ص١٢٥.

[2] ياسر سلامه: موسوعة الصحافة والنشاطات المدرسية، دار الاسرة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص٢٣.

[3] سامى عبدالعزيز الكومي: الصحافة المدرسية، مطبوعات الشعب، دار المعارف، قاهرة، ١٩٧٧، ص٦.

وروژاوە، ئەمە جگەلەوەی ئەو جۆرە چالاکیانە پتر بەوانەکانیان دەبەستێتەوەو لەبەرچاویان ئاسانترپش دەکات.[1]

سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران گرنگی زۆری هەیە کە بۆتە چالاکی نێو خوێندنگەکانو پێشڕکێو لێکنزیکبوونەوە لەنێو خوێندکاراندا، هەروەها بواربکیشە خوێندکار تێیدا فێری یەکەمین هەوڵی نووسین دەبێت، کەلەقۆناغە پێشکەوتووەکانی خوێندنیدا سوودی لێدەبینێ، بەتایبەتیش لەوکاتەیدا نووسینی لێکۆڵینەوەیەك یاخود راپۆرتێکی پێ دەسپێردرێ، هەر لەو ڕێگایەشەوە ئاشنای چاپو چاپخانەو ژانرو وێنەو کاریکاتێرو.... هتد دەبێ، بەهۆی ئەوەی کاری رۆژنامەنووسیی کارێکی هەرەوەزییە، وا لەخوێندکار دەکات ئازادانە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربڕێتو گەشە بەتواناکانی بدات‌و ئاگاداری رووداوەکانی دەوروبەرو جیهان بێتو رابێت لەسەر رەخنەی دروستکەر.[2]

لەکوردستاندا سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری بۆ ساڵی ١٩١٣ دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی خوێندکارانی کورد لەساڵی ١٩١٢ ڕێکخراوێکی خوێندکاریان لەئەستەمبوڵ بەناوی (کورد طلبه هیوی جمعیتی- جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان)[3] پێکهێنا، ئەم ڕێکخراوە غەزەتەی کوردیو

---

[1] نەژاد عزیز سورمێ: ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك‌و هونەرەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٤٣- ١٤٤.

[2] د. باسم علي حوامدة، د. سليمان محمد قزاقزة، د. احمد رشيد القادري، د. شاهر ذيب أبو شريخ: وسائل الاعلام والطفولة، ط٢، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص٨٨.

[3] لەساڵی ١٩١١ ئەوکاتەی ژمارەیەك لەخوێندکارە کوردەکان لە خوێندنگای بالای کشتوکاڵی دەیانخوێند، خەلیل خەیاڵی بەگ، کەئەو کاتە بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری مەکتەبە بوو، خوێندکارەکانی فێری کورداییەتی دەکردنو ئامۆژگاریو ڕێنمایی دەکردن بۆ زیاتر هاندانو بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی، بۆیە ئەم ژمارە خوێندکارە ڕێککەوتن کە جەمعیەتی خوێندکارانی کورد دابمەزرێنن، سەرەتاش لەمزگەوتی مەکتەبە کۆدەبوونەوە هەتا بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیان نووسیو لە ٢٧ی تەموزی ١٣٢٨ ڕۆمی ١٩١٢/٨/٩ز بەشێوەیەکی فەرمی مۆڵەتیان لەحکومەت وەرگرتووەو ڕێکخراوەکەیان راگەیاند، ناوی کۆمەڵەکە سەرەتا بەتورکی پێیان گووتوە (کرد طلبة هیوی جمعیتی)، دواتر بەکوردی ناویان لێناوە (جڤاتا هیوی فەقیی کوردان)، هەر ئەوسا لەبەیانێکدا بەزاراوەی کرمانجی خواروو، پێیان گوتووە: (جەمعیەتی تەلەبەی هیوی کورد)، بەمەش خوێندکارە کوردەکانی خوێندنگاکانی دیکەش پێشوازییەکی باشیان لەبڕیاری دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە کردووەو زۆر خۆشحاڵ بوونە، دواتر لەشارەکانی ئەوروپادا لقیان بۆ کردەوە، بڕوانە: (مالمیسانژ: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان ١٩١٢-١٩٢٢ یەکەم ڕێکخراوی یاسایی تەلەبەی کورد، و/ لەتورکییەوە زریان رۆژهەلاتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٧-٧٨؛ د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید: ئەدەبی

تورکی (رۆژی کورد- روژ کرد)یان دەر کردووە، خاوەنی ئیمتیازو بەرێوەبەری بەرپرس عەبدولکەریمی حاجی عەبدوڵڵای کەرکوکلی زادە (عەبدولکەریم سلێمانی)[1] بووە.[2]

پشت بەستن بەسەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێت کەیەکەمین بڵاوکراوەی خوێندکاری لەئەستەمبوڵ دەرچووە، ئەمەیش ئەوە دەردەخات هەروەك چۆن یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) لەدەرەوەی خاکی کوردستان دەرچووە، بەهەمان شێوەش یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی خوێندکاری لەدەروەی کوردستان دەرچووە.

لەباشووری کوردستانیشدا لەسااڵنی سییەکانی سەدەی بیستەم خوێندکارانی کوردی ناوچەکانی کوردستان بەهۆی نەبوونی هیچ پەیمانگەو خانەیەکی بەرزی خوێندن لەشارەکانی خۆیان ناچاری کردوون بچنە شارەکانی دیکەو بەغدای پایتەخت، ئەو خوێندکارانەش وەك بەشێکی چاوکراوەو وشیاری کوردەواری خۆیان کۆکردۆتەوەو خەریکی رێکخستن بوونە،[3] بۆیە ئەو خوێندکارانە لەبەغدا لەکۆلێجو پەیمانگاکان کۆمەڵێکی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیان لەژێرناوی (کۆمەڵی لاوان) [4] پێکەوەنا، لەسااڵی

رۆژنامەنووسیی کوردیی بەغدا ۱۹۷۰-۱۹۷٤ قۆناغێکی نوێ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی وەزارەتی رۆشنبیری عێراق ژمارە (۱۱)، چاپخانەی ایلاف، ۲۰۰۵، ل۲۷.

[1] عەبدولکەریم سلێمانی (۱۸۸۰-۱۹۲۹/۹/۱۸): ناوی عەبدولکەریمی کوڕی حاجی عەبدوڵڵا (ئەولا)ی حەمە کەرکوکی خەڵکی سلێمانیە، لەبنەڕەتا لەشارباژێڕەوە چوونەتە سلێمانی، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدوڵڵا زەنگەنە (ئامادەکردنو لێکۆڵینەوە): رۆژی کورد ۱۹۱۳ ئەستەموڵ گۆڤاری جڤاتی هێڤی قوتابیانی کورد، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی، ۲۰۰۵، ل۸٤-۸٦).

[2] نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی رۆژنامەوانیی کوردی ۱۸۹۸-۱۹۱۸، بەرگی یەکەم، چاپو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ۲۰۰۱، ل۲۵، ۱۰۲.

[3] سدیق صالح: یادگاری لاوانودیاری لاوان، رۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە (٤)، ۲۰۰۵، ل۱۵۷.

[4] کۆمەڵی لاوان: رێکخراوێکی خوێندکارانی کوردی بووە، کە لەسەرەتای سااڵنی سیی سەدەی بیستەم لەبەغدا خوێندکارە کوردەکانی کۆلێژو پەیمانگاکان دایانمەزراند، لەوانە: (ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتاح، حامید فەرەج، فازڵ رەئوف تاڵەبانی)، کە برایم ئەحمەد پێشەنگی ئەو کۆمەڵە لاوە بووەو هەندێ کەسایەتی ناسراوی وەك ئەمین زەگی بەگو توفیق وەهبی پشگیریان لێکردووە، لەیەکەمین سااڵی دامەزراندنیەوە دەستی کردووە بەئەنجامدانی چاالکی رووناکبیری، توانیان رۆڵی گرنگ لەچاالکی سیاسی کوردیدا بگێڕن. بڕوانە: (ئەحمەد شەریف عەلی: برایم ئەحمەد ژیانو بەهرەو داهێنانی، چاپخانەی بەدرخان، ۲۰۰۲، ل۲۰؛ عبدالجبار محمد جەباری: مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ۱۹۷۰، ل٦۸؛ فاروق عەلی عومەر: رۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا، بەراییەکان ۱۹۱٤- ۱۹۳۹، و/ تاریق کاریزی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۱، ل۱٦۸.

١٩٣٣دا ژمارە (١)ی گۆڤاری (یادگاری لاوان)یان دەرکرد، لەناویادا دژایەتی فاشیزم بەدیدەکرا لەناو جولّانەوەی نیشتمانی کوردداا،[١] هەمان کۆمەلّە لەسالّی ١٩٣٤ گۆڤاری (دیاری لاوان) یان لەچاپخانەی بەغدا چاپکردووە.[٢]

دووەم: پێناسەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران:

بەهۆی ئەو پێناسە زۆرانەی بۆ رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند کراوەو لەهەریەکێك لەم پێناسانەش وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژنامەنووسیی خوێندکاران دەکەوێتە چوارچێوەی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندە، هەروەك لەم پێناسانەدا زیاتر مەبەستەکەمان ڕوونەدەبێتەوە، کە رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، لەسەر دوو بنەمای سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان بابەتی پسپۆری رۆژنامە، کەبابەتی پسپۆر بۆ جەماوەری تایبەت پێشکەش دەکات وەك (پزیشکی، کارگێڕی، دارایی‌و....هتد)، دووەمیان جەماوەری تایبەت لەخوێنەر، کە ئەو بلاّوکراوانە بابەت پێشکەش بەچین‌و تۆێژەکان دەکەن،[٣] کە دیارە لێرەدا خوێندکاران تۆێژێکی بەرفراوانی کۆمەلّن. هەندێکی دیکە بەو جۆرە پێناسەی دەکەن، کە تەنیا گرنگی بەو چینە کۆمەلاّیەتییە دەدەن کە گوزارشتیان لێ دەکەن، یاخود ئەو گروپە پیشەییەی خزمەتیان دەکات، یاخود بەبواری چالاکی مرۆیی کە پسپۆرێتی تێدا دەکات‌و جەختدەکاتە سەر ئەو هەوالاّنەی تایبەتن بەو بوارەی گرنگی پێدەدات.[٤] ئەم ژمارە زۆرەی گۆڤارو رۆژنامانەی کە لەزانکۆو گروپ‌و رێکخراوو دامەزراوە هەمەجۆرەکان لەبوارەکانی ئاینی، سەربازی، دارایی، ئەدەبی، وەرزش، پزیشکی، منالاّن....هتد دەردەچن، سەرجەم ئەمانەی سەرەوە بەرۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ناوی دەنێین.[٥] یاخود رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، هەمیشە چاپکراوێك دەبێت تایبەت بەدەزگایەکی سەندیکایی یاخود پیشەیی، خاوەن مۆرکێکی زانستی یان هونەری، هەمیشە بۆ جەماوەر بەگشتی ئامادە ناکرێت، بەلّکو بۆ گروپێکی دیاریکراو کە راستەوخۆ تایبەتە پێیانەوە.[٦] بەمەش دەتوانین

---

[١] وەرگیراوە لە: (بێ ناوی نووسەر: پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٢١١٧)، ٢٠٠٠/٤/١١، ل١).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گۆڤاری لاوان‌و دیاری لاوان بڕوانە: (رەفیق سالّح (ئامادەکردن): یادگاری لاوان‌و دیاری لاوان، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥).

[٣] د. اسماعیل ابراهیم: الصحفی المتخصص، دار للنشر والتوزیع، ط٢،قاهرة، ٢٠٠٦، ص١٣.

[٤] د. محمد فرید عزت: القاموس الموسوعی للمصطلحات الاعلامیة، مطبعة المدنی، قاهرة، ٢٠٠١، ص٥٢٨.

[٥] د.تیسیر أبو عرجة: دراسات في الصحافة والاعلام، دار مجلادي للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٠، ص٨٨.

[٦] د. میشال الغریب: الصحافة تاریخا وحاضرا، طبع علی مطابع الکفاح، لبنان، ١٩٧٨، ص١١١.

بڵێین رۆژنامەنووسیی خوێندکاری بوارێکی گرنگیی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەندەو لەبواری بابەتی پسپۆرییە بۆ جەماوەر، کە جەماوەرەکەشی خوێندکارەو لەناوەندەکانی خوێندنە.

ژمارەیەك پێناسە لەبارەی رۆژنامەنووسیی خوێندکارانەوە هەیە، بەڵام هەریەکەیان بەشێوازی جیا باسی لێوە دەکەن، لێرەدا لەڕوانگەی پسپۆرانو توێژەرانی بواری رۆژنامەنووسییەوە چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:

رۆژنامەنووسیی خوێندکاری چالاکییەکی سەربەستانەیە لەناو خوێندنگەدا ئەنجام دەدرێت، قورسایی دەرچوواندنی بەشێوەیەکی سەرەکیی دەکەوێتە ئەستۆی خوێندکار چ لەڕووی نووسین یان دەرهێنان و چاپکردن، دابەشکردنی لەژێر چاودێری سەرپەرشتیاری گرووپی میدیای فێرکارییداو ئاراستەی کۆمەڵگەی ناو خوێندنگەکە دەکات لەخوێندکاران بەشێوەیەکی سەرەکی.[١]

یان بریتیە لەچاپکراوێك لەشێوەی رۆژنامەنووسیی جیاوازدا کەهەواڵو ڕیپۆرتاژو وتوێژو هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەنووسیی لەخۆدەگرێت، پەیوەستە بەچالاکیی خوێندکاری یان پرۆسەی فێرکردن یان ژینگەی دەوروبەر، کەخوێندکاران ئامادەی دەکەنو دەینووسنەوە بەسەرپەرشتیی مامۆستاکەیان لەژێر یەك ناونیشانو بەشێوەیەکی نیمچە ڕێکخراو.[٢]

رۆژنامەنووسیی خوێندکاری یەکێکە لەو رۆژنامانەی کە بۆخوێندکاران لەناوەندەکانی خوێندن بەگشت قۆناغەکانیەوە دەردەچێتو هەر خۆشیان هەڵدەستن بەنوسین، چاپکردنو دەرهێنانی هونەری، تەنانەت دابەشکردنیشی بەسەر خوێندکاران، پسپۆرانو مامۆستایانیش خۆیانن.[٣]

رۆژنامەنووسیی خوێندکاری چالاکییەکی لابەلای بەرنامەی خوێندنو پەروەردەیە لەگەڵیدا دەڕواو لێی جیانابێتەوە.[٤] یان چاپکراوێکە بەشێوازی رۆژنامەی هەمەجۆر، هەواڵو زانیاری دەگرێتەخۆ، کەپێوەندی داره بەچالاکییەکانی خوێندنگەو پرۆسەی زانستو زانیاری، ئەم کارە بەسەرپەرشتی مامۆستایان ئەنجامی دەدەن لەژێر یەك ناونیشاندا.[٥]

---

[١] الاء عبدالحميد، الصحافة المدرسية، دار اليازوری العلمية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧، ص٧١.

[٢] سمير محمود، الصحافة المدرسية الاسس والمبادىء و التطبيقات، دار الفجر للنشر والتوزيع، ط٢، قاهرة، ٢٠٠٠، ص٢٣.

[٣] ياسر سلامة: م. س، ص٢٧-٢٨.

[٤] عبدالمجيد عبدالله فرج: الصحافة المدرسية، دار المعارف، مصر، ١٩٧٦، ص٢٣.

[٥] محمد أبو سمرة: استراتيجات الاعلام التربوي، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩، ص١٧٠.

رۆژنامەنووسیی خوێندکاری وەك هەر رۆژنامەیەکی دیکە واپێناسە دەکرێت کە هۆکارێکی رۆشنبیریو راگەیاندنە، دەسەڵاتو کاریگەریی سەرکردایەتی هەیە لەئاراستەکردنی کۆمەڵداو زۆر جار رۆڵی ڕەخنە گرتن دەگێڕێتو رای گشتی دروست دەکات، بۆیە بەدەسەڵاتی چوارەم ناوزەد دەکرێت، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لەرۆژنامەکانی دیکە ئەوەیە کە جەماوەرو خوێنەری بریتین لە خوێندکارانو مامۆستایانو کارگێڕانی خوێندنگە.[1]

لەکۆتایدا دەتوانین واپێناسەی رۆژنامەنووسیی خوێندکاران بکەین، کە بریتیە لەو بڵاوکراوانەی لەلایەن خوێندکارانەوە بەشێوەی رۆژنامە یان گۆڤار یاخود بڵاوکراوە لەسنووری ناوەندێکی خوێندن دەردەچێت کەخوێندکاران خۆیان بەشدارن لەدەرکردنی، یاخود زۆرجار مامۆستایان هاوکاریانن یان سەرپەرشتیان دەکەن، یاخود لەلایەن رێکخراوە پیشەییو دیموکراتییەکانی تایبەت بەخوێندکاران دەردەچن، ئەوانەی کاری رۆژنامەنووسیی لەو بڵاوکراوانە دەکەن هەندێکیان کەسانی رۆژنامەنووس نین، بەڵکو کاری رۆژنامەنووسیی دەکەن، ڕۆژنامەنووسیی خوێندکاری چاپەدکرێتو لەناو خوێندکاراندا بڵاودەکرێتەوەو ژمارەیەکی زۆری لێدەردەچێتو زۆرجار سنووری ناوەندەکەی خۆی دەبڕێتو شارو شارۆچکەکانی دیکەش دەگرێتەوە، دەتوانرێت ئەرشیف بکرێت، هەروەك هەندێکیان هەڵدەواسرێت کە زۆر جار تەنیا یەك ژمارەی لێدەردەچێتو لەسنووری ناوەندەکەی خوێندن تێپەڕ ناکاتو ناتوانرێت ئەرشیف بکرێت.

سێیەم: جۆرەکانی رۆژنامەنووسیی خوێندکاری

بەپێی قۆناغەکانی خوێندنو ئاستی خوێندکاران رۆژنامەووسیی خوێندکاری چەند جۆرێکی هەیە گرنگترینیان:-

أ- رۆژنامەنووسیی دیواری: هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە بڵاوکراوەیەکە لەسەر کارتۆن یان کاغەزی ئەستوور لەسەر تابلۆیەکی تەختە بە دیوار هەڵدەواسرێت، کە بەسەرپەرشتی مامۆستایانو لیژنەیەك لەخوێندکاران بەشێوەیەکی سادەو ساکار دەردەچێتو هەوالّی خوێندنگەو دەوروبەر دەگرێتەخۆ،[2] خوێندکاران بەشداری لەنووسینو دەرکردنی لەسەر ڕوویەکی دەنووسرێتەوەو ناوی تایبەتی خۆی دەبێتو لەشوێنێکی دیاریکراوی خوێندنگەکەدا لەبەرزاییەکی دیاریکراویشدا هەڵدەواسرێت، زۆرجاریش

[1] د. باسم علي حوامدة واخرون: م. س، ص٩٥.

[2] محمد أبو سمره: م. س، ص١٧٧.

مامۆستایان بابەتێکی دیاریکراو وەکو چالاکییەك داوا لەژمارەیەك خوێندکاران دەکاتو خۆیان سەرپەرشتیان دەکەن بۆ دەرکردنی بلاوکراوەکە، بۆیە زۆرجار بەناوی وانەکەوە دەبێت.

ب- رۆژنامەنووسی وێنەدار (هەڵفڕ): ئەمجۆرەیان سادەو ساکارە تەنها وێنە لەخۆدەگرێت، بریتیە لەکوراسەیەکی وێنە، خوێندکاران گوزارشت لەبیروبۆچوونیان دەکەن،[1] خوێندکاران بەهۆی وێنە یاخود کاغەزی رەنگاوڕەنگ دەبڕنو دەیلکێنن بەکارتۆنێك یاخود پارچە قوماشێك، مامۆستا وەك هۆیەکی فێرکردن بەکاری دەهێنێت، بۆیە پێی دەوترێت هەڵفڕ، چونکە لەنێوان خوێندکاران دەستاو دەستی پێدەکرێتو هەر خوێندکارەی وێنەیەك یان رەنگێکی لێ زیاد دەکات.[2]

ج- رۆژنامەنووسیی چاپکراو: رۆژنامەنووسیی چاپکراو گرنگترین هونەرەکانی کاری رۆژنامەنووسیی خوێندکارییە، چونکە هەر خوێندکارەی لەبارەی بابەتێکەوە دەنووسێت، دواتر لەیەك قەبارەدا کۆدەکرێنەوەو بەپێی رێوشوێنێکی گونجاو رێکدەخرێن، ژمارەیەکی زۆری بەهۆی فۆتۆکۆپی یاخود چاپخانە لێ چاپدەکرێتو گواستنەوەشی لەناو خوێندنگەو دەرەوەی ئاسانە، ناوەرۆکو بابەتەکانی جۆراوجۆرنو بەپێی توانای خوێندکاران دەگۆڕێن. بەجۆرێك کەخوێندکارەکان بابەتەکان دەنوسنەوەو مامۆستایەك یان سەرپەرشتیارێك سەرپەرشتیان دەکات، بەهۆی کۆمپیوتەر ئامادە دەکرێتو کاری دەرهێنانی بۆ دەکرێت.[3] هەندێکجاریش لەلایەن خۆشنووسێکەوە دەنووسرێتەوەو دواتر لەبەری دەگیرێتەوە، ئەم جۆرەیان زۆرجار پۆلێکی خوێندن یاخود گروپێك یان بەشێك کێشەکانیان دەخەنەڕوو لەهەمان کاتدا چارەسەریشیان بۆ دەدۆزنەوە.[4] یاخود تایبەت دەبێت بەبابەتێکی خوێندن، کەمامۆستای بابەتەکە بەئاسانکارییەوە بۆ خوێندکارانی دەخاتەڕوو، بۆ نمونە بابەتی وانەکانی مێژوو، ئایین، وەرزش، ئەدەب....هتد، خوێندکاران بۆ هەریەکێك لەمانە بلاوکراوەیەك دەردەکەن بەسەر خوێندکارانی دابەشدەکەن، ئەم جۆرەیان تەنها یەك بابەت لەخۆدەگرێت، زۆرجاریش هەندێك لەخوێندکاران لەکتێب یاخود رۆژنامەو گۆڤارەکان بەکورتکراوی بابەتێك دووبارە بەناوی خۆیانەوە بلاودەکەنەوە. زۆرجاریش خوێندکاران لەبۆنەکانی ئایینی، نیشتمانی، پەروەردەیی، بلاوکراوە دەردەکەن، یاخود لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکیدا وەك چالاکی دێدەوانی، خوولی وەرزشی بلاوکراوە

---

[1] د. باسم علی حوامده واخرون: م. س، ص٩٦.

[2] محمد أبو سمره: م. س، ص١٧٨.

[3] الاء عبدالحمید: م. س، ص٨١-٨٤؛ د. باسم علي حوامدة واخرون: م. س، ص٩٦.

[4] محمد أبو سمره: م. س، ص١٧٧.

دەردەکەن، وەکو زۆر جۆری دیکەی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، تەمەنی ئەم جۆرە هێندە درێژ نییەو پتر وەرزی یان ساڵانەیە.[1] زۆرجاریش خوێندکاران هەرخۆیان چ لەخوێندنگە بن یاخود پەیمانگاو زانکۆ بڵاوکراوەی مانگانە یان وەرزیی دەردەکەن.

د- رۆژنامەنووسیی رێکخراوە خوێندکارییەکان: ئەمەشیان جۆرێکی دیکەی رۆژنامەنووسیی خوێندکارییە، کە چاپ دەکرێت، بەڵام بەوە لەبەشەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، کەسنوری بڵاوکردنەوەی فراوانە، بەجۆرێك سەرجەم خوێندگەکانی ناوچەکە یاخود خوێندنگەی چەند شارێك و پەیمانگاکانو زانکۆکانی وڵاتێك دەگرێتەوە، تەنانەت سنووری وڵات دەبڕێت، جگە لەوەش نووسەرانی زۆرنو لەناوچە جیاجیاکانن، دەشێت نوێنەر یاخود پەیامنێری لە سەرجەم خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆکان هەبێت.

باسی دووەم
کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوە کە تایبەتە بەشیکردنەوەی ژانرەکانی هەردوو رۆژنامەی (گۆڕان،[2] روانین)[3] کە زمانحاڵی دوو رێکخراوی گەورەی خوێندکارین وەکو نمونە لەتوێژینەوەکەدا وەرگیراون، رێکخراوەکانیش (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان)،[4] (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ن،[5] هۆکاری وەرگرتنی ئەو دوو رۆژنامەیەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- هەر دووکیان، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەردەچنو بڵاودەبنەوە.

٢- زمانی سەرەکی هەردوو رۆژنامەکە کوردییە.

---

[1] د. حسێن قەندی: رۆژنامەوانی تایبەتمەند، و/ لەفارسیەوە کارزان محەمەد، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨، ل١٠٧.

[2] رۆژنامەی گۆڕان: ژمارە (١)ی لە ١٩٩٩/٨/١٦ دەرچووە، کە رۆژنامەیەکی خوێندکارییەو سەنتەری راگەیاندنی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان) دەریدەکات، ئەم رێکخراوە سەر بەمەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو بودجەی لەسەر هەمان مەکتەبە.

[3] رۆژنامەی روانین: ژمارە (سفر)ی لە ٢٠٠٢/١٠/٣٠ دەرچووە، کە رۆژنامەیەکی قوتابیانەو مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.ق.ك) دەریدەکرد، دواتر سەنتەری خامەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ راگەیاندنو لێکۆڵینەوەی قوتابیان مانگی جارێك دەریدەکات، ئەم رێکخراوە سەر بەمەکتەبی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەو بودجەی لەسەر ئەو رێکخراوەیە.

[4] کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ١٩٧٦/٤/٢٦ دامەزراوە.

[5] یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ دامەزراوە.

٣- تاکو ئێستا بەردەوامن لەدەرچوون.

٤- زۆرترین تیراژیان هەیە.

٥- زمانحاڵی دوو رێکخراوی گەورەن کە سەر بە دوو حزبی گەورەنو بەپێی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی گشتی خوێندکاران زۆرترین لایەنگرو ئەندامیان هەیە.

٦- رۆژنامەی گۆڕان لەشاری سلێمانیو رۆژنامەی روانین لەشاری هەولێر دەردەچێت، بەمەش لەدوو شاری جیا دەردەچن.

سنوری توێژینەوە:

ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە لە (٢٠٠٨/١/١) تاکو (٢٠٠٨/١٢/٣١)ە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- توێژینەوەکە شیکاریەو کار لەسەر ئێستای هەردوو رۆژنامەکە دەکات.

٢- نەبوونی ئەرشیفی هەردوو رۆژنامەکە لەسالآنی رابردوو، ئەوەی ئێستاکەش دەست کەوتووە هەوڵی جدی چەند دلّسۆزێك بووە، بەشێکی زۆری ژمارەکانی ئەم دوو رۆژنامەیە لەئەرشیفی رۆژنامەکانیاندا بوونیان نەبووە.

هەروەها هەر دوو رۆژنامەکە لەماوەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکە بەم جۆرە وەرگیراوە:-

١- رۆژنامەی گۆڕان، (١٠) ژمارەی دەرچووە، هەر ژمارەیەکیشی ژمارەی لاپەڕەکانی جیایەو قەبارەکەشی (٣١,٧ X ٤٤,٥) سم.

٢- رۆژنامەی روانین، (٧) ژمارەی دەرچووە، هەر ژمارەیەکیشی (١٦) لاپەڕەیەو قەبارەکەشی (٢٨,٧ X ٣٧,٣) سم. .

خشتەی (١) ژمارەو رۆژی دەرچوونی رۆژنامەکانو ژمارەی لاپەڕەکان دیاری دەکات:

خشتەی (١)

ژمارەو بەرواری دەرچوونی رۆژنامە خوێندکارییەکان

رۆژنامەی گۆڕان			رۆژنامەی روانین		
ژمارە	رێکەوت	ژمارەی لاپەڕە	ژمارە	رێکەوت	ژمارەی لاپەڕە
١٣٦	٢٠٠٨/١/١٢	١٢	٥٠	٢٠٠٨/١/١٢	١٦
١٣٧	٢٠٠٨/٢/١	١٢	٥١	٢٠٠٨/١/٢٩	١٦
١٣٨	٢٠٠٨/٢/١٥	١٢	٥٢	٢٠٠٨/٢/١٨	١٦
١٣٩	٢٠٠٨/٣/١	١٢	٥٣	٢٠٠٨/٤/١٠	١٦
١٤٠	٢٠٠٨/٤/١	١٢	٥٤	٢٠٠٨/١٠/١٨	١٦
١٤١	٢٠٠٨/٤/٢٦	٤	٥٥	٢٠٠٨/١٠/٣٠	١٦
١٤٢	٢٠٠٨/٥/١٨	١٢	٥٦	٢٠٠٨/١١/١٨	١٦
١٤٢	٢٠٠٨/١١/٩	٨			
١٤٤	٢٠٠٨/١١/٢٩	٨			
١٤٥	٢٠٠٨/١٢/١٧	٨			

لەسەرنجدانمان بۆ خشتەکە بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی دەرچوونی رۆژنامەکان جیایە، بەجۆرێك لە ساڵێکدا رۆژنامەی گۆڕان (١٠) ژمارەو رۆژنامەی روانینش (٧) ژمارەی دەرکردووە، بەمەش رۆژنامەی گۆڕان (٢) ژمارەی ئەم ساڵەو رۆژنامەی روانیش (٥) ژمارەی دەرنەکردووە، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوە بێت کە هەر رۆژنامەیەك خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتیو بەپێی بودجەو توانای کادرانی رۆژنامەکەیان دەرکردووە، بەڵام لایەنی لاوازی ئەم دوو رۆژنامەیەش دەردەخات بەتایبەتی رۆژنامەی روانین کە تەنها لەیەك ساڵدا (٧) ژمارەی دەرکردووە، هەروەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت کە کاتێکی دیاریکراو بۆ دەرچواندنی هەردوو رۆژنامەکە نییە، جگە لەمەیش هەردوو رۆژنامەکە بەهۆی پشووەوە لەهاوینەدا دەرنەچوونە، هەروەك لەکاتی تاقیکردنەوەکانیشدا بەهۆی سەرقاڵی خوێندکاران بەتاقیکردنەوەکان دیسانەوە دەرنەچوونە، هەروەها نارێکی ژمارەی لاپەڕەکان بەتایبەتی رۆژنامەی گۆڕان لەهەر ژمارەیەکدا ژمارەی لاپەڕەکان لەو ساڵەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك لە (١٢) لاپەڕە بۆتە (٤)و جارێکی دیکە بۆتەوە (١٢) لاپەڕەو دواتریش بۆتە (٨) لاپەڕە، بەڵام ئەمە لە رۆژنامەی روانین بەدی ناکرێتو سەرجەم ژمارەکانی ئەم ساڵە (١٦) لاپەڕەیە.

ئامرازی توێژینەوەی رۆژنامەکان:

بەمەبەستی ئامادەکردنی فۆرمێکی شیکردنەوەی[1] تایبەت بەژانرەکانی رۆژنامەنوسیی (هەواڵو راپۆرتە هەواڵ، ڕێپۆرتاژ، چاوپێکەوتنو وتار)، لەگەڵ فۆتۆی رۆژنامەنووسیی لەرۆژنامەکانی (گۆڕان، روانین)، توێژەر چەند هەنگاوێکی ناوە:

١- کۆکردنەوەی ژمارە وەرگیراوەکانی هەردوو رۆژنامەکە لەماوەی دیاریکراودا.

٢- سەرنجدانو خوێندنەوەی سەرەتایی سەرجەم ژمارەکانی ئەم دوو رۆژنامەیە، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری بۆ ئامادەکردنی فۆرمێکی سەرەتایی.

٣- راوێژکردن بەچەند توێژەرو شارەزایەکی بەئەزموون، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی فۆرمی سەرەتاییەکەی توێژینەوەکە، بەسوود وەرگرتن لەسەرنجو تێبینییەکانیانو سەرنجی توێژەر خۆی، فۆرمێکی سەرەتایی پێکهێنرا.

٤- پێشکەشکردنی فۆرمی شیکردنەوەکە بەچەند پسپۆرێك* بەمەبەستی دەرهێنانی راستی لەرێگەی راستیی رواڵەتی (الصدق الظاهري)[1] یەوە، ئەم فۆرمەی توێژەر ئامادەی کردبوو پێکهاتبوو لە چوار خشتە بۆ هەریەك لە (هەواڵو راپۆرتە هەواڵ، ڕێپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، وتارو وێنە).

---

[1] ئەم فۆرمانەی لە باسی سێیەمی ئەو توێژینەوەیە بەکارهاتوون، هەمان ئەو فۆرمانەن کە پێشکەشی چەند پسپۆرێك کراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی فۆرمەکان زۆربوون، بۆیە لە پاشکۆکە دامان نەنانەوە.

* ناوی پسپۆرو پلەی زانستیو شوێنی کارکردنیان بەپێی پلەی زانستیو پیتی ئەبجەدی:

ناوی پسپۆر	پلەی زانستی	شوێنی کار
د. حەمدان خضر سالم	پرۆفیسۆری یاریدەدر	کۆلێژی راگەیاندن/ زانکۆی بەغدا
د. عەبدولئەمیر ئەلفەیصەل	پرۆفیسۆری یاریدەدر	کۆلێژی راگەیاندن/ زانکۆی بەغدا
د. عەبدولسەلام ئەحمەد ئەلسامر	پرۆفیسۆری یاریدەدر	کۆلێژی راگەیاندن/ زانکۆی بەغدا
د. عەلی جەبار ئەلشەمری	پرۆفیسۆری یاریدەدر	کۆلێژی راگەیاندن/ زانکۆی بەغدا
د. مەحمود محەمەد سەلمان	پرۆفیسۆری یاریدەدر	کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ سلێمانی
د. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل	مامۆستا	سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
د. سامان فەوزی	مامۆستا	کۆلێژی یاسا/ سلێمانی
د. صابر بەکر مستەفا	مامۆستا	کۆلێژی پەروەردەی زانستەکان/ سلێمانی
د. مەغدید سەپان	مامۆستا	کۆلێژی ئادابو/ سەڵاحەددین

٥- بەمەبەستی هەڵسەنگاندنو پێدانی سەرنجی پێویستو دەستکاریکردن یان گۆڕین، یاخود لابردنو دانانی بڕگەی تر، پێشکەشی هەمان پسپۆری ئەم بەشە کراوە کەپێشتر ئاماژەمان بەناوو پلەی زانستیو شوێنی کارەکانیان کردووە.

٦- دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان توێژەر سەرجەم سەرنجو هەڵسەنگاندنەکانی بەبایەخەوە خوێندەوەو بەبڕوای زۆربەی توێژەران سەرجەم بڕگەکان پەسند بوون، توانرا فۆرمی کۆتایی دابڕێژێت.

٧- توێژەر لەسەر فۆرمی کۆتایی شیکردنەوەکە بەگوێرەی خاڵی خشتەکان شیکردنەوەو بەراوردکردنی بۆ ژانرەکانی رۆژنامەکان ئەنجامداوە.

٨- دوابەدوای خوێندنەوەی تەواوی رۆژنامەکانو دانانی بڕگە دووبارەکان خشتەکە بەپێی ژانرە رۆژنامەنوسییەکانو وێنە دیاری کرا بەم شێوەیە:

أ- دابەشکردنی ژانرەکان لەڕووی بابەتەوە.

ب- دابەشکردنی ژانرەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە.

ج- بوونی وێنە لەگەڵ ژانرەکانی خوێندکاریو گشتی.

د- دابەشکردنی وێنە بەپێی ڕەنگ.

هـ- دابەشکردنی وێنە بەپێی جۆرەکانی وێنە.

و- سەرچاوەکانی هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵی رۆژنامەنووسیی.

ز- ژانرەکان بەپێی ناوچەی جوگرافی.

ح- ژانرەکان بەپێی ناوچەی جوگرافی بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان.

ت- ئەو کەسێتانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە.

ی- جۆرەکانی وتاری رۆژنامەنووسیی خوێندکاری.

---

(١) راستی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري): وشەی دڵنیایی لەبواری پێوانەکردنو هەڵسەنگاندنو توانای تێستکردن دێت بۆ ئەو شتەی کەدانراوە پێوانە بکرێت، چونکە هەموو ئەو کەسانەی کەتاقیکردنەوەیەك دادەنێن وامەزەندە دەکەن پێوانەی بەهرەی دیاریکراو دەکاتو ئامانجی دیاریکراو بەدیدەهێنیت، بەمەش توێژەر کاتێك پێوانەی شتێك دەکاتو دەیەوێت بیپێوێت یان وەسفی شتێك دەکاتو دەیەوێت وەسفی بکات، ئەو رێگایە دەگرێتەبەر بۆ پێوانەکردنی تاکو بەتەواوی زانیارییە پێویستیەکانی بۆ دەستەبەر بکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (رشدي طعيمة: تحليل المحتوى في العلوم الانسانية، مفهومة، اساسه، استخداماته، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٨٧، ص١٧٠؛ محمد منير حجاب: اساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ط٢، ٢٠٠٦، ص١٥٦).

باسی سێیەم

خستنەڕووی ئەنجامی شیکردنەوەو بەراوردکردنی رۆژنامەکان

لەم باسەدا ئەنجامی ژانرە رۆژنامەنووسیەکانو وێنەکان لەڕووی بابەتو جۆرەوە دابەشکراونو لەچەند خشتەیەکدا خراونەتەڕوو، پاشان ڕێژەکان شیکراونەتەوەو لەگەڵ یەکتریدا بەراورد کراون.

یەکەم: دابەشکردنی ژانرەکان لەڕووی بابەتەوە:

أ- هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ:

لەئەنجامی پۆلێنکردنی بابەتەکان بۆ هەواڵو راپۆرتە هەواڵ هەروەك لەخشتەی (٢) روونکراوەتەوە، دەرکەوت رۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٣٠،٧٪) بایەخی بەبابەتی (پەروەردەیی) داوە، بەڵام رۆژنامەی روانین بە بایەختر لەم بابەتی روانیوەو بەڕێژەی (٤٥،٢٪) گرنگی پێداوە، ئەمەیش ئەوە دەردەخات کەبواری خوێندنو پەروەردە لەئەرکە لەپێشینەو سەرەکیەکانی ئەم دوو رۆژنامەیەو زیاتر بایەخیان بەو بواڕە داوە.

خشتەی (٢)

دابەشکردنی ژانرەکان لەڕووی بابەتەوە

ژانر	هەواڵو راپۆرتە هەواڵ				ڕیپۆرتاژ				چاوپێکەوتن				وتار			
ڕۆژنامەکان	گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین	
بابەت	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪
زانستی	١١	٥،٢	٢	١،٨	٠	٠	٠	٠	٠		٠		٠		٠	
وەرزشی	٥٥	٢٦،٤	١١	١٠،٣	١	٢،٨	٢	٣،٦	٢	١٠	٧	١٦،٦	٠		١	٢،٧
سیاسی	٢	٠،٩	٥	٤،٧	٢	٥،٧	٠		٠		٢	٤،٧	٣	٣،٢	٣	١٦،٠
تابوری	٩	٤،٣	٥	٤،٧	٥	١٤،٢	٣	٥،٤	٠		١	٢،٣	٠		٠	
ڕۆشنبیری	٣	١،٤	١	٠،٩	٢	٥،٧	٣	٥،٤	٠		٤	٩،٥	١٥	١٦،٤	٨	٢٢،٢
کۆمەڵایەتی	٨	٣،٨	١١	١٠،٣	١٠	٢٨،٥	٣٠	٥٤،٥	٢	١٠	٢	٤،٧	١٨	١٩،٧	٩	٢٥
هونەری	٦	٢،٨	٩	٨،٤	٠	٠	٠		٢	١٠	١٢	٢٨،٥	٤	٤،٣	٠	
ئەدەبی	٤	١،٩	٠	٠	٠	٠	٠		٢	١٠	٥	١١،٩	٨	٨،٧	٠	
تەرفیهی	١٨	٨،٦	٧	٦،٦	٠	٠	٠		٠		٠		٠		٠	
پەروەردەیی	٦٤	٣٠،٧	٤٨	٤٥،٢	١١	٣١،٤	١٥	٢٧،٢	٤	٢٠	٩	٢١،٤	٣٥	٣٨،٤	١٥	٤١،٦
تەندروستی	١٠	٤،٨	٢	١،٨	١	٢،٨	١	١،٨	٠		٠		١	١،٠٩	٠	
ڕێکخراوەیی	١٨	٨،٦	٥	٤،٧	٣	٨،٥	٠		٨	٤٠	٠		٧	٧،٦	٠	
یاسایی	٠	٠	٠	٠	٠	٠	١	١،٨	٠		٠		٠		٠	
تایبتی	٠	٠	٠	٠	٠	٠	٠		٠		٠		٠		٠	
کۆی گشتی	٢٠٨	١٠٠	١٠٦	١٠٠	٣٥	١٠٠	٥٥	١٠٠	٢٠	١٠٠	٤٢	١٠٠	٩١	١٠٠	٣٦	١٠٠

ب- ڕێڕەوڕتاژ:

لەئەنجامی پۆلێنکردنی بابەتی هەردوو رۆژنامەکە بۆ ڕێپۆرتاژ دەرکەوت رۆژنامەی گۆڕان زۆرترین بەرزترین ڕێژە بۆ بابەتی (کۆمەڵایەتی)یە بەڕێژەی (٣١,٤٪)، بەڵام رۆژنامەی روانین کەمتر لەم بایەخەی روانیووەو زیاتر گرنگیی داوە بەبابەت کۆمەڵایەتیەکان، ئەمیش بەڕێژەی (٥٤,٥٪) کەڕێژەکەی زۆر زیاترە لەگرنگیی دانی رۆژنامەی گۆڕان بەم بوارە کە ڕێژەکەی (٢٨,٥٪)ە، بەبڕوای ئێمە لەم بوارەدا رۆژنامەی گۆڕان زیاتر مەبەستی خۆی پێکاوەو زیاتر گرنگیی داوە بەبابەتی پەروەردەیی، بەڵام رۆژنامەی روانیش ویستوویەتی هەزی خوێندکاران وەدی بهێنێت کە خوێندکاران لەناوەندەکانی خوێندن زۆر حەز بەخوێندنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانو ئەو بابەتانەی پێوەندیان بەژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتیو پرسەکانی کۆمەڵگەوە هەیە دەکەن.

ج- چاوپێکەوتن:

بەپێی ئەنجامی ڕێژەی چاوپێکەوتنەکان دەرکەوتووە کە رۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٤٠٪) گرنگیی دواوە بەچاوپێکەوتن بەبواری ڕێکخراوەیی، بەڵام رۆژنامەی روانین بەهیچ جۆرێك بایەخی بەم بوارە نەداوەو زیاتر گرنگیی داوە بە چاوپێکەوتنی هونەری ئەمیش بەڕێژەی (٢٨,٥٪)، کە ئەم ڕێژەیە لە رۆژنامەی گۆڕان کەمترە کە تەنها (١٠٪)یە، بەڵام بەبڕوای ئێمە هیچ کام لەم دوو رۆژنامەیە نەیانتوانیووە گرنگیی بەرچاو بدەن بە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی پەروەردەییو کەسانی ئەکادیمیو زانستی، چونکە گرنگیدان بەم لایەنانە گیروگرفتی خوێندکارانو کێشە پەروەردەییەکانو دەرخستنی گەشەپێدانەکانی بواری کارگێڕیو ئەکادیمی زیاتر دەخرێنەڕوو.

د- وتار:

هەردوو رۆژنامەکە زۆرترین بایەخیان بە وتاری پەروەردەیی داوە، بەڵام رۆژنامەی روانین بایەخەکەی زۆرترە کەڕێژەکەی دەگاتە (٤١,٦٪)، رۆژنامەی گۆڕانیش دەگاتە (٣٨,٤٪)، ئەمیش ئەوە دەردەخات هەردوو رۆژنامەکە ویستوویانە بایەخی سەرەکیان بۆ بواری پەروەردەیی بێتو لەڕێگەی ئەم ژانرەشەوە خوێندکاران لەو بارە هۆشیار بکەنەوەو زانیاریو لێکدانەوەی پێویستیان پێبدەن، لەلایەکی دیکەشەوە هەردوو رۆژنامەکە جارێکی دیکە هاوشانی یەکتری بە پلەی دووەم بایەخیان بەبابەتی کۆمەڵایەتی داوە، ئەگەرچی ڕێژەکانیان جیایە.

دووەم: دابەشکردنی ژانرەکان لەرووی ناوەرۆکەوە:

أ- هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ:

لەخشتەی ژمارە (٣) بۆمان روونەدەبێتەوە کە هەردوو رۆژنامەکە بەپلەی یەکەم گرنگیانداوە بەو هەواڵو راپۆرتە هەواڵانەی کە لەرووی ناوەرۆکەوە (خوێندکاری)* یەن، کە رێژەی رۆژنامەی روانین بەرزترەو رێژەکەی دەگاتە (٦٨,٨٪)و رۆژنامەی گۆڕانیش (٥٦,٢٪)، ئەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو رۆژنامەکە خوێندکارینو زۆرترین هەوڵیان بۆ ئەوە بووە زۆرترین هەواڵو زانیاری ناوەندەکانی خوێندنو ئەو بوارانەی تایبەتن بەخوێندکاران بڵاوی بکەنەوە. هەروەك لەخشتەکەدا هاتووە لەپاڵ هەواڵو راپۆرتە هەواڵی خوێندکاری گرنگیش دراوە بە هەواڵو راپۆرتە هەواڵی (گشتی)،** بەڵام لێرەدا رێژەکە پێچەوانە دەبێتەو رۆژنامەی گۆڕان زیاتر بایەخی بەم بوارە داوە، بەبەڕوای تۆیژەر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی رۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەتیان بە (زانست، وەرزش، هونەریو هەمەڕەنگ) هەیە، هۆکارێکیش خوێندکاران جگە لە بوارە تایبەتەکەی خۆیان ئارەزوویان بۆ هەندێ بابەتو بواری دیکەش هەیە.

خشتەی (٣)

دابەشکردنی ژانرەکان لەڕووی ناوەرۆکەوە

ژانر	هەواڵو راپۆرتە هەواڵ				رێپۆرتاژ				چاوپێکەوتن				وتار			
رۆژنامەکان	گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین	
ناوەرۆك	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪
خوێندکاری	١١٧	٥٦,٢	٧٣	٦٨,٨	٣٠	٨٥,٧	٤٤	٨٠	١٦	٨٠	٢٤	٥٧,١	٦٤	٧٠,٣	٢٠	٥٥,٥
گشتی	٩١	٤٣,٧	٣٣	٣١,١	٥	١٤,٢	١١	٢٠	٤	٢٠	١٨	٤٢,٨	٢٧	٢٩,٦	١٦	٤٤,٤
کۆی گشتی	**٢٠٨**	**١٠٠**	**١٠٦**	**١٠٠**	**٣٥**	**١٠٠**	**٥٥**	**١٠٠**	**٢٠**	**١٠٠**	**٤٢**	**١٠٠**	**٩١**	**١٠٠**	**٣٦**	**١٠٠**

ب- رێپۆرتاژ:

لەدابەشکردنی رێپۆرتاژەکان لەرووی ناوەرۆکەوە دەردەکەوێت کە رۆژنامەی گۆڕان بەرێژەی (٨٥,٧٪)و رۆژنامەی روانیش بەرێژەی (٨٠٪) گرنگیی زیاتریان داوە بە رێپۆرتاژی (خوێندکاری)،

* خوێندکاری: مەبەستمان سەرجەم ئەو هەواڵو راپۆرتە هەواڵو ژانرەکانی دیکەن کە خوێندکارینو تەنها تایبەتن بەخوێندکارانو ناوەندەکانی خوێندن.

** گشتی: مەبەستمان سەرجەم ئەو هەواڵو راپۆرتە هەواڵو ژانرەکانی دیکەن کەگشتینو هەموو بوارەکان دەگرێتەوە

ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە ئەو دوو رۆژنامەیە ڕێپۆرتاژەکانیان زیاتر پێوەندی بەخوێندکارانەوە هەیە، یاخود بۆچوونی خوێندکارانی دەربارەی بابەتە جیاوازەکان وەرگرتووە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەردوو رۆژنامەکە لەرێگەی ڕێپۆرتاژەوە گرنگی بەخواستو حەزوو ئارەزووەکانی خوێندکاران بدەن.

ج- چاوپێکەوتن:

ژانری (چاوپێکەوتن)یش لەرووی ناوەڕۆکەوە لەو رۆژنامەی گۆڕان ڕێژەکەی دەگاتە (٨٠٪)، بەڵام لە رۆژنامەی روانین ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوەو دەگاتە (٥٧,١٪)، ئەمیش ئەوە دەردەخات کە رۆژنامەی گۆڕان زیاتر گرنگیی بەم بواره داوەو ناوەڕۆکی زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی بۆ بواری خوێندنو پەروەردەو کێشەکانی خوێندکارنەوە پەیوەست کردووە.

د- وتار:

بەپێی ئەنجامی دابەشکردنی وتارەکان لەرووی ناوەڕۆکەوە، دەردەکەوێت کە رۆژنامەی گۆڕان بەرێژەی (٧٠,٣٪) گرنگیی داوەو بەو وتارانەی خوێندکارین، بەڵام رۆژنامەی روانین زۆر لەمە کەمتر بایەخی بەم بواره داوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٥٥,٥٪)، ئەمەیش بەڕوای توێژەر کەموکورتیەکی ئەو رۆژنامیە دەردەخات، لەبەرئەوەی، زۆر بابەتو پرس هەیە راستەوخۆ پێوەندیان بەخوێندکارانو کێشەکانیانەوە هەیە، وەکو سیستمی پەروەردە، میتۆدی خوێندن، لایەنی زانستیو ئەکادیمی، بەشی ناوخۆیی خوێندکاران،.....هتد، دەکرێ وتارو لێکدانەوەی زیاترو چڕوپڕی لەبارەوە بکرێت، نەك لاپەڕەی رۆژنامەکان بەهەندێ وتاری گشتی پڕ بکرێتەوە.

سێیەم: دابەشکردنی وێنە لەگەڵ ژانرەکانی خوێندکاری:

أ- هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ:

لەخشتەی ژمارە (٤)دا بۆ پۆلێنکردنی وێنەکان بۆ هەواڵو راپۆرتە هەواڵ دەرکەوت بەرزترین ڕێژەیان (وێنەی لەگەڵدا نییە)، بەجۆرێك رۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٧٠,٩٪)و رۆژنامەی ڕوانین بەڕێژەی (٦٣,٠١٪)، بەبڕوای توێژەر دەبوایە ئەم ڕێژەیە کەمتر بوایە، بۆیە پێویست بوو هەردوو رۆژنامەکە گرنگی زیاتریان بدایە بەوێنە بۆ هەواڵەکانیان، چونکە وێنە لەلایەك زیندوویی هەواڵەکە نیشان دەدات، لەلایەکی دیکەوە جوانکاری رۆژنامەکە دەردەخاتو هەواڵەکان تەنها نووسین نابن، بەبڕوای ئێمە لەکاتی نەبوونی وێنەی پێویست بەهەواڵ، پشت بەوێنەی ئەرشیفی ببەستڕێت، بەڵام ئاماژەی بۆ بکرێت.

خشتەی (٤)

بوونی وێنە لەگەڵ ژانرەکانی خوێندکاری

ژانر	هەواڵو ڕاپۆرتە هەواڵ				ڕیپۆرتاژ				چاوپێکەوتن				وتار			
ڕۆژنامەکان	گۆڕان		ڕواڵەتی		گۆڕان		ڕواڵەتی		گۆڕان		ڕواڵەتی		گۆڕان		ڕواڵەتی	
وێنە	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪
هەیە	٣٤	٢٩,٠٥	٢٧	٣٦,٩	٢٠	٦٦,٦	٤٤	١٠٠	١٣	٨١,٢	٢٤	١٠٠	٣٤	٥٣,١	١٠	٥٠
نییە	٨٣	٧٠,٩	٤٦	٦٣,٠١	١٠	٣٣,٣	٠		٣	١٨,٧	٠		٣٠	٤٦,٨	١٠	٥٠
کۆی گشتی	١١٧	١٠٠	٧٣	١٠٠	٣٠	١٠٠	٤٤	١٠٠	١٦	١٠٠	٢٤	١٠٠	٦٤	١٠٠	٢٠	١٠٠

ب- ڕیپۆرتاژ:

پۆلێنکردنی وێنەکان بۆ ڕیپۆرتاژ دەرکەوت کە ڕۆژنامەی ڕوانین بەڕێژەی تەواوو (١٠٠٪) وێنەی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی گۆڕان لەگەڵ ڕیپۆرتاژەکاندا بەڕێژەی (٦٦,٦٪) وێنەی بڵاوکردۆتەوە، ئەمەیش بۆ ڕۆژنامەی روانین زیندوویی ڕیپۆرتاژەکان دەردەخات کە وێنەی تایبەتی بۆ ڕیپۆرتاژ داناوە، جا ئەم وێنەیە چ وێنەی ئەرشیفی بێت کە لەگەڵ ڕیپۆرتاژەکە دەگونجێت یاخود وێنەی زیندوی تایبەت کە بۆ ڕیپۆرتاژەکە گیراوە، بۆیە بەبڕوای ئێمە پێویست بوو ڕۆژنامەی گۆڕانیش ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزتر بوایە بەڕێژەی (١٠٠٪).

ج- چاوپێکەوتن:

لەخشتەکدا بۆمان دەردەکەوێت کە جارێکی دیکە ڕۆژنامەی ڕوانین بەڕێژەی (١٠٠٪) وێنەی لەگەڵ چاوپێکەوتنەکاندا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٨١,٢٪) وێنەی بڵاوکردۆتەوە، بەبڕوای ئێمە بەهەمان شێوەی ڕیپۆرتاژ پێویست بوو ئەم ڕێژەیە (١٠٠٪) بوایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەکاتی چاوپێکەوتنەکە وێنەی کەسەکە بگیرایە.

د- وتار:

لەوردبوونەوەماندا بۆ خشتەکە بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی وێنەو نەبوونی وێنە لەگەڵ وتاردا لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا تاڕادەیەک یەکسانن، بەجۆرێك وتارەکانی ڕۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٥٣,١٪) وێنەی لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوەو ڕۆژنامەی روانیش بەڕێژەی (٥٠٪)، ئەمەیش کەموکورتی هەردوو ڕۆژنامەکە دەردەخات، چونکە پێویست بوو هەردوو ڕۆژنامەکە لەکاتی بڵاوکردنەوەی وتار گرنگی زۆر بەوێنە بدەن بەجۆرێك وێنەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە بگونجێت یاخود وێنەی نووسەری بابەتەکە،

چونکە وێنە بایەخێکی کەمتری نییە لە نووسینی وتار، بەڵکو زۆر جار وێنەیەک گرنگی زۆرتری لەچەندین وتار هەیە.

چوارەم: دابەشکردنی وێنە لەگەڵ ژانرەکانی گشتی:

أ- هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ:

لەخشتەی ژمارە (٥) بۆمان دەردەکەوێت پۆلێنکردنی وێنەکان بۆ هەواڵو راپۆرتە هەواڵ بەرزترین ڕێژە (وێنەی هەیە)، کە رۆژنامەی روانین بەڕێژەی (٧٨,٧٪)و رۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٧٨,٠٢٪)ە، ئەم دوو ئەنجامە کە وەکو یەکن لە هەردوو رۆژنامەکەدا ئەوە نیشان دەدات کە هەواڵو راپۆرتە هەواڵەکانی گشتی وێنەی تایبەت بەخۆیان هەیە بەپێچەوانەی هەواڵو راپۆرتە هەواڵی خوێندکاری کە زۆرترینیان وێنەیان لەگەڵدا نییە، بەبڕوای ئێمە ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری هەواڵە گشتیەکان لەئینتەرنێتەوە وەرگیراونو وێنەی تایبەت بەخۆیان هەبووەو لەگەڵ هەواڵەکەدا وێنەکەیشی وەرگیراوە، بەپێچەوانەی هەواڵی خوێندکاری کە لەکاتی ئامادەکردنی بەشێکی هەواڵەکان وێنەی نەگیراوە.

خشتەی (٥)

بوونی وێنە لەگەڵ ژانرەکانی گشتی

ژانر	هەواڵو راپۆرتە هەواڵ				ڕیپۆرتاژ				چاوپێکەوتن				وتار			
رۆژنامەکان	گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین		گۆڕان		روانین	
وێنە	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪	دووبارە	٪
هەیە	٧١	٧٨,٠٢	٢٦	٧٨,٧	٤	٨٠	١١	١٠٠	٤	١٠٠	١٨	١٠٠	١٠	٣٧,٠٣	١١	٦٨,٧
نییە	٢٠	٢١,٩	٧	٢١,٢	١	٢٠	٠		٠		٠		١٧	٦٢,٩	٥	٣١,٢
کۆی گشتی	٩١	١٠٠	٣٣	١٠٠	٥	١٠٠	١١	١٠٠	٤	١٠٠	١٨	١٠٠	٢٧	١٠٠	١٦	١٠٠

ب- ڕیپۆرتاژ:

ئەنجامی پۆلێنکردنی وێنەکان بۆ ڕیپۆرتاژ دەریدەخات کە رۆژنامەی روانین بەڕێژەی (١٠٠٪)و رۆژنامەی گۆڕان بەڕێژەی (٨٠٪) وێنە لەگەڵ ڕیپۆرتاژەکاندا بلاوکراونەتەوە، ئەم ڕێژانە ئەوە دەردەخەن کە رۆژنامەی روانین بەگرنگیەوە لەبایەخی وێنە گەیشتووە، بەبڕوای ئێمە ئەگەرچی ڕێژەکەی رۆژنامەی گۆڕان تاڕادەیەک باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێتو باشترە ئەم ڕێژەیە بۆ ڕیپۆرتاژ زیاتر بێت.

ج- چاوپێکەوتن:

بەپێی ئەنجامی ڕێژەی وێنە بۆ چاوپێکەوتنەکان دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژە (١٠٠٪)ە بۆ هەردوو ڕۆژنامەکە، کەهەموو چاوپێکەوتنەکان وێنەیان لەگەڵدایە، بەمەش هەموو ئەو کەس و لایەنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە وێنەی کەسەکان یاخود وێنەی پێوەندیدار بە چاوپێکەوتن بڵاوکراوەتەوە.

د- وتار:

